

# بابەت و نووسراوەکانی
# هاوڕێ هاشم کەریمی

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێرست


١- بۆ دە ساڵ کارو چالاکی رەحمان نەقشی ........ ٤

٢- یادێک لە دوو هاوڕێی دێرین، مامەقالە شۆڕش و کاک کەریم حەداد ........ ٦

٣- سڵاو لە شەهیدانی قەڵای دیموکرات و شارەکانی سنە، مەریوان و میاندواو ........ ٩

٤- ساڵمەرگی خومەینی ........ ١٢

٥- بزووتنەوەی کوردستانی رۆژهەڵات و رەخنەگرانی ........ ١٥

٦- جیاوازی دانان لە نێوان هێرش بۆ سەر "دوما" و "عیفرین" بۆچی؟ ........ ١٨

٧- کۆچی دوایی تێکۆشەری ناوداری کورد سارم خانی سادق وەزیری ........ ٢١

٨- گەلەکۆمەکێی سەرمایەداریی کۆنەکاری رۆژئاوا! ........ ٢٣

٩- سیاسەتی دووفاقەی "مافی مرۆڤ"ی سەرمایەداری ........ ٢٥

١٠- بەرخودانی رۆژئاوای کوردستان و لاوازیی باشوور ........ ٣٣

١١- خەیانەت بە عەفرین، پووتین میراتگری ئیستالین ........ ٣٧

١٢- سەدەی بیستەم، سەدەی رووداوە دەگمەنەکان ........ ٣٧

١٣- کوردستانی باشوور و هاوپەیمانی ........ ٤١

١٤- سەرچاوەکانی توندوتیژی ........ ٤٥

١٥- یادێک لە شاعیرێکی شۆڕشگێڕ ........ ٥١

١٦- چاپەمەنی لە کۆماری ئیسلامی دا ........ ٥٥




سەرچاوە Serchawe

١٧- جووڵان و گۆڕان ........................................ ٥٧
١٨- ئاوڕێک لە ژیان و خەبات و هەلوێستەکانی فیدل کاسترۆ ........................................ ٦٤
١٩- کۆماری ئیسلامیی ئێران و تێرۆریزم ........................................ ٧٠
٢٠- دوو ریژیمی دژ بەیەک، بەڵام هاوئامانج ........................................ ٧١
٢١- سەرمایەداری سیستمی چەوساندنەوە و نابەرابەری ........................................ ٧٧
٢٢- سەرچاوەکانی پێکهاتنی تێرۆریزمی ئیسلامی ........................................ ٨٥
٢٣- بەبۆنەی ٨ی مارس ........................................ هەفپەیڤین: ڕەحمان نەقشی ........ ٩٥
٢٤- جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ لە مێشک و بیری هەموو مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز و چەوساوە دا هەرزیندویە ................ ٩٨
٢٥- پەیام بۆ کۆڕی رێزگرتن لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە ........................................ ١٠١
٢٦- لەسەر بیوگرافیی دەورە جیاجیا کانی رۆژنامەی «کوردستان» ........................................ ١٠٢
٢٧- یادی خۆشەویستێک ........................................ ١٠٦
٢٨- دیدو بۆچووکانی هاوڕێ هاشم کەریمی ........................................ وتوویژ: ڕەحمان نەقشی .......... ١٠٨
٢٨- کورتەیەک لە ژیاننامەی هاوڕێی تێکۆشەر هاشم کەریمی ........................................ ١٢٧

## بۆ دە ساڵ کارو چالاکی ڕەحمان نەقشی

بە سوپاس بۆ کاک رەحمانی بەڕێز کە من یەکێکم لەو کەسانەی کە ئەرکی هەڵسەنگاندنێک لەسەر بەرهەمەکانی پێ سپاردوم، هەرچەند بەراستی کارەکانی ئەوەندە زۆر و بەکەڵک و ڕێکوپێکن کە ئەو کورتە نووسینەی من وەڵامدەری ئەو هەموو زەحمەتانەی ئەو نین.

من کاک ڕەحمانم لە سەرتاکانی پێشمەرگایەتیەوە ناسیوە، بەڵام بە داخەوە بە هۆی چوونمان بۆ هەندەران، لە یەک دابڕاوین و لە چەند ساڵی رابردوودا تەنیا لە ڕێگای تەلەفوون و نامەوە پەیوەندیمان هەبوە، ولەوەتی سەرقاڵی چاپ و بڵاوکردنەوەی نامیلکەکانیەتی کە هێندێکیان بارستاییان لە نامیلکەی تێپەڕاندوە و بۆنەتە کتێب، من بەردەوام زۆریانم خوێندوتەوە و سوودم لێ وەرگرتوون.

بەر لەوەی باس لە ناوەڕۆکی نامیلکەکان بکەم، حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە هەر جار نامیلکەیکی تازە دەردەکات من سەد جار دەستخۆشی و ماندوو نەبوونی پێدەڵێم. بە راستی ئەو بەرهەمانەی ناوبراو کاری یەک نەفەر نیە، بەڵکوو بەرهەمی مایەدانان لە جەستەی خۆیەتی کە خۆبە خشانە و بە بێ هیچ چاوەروانییەک بەردەوام لەم بواردەدا خزمەت بە گەل و نیشتمان دەکا. لە بواری رازاندەوە و تەکنیکیشەوە یەک جار جوانی و دەست رەنگینی بە کارەکائیەوە دیارە.

لە بواری ناوەرۆکدا، بە هۆی هەژاری ئێمە لە بواری ئارشیو و کۆکردنەوەی شوێنەواری مێژوویی، بێگومان کارەکانی کاک رەحمان گۆشەیەکی گرنگی پڕ کردوەتەوە و سوودی یەکجار زۆری هەیە. بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی یادێک لە شەهید مەلا ئاوارە، کە دوای پەنجا ساڵ شەهید بوونی ئامادەی کردوە، یکجارزۆر بە نرخ و جێگای خۆی بوو. لەم نامیلکەدا، کاک رەحمان نە تەنیا بەرهەم و ژیان و خەباتی مەلا ئاوارەی بە خوێنەری جیلی تازە ناساندوە، بەڵکوو یادێک و ئاوڕدانەویک بوو لە بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ی هەتاوی ٦٧ - ٦٨ی زایینی. نموونەیکی دیکە، زیندوو راگرتنی یادی کۆماری کوردستانە، کە کاک رەحمان لە چەند نامیلکەی تایبەتدا، بە دەسترەنگینی وێنای ئەو مێژوە کورتەی گەلەکەمانی کردوە، جا چ بە نووسین چ بە وێنە، ئاکتەرە سەرەکیەکان، بەرهەمە کومەڵایەتی و فەرهەنگیەکان، رووداوە سیاسیەکان و دەستکەوتەکانی کۆماری بە گشتی ناساندوە.

سەبارەت بە ئارشیڤ کردن و زیندوو راگرتنی خەباتی حزبی دیموکرات، بە تایبەت لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، کاک

ڕەحمان بەرهەمی بە سوودی کۆ کردووەتەوە. بۆ نموونە، بەرهەمێک سەبارەت بە ڕێبەرانی شەهید، کە پێک هاتووە لە ژیاننامە، شێوەی شەهید بوونیان و وەفاداریک بۆ لەخۆبوردوویی بێ وێنەیان.

هاوکات، کاک ڕەحمان کۆکردنەویکی یەکجار زۆری لە سەر ڕووداوە هاوچەرخەکان، کارو چالاکیەکانی حزبی دیموکرات و هەڵسەنگاندنە نوێکانیش کردووە.

کاک ڕەحمان، لە کۆ کردنەوی نووسراوە و بە ئارشیڤ کردنی بیر ورای ڕێبەران و کادرەکانی حزبدا دەرێغی نەکردوە. بۆ نموونە نامیلکەی تایبەت سەبارەت بە مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە، کەک جەلیل گادانی، کاک سمایلی بازیار، کاک قادر وریا و بەشێکی زۆر کە هەڵسووران و کادرەکانی حزبی دیموکرات و بزووتەوەی نەتەوەکەمان.

کاک ڕەحمان بە دەسترەنگینی خۆی، لە کاتی مووشکبارانی قەڵای دیموکراتدا، توانی بە زیندوو ڕاگرتنی یادی ئەو شەهیدانە، یادەوەریی ژیان و خەباتی پڕ لە شانازیان، ئەو شەهیدانە بە ئێمە باشتر بناسێنێ و جەنایەتەکانی ڕژێم لە قاو بدا و ریسواتری بکا.

کارەکانی کاک ڕەحمان لە سنووری سیاسی و حزبی زۆر جار تێدەپەڕێ. بۆ نموونە، بڵاوکردنەوەی نامیلکە سەبارەت بە گرنگی زمانی کوردی، یادێک لە مامۆستا هێمنی شاعیر، بڵاوکردنەوی نامیلکەی تایبەت بە هەشتی مارس، و یادی هونەرمەند مەحەمەدی ماملێ.

بە کورتی کارەکانی کاک ڕەحمان، یادکردنەوە و بەرجەستەراگرتنی کەسایەتیەکان، لە بواری سیاسی، ئەدەبی، هونەری دا و کولتوری ڕەنگدانەوەیکە لە وەفاداری و ئەمەگناسی ناوبراو بۆ ئەو کەسایەتیانەی نەتەوەکەمان.

پێویستە ئەوەشی لێ زیاد بکەم، کە کاک ڕەحمان منیشی بێ بەش نەکردوە، کە لەو بارەشەوە سوپاسی دەکەم.

هاشم کەریمی

٤ی مارچی ٢٠١٩

## یادێک لە دوو هاوڕیی دێرین، مامەقالە شۆڕش و کاک کەریم حەداد



مامە قالە شۆڕش و من ماڵمان لە گەڕەکێک بوو وهەر لە کۆنەوە یەکترمان دەناسی، هەرچەند مامە قالە دەساڵێک لە من بە تەمەنتربوو. تەنانەت هێندێک جێژن بۆ جێژنە پیروزە هاتووچوومان هەبوو، لە خۆیم بیستبوو کە لە دەورەی کۆماردا لەگەڵ چەند لاوێکی بانەیی بۆچەند مانگێک چوونەتە مەهاباد و بوونەتە پێشمەرگەی کۆمار. لە دەورەی "موسەدیق" یشدا مامە قالە، ئەندامی حیزب بووە. کاتێک لە ساڵانی ١٣٤٠ەکانی هەتاوی (١٩٧٠کانی زاینی) لە تاران مامۆستای فیرگەبووم و هاوکات دەمخوێند، مامە قالە لە گەڵ چەند کەسی دیکەی خەڵکی بانە و جێی تری کوردستان بۆ ماوەی ساڵێک گیران و من لە زیندانی قەسر سەردانم کردن.

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و کردنەوە دەفتەری حیزبی دیموکڕات لە بانە، مامە قالە یەکێک لەو چەند کەسە حیزبییە کۆنانە بوو کە خۆیان بە دەفتەری حیزب ناساند و ئامادە بوونی خۆیان بۆ سەرلەنوێ کاری حیزبی دەربڕی. لە تەوای ئەو ماوەی کە پێشمەرگە بنکەی لە شار و لە ناوچەی بانە هەبوو، مامە قالە وەکوو کادرێکی حیزبی لە چەند بواردا ئەرکی حیزبی بەجێ دێنا. کاک حەمەدەمینی برای لە شەڕی ٣٧ رۆژەی نێو شاری بانەدا شەهید بوو. هاوکات کاک جەماڵ و کاک ئازاد، کوڕەکانی مامەقالە لە ئورگانەکانی حیزبیدا تێکۆشانیان هەبوو. دوای ئەوەی کە بە ناچاری بنکەکانمان گوێزایەوە بۆ کوردستانی باشوور، مامە قالە لە بەر پیری بە ناچاری لە گوندەکانی کوردستانی باشوور دانیشت و لەبەر ئەوەی هەم خۆی و هەم دادە فاتمی هاوسەری دڵفراوان و میواندۆست بوون، ماڵیان بنکەی پێشمەرگە و لێقەوماوانی دەستی کۆماری ئیسلامی بوو. دوای ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەستی دایە تیرۆری ئەندامانی حیزبەکانی کوردستانی رۆژهەڵات لە هەرێم و



سەرچاوە Serchawe

حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم لەبەربەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری چاوپۆشیان لێدەکرد، کە پتر لە ۳۰۰ کادر و پێشمەرگە و ئەندامی دانیشتووی حیزبەکان تیرۆر کران، حیزب بە چاکی زانی کە کەسانی وەکوو مامە قالە کە پیر و نەخۆش و ئیتر ناتوانن ئەرکی پێشمەرگایەتی بەڕیوە بەرن، بچنە هەندەران. لە بەرئەوە مامە قالە چووە سوید و لەوێش لە هەموو ڕێ ورەسمەکانی کوردیدا بەشداری دەکرد و جاری واشبوو شێعریشی دەخوێندەوە. مامە قالە کەسێکی قسە خۆش و بەهیمەت و تیکۆشەری ڕێگەی کوردایەتی بوو.

---

## کاک کەریم حەداد



ناسینی من لە گەڵ کاک کەریم حەداد دەگەڕێتەوە بۆ نەورۆزی ۱۳۵۲ی هەتاوی( ۱۹۷۳ی زاینی) کە من بە ناچاری بانەم بە جێ هێشت و گەیشتمە کوردستانی باشوور. لەو کاتەدا بوو کە تەشکیلاتی حیزب لە بانە بە هۆی جاسووسێکی خۆفرۆش بە ناوی سەلیمی خاشەرافەت کەوتە بەر هێرشی ساواک و مەلا قادر وێردی ئەندامی کومیتە ناوندی حیزب شەهید بوو، و شەهیدان محەمەد سدیق(ساڵحی) و عەزیز مستەفازادە لە گەڵ چەندین کەسی دیکە گیران. محەمەد و عەزیز دوای چەندمانگ لە سنە ئیعدام کران. من و مەلا عوسمان میراوەیی (جەلال) [دواتر عوسمان دوای شەڕی داسەپاوی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەر کوردستاندا لە جادەی سەردەشت پیرانشار شەهید بوو] دەربازبووین.

کاتی دەرباز بوونم و گەیشتنم بۆ سلێمانی یەکەمین کەسانێ لە حیزبییەکانی ئەو سەردەمە کە چاوم پێیان کەوت زیندوویادان کاک کەریم حیسامی و کاک کەریم حەداد بوون. دیارە لە ماڵی مامۆستا مەلامحەمەد شەڵماشی براگەورەی مەلا ئاوارە و کاک مستەفا شەڵماشی کە دیارە لەو دانیشتنەدا کاک مستەفا وەک ئەندامی حیزب ئامادە بوو. دوایی لە قەڵادزێ بەکرێگیراوانی ڕژیمی شا نارنجۆکیان فڕێ دایە حەوشکەی ماڵی کاک کەریم کە ناچار بوو ماڵی هاتە سلێمانی و لە دوو

ژووری خانووی کاک کەریم زەند دەژیان، کە خوشکە خەجیج هاوسەری کاک کەریم برازای ئامە خانی هاوسەری کاکە ریم زەند بوو. منیش دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی کوردستانی باشوور، بە تەواوەتی لە سلێمانی جێگیر بووم، و لە بەر ئەوە ی زینەب و بەیانم لە بانە بەجێ هێشتبوون، لە ماڵی مەلا حەمەمینی ئامۆزام و دادە خاوەری هاوسەری دەژیام و مەنزڵەکانمان لە گەڵ کاک کەریم لێک نزیک بوو و کەم رۆژ بوو یەکتر نەبینین. کاک کەریم و خوشکە خەجیج زۆر میواندۆست و دڵفراوان بوون و بەدایم میوانیان هەبوو، بە تایبەت کاتێ مامۆستا هێمن لە بەغداوە سەردانی سلێمانی دەکرد، شاعیران و نووسەرانی سلێمانی لە ماڵی کاک کەریم سەردانیان دەکرد و بە باشی میوانداریان لێدەکرا.

کاک کەریم لە بنەماڵەیەکی شۆرشگێڕ هاتبووە دنیا کە بریتی بوو لە حەدادەکان، و حەسەنپوورەکان، و حەکیمزادەکان، و خوێشی هەر لە مێرمنداڵیەروە چووبووە نێو تێکۆشانی سیاسیەوە و لە بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ دا هاوکاری پێشمەرگەی کردبوو وئاشکرا ببوو و بە ناچاری رووی کردبووە کوردستانی باشوور و لە کونفرانسی سێ دا ببووە ئەندامی کومیتە ناوەندی. هەرچەند زیندوویاد کاک کەریم بە تەمەن بوو، بەڵام شەهید بوونی کاک محەمەد حەسەنپوور و خوشکە نەسرینی کچی کاک کەریم و حاجی حسەینی برای، بۆ کۆچی دوایی زیندوویاد کاک کەریم کاریگەریی خۆی هەبوو.

یادی ئەو دوو هاوڕێ خۆشەویستە پیرۆز بێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## سڵاو لە شەهیدانی قەڵای دیموکرات وشارەکانی سنە، مەریوان و مياندواو

لە پێشدا سەری ڕێز دادەنەوينم بۆ هاورێيان کەريم، ئيبراهيم، نەسرين، رەحمان، سوهەيلا، هاشم، عوسمان، کەريم(مام شێرکۆ)،هاوری، پێشەوا، جەمال، و مەنسور. و سەرنجام ئاخرين زيندوويادی قەڵای ديموکڕات هاوڕێ محەمەد حەسەن پوور، کە چەند کەسيان لە هاوڕێيانی لەمێژينەم بوون و هەروەها بۆ هاوريیان فارووق حەسەن خەيات و موختار قادرپوور لە پێشمەرگەکانی حدکا و شەهيدانی ئەشکەنجەگاکانی رژيمی ئيسلاميی ئێران، رامين، زانيار، لوقمان و کەمال.

رژێمی کۆماری ئيسلامی تووشی چەندين قەيرانی نێوخۆيی ودەرەکی بۆتەوە کە هەروا بە ئاسانی بۆی چارەسەر ناکرێ. بۆيە، بەو شيوە درندانە و بێ بەزەييانە هەوڵسوکەوت دەکا و دەيەوی لاوازيەکانی خۆی داپۆشێ و وا پيشان بدا کە هێشتا بە هێزە و خاوەنی مووشەکی دوورهاوێژە کە دەتوانێ نەيارانی نێوخۆيی خۆی لەنێوبەرێ.

سێنارێۆکانی مووشەکبارانی کۆيە بريتين لەم چەند خاڵە و رەنگە شتی ديکەش. يەکەم کاربەدەستانی کۆماری ئيسلامی بە کوردانی ئوپۆزسيون دەڵێن کە ئێمە قەدەر قودرەتين ودەتوانين لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانيشەوە لێتان بدەين. هاوکات پەيامێکە بۆ حيزبەکانی باشووری کوردستان کە دەبێ بچنە ناو ئەو هاوپەيمانيەی کەسەر بە ئێمەيە کە حکوومەتی عێراق پێک دێنێ، ئەگينا مووشەکەکانمان دەگەنە هەولێر و سلێمانيش. هاوکات بە وڵاتانی ئيسرائيل و عەرەبستانی سعوودی و شێخ نشينەکانی کەنداوی فارس پيشان دەدەن کە کۆماری ئيسلامی خاوەنی چ جۆرە چەکێکی کوژەر و وێرانکەرە.

چەندين ساڵە بە هۆی گەندەڵی و قۆرغکردنی بناغە سەرەکييەکانی ئابووريی وڵات لە لايەن تويژێکی ئاخوندەکان، سەرانی سوپای پاسداران وهێزە نيزامی و ئينتيزاميەکانەوە و لەم دوايەش بە هۆی گەمارۆی ئەمريکاوە، ئابووری ئێرا ن تووشی قيرانی قووڵ بووە و بايی ريالی ئێران لە ئاستێکی کەموێنە دا دابەزيوە، و شتوومەکی پێويستی زۆر گران بووە. ئەمانە بە گشتی بۆنەتە هۆی نارەزايەتيی خەڵک؛ کە تەنانەت سەرۆک کۆمار لە لايەن مەجليسی شۆرای ئيسلامييەوە دەکەويتە ژێر لێ پرسينەوە. ئەوە بێجگە لە ناکۆکيی باڵی بەناو ئيسڵاح خواز وتوندرۆی رژيم و هەروەها دەردەکانی کۆمەڵايەتی وەکوو درۆکردن و رياکاری بە ناوی "تقيه" و بەرتيل خواردن، و تووشبون بە مادە هۆشبەرەکان و دزی و دەستدريژی بۆ سەر ژنان و منداڵان و زۆر کێشە و گرفتی ديکە کە کۆمەڵگەشيان تووشی قەيران کردوە.

ئێران لە بارەی سياسەتی دەرەوەشدا وەک جاران ناتوانێ بە حاسانی ئەسپی خۆی لێخورێ و گاڵتە بە چارەنووسی گەلان

بکا و "شۆڕشی ئیسلامی" لە کەربەلاوە بۆ قودس رەوانە بکا! ئێستا لە سووریە بە هۆی گوشاری ئەمریکا و ئیسرائیل و بۆمبارانی پەیتاپەیتای پایگاکانی لە سوریە لالایەن ئیسرائیلەوە (بە وتەی سەرچاوە فەرمیەکانی ئیسرائیل، ئەم ولاتە لە ماوەی رابردوودا ٢٠١ چالاکیی وەک بمبابارن و موشەک بارانی دژی پێگە و ناوەندە نیزامیەکانی ئێران لە سووریە بەڕێوە بردووە، کە سەدان کوژراو و بە میلیارد زیانی ئابووریی پێگەیاندوە)، وا وێدەچێ رەزایەتی لاوەکیی رووسیەش هەبێ، خەریکە ئەو وڵاتە جێ دێڵێ . لە عێراق و هەرێمی کوردستان کە دوای رووخانی سەدام حوسەین بە کەیفی خۆی تەراتێن دەکا و هیندێک لە تاقمە شێعەکانی پەڕچەک کردوە و دەیەوی هێژموونی خۆی لەو ولاتە بپارێزێ، لە خۆپیشاندانەکانی بەسرە و شارە شیعەنشینەکانی تردا دەرکەوت کە ئەو کاریگەرییەی جارانی نەماوە و تەنانەت لە بەسرە کونسولگەریەکەی لە لایەن نارازیانەوە دەسووتێ و بەو حیسابە هیلالی شێعە لە ئێرانەوە بۆ لوبنان دەبێتە بڵقی سەر ئاو.

راستە هێشتا چەند وڵاتی ئوروپایی و چین بۆ پاراستنی بەرژوەندیی خۆیان پێوەندییان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران باشە، بەڵام ئەگەر کۆماری ئیسلامی مل بۆ ویستی ئەمریکا رانەکێشێ، ئەوانیش ناچارن لە نێوان ئێران و ئەمریکا دا، ئەوەی کە لەباری ئابوورییەوە خێری زیاتری بۆیان هەیە هەڵبژێرن، واتە ئەمریکا. تەنیا دەمێنێتە چەند وڵات کە لەبەر نێوان ناخۆشیان لەگەڵ ئەمریکا پێوەندی باشیان لەگەڵ ئێران هەیە، کە لە باری ئابوورییەوە نەخشی ئەوتۆیان نیە. رووسیە و تورکیە - کە تورکیەش تەنیا لە سەرکورد کوشتن هاودەنگیەتی - ئەگینا لە کێشەی سوریەدا ناکۆکیان هەیە. هەرچەنەند چەند رۆژ پێشتر کۆماری ئیسلامی لە گەڵ رووسیە و تورکیە لە تاران لەسەر کیسەی سووریە و بەتایبەت هێرش بۆ سەر "ئەدلێب" کۆبوونەوەی سی قۆڵیان هەبوو و بێگومان چراسەوزی لە لایەن ئەودوو ریژیمەوە بۆ ئەم بۆردمانە دراوەتێ و رەنگە بە هۆی رووسیە یان تورکییەوە ئەمریکاشی ئاگادارکردبێ بۆ ئەوەی لە گەل فرۆکەکانی ئەمریکا کە دایم بەسەر هەرێم و عێراقدا دەسووڕێنەوە، تێک نەئەنگوون. ئەگەر وابێ کە واتە لەم ساڵدا سێ جار ئەمریکا خەیانەتی بە میللەتی کورد کرد: لە کەرکووک و لە عەفرین و لە کۆیە.

رژیمی کۆماری ئیسلامی لەو کاتەوەی هاتۆتە سەرکار لەبەرئەوەی گەلی کوردستان داوای ئازادی و دیموکڕاسی و بە رەسمی ناساندنی مافی نەتەوایەتی خۆی دەکا، بە دایم لە ژێرهەڕەشە و کوشت و بڕی ئەو ریژیمەدا بووە، هەر لە داسەپاندنی شەر تا کوشتاری خەڵکی دەیان گوندی کوردستان تا گرتن و ئەشکەنجە و ئیعدامی بە کۆمەڵی رۆڵەکانی ئەو گەلە تا تیرۆری رێبەران و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبەکانی کوردستان و تا کوشتاری رۆژانەی کۆڵبەران کە لەبەر بێدەرەتانی پەنا بەو کارە بە زەحمەت و پرمەترسیە دەبەن. ئاخرینیش هاوکات لەگەل لەسێدارەدانی رامین و زانیار و لوقمان، موشەکبارانی قەڵای دیموکڕات بوو. کە دیارە ئەوە ئاخرین جەنایەتی ریژیم نابێ. لە گەڵ ئەوەش گەڵی کوردستانی بۆ بە چۆکدا نەهاتووە ونایەت کە مانگرتنی یەکپارچە و گشتیی تێکڕای شارەکانی کوردستان بە داخوازیی هاوبەشی هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە رۆژی ٢١ی خەرمانان، وەڵامدانەوەیەکی بەتین و گاریگەر بە کۆماری ئیسلامی بوو.

وەڵامدانەوەیەک کە ڕەنگدانەوەی ناوخۆیی و جیهانی بە داواوە بوو تا ئەو ڕادەیە کە کارناسانی سیاسی بە وەرچەرخانێک لە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لەم ساڵانەی دواییدا هەڵی دەسەنگێنن.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨**

---

# ساڵمەرگی خومەینی

٢٩ سال پێش ئێستا یەکێک لە دڵڕەقترین و بێ بەزەییترین حاکمانی ئێران، روحووڵا خومەینی مرد.

"تۆماس مان"، نووسەری گەورەی ئەڵمان، کاتی خۆی لەسەر "هیتلێر" گوتویەتی: "نیەت خراپیی بێ ئەندازەی، تێرنەخواردن لە خوێنخۆری، دڵڕەقیی بێ پایانی، هەراوهوریای ئاژاوەگێڕانەی، دەمارگرژیی ئەحمەقانەی، خۆبە پیاوچاک پیشاندانی فریودەرانەی، لەم کەسە کە دوورە لە ئینسانیەت، نزمترین ئافەرێنراوی چێ کردووە کە لە مێژووی مرۆڤایەتی دا وێنەی نەبووە".

بەراستی ئەو وتەی "تۆماس مان" راست خومەینیش دەگرێتەوە. با لە دڵڕەقییەوە دەست پێبکەین. کاتێک کە کۆماری ئیسلامی فتوای دا کە هەر کەس کەسێکی دژی رژێم بە دەزگاکانی ئەمنیەتی بناسێنێ، ئەگەرچی ئەو کەسە نزیکترین کەسی بێ، خێری ئاخیرەتی بە نسیب دەبێ، دایکێکی بێ بەزەیی و دەمارگرژ کوڕەکەی خۆی ناساند، کە ئیعدام کرا. خومەینی لەسەر ئەو کێشە ئاوا دەڵێ: خەڵک دەبێ سەرمەشقیان ئەو دایکە بێ کە کوڕەکەی خۆی هینا و دایە دەست مەحکەمە و ئیعدام کرا، کە ئەمە یەکێکە لە نموونەکانی ئیسلام.' کاتێک ئەو دایکە بێڕەحمەیان هێنایە حوزووری خومەینی، رووی تێکرد وگوتی: ئەی ژن، ئەم کارەی کە تۆ کردت، کە کوڕەکەی خۆت ناساند بۆ بەسزاگەیاندنی، بووە سەمبولێک لە ئیسلامدا، هەموو دەبێ ئەم کارە بکەن. ناوی ئەو کوڕە کە ئیعدام کرا "محمود طریق الاسلام" بوو.

دیارە "مەلا حەسەنی"، ئیمام جومعەی ورمێ، و هەڵگیرسێنەری شەڕی نەغەدە، وفەرماندەری کوشتاری خەڵکی چەند گوندی کوردستان، لە گەڵ ئاخوند 'محەممەد گیلانی'، قازی شەرعی دادگاکانی ئینقیلابی تاران، کە سەدان کەسی مەحکووم بە ئیعدام کردبوو، هەر دووک کوڕەکانی خۆیان کە چریکی فیدایی بوون، تەسلیمی بێداگاکانی رژێم کرد و ئیعدام کران.

نموونەیەکی دیکەی دڵڕەقیی خومێنی ئەوە بوو، لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی (١٩٨٨ی زاینی) دا بە هەزاران کەس لە زیندانیانی سیاسی لەگەڵ ئەوەی زۆربەیان بە حەپسی درێژخایەن و کورتخایەن حوکم درابوون، و تەنانەت هەندێکیان چاوەڕوانی ئازاد بوون دەکران، بەڵام خومەینی بە هۆی دۆڕانی شەڕی عێراق و هێرشی موجاهیدینی خەڵک، لێیان پەژیوان بۆوە و فەرمانی قەتلوعامی دان. کە ئەمە بە یەکێکە لە بێ بەزەیترین تراژیدیەکانی مێژووی ئێران بە ئەژمار دێت. دوای ئەو کوشتارە، "ئایەتوڵا مونتەزیری" کە خۆی لە دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی و لەو کاتەدا جێگری خومەینی بوو، نامەیەکی توندی بۆ خومەینی نووسی؛ کە دوابەدوای ئەو نامە، پایەی جێگریی لێ ئەستاندرایەوە و لە ماڵەکەی خۆیدا



سەرچاوە Serchawe

دەستبەسەر کرا.

لە بارەی حەز بە خوێنڕشتن، کاتێک دوای کوژران و برینداربوونی سەدان هەزارکەس لە هەردوو لایەنی شەڕکەری ئێران و عێراق، هێزکانی کۆماری ئیسلامی توانیان لە "خورەمشەهر (محمەرە)" هێزەکانی سەدام تێک بشکێنن، لەوکاتەدا "سەدام" ئامادەی کۆتایی هاتنی شەڕ بوو و هەر وەها وڵاتانی دەوڵەمەندی کەنداوی فارس (بەتایبەت عەرەبستانی سعوودی) بەڵێنیی خەسارەتی شەڕیان بە ئێران دا، کە مەزەندە دەکرا نزیک بە ١٠٠ میلیارد دولار بێت، بەڵام خومەینی کە حەزی بە خوێن ڕشتنی زیاتر دەکرد و دەیەویست کەربەلا و قودس بگرێ، دەستی ئاشتیی ڕەد کردەوە و شەڕ چەند ساڵی تربەردەوام بوو و سەدان هەزارکەسی دیکە لە رۆڵەکانی ئەو دوو وڵاتە بوونە فیدای ئارەزووی خومەینی و سەدام. ئەمجارە هەم وڵاتانی سەرمایەداریی رۆژئاوا و هەم وڵاتانی عەرەبی پتر یارمەتیی عێراقیان دا و خومەینی بە ناچاری بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتە یەکگرتوەکانی (پاش تێپەڕ بوونی زیاتر لە ساڵێک لە دەرچوونی) قەبووڵ کرد و وەک خۆی ڕایگەیاند: "جامی ژەهری شکستی خواردەوە".

سەیر ئەوەیە کە لە "دایرەتولمەعاریف" ی ئیسلامی دا خومەینی لە ریزی سۆفی و عارفانی ئێرانی دا ناوی هاتووە. من هەرچەند لەگەڵ زۆر لە بیروهزری عارفان کە خەڵکانیان بۆ گۆشەگیری و دەست لەدنیابەردان هان دەدا هاو ڕا نیم، لە گەڵ ئەوەش ناشاردرێتەوە کە عارفەکان قەت بۆ دەسەلات تێنەدەکۆشان و تەنانەت هەندێک لە عارفەکان لە گەڵ دەسەڵاتدارانی سەردەمی خۆیان بەربەرەکانیان کردووە و لەورییەدا سەریان تیدا چووە کە جێی رێزن. بۆ نموونە، "حسەین بن مەنسوور حەلاج" بە دەستووری "ئەبولفەزل جەعفەر موقتەدیر" خەلیفەی عەباسی ئیعدام کراوە. "عینەلقوزاتی هەمەدانی" بە فەرمانی "ئەبولقاسمی دەرگەزینی" وەزیری "مەحموودی سەلجووقی" لە سێدارەدراوە. "شەهابەدین سوهرەوەردی (سورەبەردی)" کە بە رەگەز کورد بووە هەم وەک عارف و هەم وەک فەیلەسووف ناسراوە، بە داخەوە بە فەرمانی "سەلاحەدین ئەیووبی" کوژراوە. "محەمەد بوخارایی" کە لای سۆفیەکان بە "شای نەقشبەند" دەناسرێ لە دەورەی تەیموری لەنگی خوینرێژدا ژیاوە وتەیموور چەند جارئارەزووی کردووە بیبینێ، بەڵام محەمەد بوخارایی سەری بۆدانەنواندووە و تەیموور ئەو ئاواتەی بردۆتە ژێر گڵ، لە حاڵێکدا خومەینی گشت هەوڵ و تێکۆشانی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بووە کە پێی گەیشتووە. جیا لەوەش خوو و خسڵەتی خوێنڕانەی هیچ تەباییەکی لەگەڵ عیرفان و عارف دا نییە.

خومەینی کە ئیدیعای دەکرد حکوومەتی عەدڵی ئیلاهی لە ئێران دا پیادە دەکا، وڵاتێکی دوای خۆی بەجی هێشت کە زۆر لە دەورەی دیکتاتۆڕەکەی پێشوو واتە حەمە رەزا شا گەندەڵتربوو. سەرمایەداری دواکەوتوو سیستمی حاکمە و جیاوازیی چینایەتی لە دەورەی شا کەمتر نەبووە، ئەگەر لەدەورەی شادا زۆربەی سەروەتی وڵات لەدەستی ئەشرافی هەزارفامیلدا بوو، لە دەورەی کۆماری ئیسلامیدا کەوتە دەست تویژێکی سەرەوەی ئاخوندەکان و فەرماندەرانی سوپای پاسداران. ٦٠٪ خەڵکی

ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. بەرتیل خوارن بۆتە شتێکی ئاسایی. دزی تەنانەت دزیی چەکدارانە ئێجگار زۆرە. لەگەڵ بوونی قانوونی سفت و سەخت بۆ ئەو کێشە، دەستدرێژی بۆ سەرژنان و مێرمندالان تیتری رۆژانەی رۆژنامەکانە. ئەمانە هەموو، ئەوە دەیسەلمێنێن کە پەسەند کردنی قانوون بۆ ئەو کارە چارەساز نیە، بەڵکوو دەبێ پەروەدەی دروست هەبێ. بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان زۆر زیادی کردووە و سەر لە چەند میلیۆن کەس تووشبوو بە مادەی هۆشبەر دەدا. ئازادیە سیاسی و مەدەنیەکان قەدەغەکراون و حیزبی راستەقینە وجوودی نیە. مانگرتن و خۆپیشاندانەکان بە توندی سەرکوت دەکرێن، گرتن و ئەشکەنجە و ئیعدامی رۆڵە تێکۆشەرەکانی گەڵ بە تایبەت لە کوردستان نەوەستاوە. بەشێکی زۆری بوودجەی وڵات خەرجی شەڕ لە سووریە و یەمەن و یارمەتی بە بەشێک لە شیعەکانی عێراق و حیزبوڵای لوبنان و دەستە وتاقمە نهێنیە تیروریستیەکان دەکرێ. هەر بۆیە ئابووری وڵات تووشی قەیران بووە و بایەخی تمەنی ئێران لەبەرامبەر پووڵی وڵاتانی دیکەدا بەتەواوی هەرەسی هێناوە.

جیا لە هەموو ئەو گرفتە ئابووری سیاسی و کۆمەلایەتیانە، بەهۆی بێ پرەنسیپی و بێ ئەخلاقیی دەسەڵاتدارانی ئێران، زۆر بەداخەوە شیرازەی ئەخلاقی کۆمەلایەتی لە ئێران زیانێکی زۆری پێ گەیشتوە، بەشێوەیەک دەتوانرێ ئیدیعا بکرێت کە بێ پرەنسیپی، لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی رێرەوانی خومەینیدا بوەتە پرەنسیپ، کە وەک ئیشارەی پێکرا پەرەسەندنی ئیعتیاد، لەشفرۆشی، کلاولەسەرنان، دزیی و... گەورەترین گرفتەکانی کۆمەڵگەی ئیمڕۆی ئێرانن و تەنیا بە رووخانی ئەم دەسەلاتە و هاتنە سەرکاری حکوومەتێکی هەڵبژێردراوی کۆمەڵانی خەڵک، کۆمەڵگە دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر رێگای خۆی.

ئەگەر میللەتانی مافخوراو و چین و توێژە چەوساوەکانی ئێران تەکانێک بە خۆیان بدەن و تێکۆشانیان زیاتر بکەن، گۆڕان لە ئێراندا بە دوور نازانم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ١٢ی جوونی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## بزووتنەوەی کوردستانی رۆژهەڵات و رەخنەگرانی

لە وڵاتی خۆمان دا هەندێک گۆڕهەبوون کە گۆڕی کافرانیان پێدەگوتن و خەڵکی دەمارگرژی ئاینی کە بەلایاندا تێدەپەڕین بۆ خێری ئەو دنیایان بەردیکیان تێدەگرتن. گومانی ئەوە دەکرێ کە ئەو گۆڕانە هی ئەو کەسانە بووبێ کە کاتی هێرشی عەرەبەکان بۆ کوردستان بەرگرییان لە مال و حاڵ و نیشتمانی خۆیان کردبێ و کوژرابن.

دوایی کە خەڵکی کوردستان موسڵمان بوون ئەو قەبرانەیان بە قەبری کافران ناودێر کردووە.

بەداخەوە هەندی جار وتارگەلێک لە سایتەکان دا دەخوێنمەوە یان لە هەندێک لە تەلەفزیۆنەکان دا گوێم لێدەبێ، کە پێشمەرگەی کوردستانی رۆژهەلاتیش لەلایەن کەسانێک کە وەکوو ئێمەمانان تەنانەت رۆژێک پێشمەرگە نەبوون و زەحمەت و رەنجی پێشمەرگایەتیان نەچەشتووە، یان ماوەیەکی کورت پێشمەرگە بوون، دوایی بەرگەی شەونەخەوتن و شاخ و داخ کردنیان نەگرتوە و وازیان لە پێشمەرگایەتی هیناوە، هێرشیان دەکرێتە سەر و بە ئوردوگانشین ناودەبرێن.

من لە گەڵ رەخنەم لە حیزبەکانی کوردستانی رۆژهەلات کە بۆچی لە جیاتی یەکگرتن هەر لە فیکری جیابوونەوە و دوو بەرەکین، لەگەڵ ئەوەش من زۆر لەو پێشمەرگانە دەناسم کە مووی رەشیان لە سەنگەری خەبات و بەرەنگاری دا سپی کردووە، بریندار بوون و کەسوکاریان فیدای گەل و نیشتمان بوون و بۆ سەلماندنی قسەکانم داوا لە کەسانی بە ئینساف دەکەم کە سێ بیرەوەی کە من لەم دوایانەدا خویندومنەوە، بخوێننەوە. دوویان هی پێشمەرگەی دیموکرات ویەکیان هی پێشمەرگەیەکی کۆمەلەیە: واتە "بەدەم ریگای ژیانەوە، لە نووسینی هاوڕی ئەحمەد قادری" و "ئازار و ئەزموون لە نووسینی هاوڕێ حاتم مەنبەری" و "دەشتی داری لە نووسینی هاوڕی مەعروف کەعبی"، بزانن ئایا فیداکاریی و لەخۆبوردوویی پێشمەرگەکانی کوردستانی رۆژهەلات لە دە پانزدە ساڵی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران کەمترە لە هی پێشمەرگەکانی کوردستانی باشوور و گریلاکان و شەڕوانان؟ لە راستیدا دووشت بووە هۆی کەمتر بوونی عەملیاتی پێشمەرگە، یەکەمیان تەوابوونی شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراق کە رێژیم هەرچی هێزی نیزامیی خۆی بوو بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی کوردستان تەرخان کرد، کە بە داخەوە خەبات و بەربەرەکانێ دژی ریژیم تەنیا لە کوردستان دا قەتیس مابوو، دووهەم شەڕی خۆکوژیی دیموکرات و کۆمەڵە کە ریژیم باشترین کەڵکی لەو شەڕە وەرگرت.

ئەو نووسەر ولیکۆڵەرە سیاسیانەی کە تانە لە پێشمەرگەی کوردستانی رۆژهەلات دەدەن، بەڵگە هێنانیان بۆ وتەکانیان

ئەوەیە کە دەڵێن بۆچی پێشمەرگەی کوردستانی باشوورهەرێمیان پێک هیناوە و گریلا حیزبی "هادەپ" ی لە کوردستانی باکوور گەیاندۆتە پارلەمان و شەڕەوانان کانتۆنیان لە کوردستانی رۆژئاوا چێ کردووە؟ بەلاّم ئەوان کارێکی ئەوتۆیان نەکردووە؟ ئەگەر ئەو بەڕیزانە لۆژکی بیریان لێ بکردایەتەوە و بارودۆخی هەرکام لە کوردستانەکانیان بەوردی هەڵسەنگاندایە، بێگومان داوەریی وایان نەدەکرد.

بێ ئەوەی نکوولی لە ئازایەتی و لە خۆبوردوویی پێشمەرگەی ئەوسەردەمی کوردستانی باشوور و خەڵکی خۆڕاگری باشوور بکەم، ئەگەر سەدام حسەین نانی شوانی نەخواردایە و هێرشی نەکردایەتە سەر کوەیت و بەرژەوەندیی ولاّتانی سەرمایەداریی رۆژئاوای نەخستایەتە مەترسییەوە، ئایا پێشمەرگە بە تەنیا دەیتوانی هێزی زەبەلاحی رژیمی بەعس تێک بشکێنێ؟ ئایا رێێ تێنەدەچوو کە سەدام بۆماوەیەکی تریش ئیدامە بە ملهووری و جینایەتەکانی خۆی بدا؟ بە هەرحال ئەو هەلە بۆ حیزبەکانی کوردستانی باشوور هەڵکەوت، بەلاّم بە داخەوە نەیانتوانی ئەو هەرێمەی کە جێی هیوای هەموو کوردێک بوو، بە باشی بەڕیوە بەرن و لە بری سەنعەتی کردن و پێڕاگەیشتن بە کشتوکاڵی زەویی بە پیت و بەرەکەتی کوردستان هەر لە فیکری بازرگانی و گیرفان پڕکردندا بوون و گەندەڵی سەرتاپای دەزگای بەڕیوەبەریی تەنیەوە و توێژێکی سەرمایەداری مشەخۆر وەکوو کارگ هەڵتۆقی وزۆربەی خەڵک لەژێر خەتی هەژاریدا مانەوە. جگە لە دووبەرەکی و چەند بەرەکی و تەنانەت خەیانەتی ناوخۆیی کە بە ئاسانی کەرکووک و شەنگال و خانەقین و ناوچەکە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستانیان لە ٢٤ سەعات دا لە دەست دا.

ئەوە لایەنی خەسارناسینی مادیی بوو، لە باری مەعنەویشەوە کاتی خۆی یەکیتی نیشتمانی خۆی بە حیزبێکی سێکولارو سوسیال دیموکرات دەناساند و تەنات زۆر لەریبەرانی خۆیان بە مارکسیست دەزا نی و پارتی دیموکراتیان بە حیزبێکی عەشیرەتی ناو دەبرد، زۆری نەخایاند خۆیان لە باری عەشیرەتیەوە پێش پارتی کەوتنەوە و چ خۆیان و چ ئەوانەی لێی جیا بوونەوە وەکوو "گۆڕان "و" هاوپیمانیی بۆ دیموکڕاسی و دادپەروەری "بۆ راکێشانی دەنگی خەڵکی موسڵمان زۆر زیاتر لە پارتی خۆنواندنیان (تظاهر) بە موسڵمان بوون دەست پێکرد و لە راستیدا لە نێوان خۆیان و حیزبە ئیسلامیەکان دا جیاوازێکی ئەوتۆیان نەهێشتەوە.

بی ئەوەی بتوانم حاشا بکەم لە قارەمانەتیی گریلا و خەڵکی کۆڵنەدەری کوردستانی باکوور، ئەگەررژیمی تورکیە بە هۆی خراپیی ئابووریی ولاّتەکەی، ئاتاجی بۆ چوونە نێو" بازاری هاوبەشی ئوروپا "پەیدا نەکردبایە و ولاّتانی ئوروپایی بۆ چوونە ناوەوەی تورکیە داوایان لێ نەکردبایە کە لەو دیموکراسیە نیوەچڵەی کە لە بەشەکانی دیکەی تورکیەدا هەیە، لە کوردستانیش درێغی نەکا، تورکیە بە ئاسانی ئامادە دەبوو پێک هاتنی "هادەپ" و حیزبەکانی دیکەی کوردستانی قبوول بکا؟ من پێم وانیە. کە دیارە لەبەر ئەوەی مەرجەکانی ئەوانی بە تەواوەتی نەهێناوەتە دی، تا ئێستاش ریگەیان نەداوە

بچێتە ئەو بازارەوە.

ئەوە ڕووداوێکی تازە و حاشاهەڵنەگرە کە ئەو ئازایەتی و بەرەنگاریەی کە شەڕەوانان لە کوبانێ و عەفرین کردیان بۆ هەمیشە لە مێژووی کوردستاندا دەمێنێتەوە. کاتێک وڵاتانی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا نەک بۆ خاتری ئەوەی ڕێژیمی بەشار ئەسەد دیکتاتۆرە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی لە ژێر کاریگەریی سیاسەتی ئیمپریالیستیی ڕووسیەدا بوو، هێرشیان کردە سەر ئەو وڵاتە، داعەش ودەستە و تاقمی کۆنەپەرستی دیکەی ئیسلامی کە وڵاتانی سەرمایەداریی ڕۆژئاوا و تورکیە و قەتەر و عەرەبستانی سعوودی یارمەتیان دەدان، هەریەک بەشێک لە خاکی سوریەیان بۆ خۆیان پچڕی. کوردەکانێش کە قەت لەو وڵاتەدا خاوەن ماف نەبوون کەوتنە خۆ و ناوچەکانی خۆیان لە داعەش و ئەوانی دیکە پاک کردەوە و ئەمریکا کە لە نێووەدا بوو، نەک بۆ خاتری پشتیوانی لە مافی میللەتان، بەڵکوو بە دژایەتی لەگەڵ سوریە و داعەش یارمەتی دان و ئەوان توانیان سێ کانتۆنی خۆسەری پێک بێنن. کانتۆنی عەفرین کە کانتۆنێکی دوورکەوتە بوو و هێزی نیزامیی ئەمریکاشی لێ نەبوو زۆرتر لە کانتۆنەکانی تر لە مەترسیی هێرشی تورکیە دا بوو، کە زۆر دەمێک بوو پڕوپاگەندەی ئەوەی دەکرد کە "پ کا کا" باکووری سوریەی داگیر کردووە و بۆ بیانوو دەگەڕا و شەڕەوانانیش زیادە لە ئەندازە خۆنواندنیان (تظاهر) بە ئارمی "پ کا کا" وە دەکرد، کە بیانووی زیاتریان بۆ تورکیە ئامادە کرد وتورکیەش بە پشتیوانیی ڕووسیە و پەیمانی ناتۆ و بێدەنگیی ئەمریکا و بریتانیا و فەڕانسە و کۆماری ئیسلامیی ئێران و تەنانەت سوریە هێرشی کردە سەر عەفرین و لە گەڵ دوومانگ خۆڕاگریی یەپەگە و یەپەژە توانی ئەو کانتۆنە داگیر بکا.

لەگەڵ نزیکەی چل ساڵ جینایەت وحوکمی نیزامیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان دا، هێشتا بزووتنەوەی کوردستان زیندووە و لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران زیاتر بە دژی ڕێژیم خەبات وبەربەرەکانێ دەکرێ و تاونا تاوێک بە بیانوویەک لە بەشێکی کوردستان خۆپیشاندان دەکرێ و ناڕەزایەتی لە ڕێژیم دەردەبڕدرێ. دیارە ڕێژیمیش لە سێ ڕێ وە تۆڵەی خۆی لە ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەل دەکاتەوە، لە ڕێی ناردنی تیمی تیرۆر بۆ دەرەوەی وڵات بۆ تیرۆری تێکۆشەران، لە ڕێی گرتن و ئەشکەنجەدان و ئیعدام کردنی ڕۆڵە ئازاکانی گەڵ و سەرئەنجام لە ڕێی کوشتنی بێبەزیانەی کۆڵبەرانی هەژار کە تەنیا ڕێگەی بەڕێوەچوونی بنەماڵەکانیان پەنابردنە بەو پیشە پڕمەترسی و بەزەحمەتە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٨

## جیاوازی دانان لە نێوان هێرش بۆ سەر "دوما" و "عیفرین" بۆچی؟

لە سایتی "کوردانە" بەیاننامەیەک لە ڕێکەوتی ١٨ - ٤ - ٢٠١٨ ی زاینی بە ئیمزای ١٧٧ کەسایەتیی سیاسی - کۆمەڵایەتیی ئێران بڵاو بۆتەوە کە بە توندی هێرش کراوتە سەر ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئینگلیز و فەڕانسە لە سەر هێرشیان بۆ سەر شاری "دوما"ی سوریە کە لەو نێوەدا سەهیونیزمیشیان بێ نسیب نەکردووە.

من لە دەقی بەیاننامەکە و ناوی سێ کەس کە یەکیان دۆستی دێرینمە، واتە دکتور ناسر زرڕفشان و یەکی دیکەیان کە داژداری ئەدبیاتی کوردە، بەتایبەت شێعرەکانی مامۆستا شیرکۆ بێکەس، واتە مامۆستا عەلی ساڵحی، و ئەویتریان بە نووسین دەیناسم، واتە دوکتور فەریبورز رەئیس دانا. وادەزانم کە دەبێ ئەوانەی کەلە بەیاننامەکە دا ناویان هاتووە کەسانی پێشکەوتنخواز بن.

ئەوان لە بەیان نامەکەداگەڕاونەوە بۆمێژوو و باسی هێرشی ئیمپریالیزم بۆ سەر کورە، ویتنام، میسر، یوگوسلاوی، ئەفغانستان، عیراق، لیبی و سەرەنجام باس لە یەمەنیش دەکەن. پێش ئەوەی بچمە سەر مەبەستەکەم دەبێ بەو دۆستانە بڵێم لە زۆربەی ئەو جێگانەی ناویان بردووە تەنیا ئیمپریالیزم تاوانبار نییە، خۆزگە بە وردی تاوانبارەکانی دیکەشیان دەستنیشان بکردایە. بۆ نموونە لە یوگوسلاوی شوێنیستە سیربەکانیش تاوانبار بوون، کە رازی نەدەبوون مافی نەتەوایەتیی گەلانی نا- سیربی ئەو وڵاتە بسەلمێنن.

لە ئەفغانستان تەنیا ئیمپریالیزم تاونبار نەبوو، بەڵکوو پاکستان و عەرەبستانی سعوودیش بە قەدەر ئیمپریالیزم لەوبارودۆخە کارەساتبارەی بۆ ئەفغانستان هاتە پێش تاونبارن. ئێستاشی لەگەڵ بێ پاکستان بە هۆی ریکخراوی سیخوڕیی خۆی لە کاروباری ئەفغانستان دەست تێوەردەدا، دیارە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەو نێوەدا بێکار دانەنیشتووە ولە ناوچە شێعە نشینەکان(هەزارەکانی ئەفغانستان) دا تێکدەریی خۆی دەکا و چەندین تاقمی چەکداریی سەربە خۆی پێک هێناوە. لە عێراق ئەوە تەنیا ئیمپریالیزم نی یە کە تاوانبارە، بەڵکوو ئەوە "سوپای قودس"ی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە دەستی خستۆتە هەموو کارو بارەکانی ئەمنی و سیاسی و تەنانەت ئابووریی عێراقەوە. لە هێرش بۆ سەر کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی باشووری کوردستان گەریگەریی خۆی دەرخست. تورکیەش لە باکوورە دوای رووخانی رژیمی بەعس لە نائارامی لە عێراقدا لە هەوڵی بەردەوامی دایە. لە یەمەنیش تەنیا ئیمپریالیزم و هاوپیمانیی عەرەبی تاونبار نین، بەڵکوو کۆماری ئیسلامیی ئێرانێش بە دانی چەک و تەقەمەنی و ناردنی راوێژکاری نیزامی بۆ "حوسیەکان" لەو شەڕ و ماڵکاولیەدا

بەشداره و بە تێكڕا یەمەنیان كردۆتە دۆزەخێك بۆ خەڵكە هەژارەكەی.

بێگومان هێرشی ئەمریكا و بریتانا و فەڕانسە پێش سەلماندنی بەكارهێنانی بۆمبی شیمیایی بە هۆی سوریەوە لە لایەن ئەو تیمەی بۆ ئەو مەبەستە چووبوون كارێكی هەڵە بوو، هەرچەند پێشتر رژێمی سوریە چەكی شیمییایی دژ بە گەلەكەی ئەنجام دابوو. لە راستی دا سوریە بۆتە جێ تاقیكردنەوەی چەكە تازەسازەكانی وڵاتە زلهێزەكان. لەمبارەوە رووسەكان بە ئاشكرا باسی تاقیكردنەوەی چەكە نوێ كانیان لە سووریە كردوە.

لە ساڵی ٢٠١١ كە وڵاتانی رۆژئاوا هێرشیان كردە سەر سوریە، لەبەر ئەوە نەبوو كە بەشار ئەسەد دیكتاتۆرە، بەڵكوو سوریە لە ژێر حیمایەی رووسیەدا بوو، ئەوان دەیانویست بە رووخاندنی بەشار ئەسەد لە نفووزی رووسیە لەو ناوچە كەم كەنەوە. دوایش لە سەرهەڵدانی داعەشدا وڵاتانی توركیە و قەتەر و عەرەبستانی سعودی لە پێشدا بە پشتیوانی لە داعەش و بە دژایەتی لە گەڵ هیلالی شێعە لەو شەڕەدا تێوەگلان و لەولاشەوە رووسیە و كۆماری ئیسلامیی ئێران و حیزبوڵای لوبنان بۆ یارمەرتیی رژێمی سوریە هاتنە مەیدان. هەر دەستە و تاقمێكی كۆنە پەرستی ئیسلامی بەشێكی لە سوریەی بۆخۆی پچڕی و كوردەكانیش كە قەت لە سوریەدا هیچ مافێكیان نەبووە، كەوتنە خۆ و ناوچەكانی خۆیان لە داعەش پاك كردەوە. ئەمریكاش كە زانی كوردەكان تەنیا هیزێكن كە بە راستی و بە گشت هێزیانەوە بەگژ داعەشدا چوونەتەوە، لە پێشدا بە فرۆكە یارمەتیی كردن و دوایش یارمەتیی نیزامیی بۆناردن. "هەسەدە" كە پێك هاتووە لە كوردەكان و عەرەبەكان و ئەرمەنیەكان و كەمەنەتەویەتەكانی دیكەی ئەو ناوچە، زۆربەی ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی داعەشیان رزگار كرد و سێ كانتۆنی خۆسەرییان لە جەزیرە و كوبانی و عیفرین پێك هێنا كە خەڵك خۆیان ئیدارەی كانتۆنی خۆیان دەكەن.

رژێمی توركیە كە سەركەوتنی كوردەكانی رۆژئاوی وەكوو چەقلی چاوخۆی دەبینی، كەوتە خۆ وبە هێزێكی قەبەی تەیار بە فرۆكەی ئەمریكایی و تانگی ئەڵمانی و چەك و چۆڵی وڵاتانی دیكەی "پەیمانی ناتۆ"ی شەڕەنگێز لە حاڵێكدا كە دەیان هەزاركەس لە دەستەو تاقمی كۆنەپەرستی عەرەبی سوریە و توركی ئاسیای ناوەڕاست و تەنانەت رۆژئاوای چین بۆ راووڕووت پێشی سوپای توركیە كەوتبون، هێرشی كردە سەر عیفرین كە لەوێدا چەند نەتەوەی جیاواز لە ئارامش و ئاشتیدا پێكەوە دەژیان. دیارە پشتیوانی رووسیە و پەیمانی ناتۆ و چەندین وڵاتی دیكە لەوانە ئێرانی بەدەست هێنابوو. لەولاشەوە ئەمریكا كە بەڕواڵەت هاوپیمانی كوردەكان بوو لە گەڵ فەرانسە و بریتانیا بە بێدەنگیان رەوابوونیان بە هێرشەكە دا. دیارە رووسیە سوریەشی رازی كردبوو كە هێچ دژكردەوەیەك پیشان نەدا و كۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەبەر سیاسەتی دژی كوردبوونی خۆی ئەو هێرشەی پێ ناخۆش نەبوو. لە ماوەی دوو مانگدا لە گەڵ بەرگریی قارەمانانەی كچان و كوڕانی یەپەژە و یەپەگە، سەدان ژن و منداڵ و پیر و پەككەوتەی عیفرین گیانیان لە دەست دا و دووسەد هەزار كەس لە

ماڵ وحاڵی خۆیان ئاوارەبوون و خانوو و گێلگە و باغ و دەغل و دانیان بە بۆمارانی ئەرتەشی تورکیە وێران بوو و ئەوەشی کە مابوو ئەو عەڕەب و تورکانەی کە هاوڕێی ئەرتەشەکە بوون تاڵانیان کرد.

بۆمبارانکردنی خاکی هەر وڵاتیک لە لایەن هەر هێزێکەوە تاوانە، مەگەر ئەوەی ئەو جیگەی بۆمباران دەکرێ کارخانەی دروستکردنی چەکی قەدەغە کراوی دژی مرۆڤی لێ بێ. بۆمبارانکردنی دوماش ئەگەر نەسەلمێندرێ کە جێی دروستکرنی چەکی کیمیایی یە، تاوانە و من دەستخۆشی دەڵێم بەو دۆستانەی کە بەیان نامەکەیان ئیمزا کردووە.

بەڵام پرسیار ئەوەیە خۆ بۆردمانکردنی عەفرین لە لایەن تورکیە وە سەد بەرانبەر زیانی زۆرتر بووە و چەکی کیمیاییشی لێ دروست نەدەکرا هیچ دەوڵەتی تورکیە دەیان جار لە بومبی قەدەغەکراوی فوسفوریی کەڵکی وەرگرت، کە لە روانگەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە بە چەکی شیمیایی دێتە قەڵەم. ئەی بۆچی ئەو دۆستانە ئەو کارەستاتە مرۆڤیەیان مەحکووم نەکرد؟ من دووهۆی تێدا دەبینم، یان لەبەر ئەوەی تورکیە دۆستی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و لەم دوایانەدا لە گەڵ رووسیە بوونەتە تاقمی "سێ تفەنگدار" و لە سەرچارەنووسی گەلانی ناوچەکە کۆبوونەوەی پەیتا پەیتا دەکەن، یان نەکا دەماری شوینیستی بەرامبەر بە بزووتنەوەی کوردەکان لەوانیشدا بوونی هەبێ، کە لە هەر دووحاڵەت دا ئەوکەسانە جێی رەخنەن.

٢٨ ئاپریلی ٢٠١٨، لەندەن

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٨ ئەپریلی ٢٠١٨

# کۆچی دوایی تێکۆشەری ناوداری کورد سارم خانی سادق وەزیری

ڕۆژی چوارشەممە ١١ - ٣ - ٢٠١٨ی زایینی ٢١ - ١ - ١٣٩٧ی هەتاوی مرۆڤی پێشکەوتنخواز و خەباتگێڕی کورد، "سارم خانی سادق وەزیری" کۆچی دوایی کرد. زیندوویاد سارم خان هەر لە دەورەی کۆماری کوردستانەوە لە گەڵ بزووتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێوەندیی هەبوو. لە دەوری سەرک وەزیریی "دکتور مصدق " دا لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە کاندیدای مەهابادی "دەورەی حەفدەهومی مەجلیس"ی شوڕای مللی ئێران بوو و هەرچەند زۆربەی خەلکی مەهاباد دەنگی خۆیان دایە، بەڵام لە بەرئەوەی لە کوردستاندا ئەرتەشی دژی گەلی شا دەسەڵاتدار بوو، بە ساختەکاری سندووقەکانی دەنگ بۆ ئیمام جومعەی تاران کە خەڵکی مەهاباد نەیشیان دەناسی پڕ کرایەوە.

دوای کودەتای "ئەمریکایی - ئینگلیزیی شا - زاهیدی"ی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی سارم خان چەند ساڵ گیرا و دوای بەر بوون دەفتەری پارێزەریی لە تاران کردەوە و یەکێک بوو لە بەناوبانگترین پاریزەرانی ئێران. هەرچەند سارم خان لەبەرکەشی دیکتاتۆریی ئێران لە سایەی ڕژیمی کودەتاوە بە ئاشکرا تێکۆشانی نەبوو، بەڵام دلی هەرلای تیکۆشەرانی کوردستان بوو. پاش ڕووخانی حکوومەتی پەهلەوی و سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان، سارم خان لە کونگرەی ٤ی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران دا بەشداریی کرد و نوێنەرانی بەشداربووی کونگرە داوایان لێکرد خۆی بۆ ڕێبەرایەتیی حیزب کاندیدا بکا، بەڵام قبووڵی نەکرد. دوای ئەوەش تا کۆچی دووایی لە ڕێنوینیی تێکۆشەرانی سیاسیی کورد درێخی نەدەکرد و بۆ زۆر کونگرەکانی حیزبی دیموکرات پەیامی دەنارد و ڕێنوینیی بە کەڵکی دەکرد.

لە سەردەمی بزووتنەوەی جەماوەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی و پاشان یەکگرتنی هێزەسیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە "کۆڕی نوێنەراتی گەلی کورد"(هیئت نمایندگی خلق کرد)، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی، پاش چەندین قۆناخی شەڕ و وتوویژ، ئەم کۆڕە گەلالەیەکی وەک داخوازی گەلی کورد بۆ چارەسەریی پرسی نەتەوەیی لە ئێران و کوردستان دارشت و پێشکەش بە ڕای گشتی، کۆمەلانی خەڵک و حکوومەتی ناوەندیی کرد. ئەم گەلالەیە کە بە "گەلالەی ٢٦ مادەیی" بەناوبانگە، ئیستەشی لەگەڵ بێت یەکێک لە کامیل ترین پرۆتوکولەکانە بۆ چارەسەریی مافی نەتەوەیی. شانازیی گەلالەکردن و نووسینی کە بە "گەلالەی ٢٦ مادەیی" ناوبانگی دەرکردوە، هەتا هەتایە بۆ سارم خان دەمێنێتەوە.

من بە نۆبەی خۆم وەک برایەکی گەورە ڕێزم بۆ دادەنا و ئەویش لە ریی پێوەندیی تەلەفوونیەوە هەمیشە مەحیبەتی براگەورەیی لە ئاست من هەبوو. بە گەرمی و لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵی بەڕیزی و هەموو تێکۆشەرانی ریگەی ئازادی و پێشکەوتنخوازیی مرۆڤ دەکەم.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٢ی ئەپریلی ٢٠١٨**

---

## گەلەکۆمەکێی سەرمایەداریی کۆنەکاری رۆژئاوا !

گەلەکۆمەکێی سەرمایەداریی کۆنەکاری رۆژئاوا و سەرمایەداریی تازەپێگەیشتووی رۆژهەڵات، دژی کوردستان! نامەوێ لێرەدا لاپەڕەکانی مێژووی ئەو سەد ساڵەی دوایی گەلی کورد هەڵبدەمەوە کە پڕە لە کارەساتی دڵتەزین بەرامبەر بە گەلەکەمان؛ هەر لە پەیمانی "سایکس - پیکۆ"، "کونفرانسی لۆزان"، "پەیمانی سەعداباد"، "کۆماری کوردستان"، "پەیمانی بەغدا" و "نسکۆی ١٩٧٥ی زایینی(شۆڕشی ئەیلوول)"، تا بە ئەمڕۆ کە لە وتارەکانی پێشوومدا بە درێژی باسم کردوون.

لێرەدا تەنیا باسی دوو گەلە کۆمەکیی دوو سەرمایەداریی چاوچنۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەکەم بە پشتیوانی لەو وڵاتە دیکتاتۆر و کۆنەپەرستانەی کە کوردستانیان لە نێواندا دابەش بووە.

ساڵی ٢٠١٧ی زایینی (١٣٩٦ی هەتاوی) یەکێک لەو ساڵە نەهاتی و چارەڕەشیانە بوو بۆ گەلی کورد. ریژیمی عێراق بە بیانووی رفراندۆم لە کوردستانی باشوور دا بە پشتیوانیی راستەوخۆی سوپای قودسی ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران و ناڕاستەوخۆی ریژیمی تورکیە و چرای سەوزی ئەمریکا و بریتانیا هێرشی کردە سەرناوچە دابڕاوەکانی کوردستانی باشوور. بە تایبەت کەرکووک و شەنگاڵ کە بە رژانی خوێنی هەزاران پێشمەرگە لە چنگی داعش رزگار کرابوون و بە هۆی دووبەرەکی و خەیانەتی نێوخۆیی لە ٢٤سەعاتدا داگیری کردەوە. ئەوەمان لە بیربێ کە رووسیە لەمێژە پشتیوانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و لەم ئاخرانەشدا بە پشتیوانیی بێ درێخی لە رژیمی تورکیە دەیەوی لە رۆژئاوا (بەتایبەت ئامریکا)ی داببڕی، کە پێم وایە خەیاڵێکی خاوە.

لە عەفرینی خۆ راگردا، رژێمی داگیرکەری تورکیە بە چرای سەوزی رووسیە و بە بێ دەنگیی بێشەرمانەی ئەمریکا و وڵاتانی سەرمایەداریی رۆژئاوا و بە فرۆکەی ئەمریکایی و تانگی ئەڵمانی و چەک وچۆڵی پەیمانی شەڕەنگێزی ناتۆ و دەیان هەزار بەکرێگیراوی کۆنەپەرستی ئیسلامی کە لە تاقمە جیهادیەکانی سوریە پێک هاتبوون و تەنانەت تورکە جیهادیەکانی یوغووری چین و ئاسیای ناوڕاستیش بۆ یارمەتیی تورکیە هێنرابوون، هێرشی کردە سەر خەڵکی عەفرین. رژێمی سوریە کە هێرشکرابووە سەر بە ناو وڵاتەکەی و رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پشتیوانی سەرەکیی ئەو رژێمەیە، بە ویستی رووسیە لە بەرامبەر درندەیی و کاولکاریی سوپای داگیرکەردا قڕوقپیان کرد.

دیارە کچان و کوڕانی یەپەژە و یەپەگە بە بیرو باوەڕێکی پۆلاینەوە بە گژ سوپای هێرشبەردا چوونەوە. من لە وتارێکدا لە

سەرەتای شەڕەکەدا نووسیم کە لەم شەڕە نابەرامبەرە دا رەنگە سوپای داگیرکەر بۆ ماوەیەک سەرکەوتن بە دەست بێنێ، و نووسیم تەنانەت ئەگەر خەڵکی عەفرین شکستیش بخۆن؛ بەرخودانەکەیان وەکوو راپەڕینەکانی کویلەکانی رۆم بە فەرندەریی "ئیسپارتاکۆس" و جووڵانەوی "مەزدەک" و جوتیارانی ئازەربایجان بە فەرماندەریی "بابەکی خورەمدین" و خۆڕاگریی خەباتکارانەی "قەڵای دەمدەم" و زۆر جووڵانەوەی کورد و گەلانی دیکە کە سەرنەکەوتوون، بۆ هەمیشە لە دڵی گەلانی ئازادیخوازدا دەمێنیتەوە.

لە شەڕی عەفرینیش دا وەکوو کەرکووک و شەنگال دەرکەوت کە سەرمایەداریی رۆژئاوا و رۆژهەڵات پشتیوانی رژیمی داگیرکەری تورکیە بوون، لە بەر ئەوەی بوونی حکوومەت و دەسەڵات و هێزی دیموکرات و ئازادیخواز لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کە خاوەنی یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی نەوت و گازی جیهان و ئاوی ناوچەکەیە بە قازانجیان نیە. ئەوان پێویستیان بەو رژیمە کۆنە پەرستەکانی وەکوو کۆماری ئیسلامیی ئیران و عێراق و تورکیە و سوریە هەیە، کە سەرچاوە ی شەڕ و ئاژاوەن، بۆ ئەوەی کارخانەی چەک و چۆڵ دروستکرنی ئەوان قەت پەکی نەکەوێ و ئارامی و ئاسایش نەگەڕێتەوە ناوچەکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٠ی ئەپریلی ٢٠١٨

---

## سیاسەتی دووفاقەی "مافی مرۆڤ"ی سەرمایەداری

لە چەرخی پانزدە و شانزدەی زاینی کە وڵاتانی سەرمایەداری دەستیان داوەتە کۆلۆنیکردنی(موستەعمەرە) وڵاتانی دیکە، تاکوو ئەمڕۆ لە بارەی مافی مرۆڤەوە سیاستی دوو فاقەیان پەیڕەو کردووە. بۆ ڕوونکردنەوەی باسەکە پێویستە بە کورتی چاوێک بە سەرمێژووی سیاسەتی کۆلۆنیالیزمدا بخشێنم.

یەکەم جار ئیسپانیا و پورتەقاڵ ڕوویان کردە ئەمریکای باشوور و ئەمریکای ناوەندیی، دواتر بریتانیا ئەمریکای باکوور و ئوقیانووسیە و بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ئەفریقا و باشووری ئاسیای کردە کۆلۆنی خۆی. فەڕانسە ڕوویکردە باکووری ئەفریقا و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بلژیک کونگۆی ئەفریقای داگیرکرد، هولەند ئەندونزیا و دانمارک دورگەی گەورەی گرینلەندی لە ئەمریکای باکوور کردە کۆلۆنی خۆی. لەولاشەوەوە ڕووسیە سەرزەویی پان و بەرینی سیبری و ئاسیای ناوەڕاست و قەوقازی داگیر کرد و ژاپۆن دەستی بەسەربەشێک لە مەنچووریی چین و هێندێک دوورگەی دەوروبەری خۆیدا گرت و ئیتالیا و ئەڵمانیش ڕوویان کردە ئەفریقا و بەشی خۆیان پچڕی. ئەمریکاش دوای ئەوەی سەربەخۆیی بەدەست هێنا، دەستی بەسەر هێندێ دوورگەی دەورو بەری خۆیدا گرت و بەشێک لە خاکی میکزیکی داگیر کرد، ئەوە بێجگە لەوەی زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای باشوور وئەمریکای ناوەندی کە بەرواڵەت سەربەخۆ بوون و کۆلۆنی نەبوون، بەڵام لە باری سیاسی و ئابوورییەوە لە ژێر هیژموونیی سیاسەتی ئەمریکادا بوون.

وڵاتانی سەرمایەداری کاتێک دەیانویست وڵاتێک داگیر بکەن لە پێشدا میسیۆنی مەزهەبییان دەنارد، بۆ "بە شارستانێتی"(متمدن) کردنی خەڵکانی بە ناو وەحشی ئەو وڵاتانە. دوابەدوای ئەوە، کۆڕی بازرگانیان بەڕێ دەکرد بۆداگیرکردنی کەرەستە و مادەی خاوی ژێرزەوی و سەرزەویی ئەو وڵاتانە و فرۆشتنی کەل و پەلی کارخانەکانیان، دواتر بە رواڵەت بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی خۆیان هێزی نیزامیان بەڕێ دەکرد و دەستیان بەسەر وڵاتەکەدا دەگرت.

ئەو جینایەت و بێڕەحمیانەی داگیرکەران بەرامبەر بە خەڵکانی وڵاتانی کۆلۆنی خۆیان بەکاریان هێنا لە ڕادەبەدەرە، بۆ نموونە کاتێک ئیسپانیا و پورتەقاڵ و بریتانیا و فەڕانسە پێیان نایە ئەمریکا، حەشیمەتی سوورپێستەکان ۳۰ میلیون کەس بوون، لە ماوەی ۳۰۰ ساڵ دا حەشیمەتیان بووە شەش ملیۆن کەس کە بۆ داگیرکردنی زەویەکانیان بە دەستی سپی پێستە "خاوەن شارستانیەتیەکان" دەکوژران! بە ملیۆنها ڕەش پێست لە وڵاتانی ئەفریقا دزران و وەکوو کۆیلە بۆ ئەمریکا بردران کە پتر لە نیوەیان لە ڕێگەدا دەمردن و دەبوونە خۆراکی گیانلەبەرانی دەریایی و ئەوانەی دیکەش کە دەمانەوە نیوەیان لە

برسان و بە قامچیی خاوەنەکانیان گیانیان لەدەست دەدا. دڵرەقی و بێرەحمیی هولەندیەکان لە ئەندونزی و خواروی ئەفریقا، ژاپونیەکان لە چین، بریتانیەکان لە هیندوستان و زۆر لە کۆلۆنیەکانی دیکەیان، بلژیکیەکان لە کونگۆ، پورتەقالییەکان لە ئەنگولا و موزامبیک، فەرانسەیەکان لە ویتنام و ئەلجەزیرە، ئیتالیایەکان لە حەبەشە(ئیتیوپی)، مێژوەکانیان هێشتا کۆن نەبووە ولە زۆر کیێبی پێوەندیداردا دەبینرێن.

بۆ پیشاندانی جینایەت و دڵرەقیی وڵاتانی میترۆپۆل، تەنیا پاڕاگرافێک لە بەرگی دوومی سەرمایەی مارکس دێنمەوە کە لە نووسینێکی ویلیام هاویت نووسەری مەسیحی ئینگلیزی هێناویەتی. ناوبراو دەڵێ: "بەربەریەت و ئەو کارە بێشەرمانەی کە خەڵکە بە ناو مەسیحییەکان لە هەر شوێنێکی جیهان لە دژی خەڵکی هەر وڵاتێکی داگیرکراو ئەنجامیان داوە لە هیچ یەک لە سەردەمەکانی مێژووی جیهان و لە لای هیچ خەڵکێک چەندە وەحشی و دواکەوتووبووبن، چەندە بێبەزەیی و بێشەرم بووبێتن، نموونەی نەبووە و نابێتەوە."

لە سەرهەڵدانی شۆڕشی مەزنی فەڕانسە لە ساڵی ١٧٨٩ی زاینی دا، بۆ یەکەمین جار لە قانوونی بنەڕەتیی حکوومەتی شۆڕشگێڕدا باس لە مافی مرۆڤ کرا. دوابەداوی ئەوە فەیلەسووفان و رووناکبیرانی وڵاتانی ئوروپایی پرسی ئازادیە سیاسیەکانی مرۆڤیان هێنایە گۆڕێ، و بە خەباتی رووناکبیران و چین و توێژە چەوساوەکانی کۆمەڵ توانرا لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکا مافە سیاسی و مەدەنیەکان بە سەر حکوومەتانی ئەو وڵاتانەدا بسەپێنن. هەروەها توانرا هەڵبژاردنی ئازاد بۆ نوێنەرانی پارلەمانەکان بێتە گۆڕێ و سێ هێزی "بەرێوەبەری"، "یاسادانان" و "دادوەری" لێک جودا بکرێنەوە، و تەنانەت توانرا لە هێندێک لە وڵاتان دا سیستمی کۆیلەتی قەدەغەن بکرێ کە گرنگترینیان لە ئەمریکا لە ساڵی ١٨٦٥دا بوو و هەروەها توانرا مافی یەکسانی ژن و پیاو دابین بکرێ.

لە شۆڕشی ئوکتوبری ١٩١٧ی رووسیەدا مافە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیش تا رادەیک دابین کرا و بۆ ماوەیەک تارادەیەک چارەسەر کران، و هێندێک لە وڵاتانی ئوروپایی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە بۆ پێشگرتن لە شۆڕشێکی سوسیالیستی دەبێ سیستمی خۆش بژێوی (دەوڵەتی رفاە) رەچاو بکرێ، کە تا رادەیەک لە سەرپرسی دەرمان، خوێندن و هێندی شتی تر کاریگەریی لە سەر ژیانی چین و توێژە چەوساوەکان دانا.

لە ساڵەکانی ١٩٢٠ تا١٩٤٠ی سەدی بیستەم بە هۆی ئەنجامی شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ - ١٩١٨) کە حکوومەتەکانی شکستخواردوو خۆیان بە زەرەرمەندی شەڕ دەزانی و قەیرانی ئابووی پێکهاتوو، لە چەند وڵاتی ئوروپایی کە پێشتر بەشیوەی دیموکڕاتیی بورژوایی بەڕیوە دەچوون، سیستمی فاشیستی و دیکتاتۆری سەریهەڵدایەوە. لە ئەڵمان حیزبی نازی بە رێبەریی هیتلەر، لە ئیتالیا حیزبی فاشیست بە رێبەریی موسولینی، لە ژاپۆن حکوومەتێکی میلیتاریستی، لە ئیسپانیا

فڕانکۆی دیکتاتۆری فالانژیست، لە پورتەقاڵ سالازاری دیکتاتور، لە تورکیە ئەتاتورکی ڕەگەزپەرست و لە بولغارستان و لەهستان و هەنگری(مەجارستان) و ڕۆمانی حکوومەتانی دیکتاتۆریی پەیدابوونەوە کە ئەوانە بوونە هۆی هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی دووەمی جیهانی (١٩٣٩ - ١٩٤٥).

بە هۆی ئەو شەڕە خوێناوی و ماڵوێرانکەرەوە، ٢٢ ملیۆن خەڵکی سۆڤیەت، ١٦ ملیۆن چینی، شەش ملیۆن ئەڵمانی، شەش ملیۆن جوو، چوارملیۆن لەهستانی، سێ ملیۆن خەڵکی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کە پتریان کۆلۆنی هولەند بوون، دووملیۆن و ٧٠٠هەزار ژاپنی، دوو ملیۆن و ٥٠٠ هەزار خەڵکی هیندوستان کە موستەعمەرەی بریتانیا بوو، ملیۆنێک و ٥٠٠ هەزار فەڕانسەیی، و ملیۆنێک خەلکی یوگوسلاوی؛ لەسەر یەک نزیکەی ٧٠ ملیۆن مرۆڤ بوونە قوربانی.

چەند ساڵ دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی لە ١٠ی دیسامبری ١٩٤٨ بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کرا. مافەکانی مرۆڤ بریتین لەم مافانەی خوارەوە:

مافە مەدەنییەکان ئەو مافانەن کە: حەقی ژیان، ئازادیی دین ومەزهەب، ئەمنیەتی قەزایی و حقووقی(دادوەری و ماف)، ژیانی تایبەتی و بنەماڵەیی، ئازادی ڕادەربڕین و کۆبوونەوە و پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەل و حیزب و ئازادی هاتووچوو دەگرێتەوە.

مافە سیاسیەکان بریتین لە: مافی مرۆڤ بۆ بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا، بۆ نموونە مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردن لە هەڵبژاردنەکاندا بە هاووڵاتیان دەدا.

مافە ئابووریەکان ئەو مافانەن وەک: مافی کارکردن و هەبوونی کار، مافی دروستکردنی سەندیکا و یەکییتیەکانی سینفی(پیشەیی) و ئازادی کارکردن لە نێوانیاندا، مافی مانگرتن و مافی هەبوونی ئاستێکی ستانداردی ژیان کە شایانی مرۆڤ بێت.

مافە کۆمەڵایەتییەکان ئەو مافانەن کە: حەقی تاکەکەس واتە ئەندامانی کۆمەڵ لە حاڵەتەکانی بێکاری و نەخۆشی و پەککەوتوویی دەپارێزن. مافە فەرهەنگی و کولتوریەکان ئەو مافانەن کە حەقی هاووڵاتیان بۆ خوێندن و فێربوون و کەڵک وەرگرتن لە زانست و چاپ و بڵاوکردنەوە دەپارێزن.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی و شکستی نازیسمی ئەڵمان، میلیتاریزمی ژاپۆن و فاشیزمی ئیتالیا، لە هێندێک

لە کۆلۆنیەکانی وڵاتانی ئوروپایی جوڵانەوە بۆ رزگاری سەری هەڵدا. گەلانی هێندێک لە کۆلۆنیەکان وەکوو وێتنام، هیندوستان، ئەلجەزیرە، کونگۆ، موزامبیک، ئەنگولا و... دژی وڵاتانی میتروپۆل راپەڕین و سەربەخۆییان بەدست هێنا، بەڵام دوای ئەوە وڵاتانی میتروپۆل ئەوەیان لە بەرژەوەندیی خۆیان زانی کە پیش ئەوەی گەلانی کۆلۆنیەکان راپەڕن، خۆیان سەربەخۆییان بدەنێ. ئەوە بوو کە بە دەیان وڵاتی سەربەخۆی تازە لە ئەفریقا و ئاسیادا هاتنە گۆرەپانی سیاسەتی جیهانیەوە، بەڵام بە داخەوە زۆربەی سەرانی ئەو وڵاتانە کەسانێک بوون کە وڵاتانی میترۆپۆل دەسنیشانیان کردبوون و لە بەرژەوەندی ئەواندا دەجووڵانەوە و وڵاتیان بە شێوە ی دیکتا تۆری بەڕیوە دەبرد.

ئا لێرەوەیە کە سیاستی دووفاقەی سەرمایەداری بە زەقی دەبیندرێ. وڵاتانی سەرمایەداریی جیهان لە نیوخۆدا هەموو مافەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنی و کولتوریی هاونیشتمانانی خۆیان دەپارێزن و تەنیا لەسەر پرسی ماڵی یە کە نابەرامبەریی سامناک و جیاوازیی چینایەتیی لەرادەبەدەر دەبینرێ، لە حاڵێکەدا خەڵکانێکی زۆر خاوەنی میلاردها دولار یا پۆند و پارەی وڵاتی خۆیانن، بە دەیان هەزار کەس شەوانە لە تونیلەکانی پیادەڕۆ وشەقامەکاندا دەخەون و خواردنیان ژەمێک نانە کە کلیساکان دەیاندەنێ. هەر ئەم وڵاتانە لە بەرامبەر پێشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ولاتانی دیکتاتۆڕیدا چاوی خۆیان دەقونجێنن و مامەلە و بازرگانیان لەگەڵ دەکەن و چەک و چۆڵیان پێدەفرۆشن کە دیکتاتۆرەکان بەشی زۆری ئەو چەکانە بۆ سەرکوتی خەڵکی ناڕازی خۆیان کەڵکی لێوەردەگرن و ئەگەر بەرەی سەر بە ئەمریکا دژی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە وڵاتێکی سەر بە بەرەی  رووس یان چین لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان داوخوازی یەک پێشکەش بکا (دیارە نەک بۆ خاتری دڵسۆزی بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە بەڵکوو بۆدژایەتی لەگەڵ رووس یان چین) لە لایەن رووس یان چینەوە ڤیتۆ دەکرێ، و بە پیچەوانەش ئەگەر بەرەی رووس بە دژی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن وڵاتێکی سەر بە ئەمریکا و بریتانیا و فرانسە داوخوازی یەک پێشنیاربکا لە لایەن یەکێک لەو سی وڵاتەوە ڤیتۆ دەکرێ.

لەبەر ئەوەی وتارەکە درێژ نەبێتەوە ناچمە سەر پێوەندیی هەموو وڵاتانی سەرمایەداری لە گەڵ وڵاتانی دیکتاتۆڕی، تەنیا باسی پێوەندیی وڵاتانی سەرمایەداری لەگەل چواروڵات دەکەم کە کوردستان لە نیوانیان دا دابەشکراوە. ئەو چوار وڵاتە لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دا کارنامەیەکی رەشیان هەیە، بەڵام لە بەربەستراوەیی بە ولاتانی سەرمایەداری یان بەناو وڵاتانی کۆمۆنستی کەمتر وا هەلکەوتووە لە لایەن ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە مەحکووم بکرێن.

دوای پەسەند کرانی مافی مرۆڤ لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ئێران دا حەمە رەزا شا بووە دەسەڵاتدار و هەمەکارەی ئێران، هەر ساڵێک پێش پەسەندکردنی مافی مرۆڤ، حەمەرەزاشا بە یارمەتیی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و بریتانیا ولاوازیی سیاسەتی ئیستالین، هێرشی کردەسەر کوردستان و ئازربایجان و لەسەر داوای مافی رەوای خۆیان ئەو دوو گەلەی شەڵاڵی خوین کرد. حەمە رەزاشا تا ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی (١٩٤٣ی زاینی) لەبەر بەهێزبوونی تێکۆشانی کریکاری و

روناکبیری نەیتوانی رووی راستەقینەی سەرەڕۆیی خۆی پێشان بدا ،هەرچەند زۆرجارپۆلیس هێرشی دەکردە سەر خۆپیشاندەران و مانگرتوان و خەڵکی دەکوشت و دەگرت. لە ساڵی ١٣٣٢دا بە یارمەتیی دەزگای جاسووسیی ئەمریکا و بریتانیا حکوومەتی "موسەدیق"ی رووخاند، کە ناوبراوتوانی نەوتی ئێران میللی بکا و دەیویست شا بکاتە شایەکی مەشرووتە و لە دەسەڵاتی کەم کاتەوە.

شا ماوەی ٢٥ سال بەوپەڕی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی حکوومەتی کرد و دەزگای ساواکی شا هەر دەنگێکی نارازیان لە قوڕگدا دەخنکاند، بەڵام نەک تەنیا بۆ جارێک وڵاتانی سەرمایەداری لە سەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ رەخنەیان لێنەگرت، بەڵکوو لە پێشدا بۆ بەرواڵەت بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ یەکیتی سۆڤیەت کردیانە ئەندامی پەیمانی بەغدا و دوایی ئەندامی پەیمانی سنتۆ و میلیاردها دولار پارەی نەوت کە دەبوو بۆ ئاوەدانی ئێران و خۆشگوزەرانیی خەلکەکەی کەڵکی لێوەربگیرێ، چەک و چۆڵیان پی فرۆشت. دواییش کە زانیان شا بۆتە مۆرەیەکی سووتاو، لە کۆبوونەوەی گوادلوپ (فەرانسە) بریاری لابردنیان دا و لە ترسی هاتنە سەر کاری حکوومەتێکی دیموکڕات یان چەپ، رێخۆشکەرییان بۆ خومەینی کرد کە خۆی بە هۆی پێگەی ئاینی و چاوپۆشیی رژیمی شا لە تێکۆشانی ئاخوندەکان، خەڵکانێکی زۆری مەزهەبیی دەمارگرژ لە دەوری ئالا بوون، لە رێبەندانی ١٣٥٧ حکوومەتی پاشایەتیی رووخا و ئەو(خومەینی) هاتە سەر کار.

هێشتا ساڵ تێنەپەڕیبوو خومەینی بە هێرش بۆسەر بزووتنەوەی گەلانی بندەست و یەک لەوان گەلی کورد ماهیت (ناوەرۆک)ی کۆنەپەرستانەی خۆی پیشاندا و دوایی وەرگەڕایەوە سەر خەڵکانی ئازادیخواز و چەپ و موجاهید و بە درندانەترین شێوە خەڵکی سەرکوت کرد. تەنیا لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی ١٩٨٨ی زاینی نزیکەی ١٠هەزار کەس لە زیندانیانی سیاسیی قەتلووعام کرد. تەنانەت لە وڵاتانی ئوروپا و ئاسیا و ئەمریکا سەدان کەس لە نەیارانی کۆماری ئیسلامیی تیرۆرکران؛ کە تەنیا جارێک لە دادگای میکونووسی برلین لەسەر تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، هومایون ئەردەلان، فەتاح عەبدولی و نووری دێهکوردی مەحکووم کرا. لە ماوەی ئەو ٣٩ ساڵە دا ئەگەر چەند جارێک لە لایەن رێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان مەحکووم کرابێ، زۆر جار بەرەی رووس و چین و وڵاتە دیکتاتۆرەکانی جیهان کە خۆیان کەم نین، دەنگی نەرێنیان(نیگەتیڤ) بە مەحکوومیەتەکەی رژیم دراوە.

حکوومەتی عێراق تا ساڵی ١٩٥٨ی زایینی و کودتای عەبدولکەریم قاسم پاشایەتی لە ژێر کاریگەریی سیاسەتی بریتانیادا و ئەندامی پەیمانی بەغدا بوو. هەر ساڵێک پێش پەسەند کردنی مافەکانی مرۆڤ، چوار ئەفسەری ئازدیخوازی کورد: مستەفا خۆشناو، عیزەت عەبدولعەزیز، محەمەد قودسی و خەیروڵا عەبولکەریم کە چووبوون بۆ یارمەرتیی کۆماری کوردستان، لە گەرانەوەدا گیران و ئیعدام کران. رژیمی عێراق هەرچەند بە ئەندازەی رژیمی شا سەرڕۆ نەبوو، لەگەڵ ئەوەش حیزب و ریکخراوە سیاسییەکان قەدەغە بوون و ئەگەر کەسێک بە تاوانی سیاسی بگیرابایە بۆ ماوەیەکی زۆر



سەرچاوە
Serchawe

زیندانی دەکرا. بزووتنەوە کوردیەکانی شیخ مەحموود و بارزان سەرکووت کرابوون، پارتی دیموکڕاتی کوردستان و حیزبی شیوعی و حیزبە پێشکەوتنخوازەکانی دیکە تیکۆشانیان نهێنی بوو. لە تەوای ئەو ماوەدا لەبەر بەستراوەیی عێراق بە بریتانیاوە لەسەر پێشیلکردنی مافی مرۆڤ مەحکووم نەکرا.

لەو ساڵەدا(١٩٥٨) لەشکر بە فەرماندەیی عەبدولکەریم قاسم کودەتای کرد کە بە "شۆڕشی ٢٨ی گەلاویژ" ناسراوە. قاسم پیاوێکی نیشتمانپەروە بوو، پرسی کوردی لە قانوونی بنەڕەتیدا هێنایەگۆڕێ. سێ چوار ساڵ عیراق ببووە لانکەی ئازادی، بەداخەوە هێندێ کیشەی نێوخۆیی و هاندانی هێندێک لە سەرانی کۆنەپەرستی عەرەبی گۆڕانیان لە قاسم داپێک هێنا و لە ساڵی ١٩٦٣ی زاینی حیزبی بەعس کە حیزبێکی شوینیستی عەرەبی بوو، کودەتای کرد و عێراقی خەڵتانی خوین کرد.

دواییش کە برایانی عارف (عەندولڕەحمان و عەبدولسەلام) هاتنە سەر کار، لەبەر ئەوەی دژی بەری چەپ بوون، لە لایەن بەرەی رۆژئاواوە پشتیوانیان لێدەکرا و لە پێشیلکردنەکانی مافی مرۆڤ و کورد کوشتن و کومۆنیست و دیموکڕات کوشتنەکانیان چاوپۆشی دەکرا. دواتر کە حیزبی بەعس هاتەوە سەرکار بە رواڵەت ببووە هاوپێمانی شیوعیەکان، ئەمجارە بەرەی رووس لە جینایەتەکانی چاوپۆشیان دەکرد. دوایی کە عێراق شەڕی لەگەڵ ئێران دەست پێکرد، لەبەر ئەوەی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لای بەرەی ئەمریکا ناپەسەند بوو، لە جینایەتەکانی بەرامبەر بەکورد وەکوو کوشتاری فەیلیەکان و بارزانیەکان و ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە وسەردەشت و دەیان گوندی کوردستان و کوشتارو دەرکردنی شێعەکان چاپۆشیی لێکرا و تەنانەت جارێکیش مەحکووم نەکرا. لەم رژیمەی ئێستاش دا کە شێعەکان دەسەڵاتدارن، پیان ناوەتە جێ پێی رژیمەکانی پیشووی عێراق وئەو مافانەی کە کوردەکان دوای رووخانی رژیمی سەدام بە تێکۆشانی خۆیان بەدستیان هێنابوو، وردە وردە بەرتەسک دەکەنەوە و بەرەی ئەمریکا و بریتانیا چراسەوزیان بۆ لیدا بۆ گرتنەوەی کرکووک و ناوچە دابڕاوەکان، کە لە راستیدا بۆ نەوتەکەی بوو، بەڵام بە ناو بۆ ئەوەی زیاتر نەچێتە باوەشی کوماری ئیسلامیی ئێرانەوە، کە خەیاڵێکی خاوە.

حکوومەتی سوریە دوای هاتنەدەر لە ژێر سەرپەرستیی(ماندەیت) فەڕانسە، تا هاتنەسەرکاری (حافز ئەسەد) چەندین کودەتای نیزامیی تاقی کردەوە. لە سالی ١٩٤٨سالی پەسەندکردنی بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ لە ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا، هاوڕی لە گەڵ فەلەستینیەکان وولاتانی میسر و ئوردەن لەگەڵ حکوومەتی تازەپێکهاتووی ئیسڕائیل تووشی شەڕ بوو، کە بە زەرەی بەرەی عەڕەب تەواو بوو. لە سآڵی ١٩٤٩ کودەتایەکی نیزامی کرا کە پتر سەر بە بەرەی رۆژئاوا بوو کە دیارە لە رژیمێکی ئەوتۆدا مافەکانی مرۆڤ پیشێل دەکران. سوریە لە ١٩٥٦ لە گەڵ یەکیتی سۆڤیەت پەیمانی هاوکاریی پێک هێنا و کەوتە بەرەی سۆڤیەت. سالی١٩٥٨ لە گەڵ میسری (جەمال عەبدوناسر) کۆماری یەکگرتووی پێک هێنا کە سێ سال درێژەی کێشا. لە ١٩٦١ کودەتا کرا و کۆماری یەکگرتوو هەڵوەشایەوە، بەلام ئەوانەی هاتنە سەرکار

خۆیان بە لایەنگری چەپ پیشان دەدا و دۆستی سۆڤیەت بوون. لە ١٩٦٣ حیزبی بەعس کودەتای کرد و دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت ولە ساڵی ١٩٦٦ حافز ئەسەد کە خۆی ئەندامی حیزبی بەعس بوو دەسەلاتی بەدەست هێنا و تا ئیستا خۆی و کوڕەکەی بەشار ئەسەد لە سوریە حکوومەت دەکەن. حافز ئەسەد بێجگە لە پیشێلکردنەکانی گشتی مافی مرۆڤ لە سوریە، ئۆبالی دوو کوشتاریشی لە ئەستۆیە ،یەکەم کوشتاری پەنابەرانی فەلەستینی لە ئوردوگای تەل زەعتر، بە هاوکاریی مەسیحیە فالانژەکانی لوبنان، و دووەم کوشتاری جەماحەتی ئەخوان الموسلمین لە شاری حەمای سوریە. لە تەوای ئەو ماوەدا چ کەسانی سەر بە رۆژئاوا و چ کەسانی سەر بەرۆژهەلات دەسەلاتیان بەدەست بووبێ، لە گەڵ پێیشێلکرانی مافی مرۆڤ بە تایبەت بەرامبەر بە کورد کە تەنانەت بە بەشیکی زۆریان حازرنەبوون ناسنامەی هاونیشتمانیی سوریەشیان بدەنێ بەو بیانووە کە ئەوانە لە تورکیەوە هاتوون، مەحکووم نەکراون.

لە ٢٠١١ کە بە ناو بەهاری عەرەبی سەری هەڵدا، سوریەشی گرتەوە، بەرەی ئەمریکا کە سوریەیان بە هاوپێمانی رووس دەزانی، زوو کەوتنە خۆ بۆ رووخانی ئەو وڵاتە وەکوو لە لیبی ئەو کارەیان کرد، بەڵام لێرەدا رووس و ئێران و حیزبوڵای لوبنان فریای کەوتن و لە رووخان رزگاریان کرد. ئەوە شەش حەوت ساڵە شەڕیکی چەند لایەنە لە سوریە درێژەی هەیە کە ئەو وڵاتەی کردۆتە ویرانەیەک. لایەک بەرەی ئەمریکا و بریتانیا و فەڕانسە و هێندێک لە وڵاتانی کەنداوی فارس،لایەکی دیکەش سوریە و رووس و کۆماری ئیسلامیی ئێران و حێزبوڵای لوبنان، لەولاشەوە داعەش کە لە پێشدا تورکیە و قەتەر یارمەتیی چاکیان کرد و لە بەشێکی زۆری سەرزەویی سوریە جێگیر بوو، لە لایەکیش کوردەکان کە هەمیشە لە سوریە بێبەش بوون کەوتنەخۆ و ناوچەکانی خۆیان لە داعەش پاک کردەوە.

رژیمی تورکیە لە تەوای ئەو ماوەدا ئەندامی پەیمانە هێرشبەرەکانی بەغدا، سنتۆ و ناتۆ بووە، ئەگەر جارو بار حکوومەتێکی سیویل هاتبێتە سەرکارو ویستبێتی ئازادیە سیاسی و مەدەنیەکان لە تورکیەدا پەرە پێ بدا، کودەتای لێکراوە و ئەگەر تۆزێک ئازادییش هەبووبێ پێشیل کراوە. ئەوە بێجگە لەوەی گشت ئەو حکوومەتانەی کە هاتوونەتە سەر کار بە نیزامی و سیویلەوە بەرامبەربە گەلانی "ناتورک" بە تایبەت کوردەکان سیاسەتی شوینیستی یان رەچاو کردووە. دیارە ئەوە لە سیاستی تورکیەدا تازە نەبوو و لە ساڵی ١٩١٥دا پتر لە ملیۆنێک ئەرمەنی لە تورکیە کۆمەل کوژ کرابوون و دەیان هەزار ئاسووری لەو وڵاتە ئاوارەی ئێران و عێراق ببوون، و لە دەورەی ئەتاتورک یشدا دەیان هەزار کورد لە شۆڕشەکانی شێخ سەعید و ئاگری و دەرسیم کۆمەڵکوژ کرابوون. دوای هاتنە سەرکاری حیزبی مەزهەبیی داد و گەشە (ئاکاپە) بە سەرۆکایەتیی ئوردوغان، هێندێک نەرمی هەم لە گشت وڵات و هەم بەرامبەر بە کوردەکان پێشاندرا و حیزبەکانی سەر بە کوردەکان تێکۆشانیان دەستپێکرد و لە هەڵبژاردنی پاڕلەماندا نوینەریان بۆ پارلەمان دیاری کرد و تەنانەت بۆ سێ ساڵ بە نارەسمی لە گەڵ (پ ک ک) ئاگربڕ کرا، بەڵام کاتێک ئوروغان هەموو مۆرەکانی دەسەڵاتی بە تەواوەتی گرتە دەست، گۆڕا. ئێستا دەیەوێ هەم ئازادیە سیاسیەکان بەرتەسک بکاتەوە و هەم کوردەکان بخاتە ژێر گوشارەوە و تا ئێستا بە

هەزاران کەسی سیاسی لە نوینەری پارلەمانەوە بگرە تا رۆژنامەنووس لە بە ناو دادگاکانی تورکیە دا مەحکووم کراون. ئەوە لایەکی کیشەکەیە. تورکیە خۆی یەکێک بوو لەو رژیمانەی کە یارمەتیی داعەشی دا لە سوریە و عێراقدا چەند ناوچە داگیر بکاو پێکهێنەری چەندین تاقمی کۆنەپەرستی "ئەخوانی" یە بە ناو بە دژی سوریە، کەچی بە بیانووی سەرکوتی تیروریزم هێرش دەکاتە سەر گەلێک کە ئەو گەلەخۆی هەزاران کەسی دژی تیروریزم قوربانی داوە. سەیر ئەوەیە لە ریزی سوپای تورکیە دا هەزاران کەسی دەمارگرژی مەزهەبی کە خۆیان لە راکردوانی داعەش و تاقمەکانی سەر بەقاعیدە بوون بەشدارن. لەوەش سەیرتر رووسیە کە خۆی بە پشتیوانی سوریە دەزانێ، لێرەدا بۆ سەرکوتی ئازادیخوازانی کورد و عەڕەب و ئاسووری پشتیوانی لە تورکیە دەکا و ئەمریکاش کە بەرواڵەت بە دژی داعەش هاوپێمانی کوردان بوو، خۆی لێ بیدەنگ کردووە و بێدەنگیش نیشانە رازیبوونە. دەوڵەتانی بە ناو دیموکراتی ئوروپاش لە بەر ئەوەی نەوەکوو ئوردوغان دەرگا لە پەنابەران بکاتەوە بەرەو ئوروپا، لە بەر چاویان دا ئەرتەشی تورکیە ژن و مندال و پیرو پەککەوتەی عەفرین بوردومان دەکا و دەکوژێ، ئەوانیش خۆیان لێ کویر و کەڕ کردووە و وەکوو ئەوەی ئاگایان لە هێچ نەبێ. ئەوەیە سیاستی دووفاقەی سەرمایەداری.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٨

# بەرخودانی رۆژئاوای کوردستان و لاوازیی باشوور

## بەراوەردێکی کورتی گەندەڵیی باشوور و بەرخودانی رۆژئاوای کوردستان

لەگەڵ هاورێیەکم باسی بەرخودان و خۆڕاگریی کوردانی رۆژئاوامان دەکرد لە بەرامبەر یەکێک لە بەهێزترین وڵاتانی پەیمانی ناتۆی هێرشبەر. هاوڕێکەم پرسیی کورد هەر کوردە، بۆچی کوردانی باشوور لە هەڵوێستی لاوازەوە لە بەرامبەر بەغدا دا دەجووڵێنەوە و، هەر رۆژەی دەستەیەک لە کاربەدەستانی هەرێم و حیزبەکانی ئۆپوزسیون و کەسانی تر بەڕێوەن بۆ خزمەتی "عەبادی" ئەویش بۆ مووچە، دەڵێی کورد لە عێراق دا تەنیا گیرو گرفتی مووچەیە و هیچی تر؟ مادەی ١٤٠ و ناوچە دابراوەکان و پاریزگەی هەڵەبجە (کە هەریم کردویەتە پارێزگە و بەغدا قبووڵی ناکا) و ئاوارەکانی خورماتو و کەرکووک و زۆر کێشەی تر بە تەواوەتی لەبیر چوونەتەوە. لە کاتێکدا (تا کاتی نووسینی ئەم دێڕانە)، ئەوە پتر مانگێک زیاترە کوردانی رۆژئاوا لە بەرامبەر ئەرتەشێکی فاشیستی تورکیە کە بە فڕۆکەی ئەمریکایی و تانگی ئەڵمانی و چەک و چۆڵی وڵاتانی دیکەی پەیمانی ناتۆ تەیارە؛ هاوڕێ لەگەڵ دەیان هەزار کەس کۆنەپەرستی سووری کە لە پاشماوەکانی داعەش، ئەلقاعیدە، بەرەی نوسرە و هەندێ گرووپی دیکە پێک هاتبوون، توانیان بە خۆڕاگری بێ وێنە، حەماسەی ئەستالینگراد، ویتنام و کۆبانی وەبیر بێننەوە.

لەو کاتەدا یەکێک لە تەلەڤزیۆنەکانی کوردستانی باشوور وتوووێژی کەسێکی بڵاو دەکردەوە کە یەکێک بوو لە ئەندامانی "لیژنەی دەستپاکی" هەرێم، ئەو کەسە دەیگووت لە هەرێمی کوردستان پتر لەشەست هەزار کەس دوو مووچە وەردەگرن و زۆر کەسیش سی مووچە و چوارمووچە وەردەگرن، هەروەها گوتی هێندێک لە بەرپرسانی حیزبی و حکوومی دەستیان بەسەر مڵکی گشتیدا گرتوە و هەرزان فرۆشیان کردووە یان دەیکەن و...

منیش بە هاوڕێکەم گوت: یەکێک لە هۆیەکانی لاوازیی هەڵویستی کوردانی باشوور ئەو گەندەڵیەیە کە وا ئێستاکە لە تەلەڤزیۆن گوێمان لێبوو". دیارە ئەمە تەنیا فاکتۆرێک نیە بۆ لاوازییان، بەڵکوو فاکتۆری دیکەیش وەک خەیانەت و ناکۆکیی نێوخۆیی، گەلە کۆمەکێی رژیمەکانی عێراق و ئێران و تورکیە کە ساڵەهایە کوردی وڵاتی خۆیان سەرکووت دەکەن و مافیان پێشێل دەکەن، و خەیانەتی ئەمریکا و بریتانیا لە ئوکتۆبری ساڵی ٢٠١٧ دا پێویستە رەچاو بکرێ. ئەم فاکتۆرانە بێگومان لە گەڵ ئەو گەندەڵیەی سەرەوە لەو فاکتەرانەن کە هەڵوێستی کوردی باشووریان لاواز کردوە.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام با بگەڕێینەوە بۆ راپۆرتی ئەندامی لیژنەی دەستپاکیی هەرێم. ئەو کەسەی کە دوو یان سێ یان چوار مووچە وەر دەگرێ و لە حاڵێکدا کە دەزانێ بە دەیان هەزار بنەماڵە لە کوردستانی باشوور لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین، بەڵام ویژدانی ئازاری نادا و بە ئاسانی ئەو زیادە مووچانە قووت دەدا. ئەم مرۆڤە چلۆن دەتوانێ لە هەڵویستی بەهێزەوە جموجووڵ بکا؟ ئەو فیکر و زیکری هەر لە چوارچێوەی پووڵ و پارە و مووچەدا دەخولێتەوە و ئیتر نیشتمان و وڵات چی بەسەر دێت و کێ بەسەریدا حکوم دەکات خەمی ئەو نییە.

یان ئەو کەسەی کە بەرپرسی حیزبییە یان فەرمانبەری حکوومیە کە بێگومان زۆر لەوانیش پێشتر حیزبی بوون، چۆن ویژدانی ئاسوودە دەبێ کە ملکی گشتی بە قازانجی خۆی و کەس و کاری داگیردەکا و هەرزانفرۆشی دەکا؟ بیرو باوەڕی ئەو شێوە کەسانە تەنیا پاراستنی ملک و ماڵ و سامانەکەیەتی نەک مافە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی میللەتەکەی. کەسێکی خەباتگێڕو نیشتمانپەروەر دەزانێ تاک لە نێو کۆمەڵدا باشتر دەتوانێ خزمەتی ئامانجەکانی بکا؛ بۆیە دەبێتە ئەندامی حیزب و رێکخراوێک کە بەرنامە و رێبازی لەگەڵ ئامانجکانی ئەو کە خزمەتە بە گەڵ و نیشتمان یەک بگرێتەوە. هەر کە ئەندامەتیی ئەو حیزب و رێکخراوەی قبووڵ کرد، دەبێ بەڵێنی بدا کە لەو رێبازەدا تێبکۆشێ و نەک تەنیا ملک و ماڵی گشتی داگیر نەکا، بەڵکوو ملک و ماڵی خۆی ئەگەر هەیبێ و تەنانەت گیانی لەو ریگەدا فیدای ئامانجەکانی بکا، جا ئەو کەسانەی کەلە هەرێم  ملکی گشتی داگیر دەکەن چۆن دەتوانن لە هەڵوێستی بەهێزەوە لە گەڵ بەغدا دا بجووڵێنەوە؟

هێمای بەرخودانی کوردانی رۆژئاوا (دیارە بە هاوکاریی عەرەب و ئەرمەنی و ئاسووری و نەتەوەکانی دیکە) لەوەدایە کە نە چاویان لە مووچەیە و نە لە ملکی گشتی. من گەشبینم بە سەرکەوتنییان، خۆ ئەگەر گریمان لە بەرامبەر ئەو هێزە زەبەلاحەدا زیاتر نەتوانن خۆڕاگرن (هەرکە چۆن رووس خەیانەتی پێکردن، دوور نیە ئەمریکاش کە تەنیا بەرژەوەندیی خۆی مەبەستە، لەگەڵ تورکیە رێک بکەوێ و چەک و چۆڵیان نەداتێ، هەر چەند ئەوان تا ئێستا پشت ئەستوور بە ئیرادەی پتەو وقایمی خۆیان بوون نەک چەک و چۆڵی ئەمریکایی) وەکوو زۆر لە شۆڕش و جووڵانەوە گەلیەکان کە بە هۆی هەل و مەرجی بابەتی(ئۆبژکتیڤ) نەیانتوانیوە سەرکەون، بەڵام خەبات و بەربەرەکانیی ئەوان بۆ هەتا هەتایە لە دڵی میللەتدا دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ٢٥ی فێبریوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## خەیانەت بە عەفرین، پووتین میراتگری ئیستالین.

هێندێک لە مێژوونووسان پیانوایە مێژوو دەوەرانیە و دووپات دەبێتەوە، بەڵام زۆربەی مێژوونووسان لەگەڵ ئەو بیرۆکەن کە مێژووهەر بەرەو پێشکەوتنە ودووبارە نابێتەوە،

### هەرچەند هەڵکشان و داکشانی هەیە.

لە سیاسەتی ئەمڕۆی جیهانیدا هێندیک شت بەرچاو دەکەون کە مرۆڤ تووشی گومان دەکەن کە بڵێی ئەوەی دەڵین مێژوو دەوەرانیە راست نەبێ؟ شەڕی دووەمی جیهانی بە شکستی ئەڵمانی نازی و ئیتالیای فاشیست و ژاپۆنی میلیتاریست و هاوپیمانانیان و، سەرکەوتنی یەکیتی سۆڤیەت و ئەمریکا و بریتانیا و هاوپیمانانیان تەوابوو. لەو نێوەدا نەقشی ئەرتەشی سووری سۆڤیەت ئێچگار زۆر کاریگەر بوو و دەوری دیکتاتۆڕی سۆڤیەت، واتا "ئیستالین" یش کەم نەبوو. هەرچەند کردەوەی جەنایتکارانەی ئیستالین لە ئیعدامی هاوڕێکانی خۆی - بە تۆمەتی دروستکراو لە پێش شەڕەکەو و لە کاتی شەڕدا- کە هەمووی ئەوانە لە رێبەرانی ناودار و گاریگەریی شۆڕشی ئوکتۆبر بوون، گەورەترین زیانی بە سۆڤیەت گەیاند کە قەت قەرەبوو نەکرایەوە. لە ڕاستیدا ئەوانە تەوەری ئەم نووسراوە نین و، لێرەدا باسێ لایەنێک دەکەین کە پێوەندیی بە باسەکەمانەوە هەیە.

لە وڵاتانی "ئوروپای رۆژهەڵات" کە زۆرتریان بەشیوەی دیکتاتۆریی ئیدارە دەکران و سەر بە ئەڵمانی نازی بوون، لە کاتی شەڕدا بزووتنەوەی بەهێزی پارتیزانی سەری هەڵدا و زەبری باشیان لە ئەرتەشی داگیرکەری ئەڵمان وەشاند و پێ بە پێی پێشرەوییەکانی ئەرتەشی سوور، ئەوانێش کە زۆرتریان سەر بە حیزبە کومونیستەکان بوون، دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت. هەرچەند بریتانیا وبە تایبەت ئەمریکا کە تازە دەستی بە چەکی ئەتۆمیش گەیشتبوو و دووشاری بێتاوانی "هێروشیما" و "ناکازاکی"ی لە ژاپۆن بە خەڵکەکەیەوە نابووت کردبوو، کەوتنە هەڕەشە و گورەشە لە سۆڤیەت. بەڵام "ئیستالین" لە بەرانبەر هەڕەشەکانی ئەمریکا و بریتانیادا بە باشی راوەستا و پاشەکشەی نەکرد و تەنیا لە یۆنان یارمەتیی پێویستی پارتیزانەکانی نەدا، بۆیە لەبەرئەوەی ملکەچی موسکۆ نەبوون، پاشەکشەی کرد. حکوومەتی کۆنەپەرستی یۆنانیش لەو هەلە کەڵکی وەرگرت و بە یارمەتیی ئەرتەشی ئیمپریالیزمی بریتانیا دوای سێ سال پارتیزانەکانی سەرکوت کرد. کەچی هەر ئەو ئیستالینە بۆ بەدشانسیی کورد، بە هەڕەشەی ئەمریکا و بریتانیا و بە بەڵینیی درۆی "قوام السلطنه" سەرەک وەزیرانی ئەوکاتی ئێران، بە دانی ئیمتیازی نەوتی باکووری ئێران، لە هەڵوێستی لاوازەوە لەگەڵیان رووبەروو بوو و پشتی

کورد و ئازەربایجانیی بەردا و رژیمی شا بە پشتیوانی ئەمریکا و ئینگلیز کوردستان وبە تایبەت ئازربایجانی خەڵتانی خوێن کرد، کە رووخانی یەکەم کوردستانی بەداوە بوو.

لە کانتۆنی "عەفرین" ی رۆژئاوای کوردستان چەندین ساڵ بنکەی سەربازی رووسی لێ بوو، لەوماوەدا خوێن لە لووتی سەربازێکی رووس نەرژا و بە ئارامی لەوێ حەوابوونەوە، تەنانەت لە عەفرینەوە فیشەکێک بەرەو سنوورەکانی تورکیەش نەتەقاندرابوو. ئەمریکای بە رەواڵەت هاوپیمانی "هەسەدە" (هێزی سووریەی دێموکراتیک) بۆ تەحریکی تورکیە کە خۆی لە بیانووی هێرشێکدا بوو بۆ سەرعەفرین، رایگەیاند کە ئەرتەشێکی سی(٣٠) هەزارکەسیی پارێزگاریی باکوور و رۆژهەڵاتی سوریە پێک دێنێ کە پتر لە هێزەکانی "یەپەگە" و"پەپەژە" دەبن.

"ئوروغان"ی فاشیستی پان - تورکیستی پان - ئیسلامیست هەڕەشەی داگیرکردنی عەفرینی کرد،"پوتین"ی دیکتاتۆر بۆ ئەوەی بە حیسابی خۆی تورکیە لە ئەمریکا دوور خاتەوە، دوای حەفتا ساڵ پێی نایە جێ پێی "ئیستالین" و لە پشتەوە خەنجەری لە بزووتنەوە کورد دا. دیارە بە چرای سەوزی ئەمریکای بێ پەیمان. تورکیە بە هەموو هێزی هەوایی و زەمینی و بەکرێگیراوی سووری و فرۆکەی ئەمریکایی و تانگی ئەڵمانی و چەک و چۆڵی وڵاتانی دیکەی "پەیمانی ناتۆ" هەڵی کوتایە سەر عەفرین و زەرەر و زیانی گیانی و ماڵی زۆری بەوە خەلکە ئاشتی خوازە کە پێک هاتوون لە کوردی عەلەوی و کوردی ئێزەدی، عەرەب، ئەرمەنی، تورکمەن، سریانی و خەڵکی ئاوارەی شەری داعەش کە ساڵەهایە بە ئاشتی و ئارامی پێکەوە دەژین، گەیاندو سەدان پیرو پەککەوتە و منداڵی شەلالی خوێن کرد.

تا نووسینی ئەم دێرانە (٣ی فووریە - ١٤ی رێبەندان) زیاتر لە دوو حەفتەیە شەڕێکی سەخت و نابەرامبەر لە نێوان گەلێکی پچووک، بەلام خۆراگر کە تەنیا بیرورای گەلەگەی وبیرورای هێندیک لە گەلانی جیهانی لە پشتە و دەوڵەتێکی گەورە کە خاوەنی چوارەمین هێزی نیزامییە لە پەیمانی ناتۆدا بەردەوامە. پشتیوانانی دەوڵەتی تورک لە شەڕەدا بریتین لە ئەندامانی پەیمانی ناتۆ لەبەرهاوپەیمانیبوون، دەوڵەتانی تورک لەبەر دەمارگیریی تورکبوون، بەشێکی زۆر لە دەوڵەتانی ئیسلامی لە بەر دەمارگیریی موسڵمانبوون. باقی وڵاتانی جیهانیش لە بەر بەرژەوەندی مادی چاوی خۆیان بەستوە وگوی خۆیان ئاخنیوە بۆ ئەوەی بڵێن ئاگامان لە کێشەکە نیە.

نەفرەت لە بەرژەوەندیی مادیی دنیای سەرمایەداری، نەفرەت لە ئیدیعای درۆیینەی مافی مرۆڤ، نەفرەت لە فاشیسم، کۆنەپەرستی و چەوسانەوە. هەرچەند شەڕەکە نابەرامبەرە، بەڵام من بە سەرکەوتنی کچان و کوڕانی یەپەژە و یەپەگە و خەڵکی عەفرین دڵخۆشم، هیوادارم دلخۆشییەکەم لە جێی خۆیدا بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ٩ی فێبریوێری ٢٠١٨

## سەدەی بیستەم، سەدەی ڕووداوە دەگمەنەکان

مرۆڤ لە سەدەی بیستەمدا هەم گەورەترین دەسکەوتی لەبواری پێشکەوتندا مسۆگەرکرد، و هەم بە هۆی چاوچنۆکی زۆرترین زەرەر و زیانی گیانی و ماڵیی لە خۆ گرتووە. پێشکەوتنی مرۆڤ لە بواری کامپیوتر و ئینترنیت هەموو جیهانی پێکەوە بەستۆتەوە، بە هۆی سەنعەتی مووشەک سازی، کەش و فەزای زیاتر ناسیوە و دەتوانێ پێشبینی هێندێک کارەساتی سروشتی بکات و لەسەر کورەی مانگ دابەزیوە، سەرچاوەی زۆربەی نەخۆشییەکانی پەیدا کردووە و دەرمانی بۆ دۆزیونەتەوە. زۆربەی زانایان و فەیلەسووفان و کۆمەڵناسان و ڕەواننناسان و ئابووریزانانی شارەزا، نووسەران و شاعیران وهونەرمەندانی بەناوبەنگ شوێنەوارەکانی خۆیان بۆ خزمەتی مرۆڤ تەرخان کردووە. بە کورتی مرۆڤ لەم سەدەدا بە قەدەر هەموو تەمەنی خۆی پێشکەوتنی بەدەست هێناوە.

لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانە کە جێی شانازیین، لە سەدەی بیستەم دا چاوچنۆکیی ئیمپریالیزم و دیکتاتۆران و کۆنەپەرستان ئاگری دووشەڕی گەورەی یەکەم و دووەمی جیهانی و چەندین شەڕی ناوچەیی وەکوو شەڕی چین - ژاپۆن، هیند - پاکستان، کورە، ویتنام، شەڕەکانی ئیسرائیل - عەرەبەکان لەسەر مەسەلەی فەلەستین، ئەلجەزیرە، کونگۆ، ئەفغانستان، شەڕی ئێران - عێراق و شەڕی هاوپەیمانان - عیراقیان و... هەڵگیرساندووە کە نزیکەی هەشتا میلیون کەس گیانیان لەدەست داوە، کە خەساریکی گەورە بووە بۆ مروڤایەتی. بێجگە لەوانە لەم سەدەدا مرۆڤ شاهیدی چەندین کۆمەڵکوژی(ژینوساید) بووە کە جێی شەرمەزارییە بۆ مرۆڤایەتی، وەکوو کۆمەڵکوژیی ئەرمەنیەکان بە دەستی ئیمپراتۆریی عوسمانی، کۆمەڵکوژیی چینیەکان لە لایەن ئەرتەشی داگیرکەری ژاپۆنەوە، کۆمەڵکوژیی جووەکان و دژبەرانی فاشیزم لە لایەن نازیەکانی ئەڵمانەوە، کۆمەڵکوژیی کومونیستەکان و چینی یەکان لە ئەندونزی بە دەستی ئەرتەش و خەڵکی موسوڵمانی دەمارگرژی ئەو وڵاتە بە ڕیبەری سوهارتۆ، کۆمەڵکوژیی ڕواندا، کۆمەڵکوژیی خەڵکی کامبووج بە دەستی خێمێرە سوورەکان بە ڕێبەریی "پۆلپوت"، کۆمەڵکوژیی بوسنی هەرزەگوویین و سەرنجام کۆمەڵکوژیی فەیلیەکان و بارزانیەکان و شێمایی بارانی هەڵەبجە و ئەنفال لە کوردستانی باشوور، لەلایەن حیزبی بەعسەوە بە ڕیبەریی سەدام حوسەین.

لەم سەدەدا بە هۆی تیکۆشانی میللەتانی ژێرچەپۆکە و لاوازبوونی ئیستیعمار(کۆلونی) و هۆی دیکە، پتر لەسەد وەڵات سەربەخۆییان بەدەست هێناوە و ژمارەی وڵاتانی سەربەخۆی جیهان لە سەدوهەشتا وڵات تێپەڕیوە. لە ڕاستیدا بەشێکی زۆری دەسەڵاتی ئەو وڵاتانە نوێنەری ڕاستەقینەی گەلانی خۆیان نین و بە کەڵەگایی و زۆرەملی لەسەر کورسیەکانی دەسەڵات دانیشتوون. بەشێک لەو وڵاتانە بە شیوەی دیموکڕاتیکی لیبرال بەڕیوە دەچن کە مافە سیاسیەکانی خەڵکانیان پاریزراوە،



سەرچاوە
Serchawe

لەگەڵ ئەوەش هەر لەم وڵاتانەدا جیاوازیی چینایاتی بەرادەیەکە کە سەدان میلیاردری تێدا هەڵکەوتووە کە لە نازو نیعمەت دا دەژین، لە حاڵێکدا بە میلیونها کەس تەنیا ژووریکیان نییە تێدا بەسەر بەرن و لە تونێلی پێادەڕۆکان و خیابانەکان دا دەژین  و بە کولە مەرگی و کوێرەوەی ژیان دەبەنە سەر.

چەند وڵاتێکیش هەن وەکوو چین و کورەی باکووری کە ئیدیعای کۆمۆنیستی دەکەن لە حاڵێکدا فریان بەسەر کۆمۆنیزم و تەنانەت دادپەروەرییەوە نیە و بە شیوەی دیکتاتوریی حیزبی و ئابووری دەوڵەتی بەریوە دەچن. دەیان وڵاتیش لە ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین دا هەن کە بە شیوەی دیکتاتۆری ئیدارە دەکرێن و خەلکەکەیان لە هەموو مافێکی سیاسی بێ بەشن.

چەند ولاتێکی ئیسلامیش هەن کە دین و دەسەلات تیکەڵن (تیئۆکراتیک) و بە پیی یاساکانی شەریعەت بەریوە دەبرێن وەکوو عەرەبستانی سعوودی و سوودان و... کە خەڵکەکەیان لە مافەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیش بی بەشن. چەندین نەتەوەش هەن کە خاوەنی دەولەت نین وەکوو نەتەوەکانی کورد، کاتالان لە ئیسپانیا، ئیسکاتلەند لەبریتانیا، باسک لەئیسپانیا و فەڕانسە، دارفۆر لە سودان، سەحرای رۆژئاوا لە مەڕاکیش (مەغریب)، تامیل لە سریلانکا و... ئەمانەش بە پێی یاسای بنەڕەتیی وڵاتی داگیرکەر هێندێکیان بەشێک لە مافەسیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیان پارێزراوە و بەشێکیان وەکوو کورد لە ئێران و تورکیە هیچ مافێکیان نیە.

یەکێک لەو رووداوە دەگمەنانەی سەدەی بیستەم، هاتنە سەرکاری رژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیرانە. ئەمیش دەسەڵاتێکی تیئۆکراتیکە، بەڵام لە هەموان جیاوازترە. راستە کە وەکوو هەموو حکوومەتێکی دیموکڕاتیک، سێ دەسەڵاتی "جێبەجێکردن"، "یاسادانان" و "داد"ی هەیە و بە چوار ساڵ جارێک بۆ سەرەک کۆمار و نوێنەران هەڵبژاردن دەکرێ، بەڵام ئەگەر بە کورتی سەیرێکی یاسای بنەڕەتی(دەستوور)ی کۆماری ئیسلامی بکەین، دەبینین کە بە پێی بیرۆکەی "ویلایەتی فەقی" ،هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی وەلی فەقیە دا کە ئێستا خامنەییە کۆ بۆتەوە و، لەمبارەوە لە هیچ وڵاتێکی جیهان ناچێ.

پلە و ئاستی رێبەر لە چوار چێوەی حکوومەت دا لە سەرووی سێ هێزی یاسادانان(مقننه) جێبەجێکردن(مجریه) داد (قضائیه) دایە. ئەسڵی چوارەم یاسای بنەڕێتیی ئێران دەڵێ: هەموو قانوونەکان و بڕیارەکانی مەدەنی، سزادان، ماڵی، ئابووری، بەڕیوەبردن، کولتوری، نیزامی، سیاسی و هیتر دەبێ لەسەر بناخەی پێوانەکانی ئیسلام بێ. ئەم ئەسڵە هەموو خاڵەکانی یاسای بنەڕەتی و یاسا و بڕیارەکانی تر دەگرێتەوە و بە سەریان دا حاکمە. دیاری کردنی ئەم فەرمانە لە ئەستۆی فەقیەکانی "شورای نیگهبان"ـە کە ریبەر دیارییان دەکا. و هەروەها خاڵی ٥٧ی ئەو یاسایە دەڵێ: هیزەکانی

دەسەڵاتدار لە کۆماری ئیسلامی دا بریتین لە سێ دەسەڵات کە لە ژێر چاوەدێریی "ولایت مطلقه" و "ئیمامەت" بە پێی خاڵەکانی داهاتوو ئەو قانوونە جێ بە جێ دەکرێ. هیزی یاسادانان تەنیا بەستراوە بە پەسەند کردنی ئەو قانوونانەی کە لەگەڵ ڕێساکانی ئیسلام بێتەوە و ناسینی ئەوەش لە ئەستۆی فەقێکانی "شورای نیگهبا ن" ـە کە ڕێبەرخۆی داینـاون. جگە لەو دەسەڵاتانە، شورای نیگهبان دەبێ هەموو ئەو قانوونانەی کەلە "مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی" پەسەند دەکرێ، پێیاندا بچێتەوە. هەر قانوونیک کە بە بۆچوونی ئەوان بە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام بێ لایبەرێ و لە کاتی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ مەجلیسی شوڕای ئیسلامی دا تەواوی بەربژارەکان دەبێ لە لایەن شوڕای نیگهبانەوە پەسەند بکرێن، ئەگینا ناتوانن لە هەڵبژاردندا بەشدار بن. بە پێی خاڵەکانی ۳ و ۷۲ و ۹٦ و ۱۱۰بەشێکی زۆری دەسەڵاتی هیزی جێبەجێکردن لە ئەرک و دەسەڵاتەکانی ریبەرە. بە پێی خاڵەکانی ۱۱۰ و ۱۱۲ بەرپرسی "هێزی داد" ڕێبەر دیاری دەکا. بە پێی خاڵەکانی ٦١ و ۱۱۰ و ۱٥٦ و ۱٥۷ و ۱٦۲ و ۱٦۳ بناخەی چوارەمی دیموکراسی واتە ئامرازی پێوەندی(میدیا) لە ئیختیاری ڕێبەردایە. بە پێی خاڵی ۲٦۰ سەرۆکی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی "ریبەر" دیاری دەکا. هەروەها ڕێبەر، سەرۆک و ئەندامانی (مجمع تشخیص مصلحتی نیزام ) دیاری دەکا و لە هەموو گرنگتر وەلی فەقیە فەرمەندەری هەموو هێزەکانی نیزامی و ئینتیزامییە، کە بریتیین لە ئەرتەش و سوپای پاسداران و بەسیج و پۆلیس و ژاندارمری...

بەو پێوەرانەی کە لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا هەن، هەموو سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیر و گەورە بەرپسانی لەشکەریی و ئیداریی کە لەو ۳۸ساڵەدا لە ئێران دا هاتوونەتە سەر کار، تەنیا بەڕیوەبەری فەرمانەکانی خومەینی و خامنەیی بوون.

-----

خەلکی وەزاڵە هاتوو لە ۷ی بەفرانباری ئەمساڵدا لە دەستی زەبرو زەنگی دیکتاتۆریی ۳۸ ساڵە و بێکاری و هەژاری رژانە سەر شەقامەکانی زۆر لە شارەکانی ئێران و ماوەی چەند ڕۆژ بە دروشمی ئازادی و مردن بۆ دیکتاتۆڕ،سەرانی رژیمیان تووشی دڵەڕاوکێ کرد، بەڵام وەکوو هەموو جارەکانی دیکە بە زەبری هێزی سوپای پاسداران و پۆلیس بە شێوەی کاتی بێدەنگ کران. سەیر ئەوەیە سەرانی رژیم ناتوانن قبووڵی کەن کە هۆی ئەم خۆپیشاندانانە وەک ئیدیعا دەکەن "دەستێوەردانی بیانی" نیە، بەڵکوو هۆیەکەی دیکتاتۆریی بێ ڕەزای ئەوانە کە تەنیا لە ساڵی ۱۳٦۷ی هەتاوی ۱۹۸۸ی زایینی چەندین هەزارکەسیان لە ڕۆلەکانی گەل لە چاڵە رەشەکان دا کە بە زیندان ناو دەبرێن، بە بێ مەحکەمە قەتلووعام کرد. جیاوازی دانان لە نیوان نەتەوەکانی ئەو وڵاتە و شەڕفرۆشتن بە گەلانی کورد و عەرەب و تورکمەن و بەلووچ و کوشتنی هەزارن رۆڵەی ئەو گەلانە و جیاوازی دانان لە نێوان خەڵکانی موسڵمانی شێعە لەگەڵ موسڵمانی نا شێعە و پەیڕەوانی دینەکانی تر، بەتایبەت "بەهایی" یەکان، جیاوازی دانان لە نێوان ژن و پیاو دا و خراپ ئیدارەکردنی ئابووریی وڵات کە تویژێکی لە سەرانی رژیم و سوپا و ئەرتەش و ئاخوندەکانی کردۆتە خاوەنی بەشێکی زۆری سەروەت و سامانی وڵات، لە حاڵێکدا زۆربەی کریکاران و جوتیاران و کاسبکارانی وردەفرۆش و مامۆستایان و مووچەخۆرانی ئیدارات و

تـوێژە چەوسـاوەکانی خـوارووی کـۆمەڵ، لە کەمتـرین سـەروەت و سـامانی وڵات بـێ بەشـن. پەرەسـەندنی هەرچـی زیـاتری نەخۆشیە کۆمەڵایەتیەکـانی وەکـوو دزی و بەرتیـل خـواردن و گەنـدەڵی و تووشبوون بە مـادە بێهۆشکەرەکان و لەشفرۆشـی.. ئەمانەن هۆیەکانی ئاخێزەکانی خەڵ:ک دژی دەسەڵات بون، نەک دەستتێوەردانی دەرەکی!!

**تێبینی**:

١- کەسانێک لە ئوپۆزسیۆن دڵیـان بە بەنـاو "ئیسڵاح خـوازان" خۆش کردبـوو و کیسـەیان بـۆ هەڵـدرووبوون، بەڵام ئیسڵاح خوازان کاتێک گۆییان لە خۆپیشاندەران بووکە دژی گشت قەوارەی نیزام دروشمیان دەدا، رووی راستەقینەی خۆیـان پیشـاندا و دژی خۆپیشاندەران هەڵوێستیان گرت.

٢- یەکێ لەولایەنانەی کە رژیم بە دەستتێوەردانی خۆپیشاندانەکان تۆمەتبار دەکا حکوومەتی هەرێمی کوردسـتانە ،کەس لە بیری نەچۆتەوە، هەر دووسێ مانگ لەوە پێش بووکە ئێوە (حکوومەتی ئێران) بە هاوکاریی تورکیە و چرای سەوزی ئەمریکـا و بریتانیـا و نـاکۆکیی مـاڵوێرانکەری نێوخۆیی هەرێم، چـوونە یـارمەتیی عێـراق و نیـوەی خـاکی باشووری کوردسـتان تـان رادەستی عەبادی و حەشدی شەعبی کرد و زەبرێکـی واتـان لە سەرانی هەرێم دا کە بەو زووانە لە تـاسان نـایەنەدەر. یـان دەتانەوێ بەم بیانۆوە زەبرێکی تریان لێبـدەن و نیوەکەی دیکەی خاکی کوردستان تەسلیمی عیـراق بکەن؟ بەهەرحـاڵ ئەم "رژیـمە دەگـمەن"ـە ئەگەر بەزەبـری زینـدان وئەشـکەنجە و ئیعـدام مـاوەیەکی دیـکەش خـۆی راگـرێ، وەک حـوکمی مێـژوو، سەرەنجامی هەر مل ڕاکێشانە بۆ ویستی گەڵ.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٩ی جانیۆیری ٢٠١٨**



سەرچاوە
Serchawe

# کوردستانی باشوور و هاوپەیمانی

کوردستانی باشوور بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی تووشی شکستی سیاسی و تا رادەیەک نیزامی بوو. دیارە زۆر لە گەلان لە مێژووی خۆیاندا بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و دیموکڕاسی سەرکەوتن و تێشکانیان بینیوە، بەڵام سەرنجام سەرکەوتوون و بە ئاواتی خۆیان گەیشتوون، بێگومان گەلی کوردیش لەو ڕێسایە بەدەر نیە و ئەو شکستە کاتییە.

کوردستانی باشوور لە ماوەی ئەو سەد ساڵە دا کە بە هۆی پەیمانی "سایس - پیکۆ" لە ساڵی ١٩١٦ی زایینیدا و خەیانەتی ئیستیعماری (کولونیالیزم) بریتانیای گەورە و فەڕانسە، بە تایبەت بریتانیا، کەوتۆتە ژێر چنگوڕکی لە پێشدا شوێنیزمی سونەی عەڕەب و لەم دوایەدا شۆێنیزمی شێعەی عەڕەبەوە، ئەمە چەندمین جارە کە تووشی شکست دەبێ.

### چەند هۆ(فاکتەر) ئەو شکستە نویەی پێک هێنا:

یەکەم لە تەواوی ماوەی دەسەڵاتداریی حیزبە کوردستانیەکاندا، سەرانی حکوومەتی هەرێم ئەوەندەی لە فیکری ژیانی خۆیان و دەوروبەریان دا بوون ئەوەندە لە فیکری ژیانی خەڵکدا نەبوون، کشتوکاڵی کوردستان کە لە سەردەمی بەعسدا پەکی کەوتبوو و سەدام زۆربەی گوندەکانی وێران کردبوو. بەڵام دوای بەعس زیاتر پەکی کەوت و گرنگی پێنەدرا، لە حاڵێکدا زەوی کوردستانی باشوور باشترین زەوی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستە بۆ کشتوکاڵ. ئەوەندەی لە ئیمکانی هەرێمدا بوو گوێ نەدرا بە سەنعەتی کردنی بەشێک لە ئابووری وڵات. داعەشی دڕندە لە ماوەی حکوومەتی خۆیدا لەو ناوچانەی داگیری کردبوو، کارخانەی چەک و فیشەک سازی پێک هێنابوو و فرۆکەی سیخوڕیی دروست دەکرد، بەڵام پێشمەرگە لە بەرەی کەرکووک دەیگووت گولەم پێ نەبووە شەڕی پێبکەم. هەموو هەوڵیان تەرخان کرد بۆ تیجارەت و بازرگانی، کە لە سایەی ئەوەوە چەندان میلۆنێری مشەخۆر لە کوردستان پەیدا بوون و خەڵکە هەژارەکە هەژارتر بوون و جیاوازیی چینایەتی لە جاران قووڵتر و زیاتر بوو.

لەباری بازرگانیدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران و تورکیە لە بازرگانانی کوردستانی باشوور قازانجی زیاتریان دەست دەکەوت. ژنکوشتن پڕستیژی هەرێمی دابەزاند، هۆیەکەشی باوکسالاری و لە نێونەچوونی سیستمی عەشیرەتگەری بوو، لە رێبەریی حیزبەکاندا ژن کەمتر بەرچاو دەکەوتن. بەشی دادوەری کە دەبێ لە دەسەڵاتێکی دیموکڕاتیکدا سەربەخۆ بێ زۆرکز بوو، هۆی ئەو کزییەش دەستتێوەردانی بەشی جێبەجێکردن و بەرپرسانی حیزبەکان بوون و هەروەها پێکهێنانانی "دەزگای

مەسڵەحەتی عەشایری!".

سێ سەد تا چوارسەد کوردی خەباتگێڕی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە هەرێم، بە تایبەت لە ناوچەی سەوز، لە لایەن مرۆڤکوژە خۆفرۆشەکانی کۆماری ئیسلامی کە بریتی بوون لە کوردی ڕۆژهەڵات و بەتایبەت کوردی باشوور تێرۆر کران. لە ئەنجامدا تەنانەت بکوژێک نەگیرا و بەسەزا نەگەیشت کە دیارە سوچەکە لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێم بوو، کە ڕێگەی سنووری بۆ تیرۆریستان ئاواڵە کردبوو.

سەرە ڕای ئەمانەش ململانێی ناحەز لە نێوان حیزبەکاندا تەنانەت شەڕی براکوژیشی لێکەوتەوە. لە بەر خۆمانە خۆمانە نەیانتوانی دڵی عەرەبەکان و تورکەمەنەکان و مەسیحییەکانی دانیشتووی کوردستان بەدەست بێنن و لانیکەم چەندین پۆستی ئیداریان بدەنێ و بیرو ڕای ئەوان بۆ لای سەربەخۆیی کوردستان را کێشن، بە داخەوە لە ریفرانڎومدا بەشێکی زۆریان دەنگی نەخێریان دا.

لە کاتی ریفراندومدا لە کۆبوونەوەی بنکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە لەندەن لە حاڵێکدا کە ئەمریکا داوای دەکرد ریفراندوم نەکرێ، یەک دوو هاوڕێی شارەزا لە سیاسەت و ئابووریدا پیان وابوو کاک مەسعوود بارزانی بە نهێنی بۆچوونی ئەرینیی (موسبەت) ئەمریکای بە دەست هیناوە؛ بۆیە ئەو ریسکە دەکا. بێجگە لە خەیانەتی نێوخۆیی کە ئاکامی ئەو خراپ بەڕێوەبردنەی ئەو چەند ساڵە و ئەو ململانێ ناپەسەندە بوو، کەسانی نابەرپرس بە بێ ئاگاداری ریبەرایەتیی یەکێتی و بە دەڵالی کردنی قاسم سلێمانی بە نهینی لە گەڵ ڕژیمی عێراق سازابوون و ئەوە بووە هۆی پاشەکشەی پێشمەرگە لە کەرکووک و ئەو زەرەر و زیانە گیانی و ماڵیە کە لێی کەوتەوە، و ئاوارەبوونی نزیکەی دووسەد هەزار کەس خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکان.

هۆیەکی دیکە ئەوە بوو کە ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان لە نێوان دا دابەش بووە، واتە عێراق و ئێران و تورکیە لە گەڵ هەموو ناکۆکیەک کە لە نێوانیاندا بوو، بە دژی کوردستان پاڵیان پێکەوە دا و گەلە کۆمەکێ یان لە کورد کرد. تەنانەت عەرەبستانی سعودی کە دەیزانی عێراق کەوتۆتە ژێر هیژموونیی کۆماری ئیسلامیی ئیرانەوە و لە گەڵ ئەو دوژمنایەتییەی لە گەڵ ئێران هەیەتی، بە بیانووی پاراستنی خاکی "عروبە" پشتی عێراقی گرت. سوریەش کە خۆی لەوپەڕی شەق و شڕیدایە، لە سەر عێراق هاتە جواب.

لە ڕاستیدا لەو وڵاتە دیکتاتۆڕ و کۆنەپەرستانەی کە ناو بران هەر ئەوە چاوەروان دەکرا، بەڵام با بزانین هەڵوێستی وڵاتانی بە ناو دیموکڕات و بە رواڵەت دۆستی کورد بەرامبەر بەو کێشە چۆن بوو؟ فەڕانسە کە لە پەیمانی "سایکس -

پیکۆ" و دوایی لە پەیمانی "لۆزان" لە ١٩٢٣ی زاینی دا خەیانەتی بە کورد کرد، ئەمجارە سیاسەتێکی مامناوەندیی گرتە پێش و لە گەڵ ئەوەی پشتیوانی لە عێراقێکی یەکگرتوو دەکرد، داوایکرد کە بە شەڕکێشەکان چارە سەر نەکرێن و هەر دوولا وتووێژ بکەن.

بریتانیای گەورە چەند جار خەیانەتی بە کورد کردووە. لە پەیمانی "سایکس - پیکۆ" و "لۆزان" ەوە بگرە تا ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی(١٩٤٧ی زاینی) کە هاوکار لە گەڵ ئەمریکا یارمەتیی بێدریغیان پێشکەشی حەمەڕەزا شا کرد کە دووکۆماری کوردستان و ئازربایجان بروخێنێ. دیارە لاوازیی سیاسەتی دیکتاتۆری سۆڤیەت واتە "ئیستالین" یش لەو روخاندنەدا کاریگەری هەبوو. بریتانیا لە ١٣٣٢ی هەتاوی(١٩٥٣ی زاینی)هاوکار لە گەڵ ئەمریکا حکوومەتی نیشتمانیی دکتوور "موسەدیق" یان رووخاند. راستە کە ئەو کێشە راستەوخۆ پێوەندی بە کوردەوە نەبوو، بەڵام کوردیش وەکوو هەموو گەلان و چین و توێژەکانی ئازدیخوازی ناو ئێران زەرەرمەند بوو. حیزبی دیموکراتی کوردستان کە تێکۆشانی نیوە ئاشکرای هەبوو، بە تەواوەتی قەدەغەن کرا و زۆر لە تێکۆشەرانی کورد زیندانی و ئاوارەی هەندەران بوون.

ئەمجارەش دوای هێرشی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بە پشتیوانیی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ سەر کوردستان، لە کۆبوونەوەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا لە سەرپێشنیاری وێستانی شەڕ، کاتێ باسی پاراستنی مافی کەمایەتیەکانی عێراق کرا و بریار وابوو کە ناوی کورد بە تایبەت ببرێ، تەنیا بریتانیا لەسەر ناوبردنی کورد دەنگی نەرێنیی(نیگەتیڤ) دا.

بەلام با بزانیین نەخشی ئەمریکا کە کوردی باشوور پشتی پێ بەستبوو چۆن بوو؟ ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە تەواوی ئەو ماوەی هاتۆتە دنیای سیاسەتی جیهانییەوە، نەک تەنیا پشتی گەلانی نەگرتووە، بەڵکوو لە هەرجێیەک دەنگی ئازدیخوازی بەرز بوویێتەوە، (ئەمریکا) ئەگەر بۆی کرابێ خنکاندویەتی. لە سەر کێشەی کورد لە رووخانی کۆماری کوردستان و حکوومەتی نیشتمانیی "موسەدیق" دا باسکرا. لە ١٩٧٤ی زاینیدا بە رواڵەت هاوکار لەگەڵ شای ئێران و ئیسرائیل پشتیوانی بزووتنەوەی کورد (شۆڕشی ئەیلوول) بوون، بەڵام دوای رێککەوتنی شا و سەدام پشتی کوردی بەردا و گیانفیدایی ١٤ساڵەی پێشمەرگەی کوردستانی گورگانخواردووی بەعس کرد. لە ١٣٥٧ی هەتاوی ١٩٧٩ی زاینی کاتێک زانیان شا ئیکسپایر بووە، لە گەڵ چەند حکوومەتی سەرمایەداری لە ترسی ئەوەی نەوەکوو حکوومەتێکی "چەپ و ئازادیخواز" لە ئیران بێتە جێی شا، لە "گوادلۆپ" بڕیاریان دا خومەینی بێننە سەرکار و فیداکاری و خەباتی ٢٥ساڵەی گەلانی بندەستە و چین و توێژە تێکۆشەرەکانی خەڵکی ئێرانیان بە دەستی ئاخوندەکان شەلالی خوێن کرد.
کارنامەی دەست تێوەردانی ئەمریکا لە کاروباری گەلان و ولاتاندا کارنامەیەکی خوێناویە. لە شەڕی کورە (١٩٥٠ - ١٩٥٣) بە قازنجی ریژیمی "سینگمان رەی" لە ١٩٥٠ی زاینی بۆماوەی سێ ساڵ شەڕ پترلە میلوێنێک کورەیی کوژران. لە ١٩٥٤ی زاینی جێ پێی کولونیالیزمی(ئیستیعمار) فەڕانسەی لە ویتنام گرتەوە و شەڕێکی ٢١ ساڵەی بەسەر ئەو گەلەدا داسەپاند کە پتر

لە دوو میلیون ویتنامی کوژران و چەند بەرانبەری شەڕی دووەمی جیهانی بۆمبی بەسەر ئەو خەڵکەدا دارژاند، لەگەڵ ئەوەیش لە ۱۹۷۵ لەبەرامبەر خۆڕاگریی خەڵکی ویتنام دا شکستی خوارد. لە ۱۹٦۰ بە یارمەتیدانی راکردووەکانی کوبایی هێرشی کردە سەر کوبا، بەڵام سەر نەکەوت. لە نیکاراگوا ساڵەها یارمەتیی "کونترا" دڕندەکانی بە دژی "ساندنیستەکان" دا کە پێی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بۆ کڕینی ناڕاستەوخۆی چەکی ئەمریکایی کەوتە ئەو زەلکاوە. لە ۱۹٦۷ بە یارمەتیی ژێنراڵەکانی "بۆلیوی" لە دۆزینەوە و ئیعدامی "چ گوارا"ی شۆڕشگێر نەخشی سەرەکی هەبوو. لە شیلی بە یارمەتیی "پینووشە"ی فاشیست حکوومەتی قانوونیی "سەلوادور ئالندە"ی روخاند و هەزاران کەسی ئازدیخواز گیانیان لە دەست دا. لە گواتمالا حکوومەتی قانوویی "ئاربنز"ی بە کودەتا رووخاند. لە برزیل و ئارژانتین و پیرۆ بە هۆی کودەتای نیزامی حکوومەتە قانوونیەکانی ئەو وڵاتانەی لە نێو برد. لە ۱۹۸۰ی زایینی "ئارنو لوزمیرۆ" ئوسقوفی سالوادری کە دژی سیاسەتەکانی ئەمریکا بوو، تیرۆر کرد. لە ۱۹۸۰ی زایینی کودەتای لە دورگەی "گرانادا" ئەنجام دا و "موریس بیشۆپ" سەرۆکی قانوونی ئەو وڵاتە کوژرا. لە ئەندونزی یارمەتیی "سوهارتۆ"ی فاشیست و ژێنراڵەکانی ئەو وڵاتە و هەروەها حیزبی ئیسلامیی دا کە پتر لە میلوینێک کومونیست و چینی و بنەماڵەیان قەتلووعام کران. لە ئەفغانستان بە هاوکاریی عەرەبستانی سعوودی و پاکستان حکوومەتی تا ڕادەیەک دیموکڕاتی "دوکتور نەجیب الله"ی روخاند و ئەرتەشی سوڤیەتی پێشووی لەو وڵاتە دەرپەڕاند، کە دوو ڕێکخراوی تیروریستی ئەلقاعیدە و تاڵەبانی لێ کەوەتەوە. بە وتەکەی فارسی ئەوانە "مشتێک بوون لە خەروارێک".

جا کاتێک ئەو کارنامە رەشە دەبینین چۆن چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە ئەمریکا بەرژەوندیی خۆی لە بیست وڵاتی عەرەبی و تورکیە دا بکاتە فیدای گەلێکی بێ کیان و بێ پشت وپەنا؟

لەسەرەوە باسی ئەوەمان کردکە ئەمریکا لە مێژووی خۆیدا چەند جار بە قازانجی خۆی زەبری لە بزووتنەوەی کورد داوە، ئەمجارەش بۆ زەبر لێدان لە داعەش کە دروستکراوی دەستی خۆی و هاوپیمانەکانی، واتە تورکیە و عەرەبستانی سعوودی و قەتەر بوو، بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ هیلالی شێعە، کوردی دڵسافی بە رواڵەت کردە هاوپیمانی خۆی، بەڵام ئەمجارەش خەیانەتی بە کورد کرد و هاوکار لە گەڵ عێراق و کۆماری ئیسلامیی ئێران و تورکیە ئاواتەکانی گەلی کوردستانی باشووری فیدای بەرژەوەندی مادی و سیاسی کرد و ئیجازەی دا حەشدی شەعبی بە فەرماندەریی سوپای پاسدارانی ئێران بەتانگ و چەک و سیلاحی پێشکەشیی کارخانەکانی ئەمریکایی، پێشمەرگەی کوردستان شەڵالی خوێن بکەن و نزیکەی دووسەد هەزار کوردی ئەو ناوچانە ئاوارەببن وپتر لە نیوەی سەرزەوی کوردستان بخاتەوە ژێر چەپۆکی رژیمی کۆنەپەرستی عیبادیەوە. ئافرین بۆ وڵاتانی دیموکڕات!

هەموو ئەو مێژووەی کە باسیکرا، ئەوەمان پێ دەسەلمێنی کە کورد بۆ گەیشتن بەمافەکانی پیش هەموو دەبێ پشت بە خۆی و یەکێەتیی ریزەکانی خۆی ببەسێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ۳ی نۆڤەمبەری ۲۰۱۷

## سەرچاوەکانی توندوتیژی

لەو کاتەوەی کە مرۆڤ لە کۆمۆنی سەرەتاییەوە پێی ناوەتە قۆناغی ملکداری، توندو تیژی سەری هەڵداوە، ماوەیەکی دوورودرێژ توندو تیژی باری ئابووری هەبووە و کێشمەکێش بۆ ژیان بووە، دوایی هێندێک کێشەی دیکەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی توند و تیژی.

یەکێک لە سەرچاوەکانی توندو تیژی لە نێو مرۆڤەکاندا جیاوازیی بیرو بۆچوونی ئاینییە. لە نێوان ئاینەکاندا، ئاینی بوودا و مەسیح پتر لایەنگری تۆلێرانس و موداران، هەرچەند بەهۆی چاوچنۆکیی مادی لە نێو پەیرەوانی ئەم ئاینانەشدا شەڕ و کێشە سازدەبێ، بە تایبەت پەیرەوانی مەسیح لە سەرانسەری مێژوودا زۆرجار چ لە نێوان خۆیاندا و چ لەگەڵ پەیڕەوانی ئاینەکانی تر لە سەر قازانجە مادی و دنیاییەکان شەر و کێشەیان ساز کردووە، وەکوو شەڕەکانی سەلیبی کە هەموو ئەمانە بوونەتە سەرچاوەی توندوتیژی بۆ وەچەکانی داهاتوو.

بە پێی بەڵگە مێژووییەکان لە دوو شاخەی سەرەکیی ئاینی ئیسلام، مەزهەبی شێعە تا هاتنە سەرکاری پادشایی "سەفەوی" لە کەمایەتیدا بووە و ئەگەریش جارو بار دەسەڵاتی هەبووبێ وەکوو حکوومەتی "ئالی بوویە" خۆی شەریکە بەشی خەلیفەی عەباسی لە بەغدا بوو، بۆیە کەمتر تووشی توند و تیژی بووە.

شا ئیسماعیلی سەفەوی کاتێک دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، بۆ ئەوەی لەبەرامبەر حکوومەتی سونەی "عوسمانی" دا وەک ڕەقیبێک خۆی دەربخا و (ڕەنگە دەستی دەرەکیشی تێدا بووبێ)، مەزهەبی شێعەی کردە مەزهەبی ڕەسمی ئێران و بۆ ئەم کارەش دەستی دایە سونە کوشتن و تەنیا لەشاری تەورێزی پایتەختەکەی، بیست هەزار سونەی کوشت، هێندێک لە پادشاکانی دیکەی سەفەویش کەم تا زۆر "سیاسەتی شا ئیسماعیل"یان پەیڕەو کرد و ئاخوندەکانی سەردەم وەکوو مەلا محەممەد باقر مەجلیسی و ئەوانی دیکە بە هێنانەوەی حەدیسی دروستکراو و فتوا، ڕشتنی خوێنی خەڵکی سونە و هەموو پەیڕەوانی دینەکانی دیکەی دانیشتووی ئێرانیان وەکوو مەسیحی و جوو و زەردەشتی... بە ڕەوا زانی. ئەوە بێجگە لە کوشتاری خەڵکانی ئەرمەنی و گورجی لە کاتی هێرشکردن بۆ سەر ئەو وڵاتانەدا و یەخسیرکردنی دەیان هەزار ئەرمەنی و گورجی و ڕاگوێزانیان بۆ ئێران کە زۆریان لە ڕێگەدا دەمردن. لە کوردستانیش لە دەورەی سەفەویدا دووجار کۆمەڵکوژی کراوە، یەکیک لە گرتنی قەڵای دمدم دا لە نزیک ورمی و ئەوی دی لە شاروێرانی نزیک مەهاباد دا.

لە دەورەی قاجار دا جگە لەوەی "ئاغا محەممەد خانی قاجار" لە هێرش بۆ سەر گورجستان خەڵکێکی زۆری ئەو گەلەی کوشت، دوو رەهەندی مەزهەبی هاتنە گۆڕێ. بۆیەکەمین جار "مەلا ئەحمەد نەراقی"کە مەلایەکی دەورەی فەتحعەلیشای قاجار بوو، باسی ریوایەتێکی کرد لە زمانی "عومەر بن حەنزەلە" کە گوایە لە "جەعفەری سادق " ئیمامی شەشەمی شیعەکانی بیستووە کە گوتوویەتێ: "حکوومەت کردن بەسەر موسلماناندا تەنیا مافی ئیمامان و دوای ئەوان موجتەهیدەکانە وحاکمانی دیکەی وڵاتانی ئیسلامی ناشەرعین". هەرچەند ئەم وتە هەڵبەستراوە لەو کاتەدا توندوتیژیی لێ نەکەوتەوە و مەلا ئەحمەد وەفادار بوو بە فەتحعەلیشا و تەنانەت لە سەرەتای کتێبێکیدا پێیدا هەڵگوتووە، بەڵام دوایی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دا نەک تەنیا بووە هۆی بنەڕەتیی توندوتیژی، بەڵکوو خومەینی، بە پێی ئەم ریوایەتە حوکمی وڵاتی گرتە دەست و ناوی نا "ولایت فقیه". ئەوی دیکە بابی کوژان بوو لەسەردەمی ناسرەدین شادا کە پتر لە دەهەزار کەس لە پەیڕەوانی "عەلی محەممەدی باب" بە فتوای ئاخوندەکانی سەردەم، قەتڵوعام کران.

لە دەورەی مەشروتەدا بە فتوای "شێخ فزلوڵای نووری" و "سەید عەلی یەزدی" و "ئیمام جومعەی تەورێز" و هێندێ ئاخوندی دیکە مەشرووتە خوازانیان بە کافر دانا و لە تاران و تەورێز گیانی زۆرکەس لە ئازادیخوازان بووە فیدای ئەو فتوایە. دوای رووخانی رەزا شای پەهلەوی کەشێکی تا رادەیەک ئازاد لە ئێراندا پەیدا بوو و حیزب و رێکخراوی زۆرسەریان هەڵدا کە بەشێکیان ئاینی بوون کە لەو نێوانەدا دوو رەوتیان ویستیاری توند و تیژی بوون، کە بریتی بوون لە "حوجەتییە" کە پتر بۆ دژایەتی لەگەڵ "بەهایی"یەکان دامەزرابوو و ئەوی دیکە "فیدائیانی ئیسلام" بوو، کە کۆپییەک بوو لە "ئەخەوان الموسلیمین" ی میسر و تەنیا جیاوازیان لەسەر خەلافەت و ئیمامەت بوو. ئەم ریکخراوە لەسەردەمی نوێدا بۆ یەکەمین جار لە تیرۆر بۆ پێشبردنی بیروبۆچوونەکانی خۆی کەڵکی وەرگرت و لە نووسینەکانی خومەینی بۆ تێرۆری "ئەحمەدی کەسرەوی" (مێژوونووسی بە ناوبانگ) و دەفتەردارەکەی بە کاری هێنا. دوایی "ئایەتوڵا کاشانی" بووە رێبەری مەعنەوی و "نەوابی سەفەوی" بووە رێبەری سیاسی فیدائیانی ئیسلام و چەند سەرۆک وەزیری ئێرانیان تیرۆر کرد و لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی ١٩٦٤ی زاینی بە ئەمری خومەینی ناوی گۆڕا بە "هەیئەتهای موئتەلیفەی ئیسلامی" و "حەسەنعلی مەنسوور" سەرۆک وەزیری ئەو کاتیان تیرۆر کرد.

دوای رووخانی حەمە رەزا شا و هاتنە سەرکاری خومەینی، کۆماری ئیسلامی بووە یەکێک لە دوو سەرچاوەی سەرەکی تیرۆر و توندوتیژی لە هەموو جیهاندا کە ئەگەر بە وردی باسی بکەین بە وتە مەشهوورەکە دەبێتە "مەسنەویی حەفتا من کاغز" و ئەم وتارە لەوە زیاتر هەڵناگرێ.

لە مێژووی دەسەڵاتداریی ولاتانی ئیسلامیدا پتر پەیڕەوانی مەزهەبی سونە حوکمیان بەدەستەوە بووە. ئەگەرباسی کوشتارەکانی سەردارەکانی عەرەب وەکوو "حەجاجی بن یۆسف" و "قوتیبەی بن موسلیم" و "یەزیدی بن مەهلەب" و ئەوانی تر

لە کاتی داگیرکردنی وڵاتانی ئێران و کوردستان، رۆم و قەوقاز، میسرو باکووری ئەفریقا و "ماوەرائونەهر" و بەشێک لە هیندوستان نەکەین کە کوشت و بڕی ئەو گەلانەیان کرد، بەشیکی زۆر لە مێژووی خەلافەتەکانی "ئەمەوی" و "عەباسی" پڕە لە توند و تیژی و سەرکوتی بزووتنەوە گەلیەکانی وەکوو بزووتنەوەی "بابەکی خوڕەم دین"... و هەروەها بزووتنەوە مەزهەبییەکانی وەکوو "زەنگیەکان" و "قەرمەتیەکان"....

سوڵتان مەحموودی غەزنەوی بە ناوی موسلمان کردنی خەڵکی هیندوستان بەڵام لە راستیدا بۆ تاڵانی سەروەت و سامانی ئەو وڵاتە خەڵکێکی زۆری کوشتار کرد. تەیموری لەنگ(شەل)یش بۆ هێندێک لە جینایەتەکانی بە ناوی بەرگری لە دین پاساوی دەهێناوە. ئیمپڕاتوریی عوسمانی لە ماوەی چەندسەد ساڵەی حوکمیدا بەرانبەربە گەلانی ژێردەسەڵاتی بێ ئەندازە توندوتیژی و کوشت و کوشتاری بەکارهێناوە کە بەشێکی بەرانبەر بە کورد بووە و گەورەترین جینایەتی بەرانبەر بە ئەرمنیەکان بووکە پترلە میلیۆنێکی لێ قەتڵوعام کردن.

لەو نێوەدا بۆ ئەوەی بە خۆماندا بچینەوە دەبێ لەبیرمان بێ، گەلی کورد کە لە زۆربەی مێژووی ژیانی خۆیدا ژێرچەپۆکەی حاکمانی فارس و تورک و عەرەب بووە و کەمتر ئیمکانی پێکهێنانی کیانی سەربەخۆی هەبووە، بەڵام لەو ئەمارەتە نیمچە سەربەخۆیانەیدا بە هۆی دواکەوتوویی، جاری وا هەبووە لە کۆمەڵکوژیدا بەشدار بووە."پاشاکۆرەی سۆران" و "میربدرخانی جەزیر و بۆتان" بە هۆی دەمارگرژیی ئاینی و "عەبدوڵا پاشای بابان"، بە فەرمانی پاشای بەغدا کە ئەویش لە ژێرئەمری سولتانی عوسمانیدا بوو، بەداخەوە لە کۆمەڵکوژیەکانی ئیزەدیەکانی هاوزمانی خۆیاندا بەشداریان کردووە. هەروەها "سوارەی حەمیدیە" کە پتر لە عەشیرەتەکانی کورد پێک هاتبوون شان بە شانی سوپای عوسمانی و بە فەرمانی سوڵتانی عوسمانی بەشداری قەتڵوعامی ئەرمەنیەکان بوون.

لە ساڵی ١١٥٠ی کۆچی ١٧٣٧ی زاینی وەهابییەکان بە رێبەریی "محەمەد بن عبدولوەهابی تەمیمی" لە نەجدی عەرەبستان راپەڕین و بیرو بۆچوونە مەزهەبیەکانی خۆیان راگەیاند. ئەوانە لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی "ئەحمەد حەنبەل" و "ئیبنی تەیمیە"دوو زانای کۆنی ئیسلامی دا بوون. جگە لە باری کۆنەپەرستانەی بۆچونەکانیان، یەکەمین توندووتیژییان بەرامبەر بە شیعەکان بەکارهێنا و لە عێراق دا زۆرلە شێعەکانیان کوشت، دواییش ئەو فکر و هزرە لە جیهانی ئیسلامی سونەدا بڵاو بۆوە.

پێش سەرهەڵدانی "ئەخوان الموسلمین" لە میسر، چەندین زانای ئیسلامی بۆچوونەکانیان بووە هۆی سەرهەلدانی توند و تیژی لە چەرخی بیستەم دا. ئەوانەش بریتی بوون لە "محەمەد رەشید رەزا" (لوبنانی)، "عبدوسەلام محەمەد فەرەج"، "سەید قوتب" (میسری)، "سەعید حەوا" (سووری)، "ئەبوولحەسەنی ئەلنەدەوی" (هیندی) و "ئەبوالعەلا الودوودی"

(پاکستانی). بۆچوونی ئەمانە سەلەفی و کۆنە پەرستانە و لایەنگری توندو تیژی دژی ناموسڵمانان بوون و دوایی لەسەر "ئەخوان الموسلمین"، "القاعیدە"، "تاڵەبان"، "داعەش" و باقی تاقمە بن ئاژۆ و تیرۆریستەکانی ئیسلامی کاریگەرییان هەبوو.

"ئەخوان ئەلمسلمین" لە ساڵی ١٩٢٨ی زاینی لە میسر لە لایەن "حەسەن البنا" و "مستەفا السباعی" یەوە دەمەزرا. بیروبۆچوونی ئەوانە سەلەفی و لە ژێر کاریگەریی بیروبۆچونەکانی "محەمەد غەزالی"، "ئەحمەد حەنبەل"، "ئیبنی تەیمیە" و هەروەها "محەمەد رەشید رەزا" دا بوو. لە سەرەتادا وەک حیزبێکی سیاسی میانەڕەو جووڵانەوە و حکوومەتی بریتانیا کە دەسەڵاتی لە میسردا هەبوو، یارمەتیی مادی باشی دان، بەڵام دوایی باری توندوتیژییان گرتە بەر و چەند کەسی سیاسی و فەرهەنگیان تێرۆر کرد. لە ساڵی ١٩٥٤ی زاینی تەقەیان لە "جەمال عەبدول ناسر" سەرەک کۆماری ئەو کاتی میسر کرد کە نەکوژرا و کەوتنە بەر پەلاماری پۆلیسی میسر و لە وڵاتانی ئیسلامی بە تایبەت پاکستان، سوریە، ئەردەن، سودان، یەمەن، ئەلجەزیرە و شێخ نشینەکانی خەلیجی فارسدا بڵاو بوونەوە و ئەو فیکرە کۆنەپەرستانەیان بۆ خەڵکانی ئەو وڵاتانە بە دیاری برد و لە هیندێ جێگە توندو تیژییان خوڵقاند. بۆ نموونە ئەو حکوومەتانەی کە لە سوودان هاتنە سەرکارکە ئاخرینیان "عومەر ئەلبەشیر" ە، لە ژێر کاریگەریی بیروبۆچوونی "ئەخوان ئەلموسلمین" دا، لە "دارفۆر" و باشووری سودان کە ئاینی خەلکی ئەو بەشانە جیا بوو لە ئاینی خەلکی سوودان بە سەدان هەزارکەسیان کوشت.

شەڕی ئەفغانستان سەرچاوەیەکی دیکەی توند و تیژیی لە جیهاندا پێک هێنا. ئەمریکا و پاکستان و عەرەبستانی سعوودی بۆ ئەوەی حکوومەتی تا رادەیەک دیمۆکراتیکی ئەفغانستان بڕووخێنن و یەکیتی سۆڤیەتی ئەو کات لە ئەفغانستان دەرپەڕێنن، یارمەتیی بێدرێخی خۆیان پێشکەشی موجاهیدینی ئەفغانستان کرد، کە دوایی لە نێو دڵی ئەو موجاهیدانەدا "تاڵەبان" و "ئەلقاعیدە" سەریان هەڵدا و جیهانیان تووشی تیرۆر و توند تیژی کرد. هێشتا شوێنەواری نەگبەتیی ئەوان لە ئاڕادا بوو کە بە یارمەتیی عەڕەبستانی سعوودی و قەتەر و تورکیە "داعەش" لەپێشدا لە سوریە و عێراق ودوایی لە لیبی و یەمەن و ئەفغانستان سەری هەڵدا کە لە توندوتیژی و بێرەحمیدا رووی ئەوانی پێش خۆی سپی کردەوە. دیارە "بووکووحەرام" لە نیجریە و "ئەلشباب" لە سومالی کۆپییەی ئەلقاعیدە و داعەشن و ژیانیان لە خەڵکانی ئەو وڵاتانە کردۆتە دۆزەخ.

کوردستانیش لەو "رەحمەتە" بێبەش نەبوو. ئەمریکا و وڵاتانی سەرمایەداریی رۆژئاوا نەک بۆ خاتری ئەوەی ریژیمەکانی سووریە و لیبی دیکتاتۆڕن، بەڵکوو لە بەرئەوەی ئەو شوینانەیان بە ناوچەی نفووزی رووس دەزانی، هێرشیان کردە سەریان. ریژیمی لیبی زوو رووخا، بەڵام رووسیە و ئێران فریای سووریە کەوتن و لە رووخان رزگاریان کرد. سوریە کە قەت حازر نەبوو تەنانەت بە بەشێک لە کوردەکان ناسنامەی سووریشیان بداتێ، بووە مەیدانی رمبازێنی دەستە و تاقمە

توندئاژۆ ئیسلامیەکان کە تورکیە و عەرەبستانی سعوودی و قەتەر بە چرای سەوزی ئەمریکا پشتیوانیان لێ دەکردن. لە لایەکی دیکەوە رژیمی سووریە لە لایەن ئێران و رووسیە و حیزبوڵای لوبنانەوە پشتگیری دەکرا. تەنیا کوردەکان بوون کە تەنیا بە هێزوخۆڕاگریی خۆیانەوە لە بەرامبەرداعەشدا راوەستان و نەک تەنیا لە کوبانێ دەریان پەڕاند، بەڵکوو بە یارمەتیی ئازادیخوازە عەرەب و ئەرمەنی و ئاسووریەکان، لە بەشیکی زۆری باکووری سووریە پاشەکشەیان بە داعەش کرد. ئەو خۆڕاگریی و قارەمانەتیەی کوردەکانی سووریە، ئاخری رۆژئاوا و ئامریکاشی ناچار کرد وەک هێزێکی کاریگەر کە دەوریان لە ناوچەکەدا هەیە، حیسابیان لەسەر بکات. بەشێوەیەک ئێستە کوردەکان فاکتۆرێکی دیار و شوێندانەرن لە شەڕی سووریەدا.

لە تورکیە کە لە ماوەی سەد ساڵ دەسەڵاتداریی ئەو وڵاتە دا کوردەکان لە هەموومافێکی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی بێبەش بوون و تەنانەت نەیاندەوێرا بە ئازادی بە کوردی بدوێن وبزووتنەوە کوردیەکان شەڵاڵی خوین کران ودەیان تێکۆشەری کورد ئیعدام کران. "میتی" تورکیە بەوەشەوە نەوەستا و بۆ ماوەیەک حیزبوڵای بۆ دروست کردن و بە دەیان کەسایەتیی سیاسی و فەرهەنگیی کوردیان تێرۆر کرد.

لە عێراق رژیمی بەعس نزیکەی دووسەد هەزارکوردی ئەنفال کرد و کیمیابارانی قەڵادزە و سەردەشت و گوندەکانی کوردستانی کرد. دوای رووخانی ئەو ریژیمە بە هۆی خراپ بەڕێوەبردنی هەرێم لە لایەن حیزبە دەسەلاتدارەکانەوە و شەڕی نێوخۆیی دەستە وتاقمی ئیسلامی پەیدا بوون. لە پێشدا لە ناوچەی هەورامان و هەڵەبجە بزووتنەوەی ئیسلامی "ئەمارەتی ئیسلامیی کوردستان" ی دامەزراند، دوایی ناکۆکی لە نێونیاندا پەیدا بوو و ئەو ئەمارەتە هەڵوەشا. ئەمجارە "جوندوڵا" و دوای ئەویش "ئەنسارول ئیسلام "دامەزرا کە شاخەیەکی" ئەلقاعیدە" بوو و بۆ ماوەیەک لە هەورامان و هەڵەبجە و بەشێک لە شارەزوور حکوومەتی ئیسلامی بە شێوەی تاڵەبانی ئەفغانستان دامەزراند و دوا ئەوەی لە هێزی پێشمەرگە شکستی خوارد، ئەندامەکانی پەنایان بۆ ئێران برد و کۆماری ئیسلامی ئێران حەواندنیەوە. هێشتا شوێنەواری ئەوان تەواو نەببوو کە داعەش لە سنوورەکانی هەرێم قوت بۆوە و ئەوە سێ ساڵە فیداکاریی هێزی پێشمەرگە و شۆڕشگێرانی دیکەی کوردستان هەرێمیان لەو بەڵایە دوور خستۆتەوە.

لە ئێران جگە لەوەی ئەوە نزیکەی چل ساڵە رژیمێکی کۆنەپەرست و تیروریست پەروەرحوکمی وڵات بەڕێوە دەبا و کوردستان میلیتاریزە کراوە و بە دەیان گوندی کوردستان قەتلوعام کراون و بەسەدان تێکۆشەری کورد تێرۆرو ئیعدام کراون وبە هەزاران خەڵکی بێ دیفاع لە شەری داسەپاو بەسەر کوردستاندا گیانیان لە دەست داوە. ریژیم بۆ بەربەرەکانێ لە گەڵ بزووتنەوەی کوردستان دام و دەزگای وەکوو مەکتەبی قورعانی پێک هێناوە و چاوپۆشی دەکا لە تێکۆشانی "جەماعەتی دەعوەت و ئیسڵاح" کە شاخەیەکی "ئەخوان ئەلمسلیمین"ە لە کوردستان دا و لەم ئاخرانەدا دەرکەوت لە نێو دڵی

ئەوتاقمانەدا داعەشیش سەری هەڵداوە.

**حافز دەڵێ:**

**جنگ هفتاد و دو ملت همەرا عذر بنە**
**چون ندیدند حقیقت رە افسانە زدند.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ٣ی ئاگۆستی ٢٠١٧**



سەرچاوە Serchawe

# یادێک لە شاعیرێکی شۆڕشگێڕ

دوای کودەتای ١٣٣٢ی هەتاوی (١٩٥٢)ی زاینی - ئەمریکایی - ئینگلیزیی، شا - زاهیدی و ئیعدامی دەیان ڕۆڵەی شۆڕشگێڕ و گرتن و ئەشکەنجەدانی سەدان کەسی خەباتگێڕ لە هەمووچین و توێژەکانی کۆمەڵی ئێران، کەشێکی بێهیوایی و نائومێدی باڵیرەشی بەسەرکۆمەڵگای ئێراندا کێشابوو. ئا لەو حاڵە دا تاق و تەرا لە نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان بە زمانی هیما و سەمبول رژیمی کودەتایان وەبەر نەشتەری قەڵەمی بەهەڵوێستی خۆیان دەدا و جاری واش هەبوو مەترسیی گرتن و ئەشکەنجە و تەنانەت ئیعدامیان بۆ خۆیان دەکڕی و بە روون و ئاشکرا هێرشیان دەکردە سەر رژیمی کودەتا.

**یەکێک لەو قەڵەمە نەترس و بەهەڵویستانە. شاعیر و هونەرمەندی شۆڕشگێڕ"سەعیدی سوڵتانپوور" بوو.**

سەعید لە شاری "سبزوار" ی خوراسان لەدایک ببوو، بەڵام تەمەنی بیست ساڵ دەبوو کە چووە تاران و لە گۆڤار و رۆژنامەکان دا دەستی کرد بە نووسینی شێعر. دوای تەواو کردنی فێرگەی بەرزی کاری هونەری، بە تەنیا یان لەگەڵ دەرهێنەرانی دیکە، کاری دەرهێنانی چەندین شانۆی نرخدار و خەڵکیی بە ئەستۆوە گرت، وەکوو" سە خواهر"ی" ئانتوان چخۆڤ "نووسەری رووس بە هاوکاریی "مەهینی ئەسکوویی"، "ایستگاه" لە نووسینی خۆی،"دشمن مردم" ی "هینریک ایبسن" شانۆنامە نووسی نورویژی، "ئاموزگاران"ی "محسن یلفانی" شانۆنامەنووسی ئێرانی، "چهرەهای سیمون ماشار"ی "برتولت برشت" شاعیر و شانۆنامەنووسی ئەڵمانی، "خوردەبورژواها "ی "ماکسیم گورکی" نووسەری رووس و چەندین شانۆی دیکە. من ئەوکات لە تاران دەژیام، شەوی یەکەمی هەردوو شانۆی "دشمن مردم" و "ئاموزگاران" م دی. "دشمن مردم" چەند شەوێک لە سەر سەکۆی شانۆ مایەوە، دوایی وەبەر هێرشی ساواک کەوت، لەبەر ئەوەی سەعید گۆڕانی بە لایەنگریی لە شەڕی چریکی لە شانۆکەدا پێک هێنابوو، بەڵام "ئاموزگاران" تانیاشەوێک لەسەرسەکۆی شانۆمایەوە وشەوی دوایی ساواک هێرشی کرد و سەعید و موحسین یەلفانیی نووسەر و چەندین شانۆگەریان گرت و ماوەیەک زیندانی کران.

سەعید لەساڵی ١٣٥٣ی هەتاویدا (١٩٧٤)ی زاینی لەسەرشێعری "آوازهای دربند" گیراو خرایە ژێر ئەشکەنجەی جەلادەکانی ریژیم و چەندساڵ زیندانی کرا. سەعید لە دە شەوی شێعری ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی (١٩٧٧)ی زاینی لە "انستیتوگوتە" لەتاران کەسەرەتایەک بووبۆرووخانی ریژیمی پاشایەتی، چەندین بەستەشێعری شۆرشگێڕانەی خویندەوەکەهەزاران کەسی بەشداری ئەوکۆڕەی هێنایەجۆش و خرۆش، بەڵام ئەمجارەلەبەرکەش و هەوای ئەوسەردەمەکەریژی مدەیەویست مودارا پێشان بدا، سەعیدنەگیرا.

سەعید لە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا زۆر لە جاران زیاترخەبات و تێکۆشانی هونەری خۆی پەرە پێدا و جگە لە نووسینی شیعری شۆڕشگێرانە، شانۆی "عباس آغا کارگرایران ناسیونال" ی هێنایە خیابان و کۆڵان و جێ کۆبوونەوی خەڵک و ئیستادیۆمی وەرزشی و خۆی و شانۆگەران زۆر جار لە لایەن گۆپال بەدەستانی ریژیمەوە وەبەر هێرش دەدران و لێدانیان دەخوارد و تەنانەت بریندار دەبوون، بەڵام کۆڵیان نەدەداولە جێی تر شانۆکەیان پیشان دەدا. ریژیمی کۆماری ئیسلامی کە دژی هونەر و ئەدەبی پێشکەوتنخوازی بوو، لە دەرفەتێک دەگەڕا کە بۆ هەمیشە سەعید لە کۆڵ خۆی بکاتەوە کە بەداخەوە ئەو هەلەی لەساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١)ی زایینی لەشەوی زەماوەندی دا قۆستەوەو سەعیدی گرت و دوای شەش مانگ ئەشکەنجە و ئازار گوولە بارانیکرد و چەوساوەکانی کۆمەڵی لەهونەری بەرزی ناوبراوبێ بەشکرد.

سەعید ئەوەندەی بزانم تەنیا شاعیرو نووسەری ئێرانی بوو کە شێعرێکی بۆ جوڵانەوەی کومیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەساڵەکانی(١٩٦٧ - ١٩٦٨) ی زایینی ١٣٤٧ - ١٣٤٦ لە گۆڤاری "خوشە "دا بڵاوکردەوە بەناوی "سرود کردستان خونالود" و ئەوەش وەرگێردراوی کوردیکەیەتی. دیارە وەرگێرانی شێعربە زەحمەتە و ئەم وەرگێرانەی منیش کە شاعێرنیم بێگومان بێ کەم و کوڕی نیە، هیوادارم خوێنەران بمبوورن.

### سروودی کوردستانی خوێناوی

نا
گومانێک نیە
کە ئەم بەرزاییە
قامچیی خوێناوی
تێی گەیاندم
کە دەمزانی
خۆڕاگری
لە دڵی بێدەنگیدا
ئازادیە
ئەودەم کە فوارەی هاواریکمان
لە مەیدانی شاردا
دانیشاندوە
ئەگەر نەک لەگەڵ دۆست
دیدارێک
ئەوەتا

ئەستیرەیەک لە پشتی پەنجەرەی سلوول
ئاگری سیگارێک
کە شەوگار
کورت دەکاتەوە
شەو کە وەک سیگارێکی گەورەی بەرگ
تەرتوتونا دەبێ
شەو لە لە نیوان ددانی پارتیزانەکانە
ئاخ...ئاخ
جارێکیتر دەبێ رووبار ببینمەوە
رووبار
کە منی بە چەک و قومقومەوە
دەربازکرد
رووبار
کە خوینی برینەکەمی
شۆردەوە
جاریکیتر دەبی رووبار ببینمەوە
لە رووبارەوە تێپەرم
و لە " بانە " و " قەسری سیرین "
تەققە بکەم
گولەی من چیە؟
گولەی من چیە ئەی برای پۆلایین؟
گولەی من جیە؟
جگە لە ئەستیرەیەک
کە نەعرەتەی تۆڵەیە
و داگیرکەری وەحشی
لە ئاسمانی " بانە "
بە گاشەبەردەکانی " سەقزەوە "
دەتەقینێتەوە
گولەی من چیە؟
ئەستیرەکانی " بۆکان " دەدرەوشێنەوە
و پیاوانی قەبیلە
لەژیر ئەستیرە سوورەکان دا

حەماسەی چیا دەچرن
دەزانم
کە براکانم
لە رووبار
تێپەڕیون
دەزانم
کە شۆڕاوی باران
لە ولاتی لە مێژینەم
دەنگ دەداتەوە
و گوڵە مەخمووورەکان
لە ویرانە کۆنەکان
دەگەشێنەوە
ئەوەتا
براکانم
بەڕێوەن
و لە سەفی ئاگر
تی دەپەڕێن
ئەوەتا
دیوارە بتوونیەکان
تیک دەڕوخێنن
گشت ئاسمان
دەرژێتە سلوولەوە
شەڕەوانی خویناوی
لە رووبار
تیدەپەڕێ
و گۆرانیی دەشتەکی
دەچڕێ.

لەسی و شەشمین گوڵەبارانکردنی ئەو رۆڵە شۆڕشگیرە دا یادی پیرۆز بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٧

## چاپەمەنی لە کۆماری ئیسلامی دا

لە کۆماری ئیسلامی دا بواری چاپی کتێب بەرفراوانە، هەرچەند زۆربەی زۆری کتێبەکان لە بواری ئاینی بەتایبەت مەزهەبی شیعەدان. دیارە زۆربەی ئەوکتێبانەش کە بۆنی ڕۆشنبیریان لێ بێ، وەبەر تیغی سانسۆر دەکەون. لە ساڵی ٢٠١٦ی زاینی دا کتێبێک بە ناوی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران چاپ بووە کە بە ڕواڵەت ناوی نووسەرەکە "محمود نادری"یە و گوایە "مؤسسەی مطالعات و پژوهشهای سیاسی" چاپی کردووە، بەڵام کەسێک کە شارەزای سیاسەتە پڕ لە درۆ و دەلەسکانی کۆماری ئیسلامی بێ، دەزانێ کە "مەحموود نادری" هەر بوونی نییە و ئەگەریش هەبێ کەسێکی هاوکار یا کارمەندی دەزگای ئیتیلاعاتی کۆماری ئیسلامییە. بێگومان بنکەیەکی توێژینەوە کە لە ژێر چاوەدێریی ئیتیلاعات دایە و بە ئیمکاناتێکی زۆرەوە ئەم کتێبەی چاپ کردووە سەرچاوەی زانیارەکانی ئەم کتێبە بریتیە لە: ئەو بەڵگانەی کە لە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا وەدستیان کەوتووە، پەروەندەی ساواک کە دوای ڕووخانی ڕێژیمی حەمەرەزا شا دەستیان بەسەردا گرتووە، ئەو زانیاریانەی کە لە هێندێک لەو کەسانەی کە ئۆپۆزسیۆن بوون یان لە بزووتنەوە ی کوردستاندا بوون وخۆیان تەسلیم کردۆتەوە و خۆڕاگر نەبوون وەدەستیان هێناوە، گۆڤار و ڕۆژنامەکانی حیزبی دیمۆکڕات، کۆمەڵە، چریکەکان، موجاهیدین، حیزبی توودە، ڕۆژنامەکانی ئیتیلاعات، کەیهان، ئینقلابی ئیسلامی، جمهوری ئیسلامی؛ کتێبی هێندیک لە نووسەرانی کورد و ئێرانی و بیانی لە سەر کوردستان و کۆماری کوردستان و حیزبی دیموکڕات و بزووتنەرەی کوردستان و زۆر شتی دیکە لێرەدا هەڵەکان بە تایبەت لەسەرژیانی کەسایەتیەکان و شتی لەم بابەتانە باس ناکەم و ئەو بەشە دەهێڵمەوە بۆ ئەو کەسانەی کە وەک من کاتی خۆیان بەفیڕۆ دەدەن و کتێبەکە دەخوێننەوە! مەبەستم لێرەدا بیرو بۆچوونی نووسەر یان نووسەرانی کتێبەکەیە کە بێگومان بیرو بۆچوونی کۆماری ئیسلامییە. نووسەر یان نووسەران لە پێوەندی حیزبی دیموکڕات و بزووتنەوەی کوردستان لە لایەک و کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە، وا پیشانی خوێنەر دەدەن کە کۆماری ئیسلامی فریشتەیە و حیزبی دیموکڕات و بزووتنەوەی کوردستان شەیتانن. لەم پێوەندیەدا نووسەر یان نووسەران مافی خۆیانە وا پیشان بدەن، چونکە وەک پەندی کوردی دەڵێ: "کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە". بەڵام سەیر لەوەدایە کە تەنانەت لە پێوەندیی حیزبی دیموکڕات و رژیمی پاشایەتی دا دەماری شوینیزمی ئێرانی شێعی نووسەر یان نووسەران ئەوەندە بە هێزە کە هەر حیزبی دیموکڕات و کۆماری کوردستان شەیتانن و رژیمی پاشایەتی فریشتەیە جا ئێستا کە باسی شوینیزمی ئێرانی شێعی کۆماری ئیسلامی هاتە گۆڕێ، پێم چاکە بازێک بدەم بۆ هەڵبژاردنەکانی دەورەی دوازدەهەمی سەروک کۆماری ئێران .هەموو دەزانین کە لە ڕێژیمی دیکتاتۆڕیدا پڕکردنی سندووقەکانی دەنگدان چۆنە. نموونەیەکی پچووک لەو هەڵبژاردنانە، دەنگدان (ڕێفراندۆم)ێک بوو بۆ بە ناو "شۆڕشی سپی شا" لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی (١٩٦٢ی زاینی) بەڕیوەچوو. من ئەو کات خۆم مامۆستای قوتابخانە بووم، کە فەرماندار و سەرۆکی فەرهەنگ مامۆستاکانیان بانگ دەکرد و هەرکام بە پێی گەورەیی و

بچووکیی گوندەکان لە سەد تا هەزار بەرگی دەنگدانیان دەدانێ و دەیانگوت: هەر چەند ناوی راستەقینە هەبوو بینووسن و باقی دیکەش بەناوی خوازراوەوە بریژنە ناو سندووقەکانەوە". دیارە هیندێک مامۆستا هەبوون مەترسییان بۆ خۆیان دەکرد و ئەوساختەکاریەیان جێ بە جێ نەدەکرد. باسی ئەوەش ناکەم کە جوتیاران زۆربەیان رەفراندومەکەیان پێخۆش بوو و پییان وابوو بەشێک لە زەویەکانی خۆیان کە دەرەبەگەکان داگیریان کردبوو بۆ دەگێردرێتەوە .لەبەرئەوە دەنگی ئەرێنییان دەدا. بەڵام لە شارەکاندا وانەبوو. دوایی کە دەنگەکان بژیردران، پیمولیە ژمارەیەکی پترلە نەوەد لەسەدا بە قازانجی ریژیم بوو. سەدام حوسینیش پێش رووخانی لە هەڵبژاردنێکدا پتر لە نەوەد لەسەدی دەنگەکانی هینایەوە. هەر بۆیە لە ڕاستیدا ئەوانەش کە لە ئێرانی کۆماری ئیسلامی دا دەنگ دەدەن، یان مووچەخۆرانی حکوومەتن و لە ترسی نانبڕان دەنگ دەدەن یان ئەو خەڵکانەن کە بوونی خۆیان لە مانەوەی کۆماری ئیسلامیدا دەبینن کە بێگومان کەمیش نین دەنگدان لە وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکا و کانادا و ئوسترالیا جیاوازی هەیە. لەو کاتەوەی کۆماری ئیسلامی هاتۆتە سەرکار پتر لە دوو سێ میلیۆن خەڵکی ئێران روویان لەم وڵاتانە کردووە. ئەوانە دابەش دەکرێن بە دوودەستە بەشی یەکەم کە زۆرایەتین کەسانێکن کە تەنیا بۆ ژیانێکی باشتر روویان لە هەندەران کردووەو بۆ ساتێکیش لەگەڵ ئەو ریژیمە بەربەرکانێیان نەکردووە. بەڵام کاتێک کە خۆیان بە ئیدارەی پەنابەری ناساندووە ،گوتوویانە کە ئێمە لە چنگی ریژیمێکی شەیتانی و مرۆڤکوژ رامانکردووە و گیانمان لە مەترسیدا بووە و دواییش نامەی پشتراستکردنەوەیان (تائیدیە) لە حیزب و رێکخراوێکی ئۆپۆزسیۆن وەرگرتووە و بوونەتە "پەنابەری سیاسی" و دوای چەند ساڵ بوونەتە هاووڵاتی (سیتیزین) و ئەمجار بیری نیشتمان کەوتۆتە کەلەیان! و ساڵانە بۆ پشوودان بۆ ماوەیەک روو دەکەنەوە وڵات. جا ریزە درێژەکەی بەردەمی باڵوێزخانە و کونسولگەریەکان بۆ دەنگدان ئەو بەڕیزانە بوون. دەستەیەکی تر بۆ ماوەیەک لە ریزی حیزب و رێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆن دا خەباتیان کردووە و دووایی بە هۆی گیرو گرفتی بنەماڵەیی یا نەخۆشی یان شتی تر روویان لە هەندران کردوە. سەیر لەوە دایە کە زۆر لەمانە رەنگە شتێکیان بیستووە لە بابەت گۆڕانی کۆماری ئیسلامیەوە و ئێمە مانان نەمانزانیوە، کە لە رادیۆ و تەلەڤزیۆن و سایتەکانی ئینتیرنیتی و فەیسبووکەوە بانگەوازیان دەکرد و خەڵکیان هان دەدا کە فریاکەون و دەنگ بدەن بە کۆماری ئیسلامی، با لە خێروبەرەکەتی دەنگدان بێبەش نەبن! کورتی بکەمەوە، دەنگدان لە کۆماری ئیسلامیدا بەم هەلومەرجەی ئێستاوە(هەبوونی یاسای بنەڕەتی کە پڕە لە هەڵاواردن و جیوازیدانان، بوونی ویلایەتی فەقیە، مێژوویەک جەنایەت، بەرەسمی کردنی خورافە و خورافەپەرستی، سەرکوت و ئیعدام و...) هیچ کاریگەرییەکی بە قازانجی خەڵک لێناکەوێتەوە. مەبەستی سەرەکیی حکوومەت لە هەڵبژاردن بە دەنگێکی زۆرەوە ئەوەیە کە دەیەوێت بۆ بیرورای دەرەوە و زلهێزەکان مانۆڕی پێبدات و ئیدیعای مەشروع بوونی خۆی بکات. بۆیە ئەوانەی کە ئاگاهانە(نەک لە رووی ئیجبار یا ترس لە نان بڕێن) دەنگ بە حکوومەتێکی وا دەدەن، ئاخۆ لە ویژدانی خۆیاندا چ بەخۆیان دەڵێن؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ٧ی جوونی ٢٠١٧

# جووڵان و گۆڕان

"هێگڵ" و "مارکس" لە باسی دیالیکتیک دا لە سەر گۆڕان و گەشەسەندن دەڵێن: سروشت لە چونیەتیی جووڵان و گۆڕانی بەردەوامدایە و ناتەبایی ناوەکی لە هەموو دیاردەیەکی سروشتدا هەیە و بەربەرەکانیی ئەم ناکۆکییانە هەڵگری ڕەوتی گۆڕان و بەرەو پێشچوونە. ئەم گۆڕانە لە باری چۆنیەتییەوە لەسەرەخۆ نیە بەڵکوو بازدانە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و بیرورا بنچینیەکان، کە دەسەڵاتیان بەسەر کۆمەڵدا هەیە سەرخانن. ژێرخان ئابوورییە، بەڵام باشبوون و پەرەسەندنی ئامرازی بەرهەمهێنان، هەمیشە لەگەڵ گۆڕانی خێرای سەرخانی کۆمەڵ هاریکار نیە، چونکە پێوەندییە هەنووکیی و کۆنەکان پێشی ئەم گۆڕانانە دەگرن.

"پی یر رووسۆ" ش لە کتێبی "مێژووی زانستدا" لەو بارەوە دەڵێ: کارەکان هەروا بە ئاسانی ناچنە پێش و گەشەسەندن کەوانە(منحنی) یەکی روو لە هەڵکشان نیە کە بەردەوام بە ڕێکوپێکی بڕواتە پێش. ئەم ڕێگە، ڕێگەیەک نیە کە سەرەولێژی و سەرەوخواریی هاوئاهەنگی بێ و فیکر بتوانێ لەسەر ئەو ڕێگە تا لوتکەکانی مەعریفە سەرکەوێ. کەوانەیی بەرزی و نزمی هەیە و لە دۆڵی قوڵەوە تێدەپەڕێ. هێرشی بەرەوپێشچونی زانست لە بەربەرەکانێ لە گەڵ لایەنگرانی "ماوەرائوتەبیعە" دا جاری وا هەیە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ و ڕەوتی پێشکەوتن دەوەستێ و تەنانەت بۆ دواوەش دەگەڕێتەوە.

هەردوو بیردۆزیی (تیئۆری) سەرەوە باس لە گۆڕان و پێشکەوتنی بەردەوامی دیاردەکانی سروشت و یەک لەوان ژیانی مرۆڤ دەکەن، لەگەڵ ئەوەش هەردوو سوورن لەسەر ئەوە کە هیندێک هۆکار لە هێندیک قۆناغدا پێشکەوتنەکە دەوەستێنن و تەنانەت بەرەو دواوەشی دەبەن.

بەڵام ئەوە کاتییە و سەرەنجام گۆڕان و پێشکەوتن ڕەوتی سروشتیی خۆی دەپێوی. ئەگەر بە وردی سەیری جیهان بکەین دەبینین دواکەوتووترین وڵاتانی ئەفریقاییش لە زۆر بوارەوە پێش کەوتنیان بەدەست هێناوە. ئەگەریش هەڵسەنگاندنیک بکەین لە نێوان ڕێژیمی پاشایەتی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا لە ئێران، دەبینین ڕیژیمی ئێستا لە زۆر بواردا پێش کەوتووە. دوور نەڕۆین هەر لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ئێستا زۆر ڕێگەو بانی باش دروست کراوە (باهێندێکیشیان بۆ مەبەستی نیزامی بن).

هاوکات کارەبا و گاز و تیلیفوون بۆ زۆر لە گوندەکان راکێشراوە، بواری تەندروستی و لەشساغی باشتر بووە، قوتابخانە و تەنانەت زانکۆ لە کوردستان زۆر زیاتر لە جارانە، هەرچەند منداڵی کورد لە خوێندن بە زمانی زکماکی بێبەشە و ناچارە بە زمانی فارسی بخوێنێ. چۆنیەتیی گوزەرانی خەڵک لە جاران باشترە، تەنیا دیاردەیەکی خراپ زۆربوونی تووشبوان بە مادە هۆشبەرەکانە کە ئەویش دەستی کاربەدەستانی ناوچەیی ریژیمی تێدایە، بۆ بە ئەوەی خەڵک لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی دوور بخەنەوە.

بەو پێیە، کۆماری ئیسلامی لە زۆر لە بوارەکاندا لە دەورەی پاشایەتی پیش کەوتووترە، ئەڵبەت دەبێ ئەو پێشکەوتنە، لە بوارێکی بەرینتر چاو لیبکرێ، واتا کۆمەڵگەی جیهانی بەگشتی لەو ماوەدا پێشچوونی بەدەست هێناوە. لە ڕاستیدا ئەو پێشکەوتنەی کە لە ئێران باسیکرا، هیچ پێوەندیی بە خواست و بیروباوەڕ و تێفکرینی کۆماری ئیسلامییەوە نییە.بۆ نموونە لەو ماوەدا ئێران چەندە پێشکەوتنی بەدەستهێناوە، وڵاتانی ئاسیایی، ئافریقایی،یا ئامریکای لاتین شاهیدی ئەو پێشکەوتنە و بگرە زیاتر لە ئێران بوون. بۆ نموونە گەر دوو وڵاتی ئێران و تورکیە لە دوو قۆناخی جیاوازدا پێکەوە هەڵسەنگێنین، دەرکی مەسەلەکە ئاسانتر دەبێ. سی (٣٠) ساڵ پێش ئێستا وڵاتی تورکیە لە زۆر بوار دا لە ئێران دواکەوتووتر بوو، بەتایبەت لە باری ئاستی ژیانی کۆمەلانی خەڵکەوە، بەڵام گەر بێت و ژیانی ئێستای خەڵکی ئەم دوو وڵاتە چاو لێبکەین، دەبینین کە تورکیە لە ئاست ئێران پێشکەوتنی یەکجار زۆرتری بەدەست هێناوە.

دیارە هاوکات دەبێ بەوەش ئیشارە بکرێ کە ئێران لە هێندێک لە بوارەکاندا بۆ دواوە گەڕاوەتەوە. ریژیمی شا ریژیمێکی دیکتاتۆریی سەرەڕۆی بەستراوە بە ئیمپریالیزمەوە بوو، بەڵام لەو ریژیمەدا ئازدییە تاکەکەسییەکان و هێندێک لە ئازادیە کۆمەڵایەتییەکان پاریزراو بوون. ژنان تارادەیەک ئازادییان بە دەست هینابوو، کاربەدەستانی ریژیم لەسەرو هەموویانەوە شا، لە ئیسلام وەکوو ئامراز بۆ پشتیوانی لە ریژیم کەڵکیان وەردەگرت. شا لە گەڵ گەورە ئاخوندەکانی ئەو سەردەمە وەکوو ئایەتوڵا بروجردی و ئایەتوڵا محەمەد بێهبەهانی و بۆ ماوەیەکیش ئایەتوڵا کاشانی پێوەندیی نزیکی هەبوو، بۆیە ئیسلامی سیاسی بەو شیوە نەیتوانی تا ئاخری و ئۆخری ریژیم گەشە بکا. بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئیسلامی سیاسی سەرخست و قانونە مەدەنیەکانی دەورەی مەشروتە، کە تا رادەیەک کاری پێدەکرا، خستە لاوە و قانوونی شەریعەتی لە هەموو بوارەکاندا وەگەڕخست و ئەو تۆزە ئازادیەی دەورەی شایشی لە گەلانی ئێران ئەستاندەوە و لەو بارەوە ئێرانی بۆدواوە گێرایەوە. نامەوی لەسەر ئەوبابەتە زیاتر بدوێم لەبەر ئەوەی بە سەدان کتێب و هەزاران وتار یان لەسەر نووسراوە، بۆیە دەچمە سەر بابەتی دووەم کە بهراوردێکە لە سەر شاری سلێمانی لە دوو قۆناغی جیاوازدا. پێوەندیی سلێمانی و بانە بە چەند هۆ لە کۆنە وە بەردوام هەبووە. شێوەی ئاخافتنی خەڵکی بانە لە گەڵ قسەکردنی خەڵکی سلێمانی لە هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان نزیکترە تەنانەت لە موکوریانیش.

لە شەڕی یەکەم و دوومی جیهانییەوە خەڵکێکی زۆر لە بانەوە کۆچیان کردووە بۆ سلێمانی و نەگەڕاونەوتەوە و کەس و کاریان لە بانە هەیە و بەهەر شێوەیەک بگونجێ سەردانی یەکتر دەکەن. ئاڵوگۆڕی کاڵا بە بەشێوازی قاچاخیش بێ بە دایم هەبووە و ئەوەش هۆیەکی تری پێوەندیەکانە. لە باری سیاسیشەوە دوای بزووتنەوە شێخ محەموودی حەفید و هاتنی بنەماڵەی ناوبراو بۆ بانە کە مامۆستا عبدولا زێوەری شاعیر کە خۆی لە گەڵ بووە و لە نووسینەکانی دا باسیدەکا. دواییش بە هۆی کۆماری کوردستان و شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨زاینی ١٣٣٧ی هەتاویی لە عێراق و بە تایبەت دوای بزووتنەوی ئەیلوولی کوردستانی ىاشوور ئەو پێوەندیە زۆر زیاتر بووە. ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی (١٩٥٧)ی زاینی لە بەشی پەروەدەی مامۆستایی سنە دەمخوێند، پشووی هاوینی بوو، دادە فاتمی خوشکم لە ئەحماوای شلێری کوردستانی عیراق شووی کردبوو بە خاوەنی گوندەکە بەناوی رەشید بەگ. پێم خوش بوو بچم سەردانی خوشکم بکەم. ئەو گوندە هەر نیو کاتژمێر لە گوندەکانی سەرسنووری بانە دوور بوو، هاتووچوو بە پێیان بوو مەگەر بۆ کەسانێک ئیمکانی ماڵیان ببوایە بە بارگیر و ئێستر سەفەر بکەن.

لە عێراق دەورەی مەلیکی بوو، و هاتووچوو بە زەحمەت نەبوو، ئەگەر تووشی ژاندارمی ئێران یان پۆلیسی عێراق بهاتبایتایە بە پووڵ و پارەیەکی کەم لێت دەگەڕان. لەو کاتەدا کاک ڕەوفی برام لە سلێمانی بوو. بە زاواکەم گوت بۆچی نەچین سەرێکی خزمەکانمان لە سلێمانی بدەین؟ رازی بوو. بە پیان چووینە پێنجوین و دوو شەو لە ماڵی خزمەکانم ماینەوە، کە لەو کاتەوەی لە ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی ١٩٤٤ی زاینی حەمەرەشید خان بانەی سوتاندبوو، ماڵیان چووبووە پێنجوێن و نەگەڕابوونە. لەوێوە چووینە سلیمانی. ئەوکات سلێمانی نزیکەی حەفتا هەشتا هەزارکەس حەشیمەتی بوو، زۆر ئاوەدانتر لە شاری ئێمە بوو و نزیکە دەبەرامبەری شاری ئێمە حەشیمەتی هەبوو. بەرزترین باڵەخانە لە سلێمانیی ئەو کات چوار نهۆم بوو و پیان دەگوت قەسری تۆفیق قەززاز. لە حاڵێکدا بەرزترین باڵە خانە لە بانە دوو نهۆم بوو. چەند شت لە سلێمانی سرنجمی راکێشا، کتێب فرۆشییەکانی پر بوو لە کتێبی کوردی کە ئەگەر بەرگێکی لە کوردستانی رۆژهەلات بە کەسێکەوە بگیرایە، گەر ئیعدام نەکرایە گرتن و دوور خستنەوەی بەدوواوە بوو. چەند کتێبم کڕی کە ئەگەر لە بیرم مابێ دوانیان بەم ناوانە بوون: "مێژووی ئەدەبی کوردی لە نووسینی عەلادین سەجادی و ئاترۆپاتن یان کوردستانی موکری لە نووسینی حسەین حوزنی موکریانی" و بە نهێنی هێنامنەوە بۆ بانە. لێخوڕی ئوتۆمبیلەکان زۆربەیان جلکی کوردیان لەبەردا بوو. لە کوردستانی رۆژهەڵات شتی وا نەدەبینرا، تابلۆی دوکانەکان زۆربەی بە کوردی نووسرابوون و ناوی کوردیان لەسەر بوو. شەوێک لە گەڵ کاک رەووف لە ماڵێک بانگهێشتن کرابووین. حەوشەیەکی گەورە بوو، دەوراندەورفەرش راخرابوو و دۆشەک و سەرینی لەسەر ریز کرابوو، دەوری بیست کەسێکی لێبوو، پیر و لاو جلکی کوردی یان کۆت و شەلوار(چاکەت و پانتۆڵ) لەبەر و تەنانەت هێندێکیان کەوای درێژ وەکوو خەڵکی گەرمیانیان لەبەردا بوو. لەبەردەم هێندێکیاندا خواردنەوەی هەمەجۆر داندرابوو و شریتی هونەرمەندی ناودار حەسەن زیرەک کەوتە گەڕ، یەک یەک و دوودوو هەڵدەستان و سەما و هەڵپەڕکیان دەکرد، پێموایە هەر من و کاک ڕەووفیان وەک میوان بوارد،خەڵکانێکی شاد و بە زەوق بوون.

جگە لە خزمەکانم کەسێک کە زۆرتر لەگەڵم دەگەڕا کاکە حەمەی کوڕی "حەمەتاڵ"ی بانە بوو، دوای سووتانی بانە لە سلێمانی گیرسابۆوە و نەگەڕایەوە بانە. بیروباوەڕی چەپی هەبوو، پێموایە ئەندامی حیزبی شیوعی بوو( حیزبی شیوعی ئەو کات نهێنی بوو) چونکە لە کودەتای خوێناویی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ی زاینی ١٣٤٢ی هەتاوی کە حیزبی شیوعی کەوتە بەر پەلامار، کاکە حەمە رایکردو هاتە بانە، لە ساڵەکانی وتووێژ نێوان شۆڕش و ڕیژیمی بەعس کە ڕێم کەوتەوە سلێمانی ئەو ببووە پارتی و پێموایە بەرپرسی جوتیارانی پارتی بوو لە سلێمانی. نەورۆزی ١٣٥٢ی هەتاوی ١٩٧٣ زاینی کە بۆ پشوی هاوینی لە تارانەوە گەڕابوومەوە بانە، بە هۆی خەیانەتی سەلیمی خات شەرافەت و دوو هاوکاری ساواکیی ناوبراو تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات لە بانە ئاشکرا بوو. ڕۆڵە بەجەرگەکانی گەڵ، "قادر وێردی" و "محەمەد سدیق" و "عەزیزی مستەفا زادە" گیانیان بەخت کرد و چەندین کەس گیران و ئاوارە بوون. ئەمجارەش من بە ناچاری هەر لەڕیگەی پێشۆوە، بەڵام لە ترسی ژاندارم و جەوانمەرد(جاش) بە شەو چوومە گوندی خوشکم و لەوێشەوە هەر بە شەو لە گەڵ شارەزایەکی جێی باوەڕ ئەمجارە لە ڕێی شارباژێرەوە ڕێم کەوتەوە سلێمانی.

بۆیەش بە شەو چونکە ئیمکانی سیخوڕی رژیمی شا لە گوندە سنوورییەکانی کوردستانی باشوور دا هەبوو. ئەوکات بە پێی ڕێکەوتنێک لە نێوان شۆڕشی کوردستانی باشوورو ریژیمی بەعسی عێراق، خودموختاری درابوو بە کوردستانی باشوور. ئیدارەی دەوڵەتی لە سلێمانی هەبوو، بەڵام دەسەڵات بە دەست پێشمەرگەوە بوو. کەش و هەوایەکی ئازاد لەگۆڕێدا بوو.

شار زۆرگەورەتر و ئاوەدانتر ببوو، کتیب فرۆشییەکانی شار پڕبوون لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی، تەنانەت لە پیادەڕۆکانیش دا کتێب فرۆشی داندرابوو. برایان ئەحمەد سالار و یاسین قادر و ئاشتی عوسمان دانش بۆ چەند شانۆیان بانگهێشتیان کردم. پێم سەیر بوو کە ئەو شانۆیانە لەو شانۆیانەی لە تالاری ٢٥ی شەهریوەری تاران یان لە زانکۆی تاران پیشان دەدران لەخوارتر نەبوون. جارو بار بە بۆنەی ساڵیادی پیرەمێرد، گۆران، بێکەس، قانیع....کۆر پیک دەهات و "مامۆستاهێمن"یش لە بەغداوە بانگهێشتن دەکرا و ئێمەشی لەگەڵیدا دەچووین و شاعیران و نووسەڕان بابەتی خۆیان پێشکەش دەکرد. ئەو کۆڕانە زۆر سەرکەوتوو بوون و تەنانەت دوای شکستی بزووتنەوەی ئەیلوولی کوردستان باشووریش، ئەو کۆڕانە پێک دەهات؛ بەڵام زۆرکەمترلە پێشوو. ئەگەر هەست بە بوونی پیاوانی ریژیم لە کۆڕەکە دا بکرابایە شاعیران و نووسەران مەبەستی خۆیان بە زمانی هێما و سەمبول دەردەبڕی و ریژیمیان وەبەر نەشتەری رەخنە دەدا.

بەراستی ئەدیبان و هونەرمەندانی ئەوکات زۆرخاوەن هەڵوێست و چاونەترس بوون. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە دوای نسکۆی شۆڕش، ریژیمی بەعس دەستە دەستە پێشمەرگە و تێکۆشەرانی ئیعدام دەکرد و جەنازەکانیانی بۆ سلێمانی و ناوچەکانی دیکە دەناردەوە. لەو کۆڕانەدا من لە گەڵ زیندوو یادان شێرکۆ بیکەس، شاسوار جەلال( ئارام)، حەسیب قەرەداغی، سوارە قەڵادزەیی، شوکوور مستەفا، خالید دلێر، کاکەی فەلاح،.. و برایان محەمەد حەمە باقی، عەبدوڵا ساڵح، حەمەشوان

رەسووڵ، رەووف بێگەرد، فوادی مەجید میسری، محەممەد مەلا كەریم، تاها رەسوول، كەمال میراودەلی، حسەین بەفرین، غەریب پشدەری و هەندێك كەسی دیكە دۆستایەتیم پێكهێنا و زۆرشتیان لێ فێر بووم. ئەو كات ئەدیبان و شاعیران زۆربەیان سكیولاری چەپ یان سكیولاری دیموكڕات بوون و زۆریان شایانی هەڵگری وشەی رووناكبیر بوون. ژنان و كچانی فەرمانبەر و قوتابی بە جلكی مۆدەوە دەچوونە سەركار و شوێنەوارێك لە ئیسلامی سیاسی نەدەبینرا.

لە ساڵی ١٩٧٤ی زاینی ١٣٥٣ی هەتاوی میهرەجانی هونەری كوردی لە بەغدا پێك هات، من بەشێكیانم دی، لە هەموو شارەكانی كوردستانی باشوورەوە بەشداری تێدا كرابوو، لێرەشدا سلێمانی لە پێش هەمووانەوە بوو. بەڕاستی سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی بوو. ساڵەكانی نەوەدی زاینی حەفتای هەتاوی لە گەڵ ئەوەی گەلی كوردستانی باشوور لە دەستی زوڵم وزۆری رێژیمی خوێنرێژی سەدام حسەینی بەعسی رزگاریان بوو، بەڵام بە هۆی پێویستیی ژیان ناچار بوون لە گەڵ دەوڵەتانی دراوسی پێوەندیی ئابووری و سیاسی پێك بێنن. دیارە هیچكام لەو رێژیمانە دۆستی كورد نین و بە قازانجی وڵاتی خۆیان لەو پێوەندیە كەڵك وەردەگرن. توركیە هەرچەند سوودی بازرگانیی زۆری لەو پێوەندییە دەست دەكەوێ، بە حاسانی خاكی كوردستانی باشوور بە بیانووی بوونی پ كا كا بۆردومان دەكا و زیانی زۆر بە كشت و كاڵی جوتیاران دەگەینێ. بەڵام بە رواڵەت تێرۆر ناكا. بەڵام كۆماری ئیسلامی جگە لەوەی قازانجی بێ ئەندازەی ئابووری دەست دەكەوێ، بە حاسانی تێكۆشەرانی كوردستانی رۆژهەڵات لە كوردستانی باشوور تیرۆر دەكا. حكوومەتی ئێران، لە ماوەی چەندین ساڵدا پتر لە سێسەد كەس كادرو پێشمەرگە و كەسانی دانیشتووی لە حیزبی دیموكرات، كۆمەڵە، خەبات، شۆڕشگێڕان، پژاك، حیزبی ئازادی و چەند حیزبی ناكوردیی بە هۆی خۆفرۆشانی كوردی باشوور و رۆژهەڵاتەوە تیرۆر كرد، مرۆڤكوژان بە هۆی چاوپۆشیی حیزبە دەسەڵاتدارەكان وەك بەرزەكی بانان بۆی دەرچوون. تا وای لێهات كە رۆژنامەی ئاڵای ئازادی ئۆرگانی حیزبی زەحمەتكێشان لە ژمارەیەكیدا ئەم بابەتەی نووسیبوو، كە ئەگەر راستیش نەبووبێ ئاوێنەیەكی راستەقینەی ئەو دەورەیە. رۆژنامەكە دەنووسێ: كەسێك لە شارۆچكەیەكی دەوروبەری رانیە دەچێتە لای مرۆڤكوژێك و دەڵێ "كەسێكم بە چەندە بۆ دەكوژی، مرۆڤكوژەكە دەڵێ تا ئەو كەسە كێ بێ؟

ئەگەر عەشیرەت بێ بە بیست هەزار دینار و ئەگەر كوردی ئاسایی عێراقی بێ بە پانزدە هەزارو ئەگەرێش كوردی ئەودیو بێ(واتە كوردی رۆژهەڵات) خوا وەكیل لە دەهەزار كەمترم نەكووشتووە، بەڵام لەبەر ئەوە تۆ دۆستی بە هەشت هەزار بۆت دەكوژم". هەر لە تەقینەوەی شەوی یەلدای بەردەركی بنكەی سەرەكیی حیزب دیموكڕات بە هۆی تیروریستەكانی كۆماری ئیسلامییەوە پێنج پێشمەرگەی ئازای ئەو حیزبە و دوو ئاسایشی لەخۆبوردوو گیانیان لەدەست دا، یەكێك لە رێبەرانی حیزبەكانی باشووری كوردستان لە سایتی فەیسبووكی خۆیدا نووسیبووی كۆماری ئیسلامی ماڤی خۆیەتی ئەو كارە بكا، ئەی ئەوان بۆ پێشمەرگە دەنێرنەوە تەقە لە هیزەكانی ئێران دەكەن و داواشی كردبوو كە حكوومەتی هەرێم پێشی تێكۆشانی حیزبەكانی دژ بە كۆماری ئیسلامی بگرێ.

لە هەمانکاتدا لە کەرکووکی دڵی کوردستان،قودسی کوردستان، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی "ئیمام خومەینی" دەکرێتەوە. بەڕاستی دنیایەکی سەیرە! ئاخر خومەینی و ڕۆشنبیری! بەدەردێ فارس دەڵێ (کجا مرحبا).

جا کاتێک کۆماری ئیسلامی ئەو هەڵویستانە دەبینێ، چۆن بە حاسانی لە هەرێم تیرۆر ناکا؟ من نزیکەی دەساڵە نەچوومەوە کوردستان، بەڵام لە دۆستانی جیی باوەڕ دەبیستم و لە سایتەکاندا دەخوێنمەوە کە شارەکانی کوردستانی باشوور و یەک لەوان سلێمانی گۆڕانی زۆری بەسەر دا هاتووە. تالار و کۆشک و هوتێلی ناوازە دروست کراون، ڕێگەو بان زۆر باشتر بووە، پارک و باخچە زۆر لە جاران زیاترە، فرۆشگەی سەردەم کە کاڵای لۆکسی ولاتانی ڕۆژئاوا و چین و کورەی باشوور دەفرۆشن زۆر بووە، خەڵکێکی زۆر بە هۆی بازرگانی و مامەڵەکردن دەوڵەمەند بوون و بە دەیان میلیۆنیری تێدا پەیدا بووە. زانکۆ زیادی کردووە، چۆنیەتیی نەخۆشخانە و دەرمانگە زۆر لە جاران لەپێشترە، بە کورتی هەرێم بە گشتی و سلێمانی بە تایبەتی لە زۆر بووارەکاندا پێشکەوتوون کە جێی دڵخۆشییە. لە گەڵ ئەو پێشکەوتنانە، هەرێم بە گشتی و سلێمانی بە تایبەتی لە هێندێک لە بوارەکاندا بەدواوە گەڕاوەنەتەوە.

باسی بازاڕمان کرد، بەڵام ئەگەر سەرێک لە دوکانە کانی میوە فرۆشی و سەوزە فرۆشی بدەین، دەبینین خەیار و تەماتە لە ئێران و تورکییەوە دێتە هەرێم، بە هۆی ئەوەوە کە حکوومەتی هەرێم لە سێ بابەتی بنەڕەتیی ئابووری تەنیا گرنگی بە بازرگانی داوە. خۆ ئەگەر بیانووی بۆ سەنعەت ئەوە بێ کە ناتوانن کەرەسەی پێویست بۆ سەنعەتی قورس بێننە هەرێم، خۆ بۆ کشت و کاڵ ئەو بیانووەی نیە. زەویی کوردستانی باشوور بەرادەیەک بە پیت و بەرەکەتە کە ئەگەر چاک ڕەعەمەڵ بێت، نەک تەنیا خەلە و دەغڵ و دان و میوەجات و سەوزەواتی هەموو کوردستان دابین دەکا، بەڵکوو بەشی زۆرتریشی دەکرێ بۆ دەرەوەش بنێردرێ. لە پەنای زۆر بوونی میلیونێر و کۆشک و تەلار، جیاوازیی چینایەتی بە رادەیەک زۆر بووە کە هەرلە شاری سلێمانیدا بە دەیان هەزار کەس خانووی خۆیان نیە، بەڵکوو کرێ ماڵیشیان پێ نادرێ، حکوومەتی هەرێم بە بیانووی شەڕی داعەش و نەدانی بووجەی هەرێم لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە، مووچەی مامۆستایانی پێنادرێ و زۆربەی قوتابیان لە خوێندن دوا کەوتوون، لە حەڵێکدا ئەگەر باسی داهاتی نەوتیش نەکەین، خۆئەگەر ماڵیات (باجی دەوڵەتی) بە ڕێکوپێکی لەو میلوینێرانە بستێندرێ، پێشی گەندەڵی بگیرێ، دەتوانێ مووچەی مامۆستایان دابین بکا. کوشتنی ژنان هەر بەردەوامە و بێدەسەڵاتیی دادگاکان و بوونی مەسڵەتی عەشیرەتی و چاوپۆشیی کاربەدەستان لە هۆیەکانیەتی. کۆماری ئیسلامی و شێخە خاوەن نەوتەکانی خەلیجی فارس بە هۆی لایەنگرانی خۆیانەوە حیجابی خۆڕایی لە نێو قوتابیان و خەڵکی کەمداهاتدا دابەش دەکەن و ژن و کچی حیجابی زۆر لە جاران زۆرتر بووە.

لەگەڵ ئەوەی زانکۆ زۆر بووە، بەڵام ئاستی زۆریان لە سەرەوە نیە و زانستی هێندێک لە مامۆستایانی زانکۆش لە ئاستی ئەو زانکویانەدان و قوتابیانیش زۆرتر کاریان بە بەڵگەی تەواوکردنی زانکۆیە، بۆیە ئەوانیش دوای تەواوبوون هێندێکیان



سەرچاوە
Serchawe

روو دەکەنە هەندەران و ئەوانەشی کە دەمێننەوە ئەگەرکەس و کاری دەسەڵاتداریان هەبێ دادەمەزرێن و زۆریشیان کاریان دەست ناکەوێ.

سیاسیەکان بۆ فریوی خەڵکی ساویلکە و پەیدا کردنی دەنگ لە هەڵبژاردن و شتی ئاوا بۆ خۆیان و حیزبەکەیان جلکی سکیولاریان فڕێ داوە و جلکی ئیسلام گەراییان کردۆتەبەر. زۆر لە نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان چونکە چاویان لە دەستی حیزبە دەوڵەمەندەکانە کزو مات بوون و وکوو کەوەکە سەری خۆیان بە ژێر بەفرەوە کردووە، ئاگرە سورە لە خۆم دوورە، رەوتی سەلەفی و ئەخەوانی و تەنانەت ویلایەتی فەقیهی شێعە بەتایبەتی و ئیسلامی سیاسی بەگشتی تەراتێنیانە. بەڵام هەر وەکوو لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا خۆر هەمیشە لە ژێرهەوردا نامێنێتەوە، ئەم قوناغە کاتییە و درەنگ یا زوو جووڵە و گۆڕانی هەمیشەیی دیاردەکانی کۆمەڵ، رەوتی سروشتیی خۆی بەرەو پێشکەوتن دەست پێدەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٢ی فێبریویری ٢٠١٧

# ئاوڕێک لە ژیان و خەبات و هەلوێستەکانی فیدل کاسترۆ

ڕۆژی ٢٥ی نوامبری ٢٠١٦فیدل کاسترۆ ڕێبەری کووبا لە تەمەنی ٩٠ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد، ئەم دەقە هەوڵ دەدات چاوێک بەسەر ژیان و خەبات و هەڵوێستەکانی ناوبراودا بخشێنێ.

## بەراوردکردن:

لە ساڵەکانی حەفتاکانی زایینی، (پەنجاکانی هەتاوی) لە یەک ڕۆژدا دوو کەس چووبوونە لای حەمەرەزاشا، یەکیان "گولد واتیر" کاندیدای هەرە دەستراستی کۆماریخوازان بۆ سەرەک کۆماریی ئەمریکا بوو، کە دەنگی نەهێناوە. ئەوی تریان وەزیری بازرگانیی بولغارستان بوو. ڕۆژنامەکانی "کیهان" و "اطلاعات" لە لاپەڕەی یەکەمی خۆیاندادا وێنەی هەردووکیانی چاپ کردبوو. "گولدواتیر" بە شێوەیەک لە گەڵ شا تەوقەی کردبوو، کە بە زمانی حاڵی وێنە بەشای دەگوت تۆ پیاوی خۆمانی و لیت ڕازین و شا بە خۆ بەکەم زانینەوە لەبەرامبەری دا ڕاوەستابوو. بەڵام وەزیری بازرگانیی بولغارستان بە جۆرێک لە بەرامبەر شادا چەمیبۆوە کە وەزیرە "غلام خانەزاد" و دەسنە خۆرەکانی ئێران لە بەرامبەر شادا کڕنۆشیان بۆ دەبرد. ئەوە لە حاڵێکدابوو کە بولغارستان لە بناگوێی یەکیتی سۆڤیەتی پێشوودا هەڵکەوتبوو و حیزبی کمۆنیستی بولغارستان گوێڕایەڵترین حیزبە کانی وڵاتانی بە ناو کمۆنیستی ئوروپای ڕۆژهەڵات بوو. یەکیتی سۆڤیەت ئەو کات لە باری نیزامییەوە ئەگەر لە ئەمریکا لە پێشتر نەبووبێ کەمتر نەبوو و ئەگەر وڵاتێک چاوی تەمای بڕیبایە بولغارستان وەکوو ئەوە وابوو چاوی تەمای بڕیبایە سەرزەویی یەکیتی سۆڤیەت.

ئیتر پێویست ناکا زۆر باسی ئەوە بکەین کە لە حاڵێکدا شا ئەفسەر توودەییەکان و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکڕات و چریک و موجاهیدینی ئیعدام دەکرد، خۆی و ژنەکەی و خوشکەکەی (ئەشرەف) بۆ یەکیتی سۆڤیەت وچین و وڵاتانی ئوروپای ڕۆژهەڵات بانگهێشتن دەکران و میدالیای مافناسی و کۆمەڵناسییان دەدرایە. کاتێک کردەوەی ئەو وەزیرە بەناو کمۆنیستە لە گەڵ "فیدل کاسترۆ" بەراورد دەکەین، جیاوزییەکی لە رادەبەدەرمان بەرچاو دەکەوێ. داماوی ئەو وەزیرە کەهێزی بەهێزی یەکیتی سۆڤیەتیشی لە پشت بوو، لە بەرامبەر بوێری و ئازایی "کاسترۆدا" کە لە بناگوێی ئەمریکا و بەرامبەر ئیمپریالیزمی پەلاماردەری ئەمریکادا وپیلانی هەمیشەیی لە لایەن تیرۆریستە نێردراوکانی ڕێکخراوی "سیا" دا، ساڵەهاخۆی ڕاگرت و سەری دانەنواند، چۆن بەراورد دەکرێ؟

"کاسترۆ" و "گیوارا" وهاوڕێکانیان کوبایان لە ژێر دەستی دیکتاتۆڕیی "باتیستا" و شیرکەتە تالانچییەکانی ئەمریکایی رزگار کرد. کوبای دەورەی "باتیستا" ئەوە بوو کە "آرتور شلزینجر" هاوکاری "کندی" سەروک کۆماری ئەمریکا و رۆژنامەنووس باسی دەکا و دەڵێ: من لە سەفەربۆ "هاوانا" خۆشحاڵ بووم، بەڵام لە گۆڕانی ئەم شارە جوان و لەبەردڵانە بە کازینۆیەکی پان و بەرین و جندەخانەیەکی گەورە بۆ سەرمایەدارانی ئەمریکایی کە بۆ گوزەراندنی پشووی ئاخری حەوتوو لە "میامی" وە دێن بۆ ئەوێ، حەپەسام. هاونیشتمانانی من لە خیابانەکانی شار لەبەر زۆر خۆردنەوە بەملاولادا دەکەون، کچە چکۆلە چواردە ساڵە کوبایەکان لە گەڵ خۆیان دەبەن بۆ هوتێلەکان و مست مست پووڵ و پارە بڵاو دەکەنەوە کە خەڵکی هەژار ناچار بکەن بە چوارپەل لە جۆگەکاندا بۆ ئەوپووڵ و پارانە بگەڕێن. کام کوبایی دەیتوانی بە دیتنی دیمەنی ئەوتۆ کە رۆژانە لەبەر چاویدا بوو، هەستێکی جگە لە نەفرەت بۆ ئەمریکای هەبێ؟

لە ژیانی هەر مرۆڤێک دا خاڵی ئەرێنی (پۆزەتیڤ) و نەرێنی (نیگەتیڤ) هەیە. ئەگەر بە چاوی بێلایەنی و ئینسافەوە سەیری ژیانی کاسترۆ بکەین خاڵەکانی ئەرێنی ئیجگار زۆر زیاترن لە خاڵەکانی نەرێنی. شۆڕشی کوبا تەکانێکی بە ئەمریکای لاتین دا کە دوای چەند ساڵ هێندیک لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین توانییان خۆیان لە ژێر هێژموونیی ئەمریکا دا رزگار بکەن. هەر دوای شۆڕشی کوبا لەسەر داوای ئەمریکا ' ریکخراوی وڵاتانی ئەمریکایی ' کە لە گشت وڵاتانی ئەو قارە پێک هاتبوو، بەتێکڕای دەنگ کوبایان مەحکووم کرد و دوای چەند مانگ ئەندامەتیی کووبایان لێ سەندەوە ولەو رێکخراوە دەریان کرد، بەڵام زۆری نەخایاند کە جووڵانەوەی ئازادیخوازی و رزگاریخوازی لە ئەمریکای لاتین سەری هەڵدا. هەر چەند لە شیلی بە پیلانی هاوبەشی "سیا" و شیرتکەتەکانی ئەمریکایی و ژێنراڵە فاشیستەکانی شیلی "سالوادر ئالندە" ی سوسیالیتی ئازا و بوێر (کە بە هەڵبژاردن و دەنگی خەڵک گەیشتبووە دەسەڵات) سەری تێدا چوو، بەڵام لە چەند وڵاتدا شۆڕشگیران و پیشکەوتنخوازان سەرکەوتن.

شۆڕشی کوبا مافی یەکسانی بۆ هەر تاکێکی کوبایی دابین کرد، شیرکەتە بیانییەکانی خۆماڵی کرد، زەوی دەرەبەگەکانی لە نێوان جوتیاراندا دابەش کرد، نەخوێندەواریی لە کوبا دا بنبڕ کرد و خوێندن لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە تا زانکۆ بووە خۆڕایی، خزمەتەکانی دەوا و دەرمان بۆ هەموو کەس بە خۆڕاییە، یارمەتیی هێندێک وڵاتی ئەفریقایی وەکوو موزامبیک، گینە بیسائۆ وکونگۆی دا کە خۆیان لە ژێر چنگی ئیستعمار(کولنیالیزم) رزگار بکەن کە بەرچاوترینیان لە "ئەنگولا" بوو کە بە هێزی نیزامی یارمەتیی رێکخراوی "مپلا" ی دا کە بەسەر دژی شورشییەکانی ئەو وڵاتە کە لە لە لایەن "سیا" ی ئەمریکا و ئەفریقای رەگەزپەرستی باشووری ئەو کات و پورتەقاڵەوە پشتیوانی دەکران، سەرکەوێ.

بە داخەوە هێندێک خاڵی نەرێنی لە ژیانی کاسترۆدا هەبوو کە دەبێ باس بکرێ. راستە کە گەمارۆی پەنجا ساڵەی ئەمریکا لەسەر کووبا و کەمتەرخەمیەکانی یەکیتی سۆڤیەت بەرامبەر بەوولاتە، کاسترۆی تووشی هێندێک هەڵە کرد کە

دەکرا خۆی لێ بپارێزی. بەرتەسک کردنی ئازادیی سیاسی وزینداانی کردن و دوورخستنەوەی هێندێک کەسایتیی فەرهەنگی و سیاسی کە تەنیا جیاوازی فیکریان لە گەڵ کاسترۆ هەبوو، ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێ.

"مارکس" و "ئینگڵس" ئاماژەیان بە دیکتاتۆری پرولیتاریا کردبوو کە کورت ماوە و دوای تێکشکانی سەرمایەداری و بەدەسەڵات گەیشتنی کریکاران بوو، بەڵام لە وڵاتانی بە ناو سوسیالیستی دا، دیکتاتۆریی پرۆلیتاری کورت ماوە بووە دیکتاتۆڕیی حیزبی و تەنانەت لە دەورەی ئیستالین ومائوتستونگ و هێندێکیتر لە رێبەران دا بووە دیکتاتۆریی تاکەکەسی درێژ ماوە، کە زەبری لە پرستیژی سیستمی دادپەروەرانەی سوسیالیزم دا.

گرنگترین هۆکارێک کە کاسترۆ و زۆرێک لە تێکۆشەرانی تووشی هەڵە لە سیاسەتی ناوخۆ و پێوەندییەکانیان دا کرد، شەڕی سارد و قوتب بەندیی دوو بەرەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بوو. بە شێوەیەک کە ئەو دەوڵەت و لایانانەی کە دژی ئەمریکا و ئیمپریالیزم دەوەستانەوە، خۆیان لە بەرەی رۆژهەڵات دا دەدیەوە کە یەکیتی سۆڤیەت ریبەرایەتیی دەکرد و بەداخەوە هەڵوێستەکان راست لە سونگەی سیاسەتەکانی سۆڤیەتەوە دەگیران. کە لە شێوەی حکوومەتداریی تۆتالیتاریی و نەهێشتنی ئازادیی و مەودا بۆ تێکۆشانی جیاوازبیر خۆی دەنواند. هەر ئەوش بوو کە سیاسەتی دەرەکی زۆر جار هەڵپەرستانە بوون و دیفاعیان لە دیکتاتۆر و جەنایەتکار دەکرد. ئەو دیفاعەش تەنیا بەو هۆیەوە بوو کە لەگەڵ سۆڤیەت دەبوونەهاوپەیمان و ئیتر لە ناوخۆی وڵاتی خۆیان چییان بکردایە و چ جەنایەتێکیان بکردایە سۆڤیەت و هاوپیمانەکانی چاوپۆشیان لیدەکرد. کە نموونەی سەدام حوسەین، خومینی، حافز ئەسەد، قەزافی،،، بوون.

کوباش لەو پرۆسە بەدەر نەبوو. کاسترۆ لەگەڵ هێندێک لەوڵاتانی دیکتاتۆری کۆنەپەرست پێوەندیی دوستانەی پێک هینا بە بیانووی ئەوەی کە ئەوانە دژی ئەمریکان، وەکوو کۆماری تیروریستپەروەرو کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ریژیمی مرۆڤکوژی بەعسی سەدام حوسین و ریژیمی دیکتاتۆڕی بەعسی سووریە. لەگەڵ ئەوەش جێی خۆیەتی لەکارە پێشکەوتوو شۆڕشگێریەکانی کە لە پێناوی ژیانی باش بۆکووبایەکان و یارمەتی بە رزگاریی گەلانی ئەفریقا و ئەمریکای لاتین وخۆڕاگری لە بەرامبەر پیلانەکانی ئەمپریالیزمی ئەمریکا ئەنجامی دا، رێزی تایبەتیی لێ بگیرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## کۆماری ئیسلامیی ئێران و تیرۆریزم

لە قسەی نەستەقی کوردیدا گوتراوە "قەل بە قەل دەڵێ روو رەش"؛ چەند رۆژ لەوە پێش یازدە وڵاتی عەرەبی کە بریتی بوون لە عەرەبستانی سعوودی، ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی، کووەیت، بەحرەین، عومان، قەتەر، مەڕاکیش، میسر، ئوردەن، یەمەن و سوودان، کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بەوە تاوانبار کرد کە یارمەتیی تێرۆریستان دەدا.

لەوەدا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێکە لە بنکە سەرکیییەکانی پەروەردەکردنی تێرۆریست گومانێک نیە. هەر بۆیە لەم وتارەدا تەنیا ئاماژەیکی کورت دەکەم بە مێژووی تێرۆریزمی کۆماری ئسلامی.

کۆماری ئیسلامیی ئێران یارمەتیی حیزبوڵای لوبنان،حیزبولدەعوە، حەماسی فەلەستین و چەند گروپ و تاقمی تێرۆریستی لە ئەفغانستان و کوردستانی باشوور داوە و دەدا. کە ئەم گرووپانە گشتیان تاونبارن بە ئەنجامدانی کردەوەی تێرۆریستی.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بێجگە لە تێرۆری پتر لە سەد کەس لە کەسایەتیی سیاسیی ئوپۆزسیون لە وڵاتانی ئوروپا و ئاسیادا، پتر لە سێ سەد کەس لە کادر و پێشمەرگە و کەسایەتیی سیاسیی سەر بە حیزبی دیموکڕات، کۆمەڵە، خەبات، شۆڕشگێران و چەند ڕێکخراوی پچووکی تری لە باشووری کوردستان تێرۆر کردووە. هەروەها دوای رووخانی ڕیژیمی مرۆڤکوژی سەدام حوسەینیش بە دەیانکەس لە ئەندامانی موجاهیدینی خەڵقی لە کەمپەکانیان لە عێراقدا تێرۆر کردوە. کۆماری ئیسلامی بەو شەوە نەوستاوە، تەنانەت لە نێوخۆیی ئێرانیشدا چەندین کەسایەتیی سیاسی و روناکبیری تێرۆر کردووە، کە بە ناوی کوشتارە زنجیرەیییەکان بە ناوبانگە.

ئێستا با بزانیین ئەو حکوومەتانەی کە کۆماری ئیسلامییان سەبارەت بە تێرۆریزم تاوانبار کردووە، کارنامەی خۆیان سەبارەت بە تێرۆریزم و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ چۆنە؟ لە سەردەستەیانەوە کە عەرەبستانی سعوودیە دەست پێدەکەین چونکە ئەو ریژیمە خاوەنی گەورەترین سەروەت و سامانە و قسەی لای وڵاتان لە هەمووان لە پێشترە. لە ساڵەکانی حەفتای زاینیەوە(پەنجای هەتاوییەوە) ئەو ریژیمە هەڵسووڕاوانە هاتوتە نێو دونیای سیاسەتەوە تا بە ئەمرۆ هیچ کارنامەیەکی خاوێنی لە مێژووی خۆیدا تۆمار نەکردووە. بێجگە لەوەی لە نێوخۆدا ئێستاش یەکێکە لە کۆنەپەرستترین و سەرەڕۆترین ریژیمەکانی جیهان، کردەوەکانی لە باری نێو نەتەوەییەوەش لەوە خاوێنتر نییە.



سەرچاوە
Serchawe

کاتێک شەڕی ئەفغانستان هەڵگیرسا، عەرەبستان بە هاوکاریی ئەمریکا و پاکستان توانیان یەکیتی سۆڤیەتی پێشوو لە ئەفغانستان دەرپەڕینن و حکوومەتی تا رادەیەک دیمۆکراتی دوکتور نەجیبوڵا بڕوخێنن کە لەو نێوەودا بە هۆی کارئاسانیی ئەو سێ وڵاتەی سەرەوە، تاڵەبان لە ئەفغانستان وپاکستان و ئەلقاعیدە لە هەموو جیهان سەریان هەڵدا و بوونە دوو کۆڵەکەی سەرچاوەی سەرەکیی تێرۆریزمی جیهانی. عەرەبستان بۆ پەرەپێدانی وەهابییەت و ئیسلامی سیاسی بە پووڵ و پارەی بەلێشاوی نەوت لە هەموو وڵاتانی فەقیری ئیسلامی و ئەو وڵاتانەی کە کەمایەتیی موسڵمانی لێیە، و تەنانەت لە وڵاتانی ئورووپایی بە چاوپۆشیکردنی حکوومەتانی ئەو وڵاتانە کە مامەڵەی بەسودیان لە گەڵ عەرەبستان هەبوو، کەوتە دروستکردنی فێرگەی ئیسلامی و مزگەوت.

کە هەمووی ئەمانە بوونە سەرچاوەی پەروەردەکردنی توندوتیژیی ئاینی و سەرەنجام پەروەردەکردنی تێرۆریست. هەموو شارەزایانی سیاسی دەیانزانی کە عەرەبستانی سعوودی، قەتەر و تورکیە لە پێکهێنانی تاقمی تێرۆریستیی داعەش دا دەستیان هەبووە. بەڵام ئەو وڵاتانە بەڵگەیان بەدەستەوە نەدەدا تاوەکوو لە ئەنجامدا لە کاتی هەڵبژاردنی سەروک کۆماری ئەمریکادا "ویکیلکس" بەڵگەیەکی دەرخست کە دەڵێ: "هیلاری کلینتۆن کاتێ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە گوتوویەتی کە عەرەبستان و قەتەر یارمەتیی داعەش دەکەن.

ڕیژیمی سەڵتەنەتیی عومان کە یەکێکە لە رژیمە کۆنەپەرستەکانی ناوچە، لە ساڵەکانی حەفتای زایینی(واتە پەنجاکانی هەتاوی) بە یارمەتیی ئیستعماری(کولۆنی) بریتانیای گەورە و ریژیمی حەمە رەزا شا، بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانەی 'زوفار' یان شەڵاڵی خوێن کرد. شێخ نشینەکانی دیکەی خەلیجی فارس واتە قەتەر، ئەمارات، بەحرەین و کوویت بە سەروەت و سامانێکی زۆرەوە کەم تا زۆر بۆ پەرپێدانی ئیسلامی سیاسی هەر ئەو نەخشە دەگێڕن کە عەرەبستانی سعوودی بەئەستۆوەی گرتووە.

حکوومەتی بەشێک لە یەمەن کە ئێستا هاوپەیمانی عەرەبستانە و عبد ربە منسوورهادی سەرۆک کۆماریەتی، هەر وەک عەلی عەبدوڵا سالح سەرۆکی پێشوو، بە بێ هەڵبژاردنێکی بێخەوش هاتۆتە سەرکار و لە گەڵ بەشەکەی تری یەمەن کە حەوسە شێعەکان و داروەستەی عەلی عەبولا سالح لەشەڕێکی خویناویدایە و هیچکام لە کوشتنی خەڵکی سویل و بێدیفاع دەست ناپاریزن. بە تایبەت عبد ربە مەنسوور هادی شەریکی ئەو بۆمبارانە کوێرانەی عەرەبستانی سعوودییە کە بە سەدان کەس بە بێ تاوان دەبنە قوربانی.

ئوردەن جگە لەوەی ساڵەها دۆست و هاوکاری نزیکی سەدام حوسەین بووە، وە کوشتاری سیبتامبری رەشی فەلەستینییەکانیش لە کارنامەیدا تۆمار کراوە. هەر وەک لە پەندی پێشینیان دا گوتراوە لە ترسی ئاگر پەنا بۆ ئاو دەبا بە هەزاران

فەلەستینی لە دەستی داگیرکاریی ئیسرائیل پەنایان بۆ هاوزمانەکانیان برد ببوو و ئاوارەی ئوردەن ببوون، بەڵام بە داخەوە بە دەستی ئەرتەشی ئەو وڵاتە قەتڵوعام کران. حکوومەتی میسر کە بە کودتایەکی نیزامی هاتۆتە سەرکار، بە پێچەوانەی بەڵێنییە سەرەتایەکانی کودەتا، ئێستا نەک تەنیا ئەخەوانەکان سەرکووت دەکا، بەڵکوو دیموکڕات و چەپەکانی میسریش کەوتونەتە بەرهێرشی پۆلیس و دەزگای ناسەربەخۆی دادوەریی ئەو وڵاتە، دوای ئەوەی کە خەبات و فیداکاریی خەڵکی میسر بۆ گۆڕانکاری بێ ئاکام ما.

لە ڕاستیدائە ریژیمە لە گەڵ ڕژێمی حوسنی موبارەک جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە. ریژیمی سوودان یەکێکە لە ریژیمە دیکتاتۆرو کۆنە پەرستەکانی ئەفریقا. بێجگە لەوەی بە ناوی ئیسلام هەموو ئازادییە دیموکراتییەکانی بەربەست کردووە، ئەوە ساڵەهایە خەڵکی برسی و هەژاری دارفۆر سەرکوت و کوشتار دەکات، کە بە پێی ئامار چوارسەد هەزار کەس کوژراون و دوومیلیون و هەشتسەد هەزار کەس ئاوارەبوون و دەستدرێژی کراوتە سەر هەزاران ژنی دارفۆر. بەم هۆیەوە عومەر بەشیر دیکتاتۆری ئەو وڵاتە لە ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی( ١٣٨٨ی هەتاوی) لەلایەن دادگای نێو نەتەوەیی لاهەوە (دێنهاخ) بە تۆمەتی ژینوسایدی خەڵکی دارفۆر فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووە و ناوێرێ بۆ وڵاتانی ئەمریکا و ئورووپا سەفەر بکات. هەرچەند ئێستاش لە لایەن وڵاتانی ئیسلامییەوە بە گەرمی پێشوازیی لێدەکرێ. مەڕاکیش (مەغریب)یەکێکە لەو ریژیمانەی کە وەکوو کۆماری ئیسلامیی ئێران تێرۆری کەسایەتیی ئوپوزسیۆنی لە دەرەوەی وڵاتی خۆی ئەنجام داوە.

مەڕاکیش مەهدی بن بەرەکە کەسایەتیی پێشکەوتنخوازی مەڕاکیشی بە یارمەتیی ڕێکخراوی سیای ئەمریکا بە دەستی کەسانێک کە جل و بەرگی پۆلیسی فەڕانسەیان لە بەردا بوو، لە ساڵی ١٩٦٥ی زایینی ( ١٩٤٤ی هەتاوی) لە فرۆکەخانەی پاریس رفاند و تێرۆریان کرد. وە هەروە هات تاوانبارە بە شەرفرۆشتن بە خەڵکی سەحرای رۆژئاوا.

لە ساڵی ١٩٧٥ی زایینی ( ١٣٥٤ی هەتاوی) کە ریژیمی خوێنڕێژی فرانکۆ بە هۆی مردنیەوە نەما، ئیسپانیا لە سەحرای رۆژئاوا کە موستەعمەرەی (کولونی) بوو چووەدەر. پێش ئەوە هەم مەڕاکێش و هەم موریتانی ئیدیعایان دەکرد کە سەحرای رۆژئاوا بەشێک لە وڵاتی ئەوانە. دوای چوونە دەرەوی ئیسپانیا بزووتنەوەی پۆلیساریۆ سەری هەڵهێنا کە داوای سەربەخویی بۆ ئەو وڵاتە دەکرد و شەڕ لە نێوان مەڕاکیش و پۆلیساریۆ دەستی پێکرد وچوار ساڵ شەڕی رزگاریخوازی بەردەوام بووو. لەم ماوەدا بە هەزاران کەس لە خەڵکی سەحرای رۆژئا کوژران. دوای چوار ساڵ مەڕاکیش هێزەکانی لە سەحرای رۆژئاوا کێشایەوە، بەڵام لە سەر ئیدیعای خۆی سوور بوو و هەروا سەحرای رۆژئاوای بە بەشێک لە وڵاتەکەی خۆی دەزانی.

ئێستاش لەبەر ئەوەی مەڕاکیش ئامادە نەبووە سەربەخۆیی سەحرای رۆژئاوا بە رەسمی بناسێ، هیچ دەوڵەتێک لەبەر ویستی

تەمەعکارانەی مەڕاکیش ئەو وڵاتەیان بەرەسمی نەناسیوە، تەنیا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەفتەرێکی لەو وڵاتە کردۆتەوە. ئەوە بوو کورتەیەک لە کارنامەی رەشی کۆماری ئیسلامیی ئێران و یازدە وڵاتی عەرەبی. شێعرێکی فارسی دەڵێ: تۆ خۆت داستانی تێر و تەسەل لەم کورتە گوتارە بخوێنەرەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١ی دیسەمبەری ٢٠١٦**

---

## دوو ریژیمی دژ بەیەک، بەڵام هاوئامانج

كاتێک سەیری تەلەڤزیۆن دەكەی یان رۆژنامە و گۆڤار و وتاری ئینتێرنێتی دەخوێنیتەوە، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دوو وڵات زۆرترین باسەكانیان بۆخۆیان تەرخان كردووە، ئەوانەش بریتین لە كۆماری ئیسلامیی ئێران و ریژیمی پاشایەتیی عەرەبستانی سعوودی. بە باوەڕی لێكۆڵەرە وردبینەكان ئەو گرینگیدانە بەو دوو ریژیمە دوو هۆی سەرەكیی هەیە، یەكەم هەردووكیان وڵاتانی دەوڵەمەندی خاوەن كانگای نەوتن كە لای شیركەتە چەوسێنەرەكانی جیهانی سەرمایەداری خۆشەویستی كردوون، دووهەم بە رواڵەت دژی تیروریزمن، بەڵام لە راستیدا بە شێوازی جۆراوجۆر دابینكەری ماڵی و چەک و چۆڵی تیرۆریستان و پەرەپێدەری توندئاژوویی ئایینیین بە هەردوو شێوەی شیعە و سونەوە كە لەم وتارەدا بە وردی باس دەكرێ.

لێرەدا بۆ ئەوەی هۆیەكانی دژایەتیی ئەو دوو ریژیمە بزانرێ، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ مێژوو و نەختێک بەدرێژی لەسەربناغەی پێكهاتەی ئیدەئولوژیكیی ئەو دوو سیستمە بدوێین.

كاتێک شا ئیسماعیلی سەفەوی لە ساڵی ٩٠٧ی كۆچی، ١٥٤٥ی زایینی، لە ئێراندا دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، مەزهەبی شیعەی كردە مەزهەبی رەسمیی ئێران و لەو ریگەدا چەندین شەڕی كرد لە گەڵ عوسمانییەكان و ئوزبەكەكان و توركەمەنەكان كە سونە مەزهەب بوون و بە قەولی مێژوو نووسان لەو ریگەدا دووسەد و پەنجا هەزار مرۆڤ سەری تیدا چوو كە پتریان كەسانی سونە مەزهەب بوون. شا ئیسماعیل بە دڵڕەقی و بێبەزەیی بوون بەناوبانگە و شێوەكانی ئەشكەنجە كە بەرانبەربە دوژمنانی بە كاری هێناون هێندێكیان تا ئێستاش لە ریژیمە دیكتاتۆرەكاندا بەكار نەبراون. لە بەرانبەر كوشتاری سونەكانی ئێران و دەوروبەری دا، سوڵتان سەلیمی عوسمانیش تۆڵەی لە شیعە عەلەوییەكانی عوسمانی كردەوە و چل هەزار كەسی لێ قەتڵوعام كردن كە بەشێكیان كورد بوون.

ئاخوندەكان لە دەورەی سەفەویدا پەیڕەوی شاخەی "اخباری" بوون كە باوەڕیان وابوو عولەمای شیعە دەبێ تەنیا لە چوارچێوەی قورعان و حەدیس و سونەت دا فتوا بدەن و كاری شەرع راپەڕێنن. ئاخوندەكان لە دەورەی سەفەوی دا دەسەڵاتی زۆریان هەبوو، بەڵام قەت هەوڵی بەدەستەوەگرتنی ئیختیاری حكوومەتییان نەدا.

پادشاكانی سەفەوی بۆ بەهێزكردنی مەزهەبی شیعە بەشێكی بەرچاوی ئاخوندە گەورەكانی ئەو دەورەیان لە لوبنانەوە دەهێنا. میرزا محەمەد تنكابنی دەڵێ: "كاتێک شا تەهماسب جەنابی شێخ عەلی كوركی لە جەبەل لوبنانەوە هێنا بۆ وڵاتی

عەجەم بۆ هەموو مەملەکەتەکانی خۆی نووسی کە هەموو دەبێ فەرمانبەرداری شێخ عەلی بن و ئەسڵی سەڵتەنەت هی ئەو پیاوە گەورەیە، چونکە جێنشینی ئیمامە."

هەروەها لە سەردەمی شا سوڵتان حسەین، واتە ئاخرین شای سەفەوی دا، مەلا محەمەد باقری مجلیسی دەسەڵاتی بە رادەیەک بوو کە شا سوڵتان حسەین هێچ کارێکی بە بێ پرسی ئەو نەدەتوانی بکا. چەند جارئەو پادشا بێدەسەڵاتەی وادار کرد کە هێندێک ئەرمەنی و جووی بێتاوانی ئیسفەهان بکوژێ لە بەر ئەوەی باج و خەڕاجی مەلایان نەدابوو.

لە دەورەی قاجاریشدا ئاخوندەکان دەسەڵاتی زۆریان هەبوو، ئەمجارە شاخەی "اصولی" نفووزیان پەیدا کرد کە باوەڕیان وابوو موجتەهیدی شێعە جگە لە قورعان و حەدیس و سونەت بە پێی زەروورەت دەتوانێ "اجتیهاد" یش بکا.

لە دەورەی فەتحعەلیشادا کە پادشایەکی تا بڵێی کۆنە پەرست و خوڕافاتی بوو، لەگەڵ ئەوەش شەڕی لەگەڵ رووسەکان پێ خۆش نەبوو، بەڵام سەید محەمەد باقر (موجاهید) لە نەجەفەوە هاتە تاران و بە یارمەتیی ئاخوندەکانی دیکە فەتحعەلیشایان هان دا کە دژی رووس شەڕ رابگەیەنێ و خۆیشیان فتوای غەزایان دا. فەتحعەلیشا نامەیەکی لە سەید محەمەد باقر(موجاهید) وەرگرت کە ئەگەر شکستی خوارد، لە گۆڕدا بە نەکیر و مونکیری پیشان بدا کە ئەم شەڕە بە ئەمری (موجاهید) بووە. سەرەنجام لەشکرەکانی ئێران شکستیان خوارد و بە پێی دوو پەیماننامەی گوڵستان و تورکمانچای، بەشێکی زۆر لە سەرزەویی قەوقاز کە هی ئێران بوو درا بە رووسیە.

لە دەورەی قاجاردا هەرچەند ئاخوندەکان دەسەڵاتی زۆریان هەبوو و لە باری ملکدارییەوە ببوونە شەریکە بەشی شازادەکان و دەرەبەگەکان، بەڵام مەگەر بە دەگمەن ئەگینا فەرمانبەرداری پادشاکانی قاجار بوون. هەرچەند هەر لە دەورەی فەتحعەلیشادا ئاخوند ئەحمەدی نەراقی بیرۆکەیەکی هێنا بە ناوی "حدیث مقبولە عمر بن حنظلە" کە گوایە لە جەعفەری سادق ئیمامی شەشەمی شێعەکان وەرگیراوە. ناوبراو لەو حەدیسەدا گوتویەتی دوای ئیمامی غایب دەسەڵاتی وڵاتانی ئیسلامی بە هیچ پادشا و دسەڵاتدارێک رەوا نیە و دەبێ موجتەهیدی خاوەن سەڵاحیەت ئەو ئەرکە بەڕیوە بەرێ. کە دیارە خومەینی دوای هاتنە سەرکار لەو حەدیسە کەڵکی وەرگرت و بە ناوی "ویلاتی فەقیە" دەسەڵاتی ئێرانی بە دەستەوە گرت.

هەر لە دەورەی قاجاردا بزووتنەوەی باب سەری هەڵدا کە دەزگای جەور و بێدادی قاجار بە فتوای ئاخوندەکان نزیکەی بیست هەزار کەسیان لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران بە تۆمەتی بابی بوون کوشتار کرد کە بەوتەی مێژوونووسان بەشێکی زۆریان لەو کوژراوانە کاربەدەستانی حکوومەت و ئاخوندەکان بە تەماعی سەروەت و سامانیان ئەو تۆمەتیان لێدەدان و بەرکوشتار دەکەوتن، ئەگینا بابی نەبوون.

لە دەورەی مەشروتە ١٢٨٤ تا ١٢٨٨ی هەتاوی ١٩٠٥ تا ١٩٠٩ی زاینی ئاخوندەكان بوونە دوو بەش، بەشێكیان تەنیا لەبەر زوڵم و زۆری قاجار پشتی ئازادیخوازانیان گرت "مەشروتەخواز" و بەشێكیشیان بوونە پشتیوانی حكوومەتی قاجار "مەشروعەخواز". دوای سەركەوتنی مەشرووتە، ئاخوندەكانی پشتیوانی مەشروتە توانیان خاڵی ١و ٢ لە قانوونی بنەڕەتیدا بچەسپێنن، كە خاڵی ١ دەڵێ: "مەزهەبی خەڵكی ئێران شێعەی جەعفەریی دوازدەئیمامییە وهەتا هەتایە بەردەوامە." و لە خاڵی ٢ شدا دەڵێ: "پێنج موجتەهید چاودێری بەسەر قانوونە پەسەندكراوەكانی مەجلیسدا دەكەن، هەر قانوونێك دژی شەرعی ئیسلام بێ، لای دەبەن."

ڕەزا شا هەرچەند تا رادیەک دەستی ئاخوندەكانی كورت كردەوە، بەڵام نەیتوانی بە رەسمی دەست لەو خاڵانە بدا كە هەر لە قانوونی بنەڕەتیدا مانەوە و دوای هاتنە سەركاری كۆماری ئیسلامی،ئاخوندەكان بە زیاد كردنی چەندین خاڵی دیكە ئێرانیان بە تەواوەتی كردە وڵاتێكی ئیسلامی و ئەو نەختە ئازادییەی كە خەڵكی ئێران لە شۆڕشی مەشروتە دا بە دەستیان هێنابوو، لە خەڵكیان سەندەوە.

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی، واتە ١٩٤١ی زاینی هاوپێمانان هێرشیان كردە سەر ئێران و دیكتاتۆڕیی بیست ساڵەی ڕەزا شا رووخا، كەشێكی ئازاد لەئێران دا پێك هات كە هەم حیزب و ریكخراوە چەپ و پێشكەوتنخوازەكان و هەم ئیسلامییەكان ئیجازەی تێكۆشانیان وەرگرت، لە نێو چەندین حیزب و رێكخراوی ئیسلامیدا ریكخراوی "فیدائیانی ئیسلام" لە هەموان پتر ناوبانگی دەركرد. فیدائیانی ئیسلام كۆپیی شێعەی "اخوان المسلمین" ی میسر بوو و یەكێك لە كارەكانی تێرۆری نەیارانی ئەو رێكخراوە بوو. ئەحمەدی كەسرەوی مێژوونوس و نووسەری بەناوبانگ لە سەر نووسینەكانی لەسەر شێعە یەكەمین قوربانیی ئەم تاقمە تیروریستیە بوو. خومینی لە ١٣٢٣ی هەتاوی، ١٩٤٤ی زاینی وتارێكی نووسی و موسڵمانانی هان دا بۆ كوشتنی كەسرەوی (ئەو كات خومەینی زۆر ناسراو نەبوو) دووایی "نواب سەفەوی" رێبەری فیدایانی ئیسلام، فتوای كوشتنی كەسرەویی لە دوو گەورە موجتەهیدی نەجەف وەرگرت وگەڕایەوە ئێران و یەكێك لە ئەندامانی فیدائیانی ئیسلام ئەحمەدی كەسرەوی و دەفتەرداەكەی لە وزارەتی داد و لە بەر چاوی قازی لێكۆڵینەوەدا تیرۆر كرد. دواییش سێ كەس لە سەرۆك وەزیرانی ئێرانیان تیرۆر كرد و لە بەر ئەوەی ئایتوڵا كاشانی گەورە ئاخوندی ئەو سەردەمە و زۆر لە ئاخوندەكان پشتیوانیان بوون، لە سەزای قورس رزگاریان دەبوو.

دوای كودەتای ناسراو بە كودەتای "شا - زاهیدی، ئەمریكایی - ئینگلیزی" لە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی، ١٩٤٣ی زاینی كە شا بووە دیكتاتۆڕیكی كەم وێنە بە دووجار هەشت كەس لە سەرانی فیدائیانی ئیسلامی ئیعدام كرد.

ئاخوندەكان بە كەڵك وەرگرتن لە هەستی ئاینی كۆمەڵانی خەلكی ئێرا ن و پەنا بردن بۆ "تەقیە" كە واجبێكی شەرعیە لە

مەزهەبی شیعەدا، بە فریودانی خەڵک لە ژێر ناوی دابین کردنی ئازادی و ئاسایشت، و هەروەها بە کەڵک وەرگرتن لەو کەشە تا رادەیەک ئازادەی کە لە دەورەی شادا تەنیا بۆ ئەوان هەبوو، کە لە مزگەوت و حسینییەکانەوە پڕوپاگەندەی بۆچوونەکانی خۆیان بکەن و بە هۆی پرژوبڵاویی هێزە دیموکرات و ئازادیخواز و چەپەکانەوە بە ئاواتی لە مێژینەیان واتە بە دەستەوەگرتنی کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵات گەیشتن و لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، ١٩٧٩ی زایینی کۆماری ئیسلامییان راگەیاند. ئاخوند کە لە سەراسەری مێژووی ئێرانی شیعەدا لە بەرپرسایەتیەکاندا بێبەش بەڵام لە نیعمەتەکان دا بەشدار بوو، ئەمجارە هەم بووە خاوەنی بەرپرسایەتییەکان و هەم نیعمەتەکان.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتیدا بە کردەوە پیشانی داوە کە بۆ دابەزاندنی بیرۆکەی "ویلایەتی فەقیە" ئەم شێوازەی بە کار بردوە. شووشتنەوەی مێشکی کۆمەڵانی بەرینی خەڵک لە ریی پڕوپاگەندەی بەربڵاو بە هۆی میدیا و دەزگای راگەیاندنی حکوومەتی و ئیمام جومعەکان و بنیاتەکانی تری سەر بەحکوومەت، دوژمنایەتی لە گەڵ توێژی روناکبیر و ئامادەکردنی دواکەوتووترین توێژەکانی کۆمەڵ بۆ دژایەتی لە گەڵ رۆشنبیران و زانستی نوێ، دژایەتی لەگەڵ مافی مرۆڤی پەسەندکراوی رێکخراوە جیهانییەکان، پێشێلکردنی ئازادیی ژنان، دژایەتی لەگەڵ کەمایەتیە مەزهەبییەکان، چەوساندنەوەی چین و توێژە زەحمەتکیشەکان لە سۆنگەی بەڕێوەبردنی سیستمی چەوسێنەری سەرمایەداری و توێژی مشەخۆری تازەپێگەیشتووی نێو جەرگەی رێژیم و سەرەنجام پێشێلکردنی مافی رەوای گەلانی بندەستی ئێران بە تایبەت مافی رەوای گەلی کوردمان کە ساڵەهایە خەباتی بۆ دەکرێ.

لە ساڵی ١١٥٠ی کۆچی، ١٧٣٧ی زایینی وەهابییەکان بە رێبەریی محەمەد بن عبدولوەهابی تەمیمی لە نەجدی عەرەبستان کە لەوێدا فۆرماسیۆنی شێوە باوک مەزنی سیستمی دەسەڵات بوو، راپەرین و بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر کێشە مەزهەبییەکان راگەیاند. لە ساڵی ١١٥٧ی کۆچی ١٧٤٤ی زایینی ئەمیری عەشیرەی مسالخ بووە پەیڕەوی ئەم رێچکە مەزهەبییە. لە ساڵی ١٩٣٥ی زایینی محەمەد بن مەسعوودی باپیرە گەورەی پادشاکانی سعوودی بیروبۆچوونەکانی محەمەد بن عبدولوەهابی قبوول کرد و بووە پشتیوانی سەرەکیی ئەم جووڵانەوە و دەوڵەتی وەهابیی لە عەرەبستان دامەزراند. ئەوان کە سونەی حەنبەلی بوون و لە ژێر کاریگەریی بیروبۆچوونەکانی "تقی الدین ابن تیمیه" فەقێی سەلەفیی دا بوون، هێندێک بیروکردەوەیان لە ئیسلامی سەردەم دا بە "بدعت"(شتێک کە لە ئەسڵی ئیسلام دا نەبووبێ) دادەنا و پێیان وابوو هەرکەس ئەو بدعەتانە پەیڕەو بکا کافرە. وەکوو ئەوەی هەر جۆرە عیبادەتێ جگە لەوەی بە ناوی خودا بێ و پەسنی هەرکەس جگە لە خوا بدعەتە، زیارەتی گۆڕەکان و جێگەکانی جێی رێزی موسڵمانان وەکوو بوتپەرستی وایە، هێنانی ناوی کەسایەتیی ئاینی دوای پێغەمبەر (وادیارە مەبەستیان عەلی خەلیفەی چوارەم بێ کە شێعەکان ناوی دینن) لە نوێژدا کوفرە، پەیڕەوکردنی هەر حوکمێک کە لە قورعان یان لە حەدیسی پێغەمبەردا نەهاتبێ کفرە. باوەڕ بە "قدریە" (واتە مرۆڤ ئازاد خوڵقاوە و خۆی موختارە و مەجبوور نیە لە کردەوکانی خۆیدا) وەکوو باوەڕی "موعتەزیلە" کفرە، تەئویلی (لێکدانەوەی قورعان بە

پێچەوانەی ڕواڵەتەکەی) قوڕعان کوفرە و زۆر شتی تر. دیارە جگە لەوە وەهابییەکان لە گەڵ پێشکەوتنخوازی و کولتور و زانستی ڕۆژئاواش بە توندی بەربەرەکانێیان دەکرد و هەر جۆرە نوێخوازیەکیان بە کفر دادەنا. ئەوان لە ١٨٧٦ی زایینی هێرشیان کردە سەر کەربەلا و نەجەف و حەوت هەزار شیعەیان قەتلوعام کرد. ئەم کردەوانەی ئەوان کەشی زیاتری دوژمنایەتیی سونە و شێعەی پێکهێنا، چونکە شێعەکان کردەوەی وەهابییەکانیان بە حیسابی هەموو سونەیەک دادەنا.

دوژمنایەتیی شێعەو سونە کەم تا کورت ئیدامەی هەبوو، تا بۆنی نەوت بەر لووتی شیرکەتە نەوتیەکانی ئیمپریالیستی کەوت. ئەوانە ڕوویان کردە ڕۆژهەلاتی ناوڕاست کە سەرچاوەی پتر لە نیوەی نەوتی جیهانی لێ بوو. دوو وڵاتی پادشایی عەڕەبستانی سعوودی و پادشایی پەهلەویی ئێران لە باری ئابووری و سیاسییەوە کەوتنە ژێر نفووزی ڕۆژئاوا. دوایی ئەمریکا ئەوانەی زۆر لە یەک نزیک کردەوە و بوونە دوو دۆست وتەنانەت لە بەرامبەر دوژمنانی ڕۆژئاوادا هەڵویستی چون یەکیان ڕەچاو دەکرد، تا ئەو کاتەی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت. ئەمجارە سیاسەتی دوو وڵات گۆڕانێکی بنەڕەتیی بە سەرداهات، لە بەر ئەوەی عەڕەبستانی سعوودی هەر وا دۆستی ڕۆژئاوا مایەوە، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران بە رواڵەت پشتی کردە ڕۆژئاوا.

ئەم دوو ریژیمە لەم ماوەی نزیکەی چل ساڵەدا ئەوەندەی بۆیان کراوە و لە سایەی پووڵ و پارەی نەوتەوە پەرەیان بەکۆنەپەرستی و توندئاژوویی مەزهەبی داوە، یەک لە بیرۆکەی کۆنەپەرستانەی ویلایەتی فەقیە بۆ نێو شێعەکان کەڵکی وەرگرتووە و ئەوی دیکە لە بیرۆکەی کۆنەپەرستانەی وەهابی بۆ نێو سونەکان. ئەوەش لە ریگەی دروست کردنی مزگەوت و مەدرسەی مەزهەبی و ناوەندی چاپ و بلاوکردنەوەی کتێب و گۆڤاری خۆرایی لە وڵاتانی کەمداهاتی موسڵمان و تەنانەت لە وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکایی کە کۆمەڵانی موسڵمان وەک پەنابەر روویان تێکردوە.

ئەم دوو ریژیمە کۆنەپەرستە ئیدیعا دەکەن کە دژی تیروریزمن و وڵاتانی سەرمایەداریش کە بەرژەوەندی ئابووریان لە عەڕەبستان هەیە و روسیە و چینیش کە بەرژەوەندیی ئابوورییان لە ئێران دا هەیە، شەرمنانە ئیدیعاکەیان قبووڵ دەکەن. ئێستا بە کورتی کارنامەی ئەو دوو رێژیمە لەو بارەوە پیشان دەدەین. کوماری ئیسلامی لەورۆژەوە کە هاتوتە سەرکار دەستی لە تیرۆری کەسانی ئوپوزسیونی خۆی نە پاراستوە، جگە لەوەی نزیکەی سێ سەد کەس کادر و پێشمەرگە و تەنانەت کەسانی سیاسی دانیشتووی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە و خەبات و شۆرشگیران و هێزی تری لە هەریمی کوردستانی باشوور تیرۆر کردووە، پتر لە سەد کەسیشی لە وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکا و عێراق و پاکستان و تورکیە و ولاتانی کەنداوی فارس تیرۆر کردوە، کە نموونەی بەرچاوی مەحکووم بوونی پاشملەی هێندێک لە سەرانی ئەمنیەتی و سیاسی ریژیم لە دادگای میکونووسی ئەڵماندا بوو. لە ئارژانتین دەستی هەبووە لە تەقاندنەوەی ناوەندی جوولەکانی ئەو وڵاتە، یارمەتیی حیزبوڵای لوبنانی داوە کە تاونبارە بە تیرۆری رفیق حەریری سەرەک وەزیرانی پێشووی لوبنان و تەقاندنەوەی بنکەکانی

سەربازیی ئەمریکا و فەڕانسە لە لوبنان. یارمەتی حەماس و جیهادی ئیسلامیی فەلەستین و هێندێک تاقمی شیعەی عیراقی کردووە کە هەر کردەوەیەکی تێروریستییان پای کۆماری ئیسلامی ئێرانیش دەگرێتەوە.

عەرەبستانی سعوودی جگە لەوەی ئیستاش لە باری هەڵسووکەتی کۆمەڵایەتییەوە لە گەڵ خەڵکەکەی وەکوو چەرخی هەژدەو نۆزدە ڕەفتار دەکا، ژن هیچ مافێکی بەرانبەری لەگەڵ پیاونیە، دەستی ئافتاوە دز دەبڕدرێ، یەڵام شازادەکانی سعوودی خۆیان گەورەترین دزی سەروەت و سامانی وڵاتن، هێچ ڕەوتێکی سیاسی ئیجازەی تێکۆشانی نیە. عەرەبستان لە شەڕی ئەفغانستاندا هاوڕی لە گەڵ ئەمریکا و پاکستان گەورەترین کاریگەریان هەبوو بۆدروستبوونی دوو گرووهی تیروریستی تاڵەبان و ئەلقاعیدە. لە پاکستان بە هەزاران مەدرەسەی مەزهەبیی کردەوە کە نەک تەنیا سەرچاوەیەک بوون بۆ پەرەپێدانی توندئاژۆیی ئاینی، بەڵکوو بۆ پەروەردەکردنی تیروریست بۆ تاڵەبان و ئەلقاعیدەش. عەرەبستان لە زۆر وڵاتانی موسڵمانی سونەی کەم داهات و وڵاتانی ئوروپا و ئەمریکا بە دروستکردنی مزگەوت و مەدرەسەی مەزهەبی هێزی تازە بۆ داعەش و تاقمە تیروریستەکانی دیکەی سوریە ئامادە دەکا، تەنانەت دەرکەوتووە کە لە هێرش بۆ سەر بورجەکانی نیۆیورک دەستی هێندێک لە کاربەدەستانی عەرەبستانی تێدابووە، بەڵام ئەمریکا دەیشارێتەوە. جا بۆیە هەرچەند ئەو دوو ڕیژیمە لە باری بیرو بۆچوونەوە دوژمنی یەکترن، بەڵام ئامانجیان یەکە، ئەویش پەرەپیدانی توندوتیژیی مەزهەبی کە زۆر جار دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تیروریزم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## سەرمایەداری سیستمی چەوساندنەوە و نابەرابەری

"برسییەتی بنەبڕ بکە. رووت و رەجاڵەکان پۆشتەو پەرداخ بکە. بۆ هەمووان ژیانێکی شەرافەتمەندانە دابین بکە... ژیانی ئەو مرۆڤانەی کە بە هۆی کەمتەرخەمیی ئەرکی پزشکییەوە گیان دەدەن، رزگار بکە. فەرهەنگ و خوێندەواری بخەرە خزمەتی هەمووان، ئازادییە دیموکڕاتیەکان بەهێز بکە توندوتیژیی سەرکوتکەرانە بە هەموو شێوەکانییەوە لەنێو بەرە. ئەو کاتە بڵێ خزمەتێکم بە مرۆڤایەتی کردووە."

### نووسەرێکی نەناسراو

- ئەو سیستمەی لە یەکیتی سۆڤیەت و وڵاتانی ئوروپای رۆژهەڵات کە بە ناحەق ناوی کومۆنیستی و سوسیالیستی لێ نرابوو رووخا. بۆیە وشەی بە ناحەقم هێناوە، چونکە ئەوانە ساڵەها بوو لە باری سیاسییەوە بە شێوەی دیکتاتۆریی تەک حیزبی بەڕێوە دەچوون و لە باری ئابوورییەوە سیستمی ئابووری دەوڵەتی بەسەریاندا زاڵ بوو. ستایشکەرانی سەرمایەداری لە مێسمیدیاکانی جیهانەوە کە لە کونترۆڵیان دابوو، کەوتنە پروپاگەندە کە سیستمی سەرمایەداری تەنیا سیستمی سەرکەوتوو و ئەمرۆژەیە و ئەوەتا بە چاوی خۆتان بینیتان کە چلۆن سیستمی کومۆنیستیی شکست دا (دیارە ئەوان مافی خۆیان بوو بازارگەرمی بۆ سیستمەکەیان بکەن). سەیر ئەوە بوو، لەبیروباوەر وەرگەڕاوانیش کە سەردەمانێک بەردی بەرگری لە کومۆنیستبوون و سوسیالیست بوونیان لە سنگ دەدا لە گەڵ ستایشکەرانی سەرمایەداری هاودەنگ بوون.

لە سەر نادادپەروەریی سیستمی سەرمایەداری، پیش کارل مارکس، فەیلەسووفان و زانایانی سوسیالیستی وەکوو کراکۆس بابۆڤ، سەن سیمۆن "،شارل فۆرییە ،رابیرت ئەون، لویی ئوگوستۆ بلانکی و کەسانی دیکە شیکرنەوەی بەکەڵکیان کردبوو، بەڵام لە راستیدا تا ئیستاشی لەگەڵ بێ، هیچ کەس وەکوو مارکس نەیتوانیوە نادادپەروەریی سیستمی سەرمایەداری لە کتیبەکەیدا بە ناوی کاپیتاڵ واتە سەرمایە بە شێوەیەکی زانستی شی بکاتەوە، دیارە لەو بارەوە ناکرێ نەخشی یار و یاوەرە هەمیشەیەکەی واتە ئینگڵس لە بەرچاونەگیرێ. بۆ وەڵامدانەوەی ستایشکەرانی سیستمی سەرمایەداری ئەگەر ناگەرێینەوە بۆ ئەوکاتەی کە وڵاتانی بریتانیا و فەڕانسە و ئیسپانیا و پورتەقاڵ بۆ بە دستهینانی زێڕ و زیوو و سەروەت و سامانی ئەمریکای تازەکەشفکراو، سی میلیۆن سوورپێستی ئەو قارەیان کوشتار کرد، هەروەها نەگەرێینەوە بۆ ئەوکاتەی کە ئەمریکایەکان بۆ ئەوەی زەویە پان و بەرینەکانی ئەمریکا بەرهەم بێنن و قازانجێکی زیاتریان دست کەوێ، سیستمی نامرۆڤانەی کۆیلەداریان پەرە پێدا و بە میلیۆنها مروڤی رەشپێستی ئەفریقایان رفاندن و لە ئەمریکا فرۆشتیانن، کە نیوەیان هەرلە نیوەرێدا دەمردن، لە مێژووی سەدەکانی نۆزدە و بیستەوە دەست پێدەکەین. هێندێک لەو کەسانەی بەشداری

شەڕی یەکەمی نێونەتەوییان کردبوو لە ژیانداماون، کە وڵاتانی ئیمپریالیستیی بریتانیا و فەڕانسە و رووسیە لە لایەک و ئەڵمان و ئوتریش و عوسمانی لە لایکی ترەوە بۆ ئەوەی هێندێکیان لە دابەشکردنی وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا دا کە کولونییان (موستەعمەرە) بوون خۆیان بە بەشخوراو دەزانی، چ شەڕێکی خوێناوییان لە ئوروپا و ئاسیادا هەڵگیرساند، کە نزیکەی بیست میلیۆن کەس بوونە قوربانی. هەر لە کوردستان و نزیک لە کوردستان دا یەک و نیو میلیۆن ئەرمەنی و دەیان هەزار ئاسووری و کورد بە دەستی عوسمانییەکان و هەزاران کوردیش بە دەستی رووسەکان بوونە قوربانی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە. گەلی ئێمە جگە لە زیانی گیانی و ماڵی، نیشتمانەکە بە هۆی سیاسەتی ستەمکاریی بریتانیا و فەڕانسەوە لە پێمانی سایکس - پیکۆدا و دواییش لە پەیمانی لۆزان دا بۆ جاری دووهەم لە نێوان چوار دەوڵەت دا دابەش بووەوە.

هێشتا برینەکانی شەڕی جیهانی یەکەم ساڕێژنەببوو کە چاوچنۆکیی سەرمایەداری، ئاگری شەڕێکی خویناویی تری هەڵگیرساند. حکوومەتی ئەڵمان کە شکستی خواردبوو و بەشێک لە سەرزەویی ئەو وڵاتە بە فەڕانسە درابوو و سەرزەویە کولونییەکانی (موستەعمەرە) لە ئەفریقا لێ داگیرکرا بوو، بۆ تۆڵە دەگەڕا. ناسیونالیزمی توندئاژۆ لە نێو ئەرتەشی ئەڵمان دا بەهێز بوو. لەو کاتەدا حیزبێک سەری هەڵدا بە ناوی حیزبی ناسیونال سوسیالیست (نازی) بە سەرۆکایەتیی هیتلەر کە ئیدیعای دەکرد رەگەزی ئەڵمانی خاوینترین و بێ خەوشترین رەگەزی میللەتانی جیهانە و بە دروشمی ئانتی سمیتیزم(دژی جوو) و دژی کمونیزم هاتە مەیدانی سیاسەتی ئەڵمانەوە و ئەرتەشی ئەڵمان و سەرمایەداریی ئەو وڵاتە پشتیان گرت. ماوەیەک پێشتر حیزبێکی فاشیست بە سەرۆکایەتیی موسولینی لە ئیتالیا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو و چاوی تەماعی بڕیبووە لیبی و ئیتوپی لە ئەفریقا، لە ژاپۆن جووڵانەوی میلیتاریستی رۆژبەرۆژ بەهێزتر دەبوو و بەشێک لە باکووری چینی داگیرکردبوو. لە ئاخرەکانی ساڵەکانی سیی زاینی فالانژەکانی ئیسپانیا بە سەرۆکایەتی فرانکۆ گوشاری بۆ حکوومەتی قانوونی کۆماریخوازان هێنابوو و ئەڵمانی نازی و ئیتالیای فاشیست بە هەموو توانایانەوە لە باری چەک و تەقەمەنی و ماڵی و تەنانەت سەربازییەوە یارمەتیان دەدا. لەو لاوە تەنیا یەکیتی سۆڤیەت لە ریی دوورەوە هێندێک یارمەتیی بۆ کۆماریخوازان دەنارد، لە گەڵ کەسانی خۆبەشی ئازادیخواز کە لە هەموو جیهانەوە روویان لە ئیسپانیا دەکرد، بەڵام فەڕانسەی دیمۆکڕات! سنوورەکانی خۆی داخستبوو و نەیدەهێشت لەوێوە هیچ یارمەتییەک بە کۆماریخوازەکان بگات، کە دیارە فالانژەکان سەرکەوتن و بۆ ماوی سی ساڵ خەڵکی ئیسپانیایان ئەشکەنجە و کوشتار کرد. شەڕی جیهانیی دووهەم بە شکستی ئەڵمان و ئیتالیا و ژاپۆن کۆتایی پێهات.

لەم شەڕەدا پتر لە پەنجا میلیۆن مرۆڤ گیانیان لە دەست دا کە بیست میلیۆنی بەر یەکیتی سۆڤیەت کەوتبوو، دیارە شەش میلیۆن جووی بێتاوانیش بەدستی ئەڵمانی نازی کوشتارکران. ئەرتەشی سوور فاکتوری سەرەکیی شکستی ئەڵمان بوو، هەر چەند پەیمانی دوو قۆڵیی ئیستالین - هیتلەر لە ساڵی ١٩٤١ دا هەم زەبری لە پرستیژی سۆڤیەت دا و هەم تا رادەیەکی زۆر ئەرتەشی سووری خافلگیر کرد، کە ئەو زیان و خەسارەتە زۆرە گیانیەی سۆڤیەت بەهۆی ئەو خافلگیرییەوە بوو.

"ترومەن" سەرەک کۆماری ئەمریکا لە حاڵێکدا کە ژاپۆن لە حاڵی تێکشکاندا بوو، نامرۆڤانە فەرمانی بۆمبارانی ئەتۆمیی دوو شار هێروشیما و ناکازاکی دا کە سەدان هەزارکەسی بێتاوانی کوشت، ترومەن بە جینایەتە بە خەڵکی جیهانی پێشان دا کە ئەمریکا لەوە بەدواوە خاوەنی وزەی ناوەکی و ئەتۆمی و یەکەمین کەڵەگای جیهانە. ئەگەر تا شەڕی یەکەمی جیهانی بریتانیا و دوای ئەویش فەڕانسە دەستیان بەسەر بەشی زۆری وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقادا گرتبوو، لە دوای ئەو شەڕە، ئەمریکاش هاتە مەیدان و بە تایبەت لە ئەمریکای ناوەندی و باشوور، بووە خاوەن بڕیار و دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لە هەمووونیادا بووە هێزی یەکەم و جێی بە بریتانیا و فەڕانسە لێژکرد. دیارە دەبێ ئەوە بزانیین حکوومەتانی وڵاتانی سەرمایەداری نوێنەرانی کارتڵ و تراست و کومپانییەکانی سەنعەتی و بازرگانی و بانکیی وڵاتی خۆیانن و هەموو جووڵانەوەیەکیان تەنانەت پێش لەبەرچاوگرتنی قازانجی وڵاتی خۆیان، قازانجی ئەو کارتڵ و کومپانی و تراستانەیان لەبەر چاوە، کە ئەوان نوێنەرین. ئەمریکا کاتێک رۆلی یەکەمی سیاسەتی جیهانی گرتە دەست، هەموو هەوڵی خۆی بۆ ئەوە بوو کە پێشی پەرەسەندنی کمونیزم بگرێ، کە بە حیسابی خۆی لە یەکیتی سۆڤیەت دا بەدی دەکرد. ئەوە لە حاڵێکدا بووکە یەکیتی سۆڤیەت زۆردەمێک بوولە سایەی بەڕێوەبەریی ئیستالینەوە لە کمونیزم لای دابوو و ئەو وڵاتە بەشێوەی ئابووریی دەوڵەتی و دیکتاتۆریی تەک حیزبی بەڕێوە دەچوو، کە دیارە دووایی ئەو نەخۆشیە چین و وڵاتانی سوسیالیستی دیکەیشی گرتەوە. ئەمریکا بۆ ئەم مەبەستە بە یارمەتی بریتانیا و چەند وڵاتی سەرمایەداری پشتێنەیەکی نیزامی بە ناوی پەیمانەکانی ناتۆ و سنتۆ و سیتۆی بە دەوری یەکیتی سۆڤیەتدا کێشا و تەنانەت بۆ ئەم کارە چەند وڵاتی دیکتاتۆرو کۆنەپەرستی وەکوو تورکیە و ئێران و عێراق و پاکستانی هێنایە نێو ئەم پشتێنە ناپیرۆزەوە و ئەرکی پاراستنی ئەمنیەتی ئەوانیشی بە ئەستۆوە گرت. دوای تەواوبوونی شەڕی جیهانیی دووهەم دوو گەلی کورد و ئازەری لە کوردستان و ئازربایجان دوو کۆماریان راگەیاند کە نوێنەری ویست و ئارەزووی چەندین ساڵەی ئەو دوو گەلە بوون. بەڵام کاتێک یەکیتی سوڤیەت بە فەرمانی ئیستالین و بە پێی رێکەوتن لەگەڵ قەوامولسەڵتەنە سەرەک وەزیرانی ئەو کاتی ئێران، ئەرتەشی سووری لە ئازربایجان کشانەوە، ریژیمی شا بە پشتیوانیی ئەمریکا و بریتانیا هێرشی کردە سەر ئازربایجان و کوردستان و ئەو دوو کۆمارەی شەلاڵی خوێن کرد. لە ئازربایجان ئەرتەش بە پشتیوانیی دەرەبەگەکان و لومپەن پرۆلیتاریای شارەکان پتر لە ١٥ هەزار کەسی قەتڵوعام کرد، بەڵام لە کوردستان هەرچەند بەشێک لە عەشیرەتەکانی دێبوکری و مەنگوڕ و مامەش بە نهێنی لەگەڵ رژیمی شا سازا بوون، لە بەر ئەوەی لە کوردستان دا دەست لە زەوی و زاری دەرەبەگەکان نەدرابوو و پێکهاتەی عەشیرەتی بەسەر پێکهاتەی دەرەبەگایەتیدا زاڵ بوو و لە شارەکانیشدا لومپەن پرۆلیتاریا بەو شێوە وجوودی نەبوو، رێژیم نەیتوانی ئەو جینایەتەی ئازەربایجان دووپات بکاتەوە. لە گەڵ ئەوەش ١٩ کەس لە سەران کۆمار و حیزبی دێموکرات کە یەکیان پێشەوا قازی محەمەد بوو، ئیعدام کران و دەیان کەسیش یان گیران یان دوورخرانەوە یان ئاوارەی کوردستانی باشوور بوون. لە ساڵی ١٩٧٥ی زاینی دا کاتێک شا لە گەڵ سەدام حوسێین ریککەوتن و شا پشتی بزووتنەوەی ١٤ ساڵەی گەلی کوردی باشووری شکاند "کیسنجر" وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وەعدە و بەڵێنی بە مەلا مستەفا بارزانی دابوو کە ئەمریکا پشتی کورد بەر نەدا، بەڵام ئەویش وەکوو حەمەرەزا شا لەپشتەوە خەنجەری لە کورد دا و فیداکاری و لەخۆبوردوویی

١٤ساڵەی میللەتی کوردی کوردستانی باشوور پێشێل کرا.

لە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی ١٩٥٣ی زایینی کاتێک "دوکتورموسەددیق" سەرەک وەزیرانی ئەوکاتی ئێران نەوتی ئەو وڵاتەی خۆماڵی کردبوو و تا رادەیەکی بەرچاو ئازادییە دیموکڕاتیەکانی دەستەبەر کردبوو. ئەمریکا و بریتانیا بۆ ئەوەی نەوتی ئێران بخرێتەوە ئیختیاری کومپانیەکانی رۆژئاوا، کودەتای ئەمریکا - ئینگلیز، شا - زاهیدییان دژی موسەددیق سازکرد کە بە دەیان کەس لە نەیارانی شا ئیعدام کران و بە سەدان کەس ئەشکەنجە و بۆ ساڵها زیندانی کران و دیکتاتۆریی ٢٥ ساڵەی شایان چەسپاند و نەوتی ئێرانیان گێڕایەوە بۆ کونسرسیوم کە پێک هاتبوو لە کومپانیەکانی ئەمریکایی، بریتانیایی، فەڕانسەیی و هولەندی. کاتێک لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی ١٩٧٩ی زایینی گەلانی ئێران لە زوڵم و ستەمی ریژیمی حەمەرەزاشا وەزاڵە هاتن، لە هەموو شارەکان خۆپیشاندان دەستی پێکرد و ریژیم کەوتە تەنگانە. وڵاتانی ئیمپریالیستی کاتێک زانیان کە کونترۆڵ لە دەست ریژیم دەرچووە، کەوتنە کۆبوونەوە و بۆ ئەوەی نەوەکوو دوای شا هێزە چەپ و ئازادیخوازەکان بێنە سەرکار، ئالترناتیوی حکوومەتی مەزهەبییان

پەسەند کرد ولە کونفرانسی "گوادلۆپ" دا خومەینیان کە ناووناوبانگی پەیدا کردبوو، بۆ ئەو کارە پەسند کرد و بە فڕۆکەی ئێرفڕانسی فرانسەیی لە پاریسەوە بۆ تاران بەرییان کرد. ئەو پیلانەی گوادلۆپ و پرژوبڵاویی هێزە چەپ و دیموکڕاتەکان و ئازادیی تێکۆشانی هێزە ئیسلامییەکان لە دەورەی شادا، خومەینیی بە دەسەڵات گەیاند و ئەوە نزیکەی چل ساڵە ریژیمێکی ستەمکارتر و بی بەزەییتر لە ریژیمی شا وەکوو دێوەزمە سواری کۆڵی گەلانی ئێران بووە . پێش ئەوەی بچمە سەر کردەوە چاوچنۆکیەکانی ئەمریکا کە بۆ دابینکردنی قازانجی کارتل و تراستەکانی ئەو وڵاتە چ شەڕ و ئاژاویەکی لە جیهاندا ناوەتەوە. کردەوەی چەند وڵاتی دیکەی سەرمایەداری دەخەمە بەرچاو. بریتانیا دوای ئەوەی پتر لە دووسەد ساڵ هیندوستانی چەوساندەوە، دوایی بە پێچەوانەی ویستی زوربەی خەڵکی هیندوستان ئەو وڵاتەی دابەش کرد کە شەڕی هیندی و موسڵمانی لێکەوتەوە و دواییش پاکستان بووە مەکۆی پەروەردەکردنی تیروریزمی ئیسلامی. لە عومان هاوڕی لەگەڵ ریژیمی شا بە قازانجی سوڵتانی عومان(سوڵتان قابووس) شۆڕشگێرانی زوفاری سەرکووت کرد. وڵاتانی کولونیی (موستەعمەرە) خۆی لە دواکەوتوویيدا هێشتەوە کە دوای بە سەربەخوویی گەیشتن، هێشتاش نەیانتوانیوە بگەنە کاروانی پێشکەوتن. فەڕانسە پاش شەڕ و شکست لە ڤیەتنام، شەڕێکی خوێناویی بەسەرگەلی ئەلجەزیرەدا داسەپاند کە ساڵەها دریژەی کێشا و سەدان هەزار کەس بوونە قوربانی و دواییش کە بەسەربەخویی گەیشت، کەسانی ملهوری وەکوو "بوومدیەن" و "بوو تفلیقە" جێیان گرتەوە کە شەڕی نێوخۆیی و تیروریزمی ئیسلامیی لێکەوتەوە. فەڕانسە لە مەڕاکیش (مەغریب) بۆ یارمەتی بە حکوومەتی ئەو وڵاتە "بن برەکە" کەسایەتیی شۆڕشگێری کە نەیاری پادشای مەڕاکیش بوو،تێرۆر کرد. کولونییەکانی دیکەشی هەروەکوو بریتانیا لە دواکەوتوویيدا هێشتەوە. بلژیک لە کونگۆ (زەئیر) جینایەتی خوڵقاند و کارئاسانی کرد کە حکوومەتی نیشتمانیی ئەو وڵاتە کە لە ساڵی ١٩٦٠زایینی دا بە سەربەخۆیی گەیشتبوو، بە یارمەتیی

ڕێکخراوی "سیا"ی ئەمریکا بە تیرۆرکردنی "لومومبا" ی نیشتمانپەروەر، ئەو حکوومەتە بڕوخێنی و بۆ ماوەیەکی زۆر شەڕی نێوخۆیی و بەشبەشبوونی وڵاتی لێبکەوێتەوە. پورتەقال بۆساڵەها ئەنگولا و موزامبیکی چەوساندەوە و تەنانەت لە ئەنگۆلا چەندین دەستە و تاقمی بەکرێگیراوی بە دژی شۆڕشگێرانی ئەو وڵات پێکهێنا و لە موزامبیک لە ساڵی ١٩٦٩دا دەستی هەبوو لە تیرۆرکردنی "ئەدواردۆ موندلین" ڕێبەری بزوتنەوەی فریلیمۆ، کاتێکیش کە موزامبیک بەسەربەخۆیی گەیشت لە تیرۆر کردنی "ساموورا میشل" سەروک کۆماری نیشتمانیی ئەو وڵاتە لە ١٩٨٦دا نەخشی هەبوو، دوایش بە ئابوورییەکی دواکەوتوو ئەو دوو وڵاتەی بەجێی هێشت. پورتەقاڵ هەروەها لە گینە بیسائۆ لە ١٩٧٠دا دەستی هەبوو لە تیرۆری "ئەملکار کابراڵ" کەسایەتیی نیشتمانپەروەردا. سەرمایەدارانی سپی پێستی ئەفریقای باشوور جگە لە وەی بیست میلیۆن ڕەش پێستی ئەو وڵاتەیان لە باری ئابوورییەوە دەچەوساندەوە. ریژیمی ئاپارتایدیشیان بەسەردا سەپاندبوون کە وەکوو ئاژەل مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن، ئەمریکا و بریتانیا پشتیوانانی حکوومەتی ڕەگەزپەرستی ئەفریقای باشوور بوون. لە چین پێش ئەوەی ژاپۆن پێی بۆ ئەو وڵاتە بکرێتەوە لە چەرخی نۆزدەهەمدا وڵاتانی سەرمایەداریی رۆژئاوا لە جیی زانست و سەنعەت تریاکیان بۆ ئەو گەلە بەدیاری برد و بەشێکی زۆری خەڵکی ئەو وڵاتەیان گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکان کرد. لە چەرخی بیستەمدا ژاپۆن کە ببووە خاوەنی سەرمایەدارییەکی بەهێز چاوی تەماعی بڕیە سەر سەرزەویی پان و بەرینی چین و سەرەنجام لە دەورەی حکوومەتی گەندەڵی "چیانکایچەک" دا باکووری ئەو وڵاتەی داگیرکرد و لە شەڕی دووهەمی جیهانیشدا بەشێکی زۆرتری خاکی ئەو وڵاتە و کورە و فیلیپین و وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیای داگیر کرد و ئەو جینایەتەی کە بەرانبەر بەو گەلانە کردی، شیوازی ئەو جینایەتە بوو کە نازییەکا ن لەو وڵاتانەی داگیریان دەکرد، ئەنجامی دەدا.

ئەمریکا دوای شەری دووهەمی جیهانی گەورەترین شەڕی لە ویتنام بەڕێوە برد. ویتنام کولونیی(موستەعمەرە) فەڕانسە بوو، بەڵام بە هۆی شەڕی رزگاریخوازی ویتنام بە سەرۆکایەتیی "هووشی مین" و فەرماندریی "جیاب" لە شەڕی "دین بین فوو" دا فەڕانسە شکستی خوارد و باکووری ویتنامی وەکوو وڵاتێکی سەربەخۆ بەڕەسمی ناسی و بڕیار بوو دوای ماوەیەک لە باشووریش ڕێفڕاندوم بکرێ و بخریتە سەر باکوور، بەڵام حاکمانی باشوور بەڵێنی یان نەبردەسەر.

لە ساڵی ١٩٥٤ زاینی دا ئەمریکا هێزی نیزامیی بە یارمەتی باشوور رەوانەی ئەو وڵاتە کرد و بە کردەوە جێی فەرانسەی گرتەوە. لەم شەڕەدا لە لایەک "ویەتکونگ" واتە بەرەی رزگاریدەری باشوور و ویتنامی باکوو بوون، کە چین و رووسیە لە باری چەکەوە پشتیوانییان لێدەکردن، دیارە بیروبڕوای هەموو ئازادیخوازانی جیهان تەنانەت ئەمریکاشیان لەگەڵ بوو. فەیلەسووفانی وەکوو "ژان پول سارتر" و "برتراند راسل" لە پێشەوەوەی ئەو نووسەر و هونەرمەند و تەنانەت وەرزشکارانەی وەکوو "محەمەد عەلی کلی" یەوە بوون کە دژی شەڕی ویتنام هەڵوێستیان گرت. لە لایەکی ترەوە حکوومەتی گەندەڵی ویتنامی باشوور و ئەمریکا بوون کە یارمەتیی ماڵی و لوجیستیکی هێندێک وڵاتانی سەرمادارى يارمەتيدەريان بوون. ئەمریکا بە قەدەر شەڕی دووهەمی جیهانی بۆمبی هەڵڕشتە سەر خەڵکی ویتنام و سێ میلیۆن خەلکی ئەو وڵاتە کوژران،

بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥دا ئەمریکا شکستی خوارد و بە پەلە پڕوژە باشووری بۆ ویتنامییەکان بەجێ هێشت. سیاسەتی ئەمریکا هەمیشە لەسەر ئەوە دانراوە کە ئەمریکای ناوەندی و ئەمریکای باشووری بە ناوچەی نفووزی خۆی زانیوە، بۆیە لە هەر جیییەکی ئەو ناوچە هەست بە بوونی جوولانەویەکی ئازادیخوازی و دژ بە سیاسەتی ئەمریکا هەست پێکرابێ یان لەڕێی کودەتاوە یان لە ڕێی ترەوە هەوڵی سەرکوتکردنی ئەو جووڵانەوە دراوە. لە "نیکاراگوا" سالەها یارمەتیی مرۆڤکوژانی "کونترا"ی دا بە دژی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی "ساندنیستەکان"، تەنانەت پێی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بۆکڕینی ناڕاستەوخۆی چەکی ئەمریکایی کەوتە ئەو زەلکاوە. ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦٧دا یارمەتیی حکوومەتی کۆنەپەرستی ژنراڵەکانی بۆلیویی دا بۆ دۆزینەوەی "گیوارا" ی شۆڕشگێڕ و بە یەخسیری و بە بێ مەحکەمە بە ئاگاداریی ئەفسەرانی ئەمریکایی کوشتیان . ئەمریکا یارمەتیی "پینوشە" ی فاشیستی دا بۆ ئەوەی حکوومەتی قانوونیی "ئالندە"ی سوسیالیست کە لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا هاتبوە سەرکار بڕوخێنێ و بە هەزاران کەس خەڵکی ئەو وڵاتە کوشتار بکا. ئەمریکا لە گواتمالا دژی حکوومەتی قانوونیی "ئارپنز" کودەتای ڕێکخست. لە برزیل و ئارژانتین و پرۆ دژی حکوومەتانی قانوونیی ئەو وڵاتانە وبە هۆی ئەرتەشەکەیانەوە کودەتای ساز کرد. لە ١٩٨٠لە کودەتای دورگەی گرانادا دا "موریس بیشوب" سەرۆکی ئەو وڵاتە کوژرا. لە ١٩٨٠ دا "ئارنۆلفورۆمیرو" ئوسقوفی سالوادوور کە دژی سیاستی ئەمریکا بوو تیرۆر کرا. لەم کودەتا یەک لەدوا یەکەکاندا لە ئەمریکای ناوەندی و ئەمریکای باشوور بە هەزاران مرۆڤ بوونەتە قوربانیی چاوچنۆکیی کومپانیەکانی ئەمریکایی. جگە لە ئەمریکای ناوەندی و باشوور، ئەمریکا لە جێی دیکەش دژی ئازدیخوازان دەستی لە کوودەتا و سەرکووت دا هەبووە. لە ئەندونزی یارمەتیدەری "سوهارتۆ"ی جینایەتکار و ژنراڵەکان بوو کە لە کوودەتایەکدا پتر لە میلیۆنێک کومۆنیست و ئازادیخوازی ئەو وڵاتەیان قەتلوعام کرد، کە تا سێ مانگ ڕەنگی رووبارەکانی ئەندونزی بە خوێنی کوژراوەکان سوور بوو، دووایی ناوی چەند کەس ئەندامی ڕێکخراوی "سیا" ی ئەمریکا دەرکەوت کە هانی سوکارتۆ و ژنراڵەکانیان داوە بۆ ئەو کوشتارە. ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦٧دا پشتیوانیی لە کودەتای سەرهەنگانی یۆنان کرد کە چەندین ساڵ دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت و خەڵکیان سەرکوت کرد. لە ئیسرائیل ساڵهایە پشتی ئەو وڵاتە دەگرێ کە بۆتە هۆی ئەوەی ئیسرائیل بە دڵنیایی بوون بە پشتیوانیی ئەمریکا وە، کێشەی فەلەستین وەک خۆی بهێڵێتەوە و چارەسەری نەکا.

لە ئەفغانستان بە پووڵ و پارەی عەرەبستانی سعوودی و خزمەتی لوجستیکیی پاکستان شەڕی دژی حکوومەتی تا ڕادەیەک دیمۆکراتی ئەو ولاتە کە سەر بە یەکیتی سۆڤیەت بوو، راگەیاند کە سەرەنجامی بووە هۆی پیدابوونی رەوتی کۆنەپەرست و تیروریستی تاڵەبان و دوایی ئەلقاعیدە، کە تەنانەت دژی بەرژەوندیەکانی خوودی ئەمریکاش جووڵانەوە. ئەمریکا لە دەورەی "بووش" دا سێ وڵاتی ئێران وعێراق و کووریای باکووری بە شەیتان دانا، لە بەر ئەوەی بە حیسابی خۆی بەرژەوندیەکانی ئەمریکایان خستبووە مەترسییەوە. دیارە هیچ قسەیەکمان لە خراپیی ئەو سێ وڵاتە نیە، بەڵام ئایا عەرەبستانی سعوودی، قەتەر، سوودان، پاکستان، تورکیە و کویت و چەند وڵاتی دیکە کە یارمەتیی ترۆریزم دەدەن لەوان باشترن؟ لە راستیدا ئەوان چونکە دۆستی ئەمریکان بۆیە ناویان نیە. کە ئەوەش دەسەلمێنێ ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لە



سەرچاوە
Serchawe

شەڕی دژ بە تێرۆریسمی ئیسلامیشدا ڕاست بێژ نین. لەودا گومانێک نیە کە رژیمەکانی "قەزافی" لە لیبی و "ئەسەد" لە سووریە دیکتاتۆڕ بوون. ئایا ئەمریکا و رۆژئاوا لەبەر دیکتاتۆربوونەکەیان هێرشیان کردە سەریان یا کێشەی تریان هەبوو؟ راستییەکەی ئەوەیە ئەو دوو وڵاتە لە رووسیە نزیک بوون و ئەمریکا و رۆژئاوا لە بەرچاوچنۆکیی سەرمایەداری دەیانویسیت نفووزی رووسیە لەو ناوچە رامالْن و خۆیان جێی بگرنەوە. لیبی بە زوویی رووخا، بەڵام لە سووریە، رووسیە و ئێران و حیزبوڵای لوبنان فریای کەوتن و نەیانهێشت بەدەردی لیبی بچێ. لەو سەرو بەندەدا لە عێراق و سووریە دیاردەیەکی تازە سەری هەڵدا ئەویش رێکخراوی دڕندەی تیرۆریستیی داعش بوو. تورکیە و عەڕەبستانی سعوودی و قەتەر بۆ ئەوەی بەرهەڵستێک لە بەرامبەر میحوەری شێعەی ئێران عێراق سووریە و حیزبوڵای لوبنان دروست ببێ، یارمەتیی داعەشیان دا و بەهێزیان کرد، دیارە چرای سەوزی ئەمریکاشیان لەگەڵ بوو، بەڵام دوایی داعەش بە کردەوە دڕندەکانی بە رواڵەت خۆی لە یارمەتیی ئەو وڵاتانە بێبەری کرد. رەنگە هێندێک کەس بڵێن ئەوە نیە لە هێندێک لە وڵاتانی سەرمایەداری، دەوڵەتی خۆشگوزەرانی هەیە (دەوڵەتی رفاە) و خزمەتەکانی پزشکی بە خۆراییە و بۆ پیران و منداڵان مووچەی تایبەت و بۆ بێکاران مووچەی دەورانی بیکاری لەبەرچاو گیراوە. بێگومان ئەمە شتێکی باشە، هەقێقەت ئەوەیە کە دەوڵەتانی رێفاە گەرچی بەشی سەرەکیی بەهۆی چوونە سەریی تێگەیشتنی خەڵک و لەمەیداندا بوونیان و بەتایبەت دوای شۆڕشی یەکی ئەیاری ١٩٦٨ی خویندکارانی فەڕانسە(کە دواتر هەموو ئورووپای ناوەندی گرتەوە هاتنە ئاراوە، بەڵام بەشێکی زۆریشی بۆ دژایەتی کردنی فێکرەی کومنیزم و بەتایبەت یەکێتی سۆڤیەت بوو. هەر ئەوەشە دەبینین لە پاش رووخانی یەکێتی سۆڤییەتەوە، سەرمایەداریی لە وڵاتانی ئورووپا خەریکە هەموو ئەو دەسکەوتانە

دەستێنێتەوە، بەڵام لە راستیدا یەکەم کاتێ حیزبە سوسیال دیموکراتەکان لەو وڵاتانە دەهاتنە سەرکار، ئیدە و هزرەکەیان لە فەیلەسووفان و زانایانی سوسیالیست وەر دەگرت، دوایش کە حیزبە سەمایەدارییەکان دەهاتنە سەرکار، لەبەر بیروبرواى گشتیی خەڵک نەیانتوانی دەست لەو سیستمە بدەن و ئەو خزمەتگوزاریانە لە خەڵک بستێننەوە. دووهەم هەر لەو وڵاتانەدا، سەرمایەداری وەهای تێدایە کە قازانجی ساڵانەی سەدان میلیۆن دولارە و میلیۆنها کەسیشی تێدایە کە بێ خانە ولانەیە و بە هاوین و زستان لە نێو تونێلەکانی هاتووچوو و ژێر زەویی قەتارەکانی شارە گەورەکاندا دەخەون و بە درۆزەکردن ژیان دەبەنەسەر لە کلێساکان ژەمە خواردنێکیان دەدرێتێ. بە پێی ئامارێک کە ژمارییارە بڕوا پیکراوەکانی جیهان گرتوویانە، دە لە سەدی سەرمایەدارانی جیهان نەوەد لە سەدی سەروەت و سامانی جیهانیان لە دەستدایە، واتە بۆ نەوەد لەسەد خەڵکی جیهان تەنیا دە لەسەد سەروەت و سامانی سەرزەوی دەمێنیتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بە میلیۆنها خەڵکانی جیهان لە وڵاتانی باشووری سوودان، ئیتیوپی، سومال، یەمەن و چەندین وڵاتی دیکە ئەگەر تەنیا نانی وشکیان پێ بگا لە برسان نامرن ولە بەنگلادش، هیند، نیپال، سریلانکا، ئەفغانستان، پاکستان، عێراق، سووریە و زۆرلە وڵاتانی ئەفریقایی و هێندێک لە وڵاتنی ئەمریکای ناوەندی و باشوورخەڵکانی ئەو وڵاتانە بە ژیانێکی کوڵەمەرگی دەژین. نەخۆشیی ئیدز و مالاڕیا و دەردەباریکە و چەندین نەخۆشی ترلە بەرکەمیی دوکتور و دەرمان، مەترسیی بۆژیانی میلیۆنها



سەرچاوە
Serchawe

مرۆڤی ئەو وڵاتانە بە تایبەت لە ئەفریقا پێک هێناوە. ئەگەرگریمان (دیارە گریمانەیەکی ناواقعییە چونکە لە سەرمایەداران ناوەشێتەوە ئەو کارە بکەن) رۆژێک ئەو سەدان میلیاردەری لە ئەمریکا، ئوروپا، ژاپۆن، رووسیە، کانادا، هیند، و چەند وڵاتی دیکەی سەرمایەداری و وڵاتانی خاوەن نەوتی خەلیجی فارس و لەمدوایەدا لە ئێران وعێراق و کوردستان پەیدا بوون، یەک لە سەد سەروەت و سامانی خۆیان لە رێکخراوێکی خێرخوازی بۆ یارمەتیی بە برسی و نەخۆشەکانی جیهان دابنێن، بێگومان برسییەتی لە جیهان دا بنەبڕدەبێ و بەشێکی زۆر لە نەخۆشیەکان چارەسەر دەبن. ئەوەیە کە دەڵێین سەرمایەداری سیستمی چەوساندنەوە و نابەرانبەرییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٦

## سەرچاوەکانی پێکهاتنی تیرۆریزمی ئیسلامی

لەسەر ئەم بابەتە گرنگە زۆر کتێب و نووسراوە بڵاو کراونەتەوە کە هەریەک تەنیا بەشێک لە هۆیە کانی ئەوکێشەیان دەستنیشان کردووە. پێویستە هەموو هۆیەگرنگەکانی ئەو دیاردە باس بکرێ کە بۆتە مەترسییەکی مەزن لەسەر ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی مرۆڤایەتی.

بە باوەڕی من سەرچاوەی تیرۆریزمی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ پێنج هۆی سەرەکی، کە هەوڵ دەدەم بە کورتی ئاماژەیان پێ بکەم کە بریتین لە: ململانێی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان بۆ پێکهێنانی پێگەی تازە لە وڵاتانی ئیسلامی دا، هەوڵدانی عەرەبستانی سعوودی وکۆماری ئیسلامیی ئێران و هێندیکیتر لە وڵاتانی ئیسلامی بۆ پەرەپێدانی ئیسلامی سیاسی، چارەسەرنەکرانی کێشەی فەلەستین و پێداگریی ئیسرائیل لە داگیرکردنی زەوی و زار لە فەلەستین، گەڕانەوەی هێندێک لە زانایانی ئیسلامی بۆبەشێک لە ئایت و حەدیس، و ڕووخانی وڵاتانی بەناو کمۆنیستی و بادانەوەی هەلپەرستان لە بیرو باوەڕی پیشوویان.

### سەرهەڵدانی داعش:

لە بارەی هۆی یەکەمدا زۆر ناگەڕێمەوە بۆ دواوە و لە شەڕی ئەفغانستانەوە دەست پێ دەکەم. کاتێک لە ساڵی ١٩٧٨ی زاینیدا لە پێشدا "تەرەکی" و لە دوای ئەو "دکتۆر نەجیبولا" هاتە سەرکارو رایگەیاند کە حکوومەتەکەی سوسیالیستیە و دۆستی یەکێتی سۆڤیەتە. ئەم هەنگاوانەی نەجیبولا بۆ پاکستان کە لە پەیمانی ناتۆ و سیتۆدا بوو و هاوپەیمانی ئەمریکا وبریتانیا بوو، جێی قبووڵ کردن نەبوو و بە پەلە و بە هاوکاریی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانی، کەوتنە پیلانگێڕان دژی حکوومەتی ئەفغانستان و ئەمجارە بە پارەی عەرەبستانی سعوودی و چەک و تەقەمەنی ئەمریکا و خزمەتی گواستنەوە و لوجیستیکیی پاکستان، لە هەموو جیهانی ئیسلام دا کەوتنە پەیداکردنی بەکرێگیراو و بە ناوی موجاهید، ڕەوانەی ئەفغانستان کران، لەولاشەوە یەکێتی سوڤیەت هێزی سەربازی بۆ یارمەتیی ئەفغانستان بەڕی کرد کە شەڕێکی خوێناوی چەند ساڵەی لێکەوتەوە. سەرئەنجام سۆڤیەت شکستی خوارد و ئەفغانستانی بەجێ هێشت و حکوومەتی نەجیب ڕووخا، بەڵام ئەمریکاش قازانجێکی ئەوتۆی نەکرد، چونکە لە پێشدا تاڵەبان و دوایی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان و دوایی پاکستان پەیدا بوون، کە بە رواڵەت دوژمنی ئەمریکان. دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت تا ماوەیەک بە رواڵەت ئەو رکە بەرکێی زلهیزەکان بەرەو کزی دەچوو، بەڵام دوای سەرهەڵدانی بەناو بەهاری عەرەبی، چەند وڵات هەبوون کە لە رووسیە



سەرچاوە Serchawe

نزیک بوون و ئەمریکا و وڵاتانی سەرمایەداریی رۆژئاوا بۆ دەرفەتێک دەگەڕان کە ئەو چەند وڵاتەش لە چنگ رووسیە دەربێنن کە شەڕی سووریە و لیبی و یەمەنی لێ کەوتەوە و سەرلە نوێ گیانێکی نویی بە بەر تێروریزمدا کردەوە.

شەڕی شێعە و سونە مێژوویەکی کۆنی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕاپەڕینی قەرمەتییەکان و ئیسماعیلییەکان دژی خەلافەتی عەباسی، بەڵام خوێناویترین شەڕی شێعە و سونە، کاتێک سەری هەڵدا کە "شا ئیسماعیلی سەفەوی" لە ئێران دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و بە دەیان هەزار خەڵکی سونەی لە هەموو گەلانی ئێران و ناوچەکانی دیکەدا کەدا گیری دەکرد، کوشتار کرد. لەولاشەوە "سوڵتان سەلیمی عوسمانی" نزیکەی سی تا چل هەزارشێعەی کە زۆربەیان شێعەی عەلەوی و هێندێکیشیان کورد بوون، قەتڵوعام کرد. شەڕی سەفەوی و عوسمانی ساڵەها درێژەی کێشا و بە واژۆی پەیمانی زەهاو کە کوردستانی کردە دووبەش، دوایی هات. بە هاتنە سەرکاری ریژیمی کۆماری لە تورکیە و ریژیمی پەهلەوی لە ئێران کە هەر دوو سەر بە وڵاتانی رۆژئاوا بوون، دوژمنایەتیی شێعەو سونە بەرەو کزی چوو، لە واژۆ کردنی پەیمانی سەعدئاباد دا کە بەشێکی دژی کورد بوو، دوو وڵات کە بە روالەت سکیولار بوون، بوونە هاوپەیمان. دوایی نوێنەرایەتیی مەزهەبی سونە بە عەرەبستانی سعوودی برا. تاکوو ریژیمی پادشایی لە ئێراندا هەبوو، لە بەر ئەوەی هەردوو ریژیمی عەرەبستانی سعوودی و ریژیمی پەهلەوی لە ئێران سەر بە ئیمپریالیزم بوون، کێشەیەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نەبوو، بەڵام بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە روالەت دژی ئەمریکایە، ململانێ لە نێوان عەرەبستانی سعوودی و کۆماری ئیسلامی ئێران و هەر بەو پێیەش دوژمنایەتی لە نێوان هێندێک لە پەیرەوانی شێعە و سونە لە وڵاتانی دیکە سەری هەڵدایەوە. لە بەرئەوی عەرەبستانی سعوودی نوێنەری باڵی توندئاژۆی سونەیە بە ناوی وەهابی و کۆماری ئیسلامی ئێران نوێنەری باڵی توندئاژۆی شێعەیە بەناوی ویلایەتی فەقیە. ئەو رکەبەرکییە بۆتە هۆی ئەوە کە هەرکام لەم دوو وڵاتە تێدەکۆشێ لە نێوان سونە و شێعەکانی جیهاندا لایەنگری زیاتر بۆ خۆی پەیدا بکا و لە بەر ئەوەی هەر دوو وڵات خاوەنی سەرچاوەی نەوتن و ئیمکاناتی دارایی بەرفراوانیان هەیە، توانیویانە لە وڵاتانی ئیسلامی سەر بە خۆیان هەزاران مزگەوت و قوتابخانەی خویندنی وانەی ئیسلامی دروست بکەن ودیارە نەک تەنیا لە وڵاتانی ئیسلامی بەڵکوو وڵاتانی رۆژئاواش لە بەربەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی خۆیان ئاسانکارییان کردوە و دەیکەن، کە ئەو دوو وڵاتە و چەند وڵاتی دەوڵەمەندی دیکەی ئیسلامی بتوانن بە هەزاران مزگەوت و قوتابخانەی وانەی ئیسلامی لە وڵاتەکانیاندا بکرێتەوە، کە بەڕاستی بە داخەوە لە جێی ئەوەی ئەو مزگەوتانە جێی بەڕیوەبردنی ئەرکی ئاینییان بێ و ئەو قوتابخانانە جێی فیربوونی زانست بن، بوونەتە مەکۆی پەروەرەکردنی تێرۆریزمی ئیسلامی.

پێش سالی ١٩١٧ی زاینی رادەی جووەکانی فەلەستین بەرامبەر عەرەبەکان دا لە سەدا بیست تێنەدەپەڕی. دیارە بەشێک لەو عەرەبانە مەسیحی و باقی موسڵمان بوون. لەو ساڵەدا بە سەرپەرشتیی "هیرتزل"، جووڵانەوەی سەهیونیزم لە ئوروپا پێک هات، کەبڕیاریان دا قەومی یەهوود دەبێ نیشتمانی خۆی هەبێ و ئەو نیشتمانەش فەلەستینە، کە نشیمەنگای کۆنی

قەومەکەیانە. ئەمجارە بەرە بەرە جووکان لە هەموو جیهانەوە بەرەو فەلەستین کۆچیان دەستپێکرد و لەبەر ئەوەی ئیمکاناتی ماڵیی باشیان هەبوو، زەوی و خانوویان لە عەرەبەکان بە چەندبرانبەردەکڕی. دوای ئەوەی نازیزمی هیتلێری لە ئەڵمان سەری هەڵدا و سیاسەتی دژی جووی پەیڕەو کرد، هێزەکانی ئەڵمان لە هەموو ئەو وڵاتانەی داگیریان دەکرد جووەکانیان کۆدەکردەوە و لە کەمپەکانی زۆرەملی دا کۆیان دەکردنەوە. لە پێشدا بە کاری رەنجهێنەروئەشکەنجە و برسێتی لە ناویان دەبردن و دوایی ئەوەندە زۆر بوون کە کوورەی مرۆڤ سوتاندنیان بۆدانان و نزیکەی شەش ملیۆن جووی بێتاوان بوونە قوربانیی سیاسەتی دژی مرۆڤایەتی نازیسم. لەونێوەدا لە هێندێک لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا کەسانێکی مرۆڤدۆست یان هێندێک قەشەی مرۆڤدۆست لە کلیساکاندا، زۆر بە نهێنی ژمارەیەک جوویان لە مردن رزگار کرد و بۆ وڵاتانی سویس و بریتانیا و ئەمریکا بەڕییان کردن کە هێندێکیان دوایی چوونە فەلەستین و ژمارەی جووەکان لە فەلەستین زیادی کرد. لە دوای شەڕی جیهانی دووەم، جووڵانەوەی سەهیونیزم لە فەلەستین دژی عەرەبەکان و هەروەها دژی دەوڵەتی بریتانیا کە فەلەستینی لە ژێردەستدا بوو، شەڕی راگەیاند، تا سەرەنجام لە ساڵی ١٩٤٨ ی زایینیدا دوڵەتی ئیسرائیل پێک هات و زۆربەی وڵاتانی جیهان جگە لە وڵاتانی ئیسلامی بە رەسمی ناسیان. لەو کاتەوە تا ئێستا حکوومەتی ئیسرائیل بە پشتیوانیی ئەمریکا، مافی فەلەستینیەکان پێشیل دەکا و نەک تەنیا حازر نیە دەوڵەتی فەلەستین بە رەسمی بناسێ، بەڵکوو ئورشەلیم(بیت المقدس)ی رۆژهەڵاتیش کە کەوتۆتە ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی فەلەستین، بە هی خۆی دەزانێ و بە بیانووی جۆراجۆر زەوی و زاری ئورشەلیمی رۆژهەڵات داگیر دەکا و ئەوە بۆتە هۆی تووڕەیی بەشێک لە موسڵمانان و بە تایبەت عەرەبەکان و سەرچاوەیەکی تری تێرۆریزمی پێک هێناوە.

هێندێک لە زانایانی ئایینی سونە و شیعە بۆ سەلماندنی بیروڕای توندئاژۆیی خۆیان دەگەڕینەوە بۆ دەقی هێندێک ئایەت و حەدیس یان وتەکانی چەند زانای ئایینی سەردەمی کۆنی ئیسلام. لە١٧٣٧ی زایینی وەهابییەکان بە رێبەرایەتیی " محەمەد بن عەبدولوەهاب تەمیمی " لە نەجدی عەرەبستان راپەڕین و بیرو بۆچوونی خۆیان لە سەر کێشە مەزهەبییەکان راگەیاند. لە ١٧٤٤ی زایینی "محەمەد بن سعوود" ئەمیری نەجد و باپیرە گەورەی پادشاکانی سعوودی چووە سەرڕێبازی وەهابی و ئەم رەوتە بەهێزبوو. وەهابییەت پەیرەوی "ئەحمەدی ین حەنبەل" بوون و لە بۆچوونەکانی "ئیبنی تەیمیە" زانای سەلەفی پەیرەویان دەکرد. بە بۆچوونی ئەوان هێندێک دیاردە کە هاتۆتە نێو ئیسلامەوە "بیدعەتە" و هەر کەس پەیڕەوی بکا کافرە، وەکوو زیارەتی گۆڕەکان و جێگەکەکانی جێی رێزی موسڵمانان کە بوتپەرستییە، ناوهێنانی کەسانی دوای پێغەمبەر لە نوێژدا کوفرە(مەبەستیان لە شیعەکان بوو لە ناوی عەلی دێنن) پەیرەوی کردن لە هەر حوکمێک کە لە قورعان یان لە حەدیسدا نەهاتبێ کوفرە، باوەر بە قەدریە وەکوو باوەری موعتەزیلە کوفرە، تەئویلی قورعان کوفرە و زۆر شتی دیکەش. جگە لەوەش وەهابییەکان لەگەڵ پێشکەوتنخوازی و کولتور و زانستی رۆژئاواش بە توندی بەربەرەکانێیان دەکرد و هەر جۆرە نوێخوازێکیان بە کوفر دادەنا.

لە سەرەتای چەرخی بیستەمدا یەکێک لە عولەمای عەرەب بە ناوی" مەحەمەد رەشید رەزا" مردن ١٩٣٥ی زاینی کە بە بنەچە خەڵکی لوبنان، بەڵام پتر لە سووریە و میسر کار و تێکۆشانی هەبوو بە پەیڕەوی لە "جەمالەدینی ئەفغانی (ئەسەدابادی)" و "محەمەد عەبدەی میسری" دروشمی یەکگرتنی موسڵمانانی بەرز کردەوە و رۆژنامەی ئەلمناری بڵاو کردەوە کە زمانی حاڵی پان ئیسلامیزمی سەلەفی بوو. لەم رۆژنامەدا بایەخی زۆری بە بیروبۆچوونەکانی ئیبنی حەنبەل و ئیبنی تەیمیە دەدا. رەشید رەزا بیرۆکەی حکوومەتی ئیسلامیی هێنایە گۆڕێ کە زۆر لە حکوومەتی ویلایەتی فەقیە دەچێ کە "خومەینی" لە ئێراندا پیادەی کرد. رەشید رەزا پێی وابوو کە سیاستی بەڕێوەبردنی وڵاتانی ئیسلامی دەبێ بگەڕێتەوە بۆ یاساکانی سەردەمی پەیدابوونی ئیسلام. رەشید رەزا دژی کولتور و زانستی رۆژئاوا هەڵوێستی گرت و بەوەشەوە نەوەستا بەڵکوو فیکری ناسیونالیزمی عەرەبی تێکەڵاوی بیروبۆچوونی ئاینی خۆی کرد و بووە مامۆستا و تیۆریسینی جوڵانەوی سەلەفی و ئیسلامی سیاسی وبە تایبەتی جوڵانەوەی ئیخوانولموسلمین. رەشید رەزا دەڵێ: من عەرەبێکی موسڵمان و موسڵمانێکی عەرەبم، من قورەیشی و عەلەوی و لە نەوەی محەمەدی عەرەبم... دەوڵەتی سەربەخۆی عەرەب دەبێ زمان وشەریعەتی ئیسلام بپارێزێ.

جگە لە رەشید رەزا،"حەسەن بەننا" و "مستەفا ئەلسباعی" لە رێبەرانی ئەخەوانولموسلمین، "عبدوسەلام محەمەد فەرەج" میری جەماعەتی جیهاد، "سەید قوتبی" ی میسری ئیعدام ١٩٦٤ی زاینی تیۆریسینی جەماعەتی ئەلتکفیر وەلهجرە، "سەعید حەوای" سووری مردن ١٩٨٩ی زاینی رێبەری فیکریی باڵێکی جیهاد، "ئەبولحەسەنی ئەلنەدەوی" هێندی تیۆریسینی بیری جاهیلییەت، "ئەبولعەلا ئەلمەودوودی" پاکستانی مردن ١٩٧٩ی زاینی دامەزرێنەری جەماعەتی موسوڵمانان لە پاکستان و تیۆریسینی تیۆری حاکمیەت و "مستەفا شوکری" میری جەماعەتی موسڵمانان وەکووعولەمای بنئاژۆی ئەو سەردەمە، لە پێکهێنانی دەستەو تاقمە توندڕۆکانی ئیسلامی وەکوو ئەخوانولموسلمین و جەماعەتی موسڵمانان و جەماعەتی تەکفیروجیهاد کاریگەرییان هەبوو.

ئەبولعەلا مەودوودی کە خۆی موسڵمانێکی شێعە مەزهەبی پاکستانی بوو، تیۆریەکەی دەبەستێتەوە بە تیۆری ویلایەتی ئیمامەوە ودەڵێ: دەوڵەتی ئیسلام دەبێ دەوڵەتێکی تیۆکڕاتیکی بێ. ئەمەش هێندێک لە قسەکانی ناوبراو: جیهاد بزاڤێکی هەمیشەیی و بەردەوامە بۆ گەیشتن بە ئامانج... ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە کە دونیا بگۆڕێ و سەرتاسەری جیهان باوڕ پێ بهێنێ...ئیسلام تەنها چەند ئەرکێک و نەریتێکی ئاینی نیە، بەڵکوو سیستمێکە دەیەوێ چی سیستمی دیکەی جیهان هەیە، بیگۆڕێ و بیکاتە ئیسلام. ئاینی ئیسلام قایل نابێ بێجگە لە خۆی هیچ سیستمێکی تر هەبێ... جەماعەتی موسڵمانان یا خود حیزبی ئیسلامی لە سەرەتی جیهاد لە دژی هەموو ئەو سیستمانە رابگەیەنێ کە شەریعەتی ئیسلام جێبەجێ ناکەن... سیستمی ئیسلام بە زەبری شمشێر نەبێ دانامەزرێ. جیهاد لەسەردەمێکدا خەڵکانی عەرەب بڵاویان کردەوە کە هێشتا دامێنیان بە ئامانجی نەتەوەیی گلاو نەکردبوو. جیهاد پەلامارە چونکە حیزبی ئیسلامی دوژمنی هەر سیستمێکە کە ئیسلامی نەبێ و لەسەریەتی لە رەگ و ریشە دەریبێنێ..بەرگریشە چونکە پاش بە ئیسلامی کردنی کۆمەڵگا و دامەزراندنی دەوڵەتی

تیۆکراتی، دەبێ بە پێی نەخشە و پلانی تایبەت پایەکانی ئەو دەسەڵاتە بەهێز بکا... ئیلحاد و شەریک بۆ خواپەیداکردن و سۆفیزم لە ژێر پەردەی ئیسلام دا خۆیان حەشار داوە و ژەهری خۆیان تێ دا بڵاو کردۆتەوە، فەلسەفە، ئەدەب، زانستەکانی گریک (یۆنان)، هیندوس و ئێرانییەکان بە شێوەی جۆر بە جۆر هاتوونەتە نێو خاکی ئیسلامەوە. باوەڕی موعتەزیلە ڕێگایان بۆ دووبەرەکی خۆشکرد، ئەمە جگە لە هونەرو سینەما و موزیک و وێنەکێشان کە فڕیان بە ئیسلامەوە نیە.

شوکرێ دەڵێ: پەیامبەر لەسەردەمی خویدا نە حوجرەی داناوە و نە قوتابخانە هەتا خەلک فێری نووسین و ماتماتیک ببن، ئەوەندە نەبێ ڕێگای بە موسڵمانان داوە بە پێی پێویست، هێندێک شت بزانن و بەس.

فەرەج دەڵێ: لەسەردەمێکدا هەمووئامرازەکانی راگەیاندن، خەڵکانێکی فاسق و کافر و دوژمنی خودا کونترۆڵیان کردووە... هەوڵی سوود بەخش ئەویە تەواوەی دام و دەسگاکان بە زەبری هێز لە دەست دەوڵەت دەربهێنرێ.... دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ئیسلامی هەموویان پەروەردەی خاچپەرستان و کمۆنیستان وزایونیستن... جا لە بەر ئەوەی لە حاڵی حازردا دوژمن لە نێو خۆدایە و جڵەوی دەسەڵاتی بە دەستەوەیە جیهاد کردن لە دژی ئەو دوژمنە ئەرکێکی ئاینییە.

سەید قوتب دەڵێ: خەسڵەتی یەکەمی کۆمەڵگای ئیسلام ئەوەیە هەموو شتێک لەسەر بناغەی کۆیلەتی بۆ خواوەند دامەزرابێ... کۆمەڵگای ئێستا کۆمەڵگایەکی جاهیلییە... ئیسلام بە تەنها تەماشای دروشم و ناونیشان ناکا... دەبێ ئەوانەی لە جاهیلییەتدا دەژین بگەڕێنەوە بۆ ئیسلام.

قەرزاوی دەڵێ: کۆمەڵگای ئیمە تیکەڵی دوو ڕەگەیە ،پێکهاتووە لە ئیسلام و جاهیلییەت... ڕەگەزی ڕەسەنی ئیسلامی تێدایە و خەڵکانێکی بە ئاشکرا هەڵەگەڕاوەی تێدایە لە کمۆنیست و عەلمانیی بێدین. ئەوانە کۆمەڵێکی کەمن لە کاربەدەستان و پیاوانی نێو پارتە عەقائیدییەکان. ئەوانە مامەڵەی هەڵگەڕاوە (مرتد) یان لە گەڵ دەکرێت.

سەعید حەوا بە پێچەوانەی سەید قوتب کۆمەلگا بە یەکجاری تەکفیر ناکا و دەڵێ: کۆمەڵگایەکی فاسقن و خەڵکانێکی لە ئاین وەرگەڕاو و مونافیق حوکمڕانییان دەکەن و بە ئەرکی حیزبوڵا دەزانێ ئەم کارانە بکا:

١- دروستکردنەوەی کەسایەتیی ئادەمیزاد لەسەر بنەمایەکی ئیسلامی.
٢- دامەزراندنەوەی دەوڵەتی ئیسلام.
٣- پاراستنی یەکێتی نەتەوی ئیسلام.



سەرچاوە Serchawe

٤- ژیانەوەی پایەی خەلافەت.

٥- دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە سەرتەسەری جیهاندا.

(اخوان المسلمین) لە لایەن "حەسەن بەننا" کوژران ١٩٤٩ی زاینی ،لە ساڵی ١٩٢٨ لە میسر دامەزرا. بەننا لە ژێر کاریگەریی بیرو بۆجوونەکانی "غەزالی"، "ئیبنی حەنبەل" و "ئیبنی تێمیە"دا بوو و لەم سەردەمەشدا بیرو بۆچوونی "محەمەد رەشید رەزا" لەسەری کاربڕ بوو. بەننا لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێ یاسا و فەرمانەکانی بەڕێوەبردنی وڵاتانی ئیسلامی بگەڕێتەوە بۆ یاساکانی سەردەمی پەیدابوونی ئیسلام. رینوێنیی بۆ پەیڕەوانی ئەمانە بوون: چەند بۆت دەکرێ هەوڵ بدە نەریتە ئیسلامییەکان زیندوو بکەرەوە و رێگە لە نەریتی رۆژئاوایی بگرە و مەیەڵە پەرە بستێنێ. سڵاوکردن، زمان، مێژوو، جلوبەرگ، کەلوپەلی نێوماڵ، کاتی ئیش و حەوانەوەت، خواردن و خواردنەوەت، هامشۆکردن، ماتەم و خۆشیت ئیسلامی بن بایکۆتی یانە، رۆژنامە، کۆروکۆبوونەوە، خویندنگە وئەو دامودەسگایانە بکە کە دژی فیکری ئیسلامین.

ئەخەوان لە پێشدا بە هێمنی جووڵایەوە بەڵام دوایی کە کەرەسەی نیزامیی کەوتە دەست، کەوتە هەڕەشەکردن لە نەیارەکانی، رێبەرانی ئەخەوان فتوایان دا هەرکەس دژی ئەوان بێ دەبێ لە ملی بدرێ. هەر بۆیە ئەندامانی ئەخەوان چەندین کەسایەتیی سیاسی و فەرهەنگی و حقووقییان تێرۆرکرد، کە دوایی حەسەن البننا خویشی بووە فیدای ئەو توند وتیژییە. ئەخەوان دوای ئەوەی لە ١٩٥٤ی زاینی تەقەیان لە "جەمال عەبدوناسر" سەروک کۆماری ئەو کاتی میسر کرد، بە توندی کەوتنە بەر پەلاماری حکوومەتی میسرو زۆریان ناچار بوون پەنا بەرنە وڵاتانی سوریە، ئەردەن، پاکستان، یەمەن و سودان. لە پاکستان هەر بە ناوی جەماعەتی ئیسلامی کە پێشتر "ئەبولعەلا مەوددودی" دەیمەزراند بوو، تێکۆشانیان دەست پێکردەوە. "زیائولحەق " سەروک کۆماری ئەو کاتی پاکستان ئیمکانی بەهێزبوونی بۆئەوان پێکهێنا.

لە سوودانیش کە لە پێشدا "ئیمام مەهدی"رەوتی سەلەفی پەیڕەو کردبوو و پێشینەی هەبوو. دووجار لە دەورەی "نومێری" و "عومەربەشیر" دوو سەروک کۆماری سوودان، ئەخەوان بوونە شەریکە بەشی دەسەڵات و بەهاتنە سەرکاری" توڕابی "کە خۆی ئەندامی ئەخەوان بوو، لەو وڵاتەش زۆر بەهیز بوون. لە جەزایر"شازلی بن جەدید" سەروک کۆماری ئەو کات دەرگای دەسەڵاتی بۆ ئەخەوان کردەوە، بەڵام لە ئەنجام دا وای لێ هات کاتێک خۆی لە دەسەلات کەوت، شەڕێکی خویناوی لە جەزایر سەری هەڵدا کە بەهەزاران مرۆڤی بێتاوان بوونە قوربانی.

لە میسر دوای ئەوەی ئەخەوان بۆ ماوەیەک سەرکووت کران، "ئەنوەر سادات" سەرۆک کۆماری دوای ناسر، بۆ ئەوەی لە نفووزی ناسری و چەپ و دیمۆکراتەکان کەم بکاتەوە، ریگەی بۆ ئەخوان کردەوە و بە ناوبژیکردنی عەرەبستانی سعوودی چاوی بە "سەعید رەمەزان" یەکێک لە رێبەرانی ئەخەوان دەکەوێ و رێخۆشکەرییان بۆ دەکا کە ئەوان کونترۆڵی

یەکێتیەکانی کریکاری و خوێندکاری بگرنە دەست. سادات تا لای کردەوە لایەنگرانی ئەخەوان دەسەڵاتێکی زۆریان پەیدا کرد و سەرەنجام دوای ئەوەی سادات پەیمانی "کامپ دیوید"ی لە گەڵ ئیسرائیل واژۆ کرد، "خالید ئیسلامبوولی" شاگردی "عومرئەلتەلمسانی" یەکێک لە رێبەرانی ئەخەوان، بە فەرمانی رێبەرانی ئەخەوان ساداتیان لە ۱۹۸۱ ی زاینی تێرۆر کرد.

لە عەرەبستانی سعوودی کە خۆی ناوەندی وەهابییەتە، لە ترسی رەوتی ناسری رێگەیان بۆ ئەخەوان کردەوە کە کەسانی وەک بن لادەن لە ژێر دەستیان دا پەروەردە بوو. زۆربەی تاقمە توندرۆکانی وەک جیهادی ئیسلامی، حەماس، ئەتکفیروەلهیجرە، جەبهەی نەجات لە ئەلجەزیرە، جەبهەی ئیسلامی، حیزبی ئیسلامی، گروهی دەعوەت و تەبلیغ، تاڵەبان، حەرەکەتی نەهزە، ئیتحادی ئیسلامی لە توونس، جنبشی ئیمام لە مەغریب، بزووتنەوەی ئیسلامی و ئەنساروئیسلام لەکوردستانی باشوور و رەوتی سەر بە ئەحمەدی موفتیزادە لە کوردستانی رۆژهەڵات بە شێوەیەک دەگەڕینەوە بۆ بەرنامەی ئەخوانولموسلمین. "رابرت دریفووس" رۆژنامەنووسی ئەمریکایی لەسەر ئەخەوان دەڵێ: "ئەلبننا" بنکەی عەمەلییاتیی خۆی لە بەندەری ئیسماعیلیە کە لە ژێر چاودیریی ئینگلیزدا بوو، دامەزراند. کاروباری ئەم بەندەرە بە رەسمی بە هۆی شیرکەتی ئینگلیزی - فەرانسەیی بەڕیوە دەچوو. ئەم شیرکەتە کە نوێنەری ئیمپریالیزمی ئینگلیز لە میسر بوو، یارمەتیی ماڵیی ئەلبننای دەدا بۆ بەهێز کردنی ئەخوانولمسلمین. ئەو واتە بەننا بینای یەکەمین مزگەوتی کە بە پووڵ و پارەی ئینگلیز دروست دەکرا، لە ۱۹۳۰ تەواو کرد.

بەشێک لەو نووسینەی سەرەوە لە کتێبی بیری ئوسوولی ئیسلامی لە نووسینی فوئادی مەجید میسری وەرگیراوە.

دکتور رەزا ئایرەملووش دەڵێ: ئینگلیزییەکان ئەزموونی دەوڵەمەندیان لە کەڵک وەرگرتن لە هێزەکانی خەڵکی ئەم وڵاتانە بۆ ئامانجەکانی خۆیان هەبوو، لەم بارەوە تاکوو قوناغی پێکهێنانی قوتابخانە ئیسلامییەکان لە هیند و پاکستان و دوایی لە مەڵبەندەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیان لە عێراقدا چوونە پێش و کەوتنە پەروەردەکردنی مەلا و ئاخوند... ئەوان هەروەها مەلاکانی لایەنگری خۆیان لە بەرپرسایەتیە گرنگەکانی مەزهەبی دانا و بە کەڵک وەرگرتن لە بەناو وەقفی ئیسلامی و شیعەیی، رێکخراوێکی بەهێزیان لە مەلاکانی لایەنگری خۆیان لە ئێران و عێراق پێک هێنا.

ئەوە کورتەیەک بوون لە فتوا و ئامۆژگارییەکانی زانایانی سونە مەزهەب بۆ پەیرەوانی خۆیان. ئێستا بزانین خومەینی گەورە مەرجەعی تەقلیدی شێعە و دامەزرینەری کۆماری ئیسلامی لەو بارەوە چی دەڵێ؟ ئەم قسانەی خومەینی شوجاعەدینی شەفا لیکۆڵەر و وەرگێڕی شارەزای ئێرانی هەڵبژاردووە. شەفا دەڵێ: دوژمنایەتیی سروشتیی "روح الله خمینی" لە گەڵ هەر جۆرە زانستێکی نامەزهەبی جیهانی ئەمڕۆ، ئاکامی دوژمنایەتیی ئاخوندەکانی هەموو مەزهەبەکانە لە هەر سەردەمێک و لە هەر جێگەیەک دا لە گەڵ مرۆڤی راستەقینەی زانست، لە گەڵ "ابن سینا" کان "رازی" یەکان" گالیلە "کان" داروین "ەکان و

"انیشتاین "ەکان. فەقیهی گەورە (مەبەست خومەینییە) خۆی پەردەی لەسەر ئەم راستییە لادا و گوتی: بۆ ئەو کەسانەی باسی دیمۆکراسی دەکەن گوێ رامەگرن، ئەمانە نەیاری ئیسلامن، هەر کەس کۆماریی دەوێ دوژمنی ئێمەیە، هەر کەس قسە لەسەرکۆماری دیمۆکراتیک بکا

دوژمنی ئیسلامە،... مەگەر ئێوە شۆڕشتان کردووە ولات وەکوو "سویس" بێ، ئێمە قەڵەمی ژەهراویی ئەوانە کە باسی میللی و دێمۆکراتیک و ئەو شتانە دەکەن دەشکێنین، هەر چیمان بەسەردێ لەم چینەیە کە ئیدیعا دەکا رووناکبیر و حقووقزانە و لە زانکۆ خویندویەتی... ئێمە عیلم و زانستێک کە ئەمان لە رۆژئاوا دەیهێنن نامانەوێ، "یوم الله" ی راستەقینە رۆژێکە کە ئەمیرولموئمینین عەلیهیموسەلام شیرەکەی کێشا و "خوارج" ی لە ئەووەڵەوە تا ئاخر دروێنە کرد، هەموویانی کوشت، "ایام الله" ئەو رۆژانەن کە خودای تبارەک و تەعالا بوومەلەرزەیەک دەنێرێ، لافاوێک دەنێرێ، تۆفانێک دەنێرێ، بە قامچی لەم خەڵکە دەدا کە ببنە ئینسان، ئەمیرلموئمینین ئەگەر دەبووا نەرمی بنوێنێ شیری نەدەکێشا تاوەکوو حەوسەت کەس یەکجێ بکوژێ... ئێوەی ئاغایانی عولەما بۆچی هەر دوای ئەحکامی نوێژ و رۆژوو دەکەون؟ بۆچی هەر ئایاتی رەحمەت لە قورعان دەخوێننەوە و ئایاتی کوشتن ناخوێننەوە؟ قورعان دەڵی بکوژن، لێ بدەن، بەند بکەن، بۆچی ئێوە ئەو لایەنەتان گرتووە کە باسی رەحمەت دەکا؟ رەحمەت دژایەتی لەگەڵ خودایە... میحراب واتە جێی شەڕ واتە جێی جەنگ، لە میحرابەکانەوە دەبێ شەڕ پەیدا بێ، هەر وەکوو زۆرترین شەڕەکانی ئیسلام لە میحرابەوە پەیدا بوون، پێغەمبەر شمشیری هەیە تاکوو خەڵک بکوژێ، ئیمامانی ئێمە علیهیموسەلام هەموو سەرباز بوون، هەموو شەڕکەر بوون شیریان دەکێشا، خەڵکیان دەکوشت، ئێمە خەلیفەمان دەوێ کە دەست ببڕێتەوە "حد" جێ بە جێ بکا و رەجم بکا، هەر وەکوو "رسول الله" ص دەستی دەبڕیەوە "حد" ی جێبەجێ دەکرد و هەروەکوو جەماعەتی "بنی قریزە "ی کە نارازی بوون، قەتلوعام کرد... ئەوانەی کە دەڵێن ئیسلام دینی شەڕ نیە و ئیسلام نابێ مرۆڤ بکوژێ، لە ئیسلام نەگەیشتوون، قورعان دەڵێ شەڕ شەڕ، واتە ئەو کەسانەی پەیڕەوی قورعانن، دەبێ ئەوەندە درێژە بە شەڕ بدەن تاکوو فیتنە لە دونیادا هەڵدەگیرێ، شەڕرەحمەتە بۆ عالەم و رەحمەتێکە لە لایەن خواوە بۆهەرمیللەتێک لە هەر جێگەیەک کە هەیە.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتوبری ١٩١٧ی رووسیە، زۆری نەبرد کە ئەو ولاتە لە جێی دامەزراندنی سیستمێکی سوسیالیست لە باری ئابوورییەوە گۆڕا بەسیستمی ئابووری دەوڵەتی و لە باری سیاسییەوە بووبە دیکتاتۆریی حیزبی و تەنانەت دیکتاتۆریی تاکە کەسی. دوای شەڕی جیهانیی دووەم کە ناکرێ نەخشی گەورەی یەکێتی سۆڤیەت و ئەرتەشی سوورلە تێکشکاندنی فاشیزم و نازیزمی هیتلێری لەبەرچاو نەگیرێ، بە هۆی سەرکەوتنی سۆڤیەت، چەندین ولات بە هامان شێوەی سۆڤیەت بە ناوی ولاتانی سوسیالیست لە ئوروپای رۆژهەلات دامەزران، بەلام هەرچەند هێندێک لە رێبەرانی حێزبە کمۆنیستەکانی ئەو ولاتانە کە بەشێکیان لە رێبەرانی هێزی بەرگریی ولاتەکەیان دژی نازیزمیش بوون و دەیانویست خۆیان بریاری سەربەخۆ لەسەر سیاستی ولاتەکەیان بدەن، بەلام هیژمۆونی سۆڤیەت بە رێبەریی "ئیستالین" و لە بەر ئەوەی ولاتەکەیان بە هۆی ئەرتەشی سوور لە چنگی نازیزم رزگاری ببوو، دەرفەتیان پێ نەدرا و ناچارکران کە هاوشیوازی سۆڤیەت لە باری سیاسی و ئابوورییەوە برۆنە پێش.

لە وڵاتـانی ئیسلامی دا کە زۆربەیـان لە ژێردەسـەڵاتی ئیستعماری بریتانیـا و فەڕانسـەدا دابـوون، ئەوانەی کە تـاڕادەیەک پێشکەوتووتر بوون، لە چەرخی بیستەمدا و بەتـایبەت دوای سـەرکەوتنی شۆڕشی رووسیە، وەکوو زۆربەی وڵاتـانی ئاسیا و ئەفریقـا و ئەمریکـای باشـوور،هێندێک لە رووناکبیران و خوینـدەواران کە نووسینەکانی مـارکس و ئینـگڵس و بیرمەنـدانی دیکەی سوسیالیزمیان خوینـدبۆوە، زۆر بە نهینـی کەوتـنە بیـری پێکهێنـانی حیزب و ریکخراوی کمۆنیستی و سوسیالیستی و کریکـاری. سـێ تـویژ بەشـداریی ئەم حیـزب و رێکخراوانەیـان کـرد. یەکەم ژمـارەیەکی ئیجگـار زۆرکەم کە شـوینەواری سوسیالیستی یان خویندبۆوە و تێی گەیشـتبوون، دووهەم تـوێژێکی بەرفراوان لە زەحمەتکێشان بە تـایبەت زەحمەتکێشـانی شـار و کریکـاران کە بیستبوویان بیـری سوسیالیستی تێدەکۆشێ بـۆ لابردنـی چەوساندنەوەی چینـایەتی و سیهەم تـوێژێکی خوێنـدەواری خوردەبـورژوای هەلپەرسـت کە لە دەسـگاکانی حکوومەتـدا جێیـان نەبووبـۆوە، بـۆئەوی ئەگەر ئەو حیـزب و رێکخراونە لە داهاتوودا سەرکەوتن، بە پلە و پایەیەک بگەن.

هۆیەکـانی روخـانی سـۆڤیەت و وڵاتـانی بەنـاو کمۆنیسـتی بەشـێکی ئەمـانە بـوون ، لاوازبـوونی شـۆڕاکان و بەهێزبـوونی کومیتەکـانی حیزبـی، خـۆڕاگریی نەرینیـی (سـەلبی) دەزگـای بوروکراسـی، سسـتیی گـۆڕانی شـێوازی بیرکـردنەوە لە بـوارە جۆراوجۆرەکاندا، هەڵبژاردنی هێندێک ئیستراتژیی ئـابووریی زەرەرهێنەر، دواکەوتوویی تیکنۆلـۆژی لە بەرانبەر رۆژئـاوادا، نەبوونی گونجاندنی تۆڕی دابشکردن لە گەڵ پێداویستییەکانی خەلک، بەرتیل خواردن و گەندەڵی و هێندێک شتی تر.

دوابەدوای رووخـانی سـۆڤیەت و بەرەی رۆژهەڵات، ئەو کەسە هەلپەرسـتانەی نێـو حیـزب و ریکخراوەکـانی چەپـی وڵاتـانی ئیسـلامی بایانـدایەوە و ئیـدیعایان کـرد کە قەت کمۆنیسـت نەبـوون و سـەرمایەداری سیسـتمی سـەکەوتوو و ئەمـرۆژیە، زەحمەتکێشان کە ئامانجەکەیان شکستی هێنـابوو، تووشی نائومیدی بـوون و بەشێکیان پشتیان لە حیزبـایەتی و تەنانەت سیاست کرد. ئەم هەلپەرستیی لەبیروەرگەڕاوان و بێ هیوایی بەشێک لە زەحمەتکێشان، بۆشاییەکی لە کۆمەڵگادا پێک هێنـا کە زەمینەی بۆ ئیسلامی سیاسی خۆش کرد. ئا لەو کاتە ئیسلامی سیاسی بە گڕو تینێکـی تـازەوە هـاتە مەیدان کە پتر لە ئێران و پاکستان و ئەفغانستان و سودان و چەند ولاتیکی ترەوە سەرچاوەی دەگرت. ئیسلامی سیاسی ئیدیعای دەکرد کە نە سیستمی سەرمایەداری و نە سیستمی کمۆنیستی نـاتوانن مرۆڤەکـان لە کـوێرەوەری و چارەڕەشی رزگـار بکەن و ئەوە تەنیـا ئیسلامە کە ئەو ئەرکە بەسەرمەنزڵ دەگەیەنێ. پووڵ و پارەی عەرەبستانی سعووی وکۆمـاری ئیسلامی ئێران و چەنـد وڵاتـی دەوڵەمەنـدی ئیسلامی کەوتە گەڕو ئیمکانـاتی پڕووپاگەنـدەی بەرفراوانـی بـۆ پێک هێنـان. هەڵسووڕاوانی ئیسلامی سیاسی دەستیان دایە دامەزراندی حیزب و ریکخـراوی ئیسلامی لە زۆربەی وڵاتـانی ئیسلامیدا و بە هەزاران مزگەوت و قوتـابخـانەی ئیسلامی نەک تەنیـا لە وڵاتـانی ئیسلامی بەڵکوو لە وڵاتـانی رۆژئـاواش بینـا کـران، کە دیـارە وڵاتـانی رۆژئـاوا خۆشیان بۆخاتری بەرژەوەندی ئابووری کە لە وڵاتانی خاون نەوت و کانگـای جۆراوجـۆری وڵاتـانی ئیسلامی هەیـانبوو، یارمەتیدەری کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران و عەرەبسـتانی سعوودی بـوون. ئـا لەو مزگەوتـانەدا لە جێـی نـوێژکردن، پروپـاگەنـدەی ئیسـلامی سیاسی بڵاو دەبۆوە ولەو قوتـابخانانەدا وتەکانی تیۆریسینەکانی ئیسلامی سیاسی دەخویندران، کەبوونە بەشێک لە

سەرچاوەی تیرۆریزمی ئیسلامی.

ریژیمی مرۆڤكوژی سەدام حوسەین رووخا، لە عێراق لەبەر ئەوەی كە حەشیمەتی شیعە مەزهەب زۆرایەتییە، حكوومەتێك هاتەسەر كار كە زۆربەی دەسەڵاتەكان بەدەست كەسانی شیعەوە بوو. ئەمە دەرفەتێك بوو بۆ كۆماری ئیسلامیی ئێران كە خۆی بە نوێنەری شیعەی جیهان دادەنێ، بۆ ئەوەی هەر زوو دەست بخاتە كاروباری ئەم رژیمە تازەپێكهاتووە، كوردیش دەرفەتێكی وەگیركەوت كە لە بەشێكی كوردستانی باشووردا، هەرێمێكی فیدراڵی رابگەیەنێ. ریژیمی كۆماری ئیسلامی لەم بەشەشدا بەهۆی نزیكایەتی لە گەڵ هێندێك لە سەرۆكەكانی حیزبە ناسیونالیست و ئیسلامییەكان، توانی هەر زوو جی پێ بۆ خۆی بكاتەوە. لەو نێوەدا سونەكانی عێراق كە لە تەوای هاشتا ساڵەی مێژووی ئەو وڵاتەدا خاوەنی دەسەڵاتی یەكەم بوون، خۆیان بە مافخوراو دەزانێ وحازر نەبوون بە حاسانی دەسەڵاتی شیعە و دەستتێوەردانی كۆماری ئیسلامیی ئێران قبووڵ بكەن. "برێمیر" حاكمی سیاسی ئەمریكا لە عێراق حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە راگەیاند. ئەمەش زیاتر بووە هۆی تووڕەبوونی سونەكان، چونكە زۆربەی كاربەدەستانی بەعس سونە بوون. زۆری نەبرد دەستە و تاقمی تیرۆریستی لە عێراق پەیدا بوو، كە دژی حوكمی عێراق و بوونی ئەمریكا شەڕیان دەكرد. یەكێك لەوانە تاقمی نەقشبەندی بوو كە بەعسییەكان بەڕێوەیان دەبرد. كاتێك هێزكانی ئەمریكا عێراقیان بەجێ هێشت، لە ناوچەی سونەنشین گرو تینێك پەیدا بوو ودەستەوتاقمە تیرۆریستەكانی سونە بە پشتیوانیی بەعسییە لەكارلابراوەكان یەكیان گرت و گروهی خوێنرێژی داعەشیان پێك هینا. دەوڵەتانی سونە مەزهەبی عەرەبستانی سعوودی و توركیە و قەتەركە مەترسیی پێكهاتنی میحوەری شیعەی ئێران، عێراق، سووریە و حیزبوڵای لوبنانیان دەكرد، كەوتنەخۆ و لە سەرەتاوە یارمەتیی باشیان بە داعەش پیشكەش كرد كە دیارە چراسەوزی ئەمریكاشیان لە پشتەوە بوو. دوایی كە داعەش پێی لێ راكیشا و جگە لە بەشیكی سووریە، مەترسیی بۆ بەغدا و هەرێمی كوردستان پێك هێنا و سەری چەندین رۆژنامەنووس و یەخسیری رۆژئاوایی بڕی، ئەمریكا و رۆژئاوای كردە نەیاری خۆی و وڵاتانی سونەی یارمەتیدەری داعەشیش بە رواڵەت پشتیان كردە ئەو تاقمە خوێنریژە. داعەش بەكردەوەكانی خۆی پیشانی داوە كە زۆر لە تاڵەبان و ئەلقاعیدە و جبهەی ئیسلامی ئەلجەزیرە و تاقمە تیرۆریستییەكانی پێش خۆی مەترسیدارترە. هەر ئێستا جگە لە عێراق و سوریە، لە ئەفغانستان، فیلیپین، سومالی، لیبی، نیجریە و سەحرای سینای میسرو چەند وڵاتی دیكەی ئەفریقا و ئاسیا و تەنانەت وڵاتانی رۆژئاوا، تێكۆشانی هەیە. ئەم شێرپەنجە ئەگەر بە عەقڵ و ئاوەز و فیكر چارەی بۆ نەدۆزرێتەوە و سەرچاوەكانی دارایی و راگەیاندنی بەربڵاوی وشك نەكرێ، تەنیا بە هێزی نیزامی شكستی پی ناهێنرێ، هەرچەند بیئەمەگییە، كە قارەمانەتی و لەخۆبووردوویی هێزكانی پێشمەرگە و شەڕەوانان لە باشوور و رۆژهەڵاتی كوردستان لە رووبەڕووبوونەوەی داعەش و خۆراگریی كۆبانی لەشەڕدا لەبەر چاو نەگرین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - رێكەوتی: ١٩ی مای ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# هەڤپەیڤین دەگەڵ بەڕێز هاشم کەریمی نووسەر و تێکۆشەر دێرینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ٨ی مارس

**هەفپەیڤین: ڕەحمان نەقشی**

**پرسیار: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟**

**هاشم کەریمی**: ناوم هاشم کەریمی یە و لە ساڵەکانی ١٣٣٤- ١٣٣٥ی هەتاوییەوە( ١٩٥٥ - ١٩٥٦ی زایینی) وەکوو لایەنگرێکی هەڵسووڕاو لە گەڵ کومیتەی شاری بانەی حدک کارم کردووە.

**پرسیار: پرسی ژن ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**هاشم کەریمی**: پرسی ژن لە کوردستانەکان لەگەڵ ئەوەی ئیستاش سیستمی باوکسالاری زاڵە، هێندیک جیاوازیی هەیە. بە هۆی دواکەوتوویی ریژەیی کۆمەڵگا لە هیندێ جێگە ئێستاش نیزامی عەشیرەتی بە تەواوەتی لە نێو نەچووە و داب و نەریتی کۆن بنبڕ نەبووە، ئەوەش کاری کردۆتە سەر بارودۆخی خراپی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

**لە کوردستانی ڕۆژهەڵات** بە هۆی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی ئیران، یاسا و رێسای شەریعەت برەوی هەیە. بۆیە ژن ناتوانێ ببیتە وەلی فەقێە و ئیجتهاد بکا و تەنانەت ببیتە سەرەک کۆمار. لە قانوونی بنەڕەتیدا ژن لە زۆر بارەوە وەک نیوەی پیاو بە حیساب دێ. لە قانوونی مەدەنی ئێراندا ژن بۆی نیە لە زۆر شوغل و کاردا بشداری بکا وەکوو دادوەری . لە وەرگرتنی میرات و شەهادەت داندا دووژن بە پیاوێک حیساب دەکرێن، ژن مافی تەڵاقدانی نیە و ئەگەر لە مێردەکەی جیا بێتەوە قانوون منداڵەکە دەداتە باوکی منداڵەکە. جلو بەرگی بە زۆرەملی و ئەوەی کە مافی سەفەرکردنی بە بێ ئیجازەی مێرد یان باوک و کەس و کاری نادرێتی کۆت و زنجیرن و لە دەست و لاقی ژنان ئاڵاون. قانوونی فرەهاوسەری و کێشەی سیغە لەو ستەمانەن کە تەنیا ژنان بە دەستیەوە دەناڵێنن. لە قانوونی سەزاداندا ئەگەر پیاو بیسەلمێنێ کە ژنەکەی تووشی لادان بووە بۆی هەیە بە ناوی کێشەی نامووسی بیکوژێ و هیچ سەزایەک بۆ ئەو پیاوانە دانەندراوە. بە کورتی ژنان کۆیلەی پیاوانن. لە گەل ئەوش ژنانی کوردستان بە هۆی بەشداری یان یارمەتی بە بزووتنەوەی کوردستان، لە زۆر بارەوە لە ژنانی بەشەکانی دیکەی ئێران لەپێشترن و بەدایم لە هەوڵی پچڕانی ئەو کۆت و بەندانەدان. دیارە هەتا

کۆماری ئیسلامی لەسەر کار بمێنێ چاوەڕوانیی گۆڕان لە بارووداۆخی ژناندا بەزەحمەتە و دەبێ ژنان و پیاوانی پێشکەوتنخواز و ئازادیخواز تێبکۆشن بۆ تێکرووخانی ئەو ریژیمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرە،ئەو کات ژنان دەتوانن لە هەمووماڧەکاندا لەگەڵ پیاوان یەکسان بن.

لە کوردستانی باشوور لەبەر ئەوەی تا رادەیەک دیموکڕاسی هەیە و بەو شێوەی ئێران یاسای شەریعەت بەکار نابرێ و بوونی چەندین ریکخراوەی ژنان، بارو دۆخی ژنان تارادەیەک لە رۆژهەلات باشترە، بەڵام چەند کێشە بۆتە هۆی ئەوە کە رادەی کوشتن و ئەزیەت و ئازاری ژنان لەکوردستانەکانی تر زیاتر بێ. لە کوردستانی باشووردا بە داخەوە لە هیندی جێ سیستی عەشیرەتی لە نێو نەچووە و دیارە لە سیستمێکی ئەوتۆدا ژن هێچ دەسەڵاتێکی نیە. چەک بە فراوانی لەدست خەڵکدایە وئەوەش هۆیەکی ترە بۆ کوشتوبڕ کە بەداخەوە لەوشدا بەشی ژنان لە پیاوان زیاترە و کەس و کاری ژنان بە بیانووی پرسی نامووسی، ژنان دەکوژن و ئەزیەت و ئازاریان دەدەن و ریکخراوی ژنان کە زۆریشن لە ترسی تۆڵەی ژن کوژان ناتوانن بە شێوازی پێویست بەرگری لە ماڧی ژنان بکەن، تەنانەت لە دادگاکانیشدا دادوەرەکان لە ترسی تۆڵە ناتوانن ئەو جۆرەی پێویستە حوکمی عادڵانە بەسەر ژن کوژاندا بسەپێنن، هۆی بنەرەتیی ئەوەش لاوازیی دەسەڵاتی بەڕیوەبردنە. لە ئەنجومەنی ڧانووندانانی(پاڕلەمان) هەریمی کوردستاندا لایەنگرانی ماڧی ژنان نەیانتوانی ڧانوونی تاک هاوسەر ی بە پەسەندکردن بگەیەنن، چونکە لایەنی دژبەری ئەو ڧانوونە ژمارەیان زیاتر بوو و ئەمە زەبریکی ڧورس بوو کە لە ماڧی ژنان درا. لە کوردستانی باشووردا خەتێنەی کچان بنبڕ نەبووە و لەو بارەوە دۆخەکەلە بەشەکانی تری کوردستان خراپترە.

لە کوردستانی باکووردا و تا رادەیەکیش رۆژئاوا هەر ئەو بارو دۆخە بەسەر ژنان دا زاڵە و ئیستاش پیاوسالاری برەوی هەیە. تەنیا دوو پرس لە بەشەکانی دیکەی کوردستان جودایان دەکاتەوە. یەکێک ئەوەیە کە بە هۆی ئەوەی دەیان ساڵە ڧانوونی سکیولار لە تورکیە و سوریە دا تا رادەیەک بەکار دەبری، جیاوازییەکی لەگەڵ کوردستانی رۆژهەلات پیک هیناوە. هەرچەند ئیستا لە تورکیە حیزبێکی ئیسلامی دەسەڵاتدارە، بەڵام نەیتوانیوە بە زەرەری ماڧی ژن دەسکاری ڧانوونەکە بکا. یەکێکی تر ئەوەیە کە پ.ک.ک بە سەدان کەس لە کچانی کوردستانی لە ریزەکانی پێشمەرگەی خۆیدا جێ کردۆتەوە و ئەوەش بێگومان گۆڕانێکی لە بارودۆخی ژنانی کوردستانی باکووردا پێک هیناوە.

**پرسیار:** چ لە ریزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و رۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێنێ؟

**هاشم کەریمی:** حیزبەکان تا رادەێەک توانیویانە ستەمی سەر ژنان کەم بکەنەوە و زۆر لە ئەندامانی هێندێک لە حیزبە کانی کوردستان لە ڕاستیدا لایەنگری ماڧی ژنانن، بەڵام پێمان خۆش بێ یان ناخوش بێ ئەو حیزبانەش بە هێندێک



سەرچاوە
Serchawe

جیاوازییەوە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگای پیاوسالاری کوردەوارین، بۆیە نەیانتوانیوە ئەو جۆرەی پێویستە لانی کەم بە پێی بەرنامەی حیزبەکانیان جیاوازی ژن و پیاو بە تەواوەتی لە نێو بەرن.

**پرسیار:** زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

**هاشم کەریمی:** ئەوەی کە گوایە ژنان خۆیشیان ئامادە نیین لە بوارە جوراوجورەکاندا هەڵسووڕانیان هەبێ، زادەی سیستمی کۆنە پەرستانەی باوکسالاری و داب و نەریتی کۆنە. ئەگەر ئەو ئەوبەرهەلستە نەمێنێ، بێگومان ژنانیش شان بە شانی پیاوان لە هەموو بوارەکاندا ئەرک و کار وەئەستۆ دەگرن.

**پرسیار:** هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان رێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو رێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی بیرورای گشتی و یان رێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زۆڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ راکێشن؟

**هاشم کەریمی:** ریکخراوی ژنان چا ج لە نێو حیزبەکاندا بن یان لە دەرەوەی حیزبەکان، بێگومان کارتێکەری ئەرینییان هەیە، دیارە ئەوەش رێژەییە و هەم لە کوردستانەکان ئەو کاریگەرییە جیاوازی هەیە و هەم لە نێو حیزبەکان دا. دیارە هەروەکوو باسکرا دواکەوتوویی رێژەیی کۆمەڵگای کوردستان لە کارتێکەری ئەوانیشدا نەخشی خۆی دەبینێ، بەڵام بەهەر حال بوونی ئەو رێکخراوانە پیویستن و دەبی هەوڵبدەن هەم تیکۆشانیان پەرە پێبدەن و هەم هاوکاری و هاو فکری زیاتر لە نێو خویان دا پێک بێنن.

**پرسیار:** وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

**هاشم کەریمی:** من ناتوانم ئامۆژگاریی ژنان بکەم کە چی بکەن و چی نەکەن، چونکە ژنانی هەڵسووڕاوی بواری مافی ژن سەلاحییەتیان پترە ،بەلام هیوادارم رۆژێک دابێ کە کۆمەلەکەمان بگاتە قۆناغێک کە جیاوازیی نێوان ژن و پیاو بە تەواوەتی بنبڕ ببێ و ژن و پیاو پێکەوە بە بوونی مافی یەکسان بۆ پێک هێنانی کۆمەڵێکی پێشکەوتوو و دادپەروەری کۆمەڵایەتی تێبکۆشن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ١٦ی مارچی ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

# جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ لە مێشک و بیری هەموو مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز و چەوساوە دا هەرزیندویە

ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ ( ٦٧ - ٦٨ ی زاینی) رژێمی حەمە رەزاشا تووشی نەخۆشیی خۆبە زل هێز زانین ببوو و بە تەواوەتی خۆی لێ گۆڕابوو. پارەی بە لێشاوی نەوت بە رادەیەک بوو کە رژێم ئیدیعای دەکرد دوای چەند ساڵی تر دەبێتە هێزی پێنجەمی جیهان. هەموو حیزب و ریکخراوە دیموکڕات و پێشکەوتووخوازەکان سەرکووت کرابوون. بە ئامۆژگاریی ئەمریکا رێژیم دەستیدابووە چاک کردنی زەوی و بەشێک لە جوتیارانی رازی کردبوو، تا رادەیەک خەیاڵی لە شۆڕشێکی جوتیاری ئاسوودە ببوو، هەرچەند بەشێک لە جوتیاران لە بەرئەوەی بەر چاک سازیی زەوی نەکەوتبوون، روویان کردبووە شارەکان و توێژێک لە بێکارانی دەوروبەری شارە گەورکانیان پێک هێنابوو. ئیمپریالیزمی ئەمریکا بە هەموو توانایەوە پشتیوانیی لێدەکرد و لە بەرامبەر پارەی زۆرو زەوەندی نەوت دا تازەترین و بەهێزترین چەکی پێ دەفرۆشت. نەک تەنیا ئەمریکا بەڵکوو هەموو وڵاتانی سەرمایەداری پشتیوانی رێژیم بوون. تەنانەت ئەو وڵاتانەی بە ناحەق خۆیان بە وڵاتی سوسیالیستی دادەنا لە بەرامبەر حەمەرەزا شادا ریاییان دەکرد وبانگهێشتنیان دەکرد بۆ وڵاتانی خۆیان وزانکۆکانیان دوکتورای ئیفتیخارییان بە شا و شاژن دەدا بۆ ئەوەی سەودا و مامەڵەیان لەگەڵ بکا. ئێران بە نوێنەرایەتیی ئەمریکا و بریتانیا ببووە ژاندارمی خەلیجی فارس و تەنانەت سوپای بۆ پشتیوانی لە سوڵتانی عومان بۆ سەرکووتی شۆڕشگێرانی زوفار رەوانە کردبوو.

ئا لەو کاتەدا تەنیا تروسکاییەک کە دەبینرا زانکۆکانی تاران و چەند شاری گەورە بوون کە بە زۆری لە ١٦ی سەرماوەزی هەر ساڵدا کە رێکەوتی کوژرانی سێ خویندکاری دوای کودەتای ئەمریکایی ئینگلیزیی - شا زاهیدیی ٢٨ی گەلاویژی ساڵی ٣٢ بوو، کە خویندکاران بە دژی رێژیم خۆپیشاندانیان ساز دەکرد و هەموو جارێک لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی رێژیمەوە ئەو خۆپیشاندانانە سەرکووت دەکران و ژمارەیەک دەگیران و رەوانەی ئەشکەنجەگاکانی تاران و شارەکانی دیکە دەکران و یەک دوومانگ زانکۆکان بە تایبەت زانکۆی تاران دادەخران. لە کوردستان دا بە هۆی دووری لە ناوەند ونەبوونی هیچ زانکۆیەک و بە پێی پێشینەی مێژوویی ئەو تروسکە هیوایە لە بیر و زەینی خەڵکی ئازادیخوازو ژێر ستەمی گەلی کورددا تا رادەیەک لە بزووتنەوەی کوردەکانی باشوور و بە تایبەت لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات دا دەبینرا کە ئاوارەی هەندەران ببوون و جاروبار پەیدا دەبوون و هیوایەکیان لە نێو دڵی خەڵکی نیشتمانپەروە و چەوساوە دا پێک دێنا.

ئا لەو کاتەدا رێژیمی حەمە رەزا شا بۆ بەرپەرچدانەوەی رێژیمی بەعسی عێراق کە تەنیا حکوومەتێک بوو کە لە خەلیجی فارسدا لە گەڵ رێژیم لەبەربەرەکانێ دا بوو، بە رواڵەت یارمەتیی بزووتنەوەی کوردی باشووری دەکرد، بەڵام چ یارمەتییەک؟ بە قەولی "کریس کۆچرا رۆژنامەنووس و مێژوونووسی فەرانسەیی" بە قەترەچکێن چەک و سیلاحی بە شۆڕش

دەدا. بزووتنەوەی کوردستانی باشووریش بەو یارمەتییە، نەک تەنیا لە شۆڕشگێرانی ڕۆژهەڵات کە ساڵەها یارمەتیدەری شۆڕش بوون، بێ منەت ببوو، تەنانەت بۆ ڕاگرتنی دڵی ڕیژیمی شا ئەوانی خستبووە ژێر فشارەوە. کادر و ئەندامانی حیزبی دیموکرات کە بۆ پێک هێنانی تەشکیلات هاتووچۆی شارەسنوورییەکانیان دەکرد، لە گەڵ پیشوازیی گەرمی خەڵکی تینووی ئازادیی کوردستان بەرەو ڕوو دەبوون و ئەوان پێیان وابوو کە هەل و مەرجی بابەتی ( عەینی ) بۆ شۆڕش لە کوردستانی ئێرانیش وەک کوردستانی عیراق ئامادەیە و ئەگەر ئەوان بگەڕێنەوە دەتوانن هەل و مەرجی خۆییش( زیهنی) بخوڵقێنن.

ئەوە لایەکی پرسەکە بوو لایەکی تر ئەوە بوو کە ناکۆکیی نێوان کادر و ئەندامەکانی حیزب و ئەو گوشارەی کە لە لایەن بزووتنەوە ی کوردستانی باشوورەوە تووشی ببوون، ئەوانی هێنابووە سەر ئەو باوەڕە کە ئیتر بوونیان لە کوردستانی باشووردا هیچ کەڵکێکی نەماوە و ئەوان دەبێ لە فکری ڕێگەچارەیەکی دیکەدا بن. بۆیە بەشێک لەو شۆڕشگێڕانەی کە باوەریان بەو پرسەی سەرەوە هەبوو، کومیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتیان پیک هێنا. لە سەر ئەندامانی پێکهێنەری کومیتەی شۆڕشگێر لە نێوان ئەوئەندامانەی کۆنی حیزب کە بیرەوەریی خۆیان نووسیوە، جیاوازی هەیە، بۆیە تا ئەو کاتەی لە لایەن کەسیکی شارەزا کە ئاگاداری ئەو پرۆسە بووبێ و ناوی ئەندامانی کومیتەی شۆڕشگێر بە بێ لایەنی ساغ نەبێتەوە، من لە هێنانی ناوی ئەندامەکان خۆ دەبویرم ، بەلام ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە بەرپرسی یەکەمی ئەو ڕەوتە زیندوویاد سلێما ن موعینی بووە، ("فایەق" لە کاتی گەڕانەوە لە کوردستانی باشوور بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات لە گەڵ زیندوویاد خەلیل مستەفا زادە "شەوباش" گیران و بە فەرمانی بەرپرسانی بزووتنەوە شەهید کران. تەرمی شەوباش ون بوو، بەڵام تەرمی فایەق بە ڕیژیمی شا تەحویل درایەوە، کە ڕیژیم ویستی لە مەهاباد بە خیاباندا بیگێڕێ، بەڵام لە ترسی خۆپیشاندانی خەڵکی مەهاباد ناچار بووتەرمەکە تەحویلی بنەماڵەکەی بدا). بەرپرسی یەکەم لە ناوچەی بانە زیندوویاد سمایل شەریفزادە (ناوی خوازراو مەلاعەزیز) و لە ناوچەی سەردەشت زیندوویاد ئەحمەد شەڵماشی(مەلا ئاوارە) بوون. لە ماوەی هەژدە مانگدا کە ئەو جووڵانەوە خۆی ڕاگرت، چەندین شەڕی قارەمانانە لە ناوچەکانی سەردەشت، مەهاباد، بۆکان، پیرانشار و سەروی کوردستان کرا، کە هەرچەند پێشمەرگەش شەهیدیان دا، بەڵام بە دەیان کەس لە جاش و ژاندارم و ئەرتەشی کوژران و زەبرێکی باش بوو کە تا ڕادەیەک گۆمی ئارامی ئیرانیان لە کوردستان شڵەقاند. دەبی ئەوە لە بیر نەکەین کە دوای شەهید بوونی زۆربەی بەرپرسانی جووڵانەوەکە، زیندوویاد هاشمی ئەقەلوتولاب ("قادر شەریف" بە فەرمانی عبدولوەهاب ئوترووشی ئامیر هێزی شۆڕش و بە دەستی دوو بەناو پێشمەرگەی شۆڕش یۆسفە لچە و فوئاد حەمەمین لە ١٤ی خەزەڵوەری ١٣٤٨ لە سلێمانی تیرۆرکرا) کە لە پێشدا لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری کومیتەی شۆڕشگێر نەبوو، گەڕایەوە و بەرپرسایەتیی نیزامیی بە ئەستۆوە گرت و لە شەڕێک دا لە ناوچەی سەردەشت زەبرێکی باشی لە هێزەکانی ڕیژیم دا.

لە ناوچەی بانە کە کاک سمایل تێکۆشانی هەبوو، کوردیکی خۆ فرۆش بە ناوی کویخا شەریفی کیلەشین کە سیخوری ڕێژیم



سەرچاوە
Serchawe

بوو خۆی خزاندبووە ریزی پێشمەرگەکان. تا شەوێک لە کاتی نووستن لە گوندی دارینە هەلی بۆ هەڵ دەکەوێ و تەقەیان لێ دەکا و یەکیان بریندار دەکا و رادەکا و دەچێتە پاسگای سیاوەمە و جێی پێشمەرگەکان بە هێزەکانی ریژیم دەڵێ و بۆ سبحەینێکەی دووسەد کەس ئەرتەشی و ژاندارم کە نزیکەی سەد جاشی عبدولا خانی شەهیدی و حەمە خانی یۆنسی بەلوە و ئەحمەد خانی نێزەڕۆیان لە گەڵ دەبێ، لە چەمی دارینە دەوری پێشمەرگەکان دەدەن، تا ئیوارە شەڕ بە توندی بەردەوام دەبێ و جاشێک دەکوژرێ و سمایل ، محەمەد شادمانی، عەلی عبدولاکۆڵ و حسەین رەحمان رابی شەهید دەبن و کاک عەبە رەش کە لە ساڵەکانی ٥٣ - ٥٤ (٧٤- ٧٥ی زاینی) لە بەسەرکردنەوەی کادرەکانی تەشکیلاتی لە سنوورەکان دا، زیاتر ناوبراو هاورێیایەتیی دەکردم، بە برینداری خۆی دەم ئاوەکە دەدا و خۆی دەرباز دەکا.

بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی ئەو شۆڕشگێڕانە، وەکوو لەسەرەوە باسکرا نەک تەنیا هەل و مەرجی بابەتی بۆ شۆڕش ئامادە نەبوو، بەڵکوو ریژیم لەو پەڕی دەسەڵاتی خۆیدا بوو کە بەو سەد کادرو پیشمەرگە، کە ئەویش لە ناوچەیەکی بەر تەسکی کوردستاندا قەتیس مابوون،نەیانتوانی هەل ومەرجی خۆیی بە قازانجی گۆڕانی هەل و مەرجی بابەتی پێک بێنن، هەرچەند کارتێکەریی خۆیان لەسەر رووداوەکانی داهاتووی کوردستان بە جێ هێشت.

جووڵانەوە شکستی خوارد، بێجگە لەوانەی لە تێکهەڵچوونەکاندا شەهید بوون یان گیران و تەحویل درانەوە کە هێندێکیان ئیعدام کران. ئەوانی دیکە گەڕانەوە بۆ کوردستانی باشوورو خۆیان حەشار دا و بە خۆشییەوە هێندیکیان تا ئێستاش ماون و تەنانەت لە شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، وەکوو کادر و پێشمەرگە، شانازیی بەرگری لەگەڵ و نیشتمانیان بۆ خویان دابین کرد. دوای تێکشکانی جووڵانەوەش ریژیم بە سەدان کەس لە خەڵکی کوردستانی کە پێی وابوو یارمەتییان بە جووڵانەوەو کردووە، گرت و لە دادگای نیزامیی جلدیان و فەلەکولئەفلاکی خورەماباد و جێگاکانی تر بە زیندانی درێژماوە و کورت ماوە مەحکووم کران ئەو جۆرە شۆڕش وجووڵانەوانە کە لە نێودڵی گەڵ هەڵدەقوڵێن ئەگەر سەرکەوتنیش بەدەست نەهێنن، بەڵام قەت لە بیر ناکرێن. دوای پتر لە دوو هەزارساڵ کە بە سەر ڕاپەڕینی کۆیلەکانی رۆم بە فەرماندەریی ئیسپارتاکووس تیدەپەرێ، هێشتاش یاد و بیرەوەریی ئەو ڕاپەڕینە لە یاد نەکراوە و کتێبی لە سەر دەنووسرێ و فیلمی لەسەر دروست دەکرێ. هەروەها ڕاپەڕینی مەزدەکییەکان لە دەورەی حکوومەتی ساسانیدا، جووڵانەوەی خورەمدینان بە رێبەرایەتیی بابەکی خورەم دین لە دەورەی خەلافەتی عەباسیدا، تا دەگاتە شۆڕش و بزووتنەوەکانی کوردستان، بە تایبەت دامەزرانی کۆماری کوردستان بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕات و پێشەوایی قازی محەمەد هەموو شکستیان خواردووە، بەڵام لە مێشک و بیری هەموو مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز و چەوساوە دا هەرزیندوون. جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ی کومیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکرات بە هۆی بارودۆخی ئەو سەردەمە و بەهێزبوونی دوژمن شکستی خوارد، بەڵام یاد و بیرەوەریی ئەو رۆڵە شۆڕشگێرانەی گەڵ هەمێشە زیندووە و لە بیر ناکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ٢٤ی ئاوریلی ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی کاک هاشم کەریمی بۆ کۆڕی ڕێزگرتن لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

### هاوڕییانی خۆشەویستی کۆڕی ڕێزگرتن لە مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە

بە سڵاوێکی گەرم. سوپاستان دەکەم بۆ بانگهێشتنم بۆ ئەو ڕێورەسمە. بە داخەوە لە بەر کاری پزیشکی نەمتوانی حازر بم. لەبەر ئەوە بەو کورتە پەیامە بەشداریی ڕێورەسمەکە دەکەم. لە پێشدا دەستخۆشیتان پێدەڵێم بۆ پێکهێنانی ئەو ڕێورەسمە. بەراستی مامۆستا شایانی ئەو ڕێزگرتنەیە و زۆر زیاتریش، چونکە جگە لە وەی مامۆستا ماوەی چلپەنجا ساڵە لە ریزی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا تێکۆشانی هەیە و لەو ریگەدا وەکوو هەموو تێکۆشەرێکی کورد رەنجی زۆری کیشاوە، وەرگێڕێکی کارامە و نووسەر و کوردیزانێکی بەتوانایە. من بەنۆبەی خۆیشم قەرزداری مامۆستام، لەبەر ئەوەی کاتێک لە نەورۆزی ١٣٥٢ی هەتاوی قاچاخ بووم و چوومە عێراق. خوێندنەوەی کوردیم باش بوو، بەڵام نووسینی کوردیم زۆر خراپ بوو. مامۆستا لە پێش هاوڕێیانی دیکەوە، منی بۆ نووسینی کوردی ڕێنوێنی کرد کە زۆری پێنەچوو نووسینەکەشم باش بوو، بە جۆرێک کە دووسێجار لە جێی مامۆستا کە دەچوو بۆ سەفەر، وتارم بۆ رۆژنامەی هاوکاری دەنووسی. جگە لەوەش ڕاهاتم کە جاروبار بۆ رۆژنامەی کوردستان و گۆڤاری نێوخۆییش وتار بنووسم. بەهەرحاڵ جارێکیتر دەستخۆشیتان لێدەکەم. هیوادارم مامۆستا بە لەشساغی تەمەنێکی درێژی هەبێ و ئێوەی بەڕێزیش لە کارە چاکەکانتاندا بەردەوام بن.

براتان هاشم کەریمی

# لەسەر بیوگرافیی دەورە جیاجیا کانی ڕۆژنامەی «کوردستان»

من لێرەدا بە پێویستی نازانم پەسنی ڕۆژنامەی کوردستان بکەم، چونکە وەکوو سەعدی دەڵی: « گوڵ ئەو گوڵەیە خۆی بۆنی خۆش بڵاو بکاتەوە نەک گوڵفرۆش بە بۆنی خۆشیدا هەڵبڵێ». دەبێ ئەو کەسانەی کە پێوەندییان بە حیزبی دیموکڕاتەوە نیە، ئەو ڕۆژنامەهەڵسەنگێنن و ئەگەر جێی پەسنە کە هەیە، ئەو کارە بکەن. لەگەڵ ئەوەش ناکرێ لەو بارەوە هیچ نەگوترێ. بویە بە دڵنیاییەوە دەڵێم ڕۆژنامەی کوردستان کە زیاتر لەوەی ڕۆژنامە بێ گۆڤارە، لانی کەم لە سێ پرسدا یەکێکە لە سەرکەوتووترینی ڕۆژنامەکانی ئۆرگانی حیزبەکانی کوردستان. یەکەم، لە ناساندنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان و پێشێلکرانی مافی نەتەوایەتیی گە لی کورد، دووهەم لە پیشاندانی ڕووی دزێوی دووریژیمی دژی گەلیی پاتشایی و ئاخوندی لە ئیراندا و سێهەم، کارتێکەریی لە سەر ئەدەبیاتی کوردی و دروست نووسینی خەت و ئینشایزمانی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووردا.

لیرەدا دەمەوێ بە کورتی لەسەر بیوگرافیی دەورەکانی جیاجیای ڕۆژنامەی کوردستان و ڕێباز ورێوشوێن و کارتێکەریی ئەم ڕۆژنامە چەند دێریک بنووسم. ڕۆژنامەکانی دەورەی کۆماری کوردستان کە ١١٣ ژمارەی لێ بڵاو بۆتەوە (من تەنیا چەند ژمارەیانم دیتوە) بە تەواوی مانا بڵاوکراوەی بیرو هزری حیزبی دیمۆکراتیکوردستانن. لەبەر ئەوەی زۆربەی بگرە هەموو نووسەرانی ئەندامی حیزبی دیمۆکڕات بوون و سیاسەتەکان و ریبازی ئەو حیزبەیان بڵاو کردۆتەوە. بەڵام دەورەی دووەمی کە لە باکۆ چاپ دەبوو و ١٣٣٧ ژمارەی لە لایەن ئەو خویندکارانەی کە کۆماری کوردستان بۆ خویندن ناردبوونیە سۆڤیەتی پێشوو ودوای تێکچوونی کۆمار نەیانویرا بگەڕێنەوە وڵات، بڵاو دەبۆوە. لەگەڵ ئەوەی نابێ زەحمەتەکانیان فەرامۆش بکرێ، بەڵام ئەو دەورەی ڕۆژنامە، زیاتر زمانحاڵی حیزبی توودەیە تاکوو حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان. دەورەی سێهەمی، کە چوار ژمارەی بە نهێنی لە لایەن کادرەکانی حیزبی دیموکڕاتەو بڵاو بۆوە، لە گەل لەبەرچاوگرتنی ئازایەتی وچاونەترسیی ئەو کادرانە کە لەو کاتە هەستیارو پرمەترسییەی دوای کودەتای ٢٨ی گەلاویژی ١٣٣٢ی هەتاوی، ئەو ئەرکەیان وەئەستۆ گرتووە جێی ڕێزو پێزانینە، هەر چەند ئەو کات هێشتا حیزبی دیموکڕات لەباری ڕێکخستن و ڕاگەیاندندا لە ژێر کاریگەریی حیزبی توودەدا بوو. بۆیە لەم دەورەش دابێگومان بیرو هزری حیزبی توودە بەو ژمارانەوە دەبینرێ. تەنیا ژمارەیەک کە لە ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی بڵاو بۆوە لە خەت و ریبازی حیزبی دیموکڕاتدا بووە، چونکە ئەو کات حیزب لە هەموو بارێکەوە ریبازی خۆی لە حیزبی توودە جیا کردبۆوە. ئەو ٢٦ ژمارەی کە لە لایەن روناکبیران لە ئورووپا بڵاو بوونەوە، لە بەر ئەوەی بەشێک لە نووسەرانی ئەو دەورە ئەندام و لایەنگری حیزبی دیموکڕات بوون، هەر چەند بە ناوی ئۆرگانی حیزبی دیموکرات بڵاو نەدە بۆوە، لەگەڵ ئەوەش تا رادەیەک لە خەت و ریبازی حیزبی دیموکڕات دابووە.



سەرچاوە
Serchawe

پێوەندیی من بە حیزبی دیموکراتەوە و بەو پێیەش بە ڕۆژنامەی کوردستانەوە چەندین قۆناغ لە خۆی دەگرێ. لە سەردەمی سەرۆک وەزیریی موسەدیق دا(ساڵەکانی ٣٠ تا ٣٢ی هەتاوی) کاکم (محەمەدی کەریمی) یەکێک لە هەڵسووڕاوانی حیزب بوو، بەو بۆنەوە زۆر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە دەگەیشتنە دەست کاکم کە نەوەد لە سەدا گۆڤار و ڕۆژنامەی حیزبی توودە بوون. هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێکی حیزبی دیموکڕاتیان تێدا بەدی نەدەکرا. من ئەو کات پێوەندیی حیزبی دیموکڕات و حیزبی توودەم نەدەزانی و پێم سەیر بوو کە ئەندامانی ئەوە سەردەمە بە ناوی حیزبی دیموکڕات تێکۆشانیان هەبوو، کەچی ئەدەبیاتی حیزبی توودە دەگەیشتە دەستیئەندامان. دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی، کاکم لە مامۆستایی فێرگە دەرکرا و بۆ ماوەی سێ ساڵ تێکۆشانی حیزب لە بانە راوەستا. لە ساڵی ١٣٣٥ەوە تێکۆشان دەستی پێکردەوە کە تا ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی ١٩٥٨ی زایینی واتە شۆرشی ١٤ی ژوئییەی ١٩٥٨ی عێراق تەنیا بەیان و راگەیاندراوەکانی حیزب دەبینران، بەڵام لەو کاتەوە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق و ئەدەبیاتی سەربەخۆی کوردستانی باشوور دەگیشتنە بانە و لە سێ جێ واتە گوندی شوێ، گوندی بارەوەران(ئەحمەداوا) و گۆڕستانی سڵمان بەگ دادەنران و من لە گەڵ ئەندامێکی حیزب کە جێگاکانی پێ دەزانی، دەمانهێنانە نێو شار و لە نێو ئەندامانـدا بڵاومان دەکردنەوە. ئەوکات من وەک لایەنگرێکی هەڵسووڕاو لەگەڵ حیزب هاوکاریم دەکرد و بە گیرانی کاکم لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی دا پێوەندیم لەگەڵ حیزب پچڕا.

یەکەمین جار کە لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی لەگەل حیزبی دیموکڕات پێوەندیم نوێ کردەوە، ڕۆژنامەی کوردستانم بینی. ئەو کات ناوی نووسەران لە سەر وتارەکان نەدەنووسران، تاوەکوو خۆم لەنەورۆزی ١٣٥٢ی هەتاوی قاچاخ بووم و چوومە عێراق. لەو کاتە دا نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان بریتی بوون لە زیندوویادان دکتور قاسملوو، مامۆستا هێمن، کاک کەریم حسامی و کەمتریش کاک حەمەدەمین سیڕاجی. مامۆستا مەلا عەبدولا حەسەنزادە هەم نووسەر و هەم ئەدیتۆری ڕۆژنامەکە بوو. کادری فەنیی ڕۆژنامەکەش زیندوویاد عوسمان میراوەیی(جەلال) و مەلا رەحمان کاژەیی بوون. لەو دەورەدا هێشتا دەستم بە نووسینی کوردی ڕانەهاتبوو، بۆیە پێم وایە تەنیا دووسێ وتارم بڵاو بۆوە. ئەم دەورە تا گەڕانەوەمان بۆ وڵات ٣٥ ژمارەیان لە عێراق چاپ بوون و بە هۆی نزیکایەتیی ڕیژیمی بەعسی عێراق لە گەڵ ڕیژیمی حەمە ڕەزا شا، حکوومەتی عێراق نەیهێشت ئیتر ڕۆژنامەی کوردستان لە عێراق چاپ ببێ، بە ناچاری گوێزرایەوە بۆ ئوروپا. ڕۆژنامەی ئەو دەورە پتر لە کوردستانی باشوور بڵاو دەبۆوە و دوو بۆچوون لەسەر ڕۆژنامەکە هەبوو. ئەو کات بزووتنەوەی کوردستانی عیراق پێوەندیی بەربڵاوی لەگەڵ ڕیژیمی حەمە ڕەزا شا هەبوو، بەو بۆنەوە هێندیک لە کاربەدەستانی بزووتنەوە، پێوەندیی راستەوخۆیان لەگەل ڕیژیمی پاتشایی هەبوو و بە چاوی سووک سەیری ڕۆژنامەی کوردستانیان دەکرد. بۆ نموونە جارێک باسی ڕۆژنامەی کوردستان کرابوو، عەبدولوەهاب ئەتڕووشی فەرماندەری تیرۆر و کۆشتی زیندوویادان قادرشەریف و مەلا ڕەحیمی ویردی گوتبووی: ڕۆژنامە ڕووزەردەرکەی کوردستان(کاغزی ڕۆژنامەکە سپیی مەیلەو زەرد بوو). بەڵام زۆربەی کاربەدەستانی بزووتنەوە و ئەندامانی حیزبی شیوعیی عێراق و ئەدیب و نووسەرانی کوردستانی باشوور بە چاوی ڕێزەوە

دەیانڕوانیە رۆژنامەی کوردستان و بە یەکێک لە رێ پێشاندەرانی دروستنووسینی خەت و ئینشای کوردییان دادەنا.

لە کونگرەی ٦ و ٧ دا کە بوومە ئەندامی دەفتەری سیاسی، وێڕای ئەوەش بوومە ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان. جگە لەوەی هەموو مانگێک وتارێکم دەنووسی، ئەدیتۆری بەشی فارسیەکەش بووم. ئەندامانی ئەوکاتی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان بریتی بوون لە: شەهید دکتور قاسملوو،مامۆستا مەلا عەبدوڵلا حەسەنزادە،کاک فەتاح کاویان، مامۆستا گۆران، مامۆستا عاشق وکاک ئەنوەری سوڵتانپەنا. کادری فەنیش بریتی بوون لە: کاک عەلی سووسەنی، کاک شوکری تەریق و کاک جەعفەری شەریعەتی.

لە دوای هەڵویست گرتنی حدکا، رێبەرایەتیی شۆڕشگێر من سەرلە نوێ بوومەوە بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان و تا یەکگرتنەوەی دووباڵی حیزب، هەموو مانگێک وتاریکم دەنووسی و بەشی رۆژژمێری مێژوی کوردستان و ئێران و جیهانیشم ئامادە دەکرد. دەستەی نووسەرانی ئەو کات بریتی بوون لە: کاک فەتاحی کاویان، مامۆستا عاشق، مامۆستا بێبەش و کاک عەبدوڵا حیجاب. کاک جەلیل گادانی، کاک حەسەن رستگار، کاک حسەین مەدەنی و کاک کەمالی کەریمی و هەروەها کاک سەعید بەگزادەو کاک فەیسەل ئیراندوست کە لە رادیو کاریان دەکرد جاروبار وتاریان بۆ رۆژنامەکە دەنووسی. جگە لەوانە شاعیرانی کوردستانی باشوور وەکوو مامۆستایان سوارە قەڵادزەیی، حەسیب قەرەداغی، غەریب پشدەری و خالید دلێر بە شێعرهاوکارییان دەکردین. کادری فەنیش بریتی بوون لە کاک قاسم سوڵتانی و کاک عەلی سووسەنی. لەو ماوەدا هەشتا ژمارەی رۆژنامەی کوردستان بڵاو بۆوە.

لێرەدا من دەمەوی ئەگەر جێ بگرێ هێندی پێشنیاز بۆ زیاتر دەوڵەمەند بوونی چۆنیەتیی رۆژنامەی کوردستان بێنمە گۆری، هیوادارم وەک کەمگرنگیدان بە نەقشی رۆژنامەی کوردستان چاوی لێنەکرێ:

هەرچەند دروشمی سەرەکیی حدک لە کۆنەوە دابینکردنی مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد بووە و وەکوو لە پێشدا ئاماژەم پێکرد رۆژنامەی کوردستان لەو بارە نەخشی زۆر باشی هەبووە، بەڵام بە تەجرەبەی وڵاتانی ژێرچەپۆکەی ئیستیعمار لە ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین دەرکەوتوە کەهەر چەند هەموویان سەربەخۆیی سیاسییان بەدەست هیناوە، بە داخەوە لەبەر پیادەنەکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی میللەتاکانیان خۆشبەختی و ژیانی باشتریان بە نسیب نەبووە و لە دواکەوتووییدا ماونەتەوە. تەنانەت لە کوردستانی باشوور کە گەلی کوردمان بەبەشیک لە ویستە نەتەوایەتییەکەی گەیشتوە، بە هۆی ناعادڵانەبوونی دابەشکردنی سەروەت و سامانی زۆر و زەوەندی ئەو بەشەی کوردستان، بەشێکی زۆر لە خەڵکەکەی ناڕازین. کەوابوو هەر لە ئێستاوە پێویستە نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان لە سەر دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی زۆرتر بدوێن کە لە سیستمی بەڕێوەبردنی وەڵاتدا لە پێش هەموو شتێکدا ژیانی کەم ئەندامان و پیران و

منداڵان لە داهاتووی کوردستاندا مسۆگەر(گەرەنتی) بکرێ.

لە هەموو وڵاتانی دیکتاتۆر و کۆنەپەرست و دواکەوتوو بە تایبەت لە کۆماری ئیسلامیدا بە دایم مافی مرۆڤ پێشیل دەکرێ، بۆیە ئەمرۆکە ریعایەتکردنی مافی مرۆڤ بۆتە سەرخەتی دروشمەکانی هەموو ئەو حیزب و ریکخراوە دیموکڕات و کەسایەتییە پێشکەوتنخوازانە کە مرۆڤیان لا پیرۆزە، دەبێ لە رۆژنامەی کوردستان دا ئەو پرسە زیاتر گرنگی پێبدرێ.
لانی کەم لە کونگرەی سێوە کە من بەشداریم تێدا کردوە، حدک وەکوو حیزبێکی سکیولار ناسراوە، بەڵام لە بەرنامەکانی تەلەفزیون و رۆژنامەی کوردستان دا ئەو پرسە گرنگە کەمرەنگ بۆتەوە، بۆیە پێویستە بە ڕاشکاوی پڕوپاگەندە بۆ سیستمی سکیولار و جیابوونەوەی دین لە دەوڵەت بکرێ، بە تایبەت بۆ حدک پێویستە کە سەرەرۆیی و دڕندەیی کۆماری ئیسلامی تەجرەبە کردوە.

لەسەر دیموکڕاسی وپلورالیزمی سیاسی زۆرتر بنووسرێ بە تایبەت بۆ حدک کە ئەزموونی هەرە تاڵ و ناخۆشی شەڕی نێوخۆیی هەیە.
هەر چەند لە بەرنامەی حیزبدا مافی یەکسانیی ژن و پیاو بە روونی گونجێندراوە، بەڵام هێشتا ئەو جۆرەی پێویستە بە کردەوە جێ بە جێ نەکراوە، بۆیە رۆژنامەی کوردستان دەبێ گرنگیی تایبەت بەو پرسە بدا. بە تایبەت لەبەر چاوی هەمواندا دەبیندرێ کە لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەگشتی و کوردستانی باشووربە تایبەتی ژنکوشتن بە بیانووی نامووسی پەرەی پێدراوە و قازیەکان لەبەر لاوازیی دەزگای دادوەری وقانوونی سەزادانی کۆن و لە ترسی تۆڵەسەندنەوە، ناتوانن حوکمی عادڵانەی ژنکوژە بێبەزییەکان بدەن. دیارە گرنگیدان بە پرسی لاوانیش دەبێ یەکێک لە ئەرکەکانی رۆژنامەی کوردستان بێ.

زۆربەی خەلکی کوردستان لە کرێکاران و جوتیاران و چین و توێژە زەحمەتکێشەکان پیک هاتون، بۆیە بەرگری لە مافی ئەوان دەبێ بەشێکی بنەڕەتی لە وتارەکانی کوردستان بێ.

ئیتر داوای سەرکەوتن بۆ نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان دەکە م. بە هیوای ئەوە رۆژنامەی کوردستان وەکوو بەشێک لە مێژووی خۆیدا، لە داهاتووی نزیکدا لە کوردستانی رۆژهەلات بدرەوشێتەوە.

لە ژمارە ٦٠٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا (ژمارەی تایبەت) بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی : ١٨ی جانیۆیری ٢٠١٣

## یادی خۆشەویستێک

بە ڕاستی بۆ کەسیکی وەکوو من کە نە شاعیرم نە نووسەر پەسنی کەسایەتێکی وەکوو زیندوویاد کاک نەبی قادری کارێکی دژوارە، لەگەڵ ئەوەش بە ئەرکی خۆمی دەزانم بۆ بیرەوەریی ١٥ ساڵەی کۆچی دوایی ئەو مرۆڤە مەزنە سەمبوولیکیش بێ بە چەند دێڕ بەشداری بکەم.

زیندوو یاد کاک نەبی چەندین خەسڵەتی تایبەت بە خۆی هەبوو کە ئەو کەسایەتیە بەڕێزەی کردبووە خۆشەویستی هاوڕێیانی حیزبی و خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان. ئەو تایبەتمەندییانە زۆر بە کورتی بریتی بوون لە:

زیندوویاد پێشمەرگەیەکی ئازا و چاونەترس بوو و بە شاهیدی ئەو کەسانەی کە دەیانناسی، لە ماوەی تێکۆشانی حیزبیدا، کومیتە ناوەندی هەر ناوچەیەکی کوردستانی بۆ دیاری بکردایە هەر لە باکوورەوە تا باشوور، نەترسانە قبووڵی دەکرد و بە بێ ڕاوەستان دەچووە جێی مەئموورییەتەکەی. کاتێک زیندوویاد کاک حەکیم ڕەزایی لە ٩ی خەزەڵوەری ١٣٦٥ شەهید بوو، من وەکوو نوێنەری دەفتەری سیاسی هاوڕێ لەگەڵ کاک جەلیل گادانی بۆ ڕێ ورەسمی ماتەمینی چووینە هەورامان . ئەو کات زیندوویاد کاک نەبی بەرپرسی کومیتە شارستانی هەورامان بوو و لەو دوو سێ ڕۆژەی کە لەوێ ماینەوە بۆمان دەرکەوت کە ئەو مرۆڤە چەندە خۆشەویستی نێو کادر و پێشمەرگەکانی هەورامان بوو.

زیندوویاد نیشتمانپەروەر بوو و ئەو خەسڵەتە لە نێو بنەماڵەی قادریدا جێکوتوو بوو و ڕۆڵەکانی ئەو بنەماڵە بەڕیزە چ لە دەورەی کۆماری کوردستان و چ دوای کۆمار، هەمیشە یان لە ڕیزی تیکۆشەرانی حیزبی دیمۆکڕات دا بوون یان پشتیوانی بزووتنەوەی کوردستان بوون.

زیندوویاد مرۆڤیکی پێشکەوتنخواز بوو. هەرچەند کاک نەبی لە بنەماڵەیەکی مڵکداری عەشیرەتی مامەش چاوی بە جیهان هەڵهێنابوو، لەگەڵ ئەوش هەمیشە بەرگری لە مافی جوتیاران و زەحمەتکێشانی کوردستان دەکرد.

زیندوویاد ماندوونەناس و لەخۆبوردوو بوو، بۆ نموونە دوای ئەوەی کە بەداخەوە تووشی نەخۆشی شیرپەنجە ببوو، هەتا ئەو کاتەی بە تەواوەتی نەخۆشییەکە زەمینگیری نەکرد، دەستی لە تێکۆشان هەڵنەگرت و نەک تەنیا لە شوینی نیشتەجێی واتە دانمارک بەردەوام بوو لە تیکۆشان، بەڵکوو بۆ پێکهێنانی سمینار و کۆبوونەوەی حیزبی سەفەری بۆ زۆربەی ئەو

وەڵاتانەی ئوروپا دەکرد کە ئەندامانی حیزبی لێبوون.

زیندوویاد یەکێک بوو لەو کەسانەی نێو ڕێبەرایەتیی حیزب کە لەڕادەبەدەر منداڵانی خۆش دەویست و کاتیک بنکەمان لە قەڵاسیدە بوو کەم منداڵی کادرو پیشمەرگە هەبوون کە دەستی باوکانەی کاک نەبی وەسەریان نەکەوتبێ، جگە لەوەش کاتێک چووە هەندەران هیندێ جار بە پێی ئیمکان یارمەتیی بەو کادر و بپێشمەرگانە دەکرد کە دەستکورت و منداڵورد بوون.

من بیرەوەری زۆرم لەگەڵ زیندوویاد کاک نەبی هەیە کە لەبەر درێژنەبوونی باسەکە تەنیا بیرەوەریەکیان دەگێڕمەوە. من ماوەیەک دوای کۆنگرەی هەشت ماڵم لەسلێمانی بوو و کاک نەبیش بۆسەردان هاتبووە سلێمانی. شەویک لەگەڵ چەند هاوڕێی دیکە میوانی کاک رەحمان خوش ئەبرو بووین، زاوایەکم هەبوو بەناوی رەشید بەگ کە ئامۆزای حەمە ڕەشید خان بوو، بەڵام ئاغایەکی کەم دەسەلات بوو و رژیمی سەدام گوندەکەی لە قەزای پێنجوین تیکدابوو و ماڵی هاتبووە سلێمانی، پیاوێکی چاک بوو بەڵام تەعەسوبی ئاغایەتی هەرمابوو. چەند جار بۆی گیرابوومەوە کە جارێک پیم وایە لە دەورەی کۆماردا حەمە ڕەشید خان میوانی قەرەنی ئاغای مامەش دەبێ و ڕەشید بەگیشی لەگەڵ دەبێ و زۆر ڕێزیان لێدەگیرێ و میوانداری باش دەکرێن . ئەو شەوە کە میوانی کاک ڕەحمان بووین، ڕەشید بەگ چووبوو بۆ مالی ئێمە کە نزیک ماڵی کاک ڕەحمان بوو و لە منی پرسیبوو، گوتبوویان لە ماڵی کاک ڕەحمانە و هات بۆ ئەوێ، هەموو میوانەکانی دەناسی جگە لە زیندوویاد کاک نەبی و کاک نەبی زۆر ڕێزی لێگرت. دوای کەمێک رۆشت. ڕۆژی دوایی هات بۆلام و گوتی فڵانەکەس ئەو پیاوە بەڕێزە کێ بوو لەگەڵتان ، گوتم ئەوە یەکێک بوو لە ئاغاکانی مامەش، دای بە ئەژنۆی خۆیدا و گوتی ماڵت خراپ نەبی بۆچی پێت نەگوتم کە من رێزی زیاتری لێبگرم. دوایی کە چوومەوە قەڵاسەیدە بۆ کاک نەبیم گێڕایەوە، زۆر پێکەنی و بەڵێنی دا کە ئەگەر جارێکی تر پێکەوە ڕێمان بکەویتە سلێمانی سەردانی بکەین، بە داخەوە ئەو هەلەمان بۆ ڕێنەکەوت.

یاد و بیرەوەری هاوڕێی تێکۆشەر و لێوەشاوە زیندوویاد کاک نەبی بەرز و پیرۆز بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe

## داواکاری


زۆر بەڕێز هاوڕێ هاشم کەریمی وێرای سڵاوێکی گەرم، بۆ تاوتۆ و کەنگەشەی ڕووداوەکانی نێونەتەوەی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کوردستان بەگشتی و هەڵومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، ئەم پرسیارانەی خوارەوە کە بەدڵنیایەوە بەشێکی زۆری ئەم پرسیارانە هی چین و توێژەکانی خەڵکن ئاراستەی جەنابت و کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی حیزبی و غەیرە حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین و کۆی ئەم دیمانانە لە تۆیی نامیلکەیک دەیخینە بەر دیدی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. هەر بۆیە داوای لە جەنابتان دەکەین بە وەڵامی ئەرینی ئەم بەرهەم دەوڵەمەندتر بکەن.

پێشەکی زۆر سپاستان دەکەم.

بەڕێز و حورمەتەوە ڕەحمان نەقشی

---

## دیدو بۆچووکانی هاوڕێ هاشم کەریمی




وتووێژ: ڕەحمان نەقشی

## پرسیارەکان:

### ⁕ هەڵسەنگاندنێک لەسەر هەولومەرجی هەنوکەیی نێونەوەیی و رۆژهەڵاتی نێوەراست؟

**هاشم کەریمی**: دوای رووخانی بەرەی رۆژهەڵات بۆ ماوەیەک جیهان یەک جەمسەری بوو، کە ئەمریکا سەرکردە و پاریزگاری ئەو جەمسەرە بوو، دوایی رووسیە وردەوردە خۆی بووژاندەوە و هاتەوە مەیدان و سەر لە نوی جیهان بەرەو بە جیهانێکی دوو جەمسەری، دیارە دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگرین کە چینیش ئیدیعای زلهێزی دەکا و لە هێندێک جێ لە گەڵ ئەمریکا و رووسیە بەربەرەکانی دەکا. ئەو سێ وڵاتە لە گەڵ بریتانیا و فەرانسە کە لە رێکخراوی نەتەوەیە کگرتووەکان دا خاوەنی مافی "وتۆ" ن، بە هۆی ئەو مافەوە دەتوانن لە بەشێکی زۆر لە کێشە سیاسیەکانی جیهان دا نەخشیان هەبێ. ئەو پێنج وڵاتە لە گەڵ چوارولاتی گەورەی سەرمایەداری واتە ژاپۆن، ئەڵمان، ئیتالیا و کانادا زۆربەی کارتڵ و تراست و شیرکەتەکانی ئابووریی جیهانیان لە نیو خۆیاندا دابەش کردووە. دیارە یازدە وڵاتی سەنعەتیی دیکەش لە گەڵ ئەو نۆ وڵاتە کە لە گروهی "جی ٢٠ " دان بە تێکرا بەشی هەرە زۆری ئابووریی جیهان بەرێوە دەبەن. ٢ لەسەر ٣ی وڵاتانی جیهان ئابوورییان لە خواررادەی ناڤین دایە، کە زۆربەی وڵاتانی ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین دەگریتەوە. بەو پێیە ١٠٪ سەرمایەدارانی جیهان خاوەنی ٩٠٪ هەموو سامانی سەرزەوین. لەگەڵ ئەو هەموو سەروەت و سامانە کە لە دەست تاقمێکی میلیاردرێ بێ بەزەییدا کۆبۆتەوە، هێشتا لە زۆر جێی دنیا دا خەڵکانێک لە برسا دەمرن یان لە بی دەواو دەرمانی دا گیان لە دەست دەدەن و ئەمە بۆ گشت مرۆڤایەتی جێی شەرمەزاریە. سەرمایەداران تەنانەت بەزەییان بە وەچەکانی داهاتووی خۆیاندا نایەت و بۆ قازنجی هەنووکەیی، داهاتوو دەخەنە مەترسییەوە. ئەمریکا بۆ ئەوەی کارخانەکانی تووشی زەرەروزیان نەبن لە پەیمانی بەربەرەکانێ لە گەڵ گازەکانی توونخانە (گڵخن) هاتەدەر، کە دەزانین ئەو گازانە دەبنە هۆی ئەوە کە "ئوزون"ی فەزا تەنک بێ و هەتاوی رۆژ توندو تیژتر بگاتە زەوی و گەرمای زەوی زیاد بکا و سەهۆلی "قوتب"ەکان بتوێنەوە ولە داهاتوودا کارەساتی جەوی پێک بێ.

زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەر بە بەرەی رۆژئاو بەسەرۆکایەتیی ئەمریکا بوون، لەو نێوەدا لیبی و سووریە سەر بە رووسیە بوون و رۆژئاوا بۆ بیانوویەک دەگەرا کە ئەو دوو وڵاتەش بێنێتە ژێر نفووزی خۆی، لە بە ناو بەهاری عەرەبی دا ئەو هەلەی قۆستەوە و لیبی یان روخاند، بەڵام رووسیە و ئێران فریای سووریە کەوتن و لە رووخان رزگاریان کرد. دوا بە دوای ئەوە "داعەش" سەری هەڵدا، لە پێشدا لە عیراق و سووریە و دوایی لە چەند وڵاتی دیکە. داعەش کە نوێنەرایەتیی هزرو فکرێکی توندئاژۆی سونەی دەکرد و وادەهاتە بەرچاو کە دژی هزر و بیرو بۆچوونی توندئاژۆی شیعەی

ویلایەتی فەقیە بێ، لە لایەن وڵاتانی عەرەبستانی سعوودی و تورکیە و قەتەر ولە پێشدا بە چرای سەوزی ئەمریکا کە پێی وابوو داعەش دژی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، پشتیوانی لێکرا و پارەی زۆر و زەوەندی نەوتی خەلیجی درایە و سنوورەکانی تورکیەی بۆ ئاواڵە کرا کە کەسانی کۆنە پەرست و توند ئاژۆ لە هەموو جیهانەوە روو بکەنە سووریە و عێراق. بە هاتنە سەرکاری "ترامپ" لە ئەمریکا کە نوینەری باڵی راستی ئیمپریالیزمی ئەمریکایە، جیهان بەرەو مەترسیی هەڵگیرسانی شەری تردەبا، لە رۆژهەڵات لە گەمژەیی و سەرەڕۆیی سەرۆکی کۆریای باکوور کەڵک وەردەگرێ و دەیەوی شەڕێکی دیکە لەو ناوچە هەڵگیرسینێ و لە لایەکەوە لە ناکۆکی نێوخۆیی وەنزوئیلا دا، دەست تێوەردان دەکا وهەڕەشەی هێرشی نیزامی لەو وڵاتە دەکا و لە لایەکی ترەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە روڵەت بە دژایەتی لە گەڵ ئێران بە میلیاردها دولار چەک و تەقەمەنی بە عەرەبستانی سعوودی دەفرۆشێ. قەتەر مەحکووم دەکا کە پشتیوانی تیرۆریزمە، بەڵام چەک و تەقەمەنیشی پێ دەفرۆشێ. دیارە ئەوە راستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا و ژاپون لە لایەک و رووسیە و چینیش لە لایەکی دیکەوە تەنیا بەرژەوەندیی مادی و سیاسی خۆیان مەبەستە، ئەگینا دۆستی هێچ گەلێکی ئەم جیهانە نین.

ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دووبەرە بە زەقی دەبینـدرێن، بەرەیەک بە رێبەرایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە نوێنەرایەتی شێعە دەکا. حکوومەتی بەشار ئەسەدی سووریە و حیزبوڵای لوبنان و "حووسی" ی یەمەن و تاڕادەیەک حکوومەتی شێعەی عێراقی لە گەڵە و رووسیە پشتیوانیەتی و بەرەیەکی دیکە کە عەرەبستانی سعوودی وەک نوینەری سونە ریبەرایەتی دەکا کە زۆربەی وڵاتانی خەلیج و میسر و ئوردن و سوودان و یەمەنی لە گەڵە و رۆژئاوا پشتیوانیەتی. تورکیە و قەتەر لە هێندێک کێشەدا لە بەرەی ئەمریکا و عەرەبستانن و لە هێندێک کێشەدا لەگەڵ بەرەی رووسیە و ئێرانن و بە تەواوەتی بۆ لایەک ساغ نەبوونەتەوە. بە هەرحاڵ ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوّتە مەیدانی رمبازێنی سێ رەوتی کۆنەپەرست و بنئاژۆ. یەکیان رەوتی شێعەی ویلایەتی فەقیهی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و یەکیان رەوتی وەهابیگەریی سونەی عەرەبستانی سعوودییە و ئەوی دیکەش رەوتی توندئاژۆ و مرۆڤکوژی سونەی داعەشە. دیارە ئەلقاعیدە و تاڵەبان و چەند تاقمی کۆنەپەرستی دیکەش لە ناوچەدا هەن کە بە پێی قەبارەی خۆیان کاریگەریان لە سەر رووداوەکان دا هەیە.

### * هەڵومەرجی ئێستای کوردستان چوون هەڵدەسەنگینی؟

**هاشم کەریمی**: ئەگەر بێینە سەر بارودۆخی کوردستان ناچارین بە جیا باسیان بکەین، چونکە لە ژێر کاریگەریی ئەو وڵاتەدا بوون کە داگیریان کردووە.

رۆژهەڵاتی کوردستان لانی کەم لە هاتنە سەرکاری حکوومەتی "سەفەوی" یەوە واتە چوار سەد ساڵە بەشێکە لە ئێران. لە

سەرتاسەری ئەو ماوەدا جگە لە راپەڕینی"خانی لەپزێڕین" لە لای ورمێ لە دەرورەی سەفەوی دا کە زوو سەرکوت کرا و راپەڕینی شێخ عوبیدولای نەهری و سمایل خانی سمکۆ کە زیاتر باری عەشیرەتیان هەبوو تا ناسیونالیستی و یازدە مانگ کوماری کوردستان، کورد هەمیشە لە باری سیاسییەوە ژێر چەپۆکە بووە، ئەگەریش ئەمارەتیش هەبووبێ وەکوو ئەمارەتی ئەردەڵان، کە هێندێک دەسەڵاتی نێوخۆییان هەبووبێ، لە راستیدا ملکەچی حکوومەتی ناوەندی بوون. لە باری زمانەوە کورد بە زمانی خۆی دوواوە و لە کولتوری نەتەویی خۆی کەڵکی وەرگرتووە. لەو بارەوە گوشارێکی ئەوتۆی لەسەر نەبووە، تەنیا لە دەورەی رەزا شادا بوو کە دەیەویست جل و بەرگی خەڵک یەکسان بکا. ئەو سیاسەتە خەلکی کوردیشی گرتەوە کە لە هێندێک جێ بەربەرەکانێشی لەبەرامبەر دا کرا. لە دەورەی پەهلەویەکاندا بە قوتابیی فێرگەکان دەگوترا دەبێ لەسەر کەلاس بە فارسی بدوێن، بەڵام لە سەرانسەری ئەو چوارسەد ساڵەدا ئیجازە نەدراوە کورد بە زمانی زگماکیی خۆی بخوێنێ، لە گەڵ ئەوەش لە موکوریان لە پێشدا شاعیرانی بەناوبانگی وەکوو "وەفایی" و "ئەدەب" ودواییش "سیفولقوزات" و "هێمن" و "هەژار" و زۆر شاعیر و ئەدیبی تر بێ ئەوەی لە قوتابخانە فێری کوردی ببن (کە نەبوو) خۆیان بە نووسینی پەخشان و شێعری بەرز زمانی کوردیان دەوڵەمەند کرد. لە دەورەی کۆماردا پێشوا قازی محەمەد و هێندێک لە سەرانی حیزب هانی شاعیران و ئەدیبانیان دەدا بۆ پەرەپێدانی زمان و کولتوری کوردی و هێندێک رۆژنامەو گۆڤار چاپ بوون. لە دەورەی حەمەرەزا شادا رۆژنامەیەک بەناوی کوردستان بلاو دەبۆوە کە نەدهاتە کوردستان و باری پڕوپاگەندە کردنی بۆ ریژیم هەبوو، لەگەڵ ئەوەش هێندێک شاعیر و نووسەر شێعر و وتاری بە پێزیان تێدا دەنووسی کە لە گەڵ بەرنامەکانی رادیۆ کرماشان بۆ فێربوونی خویندن و نووسینی زمانی کوردی لە نێوان ئەو کەسانەی حەزیان لێ بوو، کاریگەری هەبوو.

گەلی رۆژهەلاتی کوردستان لە دەورەی کۆماری ئیسلامیی ئیراندا. کوردەکانیش وەکوو هەموو گەلانی ئێران و چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی وڵات و رووناکبیران لە رووخانی ریژیمی دیکتاتۆڕ و سەرەڕۆی حەمەڕەزا شادا نەخشی هەبوو، بەو هیوایەی حکوومەتێکی دیموکرات جێی بگرێتەوە کە مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران و یەک لەوان گەلی کورد بسەلمێنێ و دێموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دابین بکا. بە داخەوە چاوەروانیەکە لەجێی خویدا نەبوو وریژیمێک جێی گرتەوە کە دیکتاتۆڕتر وکۆنەپەرست تر لە ریژیمی شا بوو، کە نەک تەنیا ئازادیخوازان و بەرەی چەپ و عەدالەتخوازی لە هەموو ئێران دا سەرکوت کرد، بەڵکوو شەڕێکی زاڵمانەی بە سەر گەلی کوردستاندا سەپاند. هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە پێشیانەوە حیزبی دیموکراتی ناچار بوون بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕش دەست بدەنە چەک و لە بەرامبەر رێژیمدا راوەستن. دیارە ئەوە راستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە خەبات لە کوردستان دا قەتیس مابوو. رێژیم لە پێشدا لەبەرامبەر قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگە دا دۆش دامابوو، بەڵام بەو هەموو سەروەت و سامان و چەک و تەقەمەنی کە لە ریژیمی پێشوو بۆی بەجێ مابوو و خەڵکیکی زۆر و زەوندی ساویلکەی دەمارگرژ بەتایبەت شیعە مەزهەبی بە ناوی پاسدار و بەسیجی هێنابووە مەیدان و پیی گوتبوون بۆ شەڕی کافران دەچن و ئەگەر سەرکەون کافرانتان لەبەین بردووە و ئەگەریش بمرن یەکسەر دەچنە بەهەشت. پێشمەرگە چەند ساڵ بە باشی لە ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان بەرگری کرد، دوایی

ناچار بە پاشەکشە بوو، هەرچەند هێشتاش بە تەواوەتی مەیدانی بۆ ڕیژیم چۆڵ نەکردوە. رژیم لەو ماوەدا هێندێک کاری ئاوەدانیی وەکوو ناوچەکانی دیکە لە کوردستاندا کردووە، چەند رادیو و تەلەفزیونی کوردیی لە هێندێک لە شارەکانی کوردستان وەڕێ خستووە، ئیجازەی داوە هێندێک کتێبی مێژوو و شێعرو ئەدەبیاتی کوردی چاپ ببێ، خەڵکی ساویلکەی بە ناوی بەسیج کڕیوە و چەکی داونێ و مووچەی بۆ بڕیونەوە و بەو هۆیەوە لە نێو توێژێکی خەڵکی کوردستان دا نفووزی کردووە و کاری پێشمەرگە بە زەحمەت بووە. دیارە هەرچەند ڕیژیم بە هۆی تیرۆرەکانی لە ولاتانی ئوروپایی هێندێک جار وەبەر تووڕەیی ئەو ولاتانە کەوتووە، دوایی پێوەندیەکان بۆخاتری بەرژەوەندیی مادی و بازرگانی چاک بۆتەوە. چەند ساڵ لەوەپێش رۆژئاوا کە بۆی دەرکەوت ریژیمی کۆماری ئیسلامی خەریکی دروستکردنی بۆمبی ناوەکییە، لە ژێر فشاری ئەمریکا و ئیسرائیل دا هێندیک گەمارۆیان خستە سەر ئێران، بەڵام رووس و چین و هێندێک لە ولاتانی موسوڵمان بەو گەمارۆیە پابەند نەبوون، بۆیە ئێران زۆر زیانی بەرنەکەوت. لەم ئاخرانەدا بە ئیمزاکردنی "بەرجام" گەمارۆکانی لەسەرهەڵگیرا، بەڵام بەهاتنەسەرکاری ترامپ لە ئەمریکا خەریکە بەرجام گلۆڵەی دەکەویتە لێژی.

راستە فاکتۆری دەرەکی کاریگەریی هەیە، بەڵام گرنگ هۆکاری ناوخۆییە. کۆماری ئیسلامی سیستمی سەرمایەداریە، ئەویش سەرمایەداریەکی دواکەوتوو کە لە حاستی سەرمایەداریی جیهانیدا نیە، ئاخوندەکان و فەرماندەرانی سوپای پاسداران و بەسیج دەستیان بە سەرسەرووەت و سامانی ولاتدا گرتووە، جیاوازیی چینایەتی لە جاران زیاتر بووە. تووشبوانی مادە هۆشبەرەکان لە دەورەی شا زۆرزیاترە، لە گەڵ ئەوەی ریژیم ساڵانە سەدان کەس بەناوی قاچاخچیی مادەی هۆشبەر ئیعدام دەکا، بەڵام بۆی چارە ناکرێ، چونکە توند وتیژی بۆ بنبڕکردنی ئەو بەڵا کۆمەڵایەتییە تەنیا رێگە چارە نیە. لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی لاوەکان لە بزووتنەوەی کوردستان دووربخەنەوە، کاربەدەستانی ریژیم دەستیان هەیە لە پەرەپێدانی ئەو بەڵایە، تەنانەت باشووری کوردستانیش کە لەوبارەوە هەمیشە خاوێن بووە، ئێستا ئەو بەڵایە رووی تێکردووە و بە چاوپۆشیی هێندێک لە کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم لە هێندێک قاچاخچی و حوکمی کەمی دادگاکانی باشووری کوردستان بۆ قاچاخچیانی مادەی هۆشبەر، بەداخەوە لەوێش رۆژبەرۆژ مادەی هۆشبەر لە پەرەسەندن دایە. لەشفرۆشی کە هۆیەکەی زیاتر هەژارییە لەدەوری شا زیاتر بووە، دزی و تەنانەت دزیی چەکدارانە زۆر بووە، بەرتیل خواردن هەر بە حیساب نایەت و زۆر نەخۆشیی کۆمەڵایەتیی تر. سەرباری هەموو ئەوانە دیکتاتۆریی مەزهەبیی بێ ئەمانی ٣٨ ساڵە پرزەی لە خەڵک بڕیوە، گەلانی ئێران هیچ مافێکیان نیە، ژنان لە هەموو بارێکەوە بە نیوەی پیاو بە حیساب دێن، کرێکاران ژیانیان بە کولەمەرگی دەگوزەرێ، زۆر لە جوتیاران لە بەر بێ ئاوی زەویەکانیان جێ دێڵن و بەشێکیان دەچنە ریزی لەشکری بێکارانەوە.

**- پرسیاێک ئەوەیە کە ئایا وتووێژلە گەڵ کۆماری ئیسلامیدا ئەنجامی بووە و هەیە؟ و ئایا خەباتی چەکداری کاریگەری ماوە؟ و خەباتی مەدەنی لە چ باروەدۆخێکدایە؟ و دروشمی رووخانی ریژیم لە جێی خویدایە؟**

## ⁎ وتوویژ و دانوستاندن؟

**هاشم کەریمی**: من لێرە دا بۆچوونی خۆم دەڵێم، ئەگەر هەڵە بم، پێمخۆشە هەڵەکەم راست کرێتەوە. لە کۆنەوە گوتوویانە وتووێژ بەشێکە لە خەبات، بەڵام کۆماری ئیسلامی تەنیا لەشەڕی سێ مانگەدا تا رادەیەک ملی بۆ وتووێژی راستەقینە راکێشا، ئەوەش هۆیەکەی قارەمانەتی پێشمەرگە و تەنگ پێهەڵچنینی هێزەکانی ریژیم بوو، بۆیە خومەینی جامی ژەهری کوردستانی خواردەوە و داوای ئاشتی کرد و چەند کۆڕی نوێنەرایەتیان بۆ کوردستان بەڕێ کرد. لە مەزهەبی شێعەدا ئەسڵێک هەیە بە ناوی "تەقیە" ئەویش ئەوەیە کە لەکاتی تەنگانەدا بیرو بۆچوونی خۆت بشارەوە و تەنانەت درۆش بکا بۆ ئەوەی بپارێزرێی. خومەینی لەو پەیامەیدا ئەسڵی تەقیەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی هێزەکانی ببووژێنەوە و سەر لە نوێ هێرش بکەنەوە سەر کوردستان. ئەو کۆڕانەش کە دەهاتنە کوردستان یەکەم لە لایەن دەوڵەتی بازرگان و دوایی "بنی سەدر"ەوە دەهاتن نەک لە لایەن خومەینیەوە، بۆیە دەسەڵاتیان نەدەدرایە و دووهەم جگە لە زیندوویاد "داریوش فرۆهەر" ئەوانی دیکە نیەتیان بەرامبەر بە بزووتنەوەی کورد باش نەبوو، دوای ئەوە کۆماری ئیسلامی ئێران کە خۆی لە بزووتنەوەی کورد بەبەهێزتر زانی، قەت وتووێژی راستەقینەی نەکردووە و هەروەکوو لە شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵا قادری ئازەر دا دیتمان تەنیا مەبەستی بەجێهێنانی وەسیەتەکەی خومەینی بوو کە کاتی خۆی دکتور قاسملوو و مامۆستا شێخ عیزەدینی بە "مفسد فی الارض" ناو بردبوو. من خۆم شاهیدی بە ناو وتووێژێکی ترم کە مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە و شەهید کەریم عەلیار و کاک حەسەن ئەیوب زادە (مامۆستا گۆران) چوونە ئالان و لە هاتنەوەدا گوتیان ئەوانە بۆ وتوویژ نەهاتوون، بۆبەردانی چەند ئەسیریان کە لای حیزبن هاتبوون.

## ⁎ پێشمەرگە و خەباتی چەکداری لە رۆژهەڵاتی کوردستان

**هاشم کەریمی**: ئەگەر باسی خەباتی چەکداری بکەین دەبێ ئەو راستیەمان لەبەر چاو بێ کە ئەوە بزووتنەوەی کوردستان نەبوو خەباتی چەکداریی لە نێو خەباتەکاندا هەڵبژارد، بەڵکوو ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو کە خەباتی چەکداریی بەسەر بزووتنەوەی کوردستاندا داسەپاند. حیزبی توودە و چریکی ئەکسەریەت و گرووهی حەوت کەسیی جیابۆوە لە حیزب پییان وابوو نابێ بە هیچ جۆریک چەک دژی کۆماری ئیسلامی بێتە گۆڕێ، خۆیان کە دژی چەک بوون بە حاسانی کەوتنە بەر پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ریژیم، ئەوەی بەردەست کەوت گیران و زۆریان ئیعدام کران، ئەوانەی دیکەش پەرتەوازەی وڵاتان بوون یان بە پەشیمان نامەیەک لە مردن رزگاریان بوو. بە باوەری من بزووتنەوەی کورد لەو قۆناغەدا جگە لە بەرگری لە خۆی ئەویش بە چەک چارەیەکی نەبوو. حیزبی دیموکڕات لە هەموو کاتێکیش دا خەباتی مەدەنیی ئەگەر ئیمکانی هەبێ هاوڕی لەگەڵ خەباتی چەکداری بە زەروورەتێک زانیوە. ئێستا خەباتی گەلانی ئێران بۆ خوێندن و نووسین

بە زمانی زگماکی، خەباتی کرێکاران بۆ پێکهێنان و بەرەسمی ناسینی یەکیتی کرێکاران، خەباتی جوتیاران بۆ نەهێشتنی سووروساتی پاشماوەی دەرەبەگایەتی، خەباتی ژنان بۆ بەرانبەری لەگەڵ پیاوان و خەباتی لایەنەکانی پاراستنی ژینگە... ئەو جۆرە خەباتانەن کە دەبێ پشتگیری بکرێن، لە گەڵ ئەوەش تا ئەو ریژیمە سەرەڕۆ و کۆنەپەرستە لەسەرکارە نابێ پێشمەرگە چەک دابنێ.

## * دروشمی روخانی ریژیم

**هاشم کەریمی**: لەسەر دروشمی رووخانی رژیم ئەوانەی کە دەڵێن حیزبی دیمۆکڕات حیزبێکی ناوچەییە و نابێ دروشمی وابدا و ناتوانێ رژیم برووخێنێ لۆژیکی تێدایە، بەڵام بزانیین بۆچی حیزب ئەو دروشمەی هەڵگرت. بزووتنەوەی کوردستان لە کاتی خویدا بە دڵی ئاواڵەوە بە پێشوازی ئەو داوا درۆیەی خومەینیەوە چوو و ئاگربەستی راگرت و حیزبی دیمۆکڕات یان لەگەڵ لایەنەکانی تر یان بە تەنیا چەندین جارکۆری نوینەرایەتیی نارده لای خومەینی و بازرگان و بەنی سەدر و پیی راگەیاندن کە بزووتنەوەی کوردستان خوازیاری شەڕ نیە و دەیەوی لەرێی ئاشتیەوە بە مافەکانی بگا. بەڵام ئەوانەی کە ئەو دەورەیان لەبیرە دەزانن کە رژیم ئاشتیی نەدەویست و تەنیا دەیویست پێشمەرگە چەک دابنێ و بە حاسانی وەک هیندێک حیزب ورێکخراو دەستبەسەریان کا و لانی کەم بەرپرسەکانیان ئیعدام بکا. دوایی کەوتە کوشتاری گوندەکانی دەوروبەری مەهاباد ومیاندواو و نەغەدە و کوردستانی سەرو و سەدان کەس قەتلووعام کران و دەستی کرد بە ڕەشبگیری و سەدان کەس لە خەڵکی بێدیفاع ئیعدام کران. شارەکانی سنە و مهاباد و پاوە و مەریوان و سەقز و بانە... بۆمباران و گولە باران کران و سەدان کەس گیانیان لە دەست دا، ئا لەو حاڵەدا ریژیم هیچ ریگەیەکی بۆ بزووتنەوەی کوردستان نەهێشتەوە جگە لەوەی دروشمی رووخانی ریژیم بدا. دیارە زۆر حیزب و رێکخراو با بە قەبارەش وەک بزووتنەوەی کوردستان گەورە نەبوون هەر ئەو دروشمەیان هەڵگرت. ئێستا راستە کە رژیم بە تەنیا بە حیزبی دیمۆکڕات نارووخێ، بەڵام نارەزایەتێکی زۆر لە نێو نەتەوەکانی ئێران و زەحمەتکیشان و رووناکبیران دا دەبینرێ کە جێی هیوایە بۆ دووارۆژ.

## * بایکۆتی هەڵبژاردنەکان لە ئێران؟

**هاشم کەریمی**: لە بارەی هەلبژاردنەوە، ئەوە راستیەکە کە کەس ناتوانێ نکوولی لێ بکا. لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا هەڵبژاردن گاڵتەکردنە بە هەست و شعووری خەڵک. لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لە بنەڕەتدا حیزبایەتی لەگۆڕیدا نەبووە و نیە. لە ماوەی ئەو ٣٨ ساڵە دا لە پێشدا حیزبی جمهوریی ئیسلامی کە حیزبی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکانی ریژیم بوو، تێکۆشانی هەبوو، کە خومەینی هەڵیوەشاند، دوای ئەوەش یەکدوو وردە حیزب کە خۆیان بەلایەنگری رەفسەنجانی یان باڵی بە ناو ئیسلاح خواز ناودەبەن (کە ئەوانێش گەرانەوە بۆ دەورەی زێڕینی ئیمامیان مەبەستە) لە کاتی هەلبژاردنەکاندا جموجۆڵێکیان هەیە و تەواو. کاتێک هیچ حیزبێک کە دژی ویلایەتی فەقیە بێ ئیجازەی هیچ جۆرە تێکۆشانێکی نەبێ،

کاتێک تەواوی حیزب و ڕێکخراوەکان کە تەنانەت لە دەورەی دیکتاتۆریی حەمەرەزا شادا بە نهێنی تێکۆشانیان هەبوو سەرکوت کراون و ئەندامانیان یان ئیعدام کراون یان ئاوارەی هەندەران بوون، ئیتر قسەکردن لە هەڵبژاردن جگە لە فریودانی خەلک شتێکی تر نیە. لە ئاخرین دەورەی هەلبژاردندا شەش لایەنی حیزبەکانی کوردستان بە دروستی بایکوتیان کرد، بەڵام بە داخەوە کەسانێک کە خۆیان بە ئۆپوزسیون دەناسێنن، خەڵکیان هاندەدا بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا. لە دەرەوەی وڵات زۆرتری ئەو کەسانەی لەبەر دەرکی باڵوێزخانە و کونسولگەریەکاندا دەبینران ئەو کەسانە بوون کە کاتی هاتنە دەرەوە گوتبوویان لەدەست ڕیژیمێکی جینایەتکار رامانکردووە و نامەی پشتراستکردنەوی (تائیدیە) حیزبێکیان وەردەگرت و دوای وەرگیران وەک پنابەری سیاسی و دوای چەند ساڵ دەبوونە سیتیزینی (هاووڵاتی) ئەو وڵاتە، ئەمجارە بیری نیشتمانیان دەکەوتە سەر و دەچوونەوە و هەموو ساڵێک گەرمێن و کوێستان دەکەن. ئەگەرێش لیان دەپرسی بۆ بەشداریی هەڵبژاردنت کرد؟ دەڵێن ئەگەر نەچین بۆ هەڵبژاردن و مۆر لە ناسنامەکەمان نەدرێ گیرو گرفتمان بۆ ساز دەبی، لەو لاشەوە ڕۆحانی بەڵێنی بە نەتەوەکان و ژنان دا کە مافی ئەوان لەبەر چاو بگرێ، بەڵام دیتمان چلۆن درۆی لەگەڵ کردن.

### * تیرۆریزم بە گشتی و تیرۆزیزمی کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی ڕێبەرانی کورد؟

**هاشم کەریمی**: لە بارەی تیروریزم لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دا پرسیار کراوە، لە راستیدا دوای رووخانی رەزاشا و هاتنەسەرکاری حەمەرەزا شا کەشێکی تا رادەیەک ئازاد لە ئێران دا پێک هات کە زۆر حیزب و ڕێکخراو تێکۆشانیان دەست پێکرد. یەک لەوان ڕێکخراوی "فیدائیانی ئیسلام" بوو. ئەم ریکخراوە کۆپییەک بوولە "ئەخەوان المسلمین" ی میسر کە ڕێکخراوێکی بن ئاژۆ بوو. جیاوزیان تەنیا لە خەلافەت و ئیمامەت دا بوو. یەکەم کاری تیروریستیی فیدائیانی ئیسلام لە سەر نووسینێکی خومەینی بوو کە موسڵمانانی هان دابوو بۆ کوشتنی "ئەحمەد کەسرەوی" مێژوونووسی ناودار کە دژی شێعە کتێبی نووسیبوو. فیدائیانی ئیسلام کە ڕێبەری مەعنەویان "ئایەتوڵا کاشانی" و ڕێبەری سیاسیان "نەواب سەفەوی" بوو، لە نێو وەزارەتخانەی دادگوستەری دا "کەسرەوی" و دەفتەردارەکەیان کوشت. دوایی لە ئاخرەکانی بیستەکان و سەرەتاکانی سیەکانی هەتاویدا دوو سەروک وەزیرانی ئێران و چەند کەسی دیکەشیان تیرۆر کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی" ئایەتولا کاشانی" یان لە پشت بوو، سەزا نەدەدران. "ئایەتوڵا کاشانی" ئەوکاتە هەم دەربارەی حەمەڕەزاشا حیسابی لەسەر دەکرد و هەم لەبەرئەوەی ئەو کات هاوکاریی "دوکتور موسەدیق" و "جەبهەی میللی" دەکرد، (دوایی بایداوە و بووە هاوکاری شا و دەوڵەتی کودەتا) دەسەڵاتێکی رەهای هەبوو، بۆیە دادگاکان نەیانتوانی بکوژە فیدایەکان سەزا بدەن. لە چلەکانی زاینیدا بە فەرمانی خومەینی ناوی "فیدائیانی ئیسلام" بوو بە "هەیئەتهای موئتەلیفەی ئیسلامی" و لە ١٣٤٣ی هەتاویدا "حسەینعەلی مەنسوور" سەروک وەزیرانی ئەوکاتیان تیرۆر کرد. هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران گڕوتینێکی بە تیرورێزم دا. پێش ئەوەی بچمە سەر کارە تیروریستیەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئاماژەیەک بە لایەنەکەی تری تیروریزم بە کورتی

بە پێویست دەزانم. "ئەخوان المسلمین" کە نوینەری باڵی توند ئاژۆی سونە بوو لە میسر، چەند کەسی تیرۆر کرد، بەڵام کاتێک کە تەقەیان لە "جەمال عەبدوناسر" سەروک کۆماری ئەوکاتی میسر کرد، کەوتنە بەر پەلاماری پۆلیسی میسر و لە وڵاتانی ئیسلامیدا بڵاو بوونەوە، بە تایبەت لە پاکستان پشتیوانیی هێندێک لە سەرەک کۆمار و فەرماندەرانی نیزامیشیان لە پشت بوو. لە شەڕی ئەفغانستاندا بە گەلەکۆمەکێی ئەمریکا و پاکستان و عەرەبستانی سعوودی توانرا حکوومەتی تا رادیەک دیمۆکراتیکی "دوکتور نەجیبوڵا" بڕووخێنن و سوپای سۆڤیەت لە ئەفغانستان دەرپەڕێنن و ئەمە سەرهەڵدانی دوو رێکخراوی تیروریستی تاڵەبان و ئەلقاعیدەی لێ کەوەتەوە، کە دوایی هەر دووکیان مەترسیان بۆ بەرژوەندیەکانی ئەمریکا پێک هێنا، کە گرنگترینیان تەقاندنەوەی بورجەکانی نیۆیورک و وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا لە ٢٠٠١ی زاینیدا بوو. لەم ساڵانەی دواییەش دا "داعەش" و "بووکوحەرام" لە نیجریە و "ئەلشباب" لە سومالی و چەندین تاقم و دەستەی تیروریستی دیکە لە پاکستان وسووریە و عێراق و یەمەن پەیدا بوون کە هەر لەسەر ئیدەئولۆژیی تاڵەبان و ئەلقاعیدەن.

دیارە تاقمە تیرۆریستە ئیسلامییەکان تەنیا لە وڵاتانی موسڵماندا تێکۆشانیان نیە، بەڵکوو ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بە تایبەت وڵاتانی ئوروپایی شانەی نووستوویان هەیە و بەیناوبەین زەبری خۆیان دەوەشێنن. پۆلیسی ئەو وڵاتانە زۆر لەو تیرۆریستانە دەناسن، بەڵام بە وتەی خۆیان قانوونی وڵاتەکەیان ئیجازەیان پێ نادات بیانگرن و تا لادەکەنەوە، ئەوان دەستی خۆیان وەشاندووە. لە ئاخرین راپۆرتی پۆلیسی بریتانیادا دەردەکەوێ کە ٥٠ هەزار کەسی توندئاژۆ و فاندومینتاڵی ئیسلامی لە ئوروپا دەژین کە ٣٥ هەزاریان تەنیا لە بریتانیا ژیان بەسە دەبەن. ئەوەش بەوهۆیەوەیە کە بریتانیا لە کۆنەوە بۆ پاراستنی بەرژوەندیە مادیەکانی خۆی لە گەڵ وڵاتانی ئیسلامی پێوەندیی باشی هەیە و حاسانکاری دەکا بۆ وەرگرتنی پەنابەر لەو وڵاتانە.

## کۆماری ئیسلامی لە چوار بواردا دەستی دایە تیرۆر.

**یەکەم**: لە نێوخۆی وڵاتدا بێجگە لە کوشتن و ئیعدام کردنی چندین هەزار کەس لە کوردستان و ناوچەکانی دیکە ی ئێران، لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی ١٩٨٨ی زاینی چەندین هەزار کەسیشی لە زیندانیانی سیاسی کە زۆریان دەورەی زیندانیان تەواو ببوو، بە نهینی قەتڵووعام کرد. بەوشەوە نەوەستا و چەندین نووسەرو شاعیری پێشکەوتنخواز و هەروەها کەسایەتیی سیاسی "داریوشی فروهەر" و هاوسەرەکەی "پەروانە ئەسکەندەری" ی تیرۆر کرد کە ئەو تیرۆرانە بە "کوشتنە زنجیرەیەکان" بەناوبانگە و پیلانی بۆ کوشتنی پتر لە چل کەس شاعیرو و نووسەر و هونەرمەند کە بۆ ئەرمەنستان دەعوەت کرابوون، داڕشت کە بەخۆشیەوە و بەهەڵکەوت پیلانەکە پووچەڵ کرایەوە و ئەو چل کەسە لە مردن رزگاریان بوو، دوایی رێژیم گوتی کە مەئمورانی ئەمنیەتی سەربەخۆ ئەو کارانەیان کردووە و سی کەسیان گرتن و یەکیان کە مۆرەی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی فەرماندەرانی تیرۆرەکان و ئەو پیلانە ئاشکرا نەبن لە زیندان دا دەرمانیان دایە و کوشتیان و دووانەکەی تریش

یەک دووساڵ زیندان بوون و ئازاد کران.

**دووهەم**: لەو کاتەی کە هەریمی کوردستان تازە دامەزرابوو و وەزعی ئابووری خەڵک خراپ بوو و سنوورەکانیش ئاواڵە بوون کەمێک بە وەسیلەی کوردانی خۆفروشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پتر بە هۆی کوردانی خۆفرۆشی باشووری کوردستان نزیکەی چوار سەد کەس کادر و پێشمەرگەی حیزبی دیموکڕات و کۆمەڵە و خەبات و شۆڕشگێران و حیزبەکانی دیکەی ئۆپوزسیۆنیان تیرۆر کرد. حکوومەتی هەریم نەیویست یان نەیتوانی تیروریستەکان بگرێ و بەسەزایان بگەینێ.

**سێهەم**: لە وڵاتانی ئوروپا و خەلیج و تورکیە و پاکستان و جێی تر پتر لە سەد کەسایەتیی ئۆپوزسیونی تیرۆر کرد کە بەناوبانگترینیان بریتی بوون لە زیندوو یادان دکتور قاسملوو، دکتور شەرەفکەندی، عەبدوڵا قادری ئازەر، فەتاح عەبدولی، هومایون ئەردەڵان، نوری دیهکوردی، عەلی کاشفپوور، تاها کرمانج، دکتور رەجەوی، دکتور بەختیار، خەنمی عیفەت قازی، دکتور برومەند، بەهمەن جوادی، فەرەیدون فروخزاد......

**چوارەم**: کۆماری ئیسلامیی ئیران یارمەتی بە دوو تاقمی تیروریستیی حیزبوڵای لوبنان و جیهادی ئیسلامیی فەلەستین دا کە بنکە نیزامیەکانی ئەمریکا و فەڕانسە لە لوبنان و هەروەها ناوەندی جووەکانی ئارژانتین بتەقێننەوە و سەدان کەس بکوژن و هەروەها لە چەند جێگە ی تر دژی کەسانی ئەمریکایی و ئیسرائیلی کاری تیروریستی ئەنجام بدەن.

## * نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئیران و کورد

**هاشم کەریمی**: چۆنیەتیی خەباتی گەلانی بندەستی ئێران لە چ ئاستێکدایە ؟ و پێوەندیان لەگەڵ گەلی کورد چۆنە؟ بۆچوونی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپوزسیونی ئێران بەرامبەر بە کێشەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و بزووتنەوەی کورد چۆنە؟ لە راستیدا نەتەوەی تورکی ئازربایجان لە کۆنەوە شەریکە بەشی حوکمداریی ئێران بوون. ٣ بەش لە ٤ بەشی هەموو ئەو حکوومەتانەی دوای ئیسلام لە ئێران دەسەڵاتیان بە دەستەوە بووە، تورک بوون، کەوابوو ئەوان لە باری سیاسی و ئابوورییەوە ژێردەستە نەبوون، بەڵام ئەوانیش لە سەرتاسەری مێژووی ئێران دا نەیانتوانیوە بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن و بنووسن و خزمەتی زمانی فارسیان کردووە، بۆیە لەو بارەوە وەکوو هەموو گەلانی دیکەی ئێران چەوساوە بوون. گەلانی عەرەب و بەلووچ و تورکمەن و لوڕ....هەم لە باری سیاسی و ئابووری و هەم لە باری زمان و کولتورەوە وەکوو گەلی کورد ژێر چەپۆکە بوون. چەند سال پێش ئێستا حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران لە گەڵ چەند حیزب لە نەتەوەکانی دیکە شێوە بەرەیەکی پێک هێنا کە تا ئێستا تێکۆشانی زۆر بەرچاو نەبووە، لەبەرئەوەی بە داخەوە خەبات و بەربەرەکانێ لە نێو گەلانی دیکە جگە لە گەلی کورد دا لاوازە.

### حیزبەکانی ئوپۆزسیۆن بە چوار لایەن دابەش دەبن.

**یەکەم**: لایەنگرانی شای رووخاو و کوڕەکەی کە ئێستاش بە شازادە ناوی دەبەن و لایەنیک هاوشێوەی ئەوان کە پشتیوانی لە پاددشایی مەشرووتە دەکەن، بەڵام رەخنەیان لە کوڕی شا هەیە. ئەمانە لایەنگری بێ ئەملاوو ئەولای "ئەواوەتیی ئەرزیی ئێران" ن، هەروەکوو پەهلەویەکان لە ماوەی پەنجا ساڵ پاشایەتیدا تەنانەت قانوونی بنەڕەتیی ئێرانی دەورەی مەشروتە کە باسی "ئەیالەت و ولایەت"ی دەکرد پشتگوێ خست.

**لایەنێ دووەم**: "جەبهەی میللی" و هاوفیکرانی ئەم بەرەیەن. کاتی خۆی "دکتورموسەدیق" سەرۆک وەزیرانی سەرەتاکانی ساڵەکانی سی کە پیاوێکی نیشتمانپەروەر و رێبەری "جبهە میلّی" بوو و دەیەویست دیموکڕاسی لە ئێراندا بێنێتە گۆڕی، لەگەڵ ئەوەش دژی ناناوەندی بوو، جا لایەنگرانی ناوبراو ئێستاش هەر بەو بۆچوونە دەڕواننە مافی گەلانی چەوساوەی ئێران.

**لایەنی سیهەم**: "موجاهیدینی خەڵق"ن کە کاتی خۆی لە شوڕای موقاوەمەتی بەرگریدا خودموختارییان بۆ گەلی کورد پەسەند کرد، بەڵام کاتێک "حدک رێبەرایەتیی شۆڕشگێر" لە کونگرەی خۆیدا باسی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کرد، ئەوان رەخنەیان گرت. پیم وایە ئێستاش لایەنگری خودموختارین.

**لایەنی چوارەم**: هێزە چەپەکانن. ئەوان لە ئەدەبیاتی خویاندا باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلانی ئێران دەکەن، بەڵام بە بیانووی ئەوە کە جارێ زەرەر بە خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەدا، بە رۆشنی ناڵین کە لەگەڵ جیابوونەوەی گەلانی چەوساوەی ئێران نین. حیزبە دیموکراتەکان و کۆمەڵەکان کە خۆیان بە نوێنەری بزووتنەوەی کورد دەزانن، هەرچەند بە زۆربە پیانخۆشە رۆژێک نەتەوەی کورد دەوڵەتی خۆی هەبێ، بەڵام ئەوانیش بەهەرهۆیەک ئەو ئارەزوەی خۆیان نادرکێنن. لەو نێوە دا کەسانێکی ئازا و لەخۆبووردووی وەکوو" دکتور ئیسماعیل بێشکچی" لە نێو گەلانی فارس و عەرەب و تورک دا پەیدا دەبن کە بە پێچەوانەی بۆچوونی زۆربەی هاوزمانەکانیان دەچنە زیندان، بەڵام لە جیابوونەوەی گەلی کورد بەرگری دەکەن.

### * باکوور و رۆژئاوایی کوردستان؟

**هاشم کەریمی**: باکووری کوردستان. پێش مەلا ئیدریسی بیتلیسی دوانزدە ئەمارەتی تارادەیەک سەربەخۆ لە وڵاتی عوسمانی دا هەبوون وتەنیا پێوەندیەکی لاوازیان لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی هەبوو و جارو بار هێندێک باج و خەراجیان دەدایە. مەلا ئیدریس لە بەر دەمارگرژیی سونەبوون و بە دژایەتی لە گەڵ شا ئیسماعیلی سەفەوی کە دەیویست خەڵکی ناوچەکە

بکاتە شێعە، هەموویانی خستە ژێر ئاڵای خەلافەتی عوسمانی و لەو کاتەوە تەنیا جارێ میری جەزیرو بۆتان ویستی نەچێتە ژێرباری زوڵم و زۆری عوسمانی کە برازاکەیان لێ هەڵگێڕایەوە و ئەمارەتەکەیان سەرلەنوێ خستەوە ژێر رکێفی سوڵتان، لەگەڵ ئەوەش کوردەکانی عوسمانی زمان و کولتوری خۆیان پاراست و تەنانەت شاعیری گەورەی کورد "ئەحمەدی خانی" لە سەرەتای کتێبی مەم و زین دا کوردانی هاندەدا بۆ سەربەخۆیی. دوابەدوای ئەوە زۆربەی عەشیرەتەکانی کورد بوونە داردەستی عوسمانی بۆ سەرکوتی نارازیەکانی وڵات وەکوو نـاڕەزایەتیی ئەرمنیەکان و عەلەویەکان و ئاسووریەکان و بە داخەوە لە ١٩١٥ی زایینی دا سوارەی حەمیدیە کە پتر لە عەشیرە کوردەکان پێک هاتبوون، شان بەشانی سوپای عوسمانی لە قەتڵوعامی ئەرمنیەکان دا بەشداری کرد. دوای هاتنە سەرکاری سیستمی کۆماری لە تورکیە بە سەرۆکایەتیی ئەتاتۆرک، تورکیە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی تەرخان کرد کە پەیماننامەی "سێڤر" هەڵوەشێنێتەوە، ئەو پەیماننامەی کە هێندێک ماف بۆ کوردان لەبەر چاو گیرابوو، دیارە بە یارمەتیی بریتانیا و فەڕانسە کە بەشێکی زۆری سەرزەویی پێشووی عوسمانی یان کردبووە " ژێرسەرپەرستی" ی (مەندەیت) خۆیان سەرکەوت. لە دەورەی کۆماریدا تەنانەت قسەکردن بەزمانی کوردی قەدەغەن کرا، مەگەر لە گوندکاندا یان لە نێو بنەماڵە نێشتمانپەرەرانی نیوشاردا ئەویش بە نهێنی. کوردەکان بە ئاشکرا نەیاندەوێرا بە زمانی زگماکیی خۆیان بدوێن. چەندین شۆڕشی وەکوو شۆڕشی پیران و ئاڕارات و شۆڕشی کوردانی عەلەوی خەڵتانی خوێن کران. سەدان نیشتمانپەروەری وەکوو شێخ سەعید، دوکتور فوئاد، کەمال فەوزی، فەهمی بلال ئەفەندی و سەید رەزا ئیعدام کران. لەگەڵ ئەوەش تێکۆشانی نهێنی نیشمانپەروەران و تێکۆشەرانی سیاسی کوردستان قەت نەوەستا، تاوەکوو لە ساڵی ١٩٨٤ی زاینیدا پارتی کریکارانی کوردستان شۆڕشی چەکداری لە کوردستانی باکوورهەڵگیرساند. جوغرافیای تورکیە وا هەڵکەوتووە کە هاوسنووری یەکیتی سۆڤیەتی پێشوو بووە. ئەوکات شەڕی سارد لە نێوان بەرەی رۆژهەڵات بە سەرۆکایەتیی سۆڤیەت و بەرەی رۆژئاوا بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بە توندی لە گۆڕیدا بوو. رۆژئاوا بۆ بەربەرەکانێ لە گەڵ سۆڤیەت پیویستی بە پێک هێنانی هاوپیمانی لە نیوان خۆی و ئەو دەوڵەتانە دا هەبوو کە دەوروبەری سۆڤیەتیان دابوو. بۆیە تورکیە لەیەکەمینی ئەو وڵاتانەی دامەزرێنەری پەیمانی "ناتۆ" و "سینتۆ" بوو و لەوبارەوە لە هەموو یارمەتیەکی نیزامی و مادی رۆژئاوا بەهرەمەند دەبوو. هەر دەوڵەتێکیش لە تورکیەدا لەسەرکار بوبایە نیزامی یان سویل و تەنانەت ئیسلامی پشتیوانیی رۆژئاوای بۆ خۆی مسۆگەر دەکرد. تورکیەش نەک تەنیا مافی گەلی کوردستان و گەلەکانی دیکەی ناتورکی پێشێل دەکرد، تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی کە بە هۆی کودەتای نیزامی دەهاتنە سەرکار مافی سیاسی گەلی تورکیشیان پێشیل دەکرد و رۆژئاوا چاوپۆشیی لێدەکردن. ئەوە دەپانزدە ساڵە حیزبێکی ئیسلامی بە ناوی"ئاکاپە" دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتوە، ئەو حیزبە بە هۆی خەباتی بێوچانی کوردانی باکوور ناچار بوو هیندێک گوشار لەسەر کوردەکان هەڵبگرێ و ئیجازە بدا حیزبێک کە ئەندامانی پترلە کوردان پێک هاتوون بە ناوی "ها دە پ"، تێکۆشانی هەبێ و بتوانێ بچێتە پارلەمان. دیارە "ئاکاپە" ش دوای ئەوەی قانوونی بنەرەتیی لە پارلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی گۆڕی و "ئوردوغان" بەشێکی زۆر لە دەسەڵاتەکانی وڵاتی خستە ئیختیاری خۆی و لەسنوورەکانی باشووری تورکیە کوردکانی رۆژئاوا سەرکەوتنی باشیان بەسەر داعەشدا بە دەست هێنا و لە زۆربەی سنوورەکانی باشووری تورکیە دا



سەرچاوە
Serchawe

بوونه دراوسێی تورکیه و تورکیەش "پێ یێ دێ" بە شاخەیەکی "پێ کا کا" دەناسێ، کێچی کەوتۆتە کەوڵەوە و لە کوردەکانی باکوور لە بیانووە و خەریکە دەسکەوتەکانیان بەرتەسک دەکاتەوە. لەبەر ئەوەی لە گەڵ رۆژئاواش لە سەر نەهێشتنی بۆچوونە ناو بازاری هاوبەشی ئوروپا نارازیە، ئێستا خۆی لە رووسیە نێزیک کردۆتەوە، بەڵام ناڕەزایەتی زۆرە و سیاسەتی داهاتووی نارۆونە.

### ⁕ باشووری کوردستان و ریفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی؟

**هاشم کەریمی**: باشووری کوردستان. دوای پەیمانی زەهاو لە نێوان حکوومەتی سەفەوی و حکوومەتی عوسمانی دا، باشووری کوردستان هەر ئەو بارودۆخەی هەبوو کە باکووری کوردستان هەیبوو. تەنیا جارێک عەبدوڕەحمان پاشای بابان دژی عوسمانیەکان ئاڵای سەربەخۆیی هەڵکرد کە ئەویش دوای ماوەیەک بە پوازی نێو خۆیی فەوتا. تا شەڕی یەکەمی جیهانی ئەو هەل و مەرجە بەردەوام بوو. لەم شەڕەدا عوسمانی کە لە بەرەی"میحوەر" و هاوپێمانی ئەڵمان و ئوتریش - هەنگری و بولغارستان بوو لە بەرەی "هاوپیمانان" کە بریتی بوون لە بریتانیا و فەرانسە وئەمریکا و رووسیە و ژاپۆن و چەند وڵاتی دیکە شکستی خوارد. بریتانیا و فەڕانسە بەشێکی زۆر لە سەرزەویەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستیان لە دەست عوسمانی دەرهێنا و کردیانن "ژێرسەرپەرستی"ی (مەندەیت) خۆیان. ئەو وڵاتەی کە ئێستا پێی دەڵێن عیراق سێ ئەیالەت بوو، بەسرە و بەغدا و موسڵ. ئەیالەتی موسڵ ٦٠٪ کورد بوون و باقیەکەی عەرەب و تورکمان و ئاسووری و کەلدان و ئەرمەنی بوون. لە پەیمانی "سیڤر" دا بڕیار وابوو کە ویست و ئارەزووی کوردەکانی ئەیالەتی موسڵ لە بەرچاو بگیرێ یان سەربەخۆ بن یان لەگەڵ ئەیالەتەکانی بەغدا و بەسرە وڵاتێکی تازە دامەزرێنن. لەو کاتە دا شێخ مەحموودی حەفید ڕاپەڕی و داوای سەربەخۆیی کوردستانی کرد. شێخ مەحموود پیاوێکی کوردپەروەر بوو، بەڵام سیاسی نەبوو و راوێژکاری باشیشی نەبوو. جاری وابوو بە فیتی تورکەکان فریووی دەخوارد و بریتانیای لە خۆی دردۆنگ دەکرد. لەولاشەوە بریتانیا مەیلی بەوە نەبوو کە سەربەخۆیی کوردان بسەلمێنێ. هێندێک لە راوێژکارانی سیاسیی بریتانیایی کە دەهاتنە کوردستان وەکوو "میجر نوئیل" سۆزی بۆلای کوردەکان هەبوو، بەڵام زۆربەی راوێژکارەکانی بریتانیایی سیاسەتی وڵاتەکەیان پەیڕەو دەکرد و حەزیان بە سەربەخۆیی کوردان نەدەکرد، تەنانەت کەسێکی وەکوو "میجرسۆن" کە کوردیزان و کوردناس بوو و حەزی لێبوو زمانی کوردی ببووژێتەوە، دوژمنی شیخ مەحموود بوو. ئەوە لایەکی کێشەکە بوو لایەکەی تری ئەوە بوو کە جاسووسەکانی بریتانیا کە دەمێک بوو هاتووچووی میسوپۆتامیا و ئێرانیان دەکرد و لە زەویناسینیش دا دەستیان هەبوو، تێگەیشتبوون کە لە کەرکووک نەوت هەیە. هەروەها بەشێکی زۆری ئاوی بەغدا و بەسرە لە کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێ، جا ئێستا کە بڕیاریان دابوو دەڵەتی عێراق ساز بکەن، نەیاندەویست کوردستانی لێ هەڵبرن و بە بیانووی ئەوە کە پرسیان بە کوردەکانی بەشەکانی کوردستان کردووە و تەنیا سلێمانی خوازیاری سەربەخۆییە و کەرکووک و هەولێر و دهۆک و هەڵەبجە و خانەقین دەیانەوی لە گەڵ دەولەتی تازەدامەزراوی عێراق بن. لەو لاشەوە کۆماری تورکیە خەلافەتە نەخۆشەکەی عوسمانی روخاندبوو و



سەرچاوە
Serchawe

یۆنانیەکانی لە خاکی تورکیە دەرپەڕاندبوو، دەستی بەسەر کاناڵەکانی نێوان دەریای ڕەش و دەریای ئیژەدا گرتبوو و دەوڵەتێکی بە هیزیکی نیزامیی تۆکمەی دامەزراند بوو و ڕۆژئاواش بۆ بەربەرەکانێ لە گەڵ یەکیتی سۆڤیەتی پێشوو پێویستیی پێی بوو، بۆیە هاوپیمانان لە لۆزان پەیمانیان لە گەڵ کۆماری تورکیە ئیمزا کرد و خەتی سووریان بەسەر پەیمانی "سیڤر" دا هێنا و سەربەخۆیی کوردستانی باشووریان کردە فیدای بەرژەوەندیی ماددی و سیاسیی خۆیان. بریتانیا لە سالی ١٩٢١ی زایینی دەوڵەتی عیراقی پێک هێنا و کوڕی شەریفی مەکە واتە فەیسەڵی لە عەرەبستانەوە هێنا و کردیە پادشای عیراق. بۆ ماوەی یازدە سال واتە تا ساڵی ١٩٣٢ی زایینی عێراق "ژێر سەرپەرستی"ی (مەندەیت) بریتانیا بوو، تا سالی ١٩٥٨ی زایینی واتە شۆڕش بەهۆی عەبدولکەریم قاسم و هاوڕێکانیەوە، عیراق هەر لە ژێر نفووزی سیاسەتی بریتانیادا بوو. لەو ماوەدا تێکۆشانی سیاسی بۆ حیزبە چەپەکان و کوردەکان بە ئاشکرا قەدەغەن بوو. بەڵام تێکۆشانی نهێنی بەردەوام هەبوو. لەوماوەدا لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانی "ڕەشید عالی گیلانی" ویستی بە پشتیوانیی ئەڵمان کودەتا بکا، بەڵام شکستی خوارد. کوردەکانیش بێجگە لە ڕاپەڕینی شیخ محموود و ڕاپەڕینی بارزان، چەندین جار لە شارەکانی کوردستان خۆپێشاندانیان ساز کرد، بەتایبەت لە ساڵەکانی ١٩٣٢ و ١٩٥٦ی زایینی لە سلێمانی کە شەڵاڵی خوێن کران. عەبدولکەریم قاسم پیاوێکی نیشتمانپەروەر بوو، لە قانوونی بنەڕەتیی عێراق دا ماددەیەکی بۆ مافی کوردان تەرخان کرد و بۆ ماوەی سێ ساڵ عێراق بووە لانکەی ئازادی. بەڵام دوایی گۆڕانی بەسەردا هات و شەڕی دژی کوردان دەست پێکرد و تیکۆشانی حیزبە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی بەرتەسک کرد. ئەوە بوو حیزبی بەعس بە هاوکاریی "عەبدوسەلام عارف" کودەتای لێکرد و قاسم و زۆر لە هەواڵەکانی کوژران و هەزاران شیوعی و ئازادیخواز کوشتار کران.

لە ماوەی حەوت ساڵ دەسەڵاتی عەبدوسەلامەکان و بەعسیەکان بۆ یەک دوو جار نەبێ ئەویش بۆ ماوەیەکی کورت کە ئاگر بڕ کرا، شەڕ دژی بزووتنەوەی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی هەر بەردەوام بوو، ئازادیە سیاسیەکان لە هەمووعێراقدا قەدەغەن بوون. دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە باشووری کوردستان لە تەواوی ماوەی دەسەڵاتی عوسمانی و دوایی دەسەڵاتی عێراق دا زمان و کولتوری خۆی پاراست و بە تایبەت لە ساڵەکانی ١٩٢٠ی زایینی بە دواوە زمانی کوردی بە بڵاوبوونەوەی کتێب و ڕۆژنامە بە تایبەت لە سلیمانی، ڕۆژ بەرۆژ لە گەشەسەندندا بوو. "مستەفا پاشای یامڵکی" و "پیرەمیرد" کە هەر دووکیان خەلکی سلێمانی بوون و لە پێشدا کاربەدەستی عوسمانی بوون، نەخشی بەرچاویان هەبوو. دەورەی وتوویژی نێوان بزووتنەوەی کورد و حکوومەتی بەعس دەورەیەکی خۆش بوو، ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان دا دەپارێزران، شێعر و ئەدەبیاتی کوردی باشتر بووژایەوە، زانکۆ لە کوردستان دامەزران. بەڵام هەر دوولا واتە بەعش و بزووتنەوە لە یەکتر دردۆنگ بوون. حکوومەتی بەعس زۆربەی خاڵەکانی ریکەوتنامەی ئازاری ١٩٧٠ی زایینی جێ بە جێ نەکردبوو، بزووتنەوەش پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئەمریکا و ئێران و ئیسرائیل نەپچراند بوو. لە ١٩٧٤ی زایینی دا شەڕ دەستی پێکردەوە و پێشمەرگە قارەمانانە بەرەنگاری سوپا و جاش بوونەوە، بەڵام ڕێکەوتنی ئەلجەزیرە لە نێوان حەمە رەزا شا و سەدام حسەین پشتی جەبهەی بزووتنەوەی بۆ پێشمەرگە نەهێشتەوە و مەلا مستەفا فەرمانی شەڕ نەکردنی

دا و بە کورتی بزووتنەوە هەرەسی هێنا، بەڵام زۆری نەخایاند لە پێشدا کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کە بەشێک بوو لە یەکیتی نیشتمانیی کوردستان بە فەرماندەری زیندوویاد شاسوار جەلال(ئارام) و هاورێکانی و دواییش پارتی دیموکرارت و شیوعی و سوسیالیست و پاسۆک هاتنەوە مەیدان و نەیانهێشت سەدام بە راحەتی ئەو پاروە قوت بدا. یەکێک لەو پێشمەرگانەی حیزبی سوسیالیست کە لە هەڵگیرساندنەوەی ئاگری شۆڕش دا بەشدار بوو و پێویستە لێرەدا ناوی بێنم زیندوو یاد مولازم ئەنوەری مەجید سوڵتان بوو، کە شان بە شانی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکڕات لە بانە لە شەڕ لەگەڵ سوپای کۆماری ئیسلامیدا گیانی فیدای گەل و نیشتمان کرد. لەم دەورەی شەڕدا حیزبەکان هەم لەگەڵ یەکتر لە شەڕدا بوون و هەم لە گەڵ سوپای زەبەلاح و سەدان فۆجی جاش، لەگەڵ ئەوش تا ئەو کاتەی سەدام حسەین دڕندانە هەڵەبجە و گوندەکانی کوردستان و تەنانەت شاری سەردەشتی کوردستانی رۆژهەلاتی بومبارانی شیمیایی نەکردبوو و دوو سەد هەزار خەڵکی بێدیفاعی ناوچەکانی کوردستانی ئەنفال نەکردبوو، حیزبەکان ناوچە ئازاد کراوەکانیان چۆڵ نەکرد. سەدام حسەین کە لە شەڕی لە گەڵ ئێران دا تووشی لە خۆباییبوون ببوو، ئەمجارە هێرشی کردە سەر کوویت. ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبیی کە تا ئەو کاتە پشتیوانییان لێدەکرد لە خۆی رەنجاند و بە دژی راوەستا ن و لە ۲۰۰۳ی زاینی رێژیمی بەعس رووخا و جینایەتەکانی چووە لاپەڕەکانی مێژووەوە.

ئێستا بە پێچەوانەی دەورەکانی پێشوو کە سونەکانی عێراق بەشێکی زۆری دەسەڵاتەکانی وڵاتیان بەدەستەوە بوو، شێعەکان دەسەڵاتی یەکەمن لەعێراق دا. دیارە رێژیمی عێراق بە هۆی ئەو یارمەتییەی کە ئەمریکا لە رووخانی بەعسدا و هێنانە سەرکاری کاربەدەستانی ئێستا، بە رواڵەت خۆی بە قەرزداری ئەمریکا دەزانێ، هەرچەند ئەوە گشتی نیە و هێندێ لە لایەنە شێعەکان وەک دوژمن چاو لە ئەمریکا دەکەن. زۆربەی حیزبە شێعەکانی عێراق بە هۆی دەمارگیریی مەزهەبییەوە سۆزیان بۆ ئێران هەیە، بەڵام لەبەر ناکۆکیی نێوان ئەمریکا و زۆربەی حکوومەتە سونەکانی عەرەب لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە زەقی ئەو سۆزە پیشان نادەن. کۆماری ئیسلامی ئێران نفووزی لەڕادەبەدەری لە عیراقدا هەیە، سوپای "بدر" و سوپای "مهدی" لە لایەن سوپای پاسدارانەوە دامەزراوە و مەشقیان پێکراوە. دوای سەرهەڵدانی داعەش، عێراق بە یارمەتیی کۆماری ئیسلامی "حشدی شعبی" دامەزراندووە و لە پەرلەمانی عێراقدا وەک ئەرتەشی عێراق بەرەسمی ناسراوە، لە حاڵێکدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو پوانەی( ئیمتیاز) نەدراوەتێ. "موجاهیدینی خەلق " کە ساڵەها ناوندیان لە عێراقدا بوو، دوای هاتنەسەرکاری حکوومەتی شێعە گلۆڵەیان کەوتە لێژی، لە پێشدا ئەمریکا هەموو چەک و سیلاحی لێ سەندن، بەڵام کەوتنە بەر پەلاماری تاقمە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەمجارە ئەمریکا بە رەزایەتی عێراق گوێزانیەوە بۆ نزیک بەغدا، بەڵام لەوێش کەوتنە بەر پەلامار و زەرەروزیانی گیانی زۆریان بەرکەوت، کە دیارە بێگومان ئەو کارە تیروریستیانە بە بێ ئاگاداری حکوومەتی عێراق نەدەکران. ئەمجارە دەوڵەتی"ئەلبانی" پەنابەریی دانێ و لە عیراق راگوێزران. وەزعی ئابووری عێراق زۆر خراپە و هەرچەند داهاتی چاکی نەوتی هەیە، بەڵام لەبەر گەندەڵی، ئەو داهاتە بۆ ئاوەدان کردنەوەی وڵات بە کار نایەت. داگیرکردنی موسڵ و ناوچەکانی تری عێراق و ئەوشەڕەی بە هۆی

داعەشەوە بە تووشیەوە بوو، زەرەر و زیانێکی زۆری لێدا. ئێستا سوپای عێراق بە یارمەتیی پێشمەرگە و "حشدی شەعبی" کە سەر بە ئێرانە، توانیویەتی لە چەند جێگە دا داعەش شکست بدا.

حیزبەکانی باشووری کوردستان بە تایبەت یەکیتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە دوو بەش لە سێ بەشی کوردستانی باشووردا هەرێمیان دامەزراند کە تا رادەیەک نیمچە سەربەخۆ بوو. ئەم هەرێمە لە پێشدا بووە جێی هیوا و ئومێدی هەموو کوردان. بۆ نموونە شاعیری گەورەی کورد زیندوو یاد شێرکۆ بێکەس لە نامەیەکدا کە بۆ نووسەری ئەم وتارەی لە ١٤ - ٢ - ١٩٩٤ دا نووسیوە دەڵێ: بە شانازییەوە وەزارەتی یەکەم حکوومەت باشووری کوردستانم قبووڵ کرد (وەزارەتی رۆشنبیری)، بەڵام دوایی لە دەست تێوەردانەکانی ئەملاو ئەولا نائومید بووم و دەستم لە کار کێشایەوە. حیزبە دەسەڵاتدارەکان چەند ساڵێک بە هۆی کەم داهاتی نەیانتوانی هەنگاوی باش بۆ ئاوادانکردنەوی کوردستان هەڵبێنن، بەڵام دوایی کە پارەی نەوت و گومرک و شتی تریان دەست کەوت، هێندێک ئاوەدانیان لە هەرێمدا دەست پێکرد و لە یەکەم هەڵبژاردن بۆ پارلەمان بە دانانی ٧٪ هەڵەیەکی گەورەیان کرد و پارتی و یەکیتی هەرکام لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیان هێندێک ساختەکاریشیان کرد و بە فیفتی فیفتی کورسیەکانی پارلەمانیان لە نێوان خویاندا دابەش کرد، بەڵام دوایی کە شەڕی یەکیتی و پارتی هەڵگیرسا پارلەمانە حیزبیەکە هیچی پێ نەکرا و زۆر لە دەسکەوتەکان لەدەست چوون. لە شەڕی نیوخۆدا بزووتنەوی ئیسلامی هەلی دەست کەوت و لە هەڵەبجە و هەورامان حکوومەتی ئیسلامیی شێوە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی دامەزراند، بەڵام لە یەکیتی شکستی خوارد و هێندێکیان پەنایان بۆ ئێران و هێندێکیان پەنایان بۆ پارتی برد. چەند ساڵ دواتر ئەو کوردانەی چووبوونە شەڕی ئەفغانستان لەگەڵ هێندێک ناکورد گەڕانەوە و لە پێشدا بە ناوی جوندولئیسلام و دوایی بە ناوی ئەنسارولئیسلام حکوومەتێکی شێوە تاڵەبانیان لە هەورامان و بەشێک لە شارەزوور دامەزراند. دوایی یەکیتی بە پشتیوانیی هێزی هەوایی ئەمریکا شکستی دان و بەرەو ئێران پاشەکشەیان کرد.

کوردەکانی بەشەکانی دیکەش بە دامەزرانی هەرێم زۆر دڵخۆش بوون. لە سەرەتادا لە لایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە زۆر رێزیان لێدەگیرا، بەڵام دوایی کە ئەو حیزبانە پێوەندیان لەگەڵ ئێران و تورکیە پێک هێنا، رێز و خۆشەویستی لە کزی دا و ئەو دوو رێژیمە داگیرکەرە بۆ زەربە لێدان لە حیزبە کانی رۆژهەڵاتی کوردستان و باکووور سنوورەیان دەبەزاند. حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە جێی ئەوەی کاروباری کشت و کاڵ کە خاکی کوردستان زۆر بە پیت و بەرەکەتە ببووژێنێتەوە و ئەگەر ئیمکان هەبێ لە بەشی سەنعەتیدا سەرمایەگوزاری بکا، زیاتر گرنگی دا بە بازرگانی کە خەڵکانێکی زۆر بوونە سەرمایەداری قورس و مشەخۆر و جیاوازیی چینایەتی تەنانەت لە دەورەکانی پێشوو زیاتر بوو، قانوونەکانی هەرێم زۆربەی هەروەکوو قانوونەکانی عێراق بەرێوە دەچێ، ژنکوشتن بە ناوێ ناموسەوە زەبری لە پرستیژی هەرێم داوە. ئێستا لە هەرێمدا پتر لە بیست کونسولخانەی لێ یە کە دەری دەخا لە لایەن وڵاتانی جیهانەوە گرنگی بە هەرێم دەدرێ. خەتی هەوایی نیونەتەوەیی بۆ هەولێر و سلێمانی بە رێکوپێکی هەیە. لەسەرهەڵدانی داعەشدا هێزی پێشمەرگەی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان توانی بە باشی بەرگری لە هەرێم بکا، هەرچەند لە شەنگالٚ لە بەرامبەر داعەشدا پاشەکشەی کرد و کوشتارێکی تری ئیزەدیەکانی بە دەستی داعەش مەیسەر کرد. لە گەڵ زۆر لە سەرکەوتنەکان دوو ساڵ لەوە پێش پارتی دیموکڕاتی کوردستان لە بەرناکۆکی کە لە گەڵ بزووتنەوەی گۆران هەیبوو، پارلەمانەکەی کە یەکێک لە مەرجەکانی دیموکڕاتبوونی هەر سیستمێکە، داخست و ئێستا کە پارتی بەپشتیوانی یەکیتی دەیانەوێ رفراندوم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەن، ناکۆکیەکانی نێوخۆیی گیرو گرفتێکی زۆری پێک هیناوە، ئەوە جگە لەوەی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان هەڕەشە و گوڕەشەش دەکەن.

## * رۆژئاوای کوردستان.

**هاشم کەریمی**: رۆژئاوای کوردستان. هەل ومەرجی ئەم بەشەی کوردستانێش تا پێش شەڕی یەکەمی جیهانی هەر وەکوو باکووری کوردستان و باشوور بوو. و لە ژێرچەپۆکەی حکوومەتی عوسمانی دا دەیناڵاند. کوردەکان لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە هیچ مافێکیان نەبوو، بەڵام زمان و کولتوری خۆیان پاراستبوو. دوای ئەوەی فەڕانسەیەکان شامیان کردە "ژێر سەرپەرستی"ی (مەندەیت) خۆیان، ئیجازەیان دا کوردەکان بە زمانی زگماکی گۆڤار و رۆژنامە بڵاو بکەنەوە. هێندێک لە بەدرخانیە رووناکبیرەکان وەکوو جەلادەدەت بەدرخان و کامران بدرخان کە لە باکووری کوردستان رایان کردبوو، گۆڤارێکیان بە زمانی کوردی کرمانجی و بە پیتی لاتین بڵاو دەکردەوە و حسەین حوزنی موکوریانیش چاپخانەیەکی لە حەڵەب دامەزراندبوو کە بە پیتی عەرەبی نووسینی کوردی بڵاو دەکردەوە، ئەوانە و لەگەڵ شاعیرانی وەکوو "قەدی جان"، "جگەر خوین"، "عوسمان سەبری" و "نورەدین زازا" لە پەرەپیدانی زمانی کوردی لە نێو توێژێک لە کوردان دا کاریگەرییان هەبوو. دوایی کە سوریە سەربەخۆیی بە دەست هێنا و ناسیونالیستانی عەرەب و حیزبەکانی وەکوو حیزبی بەعس دەسەڵاتیان پەیدا کرد، جگە لەوەی بڵاوکردنەوەی گۆڤار و رۆژنامە بەزمانی کوردیان قەدەغەن کرد، رۆژئاوای کوردستانیان کردە سێ بەش "جەزیرە"، "جیرە سپی" و "عەفرین" و لەنێوان هەر دووبەشدا زۆرتر عەرەب و کەمێکیش تورکمانیان جێگیر کرد. دوای ئەوەی ئەمریکا و رۆژئاوا نەک بۆ خاتری ئەوەی ریژیمی بەعس دیکتاتۆرە، بەڵکوو لە بەر ئەوەی لە ژێر کاریگەریی سیاسەتی رووس دایە هێرشیان کردە سەری، رووس و ئێران و حیزبوڵای لوبنان فریای کەوتن و لە رووخان رزگاریان کرد. لەم بارو دۆخەدا وەزعی ریژیمی بەشار ئەسەد تا رادەیەک لەق و لۆقە. رۆژئاوا و زۆربەی وڵاتانی سونەی سەر بە رۆژئاوا دەڵێن بەشار ئەسەد دەبێ بڕوا و شەرعیەتی نەماوە، رووس و ئێران دەڵێن مانەوەی بەشار ئەسەد پێشی زیاتر پەشێویی سووریە دەگرێ. میلیونها خەڵکی سوریە لە ترسی شەڕو کوشتار پەنایان بۆ وڵاتانی دراوسی و رۆژئاوا بردوە، وەزعی ئابووری زۆر خراپە و خەڵکێکی زۆر نانی شەویان نیە بیخۆن. ئا لەم شێواویەی بارودۆخی سووریەدا گروە و تاقمی توندڕوی ئیسلامی و یەک لەوان داعەش هەریەک لە ناوچەیەک سەریان هەڵدا کە عەڕەبستانی سعوودی و قەتەر و تورکیە بە چرای سەوزی ئەمریکا یارمەتیان دەدان بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ هیلالی شێعە. کوردەکان ئازایانە وەخۆ کەوتن و نەک تەنیا بۆ یەکەمین



سەرچاوە
Serchawe

جار داعەشیان لە کووبانێ شکست دا و نەیانهێشت تاقمە ئیسلامیە توندئاژۆکانی دیکەش بچنە کوردستانەوە، دوایی بە یارمەتیی عەرەب و ئاسووری و ئەرمەنیە ئازدیخوازەکان داعەشیان لە هەموو باکووری سوریە پاڵ پیوەنا، دیارە ئەمریکا کە هەوڵ و تێکۆشانی کوردەکانی رۆژئاوا بە تایبەت شەڕەوانانی "پێ یێ دێ" ی دی، هەڵوێستی گۆڕا و لە پێشدا لە رێی هەواوە یارمەتیی دان، دواییش بە پێچەوانەی ویستی تورکیە چەک و تەقەمەنی بۆ ناردن.

## * بەرەی کوردستانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان

**هاشم کەریمی**: یەکێک لە پرسیارەکان ئەوەیە کە ئایا ئیمکانی بەرەی یەکگرتوو لە نێوان هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا هەیە؟ و ئایا کورد دەتوانێ گونگرەیەکی هاوبەش لە هەموو بەشەکانی کوردستان پێک بێنێ و کوردی هەموو بەشەکان بۆ یەکگرتنەوەی کورد کە ئارەزووی هەموو کوردێکە یەک بخا؟ بە باوەڕی من لە دنیای سیاسەت دا هیچ نامومکینێک نیە. یەکیتی و پارتی بۆ چەندین ساڵ لە شەڕی نێوخۆیی تێوە گلابوون، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨ی زاینیدا بارودۆخی کوردستان و عێراق و جیهان وای لیکردن کە بەرەی یەگرتوو لە نێوخۆیان و حیزبەکانی تری باشوور پێک بێنن و لە ساڵی ١٩٩١دا کە هاوپیمانان بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا هێرشیان کردە سەرعێراق بەشێکی زۆری باشووری کوردستان رزگار بکەن. دوو هۆکاری سەرەکی هەن بۆ پێک نەهاتنی بەری یەکگرتوو، یەکەم حیزبی دیموکڕات بۆتە دووبەش و جارێ بۆ یەکگرتنەوە هەنگاوی پێویستیان هەڵنەهێناوە و کۆمەڵەش بۆتە چەند بەش کە هەر ئەو گیرو گرفتەی حیزبی دیموکڕاتیان لە بەرە. دووهەم شەڕی حیزبی دیموکڕات و کۆمەڵە کە زەرەری ئێجگار زۆری لە بزووتنەوەی کوردستان دا، ئێستا بە خۆشیەوە هەموو لایەنەکان بە هەست بە بەرپرسایەتی ئاشتی یان لە نێو حیزب و کۆمەڵەدا پێک هێناوە، بەڵام بە داخەوە کەسانی نابەرپرس زۆر جار لە جێی ئەوە برینەکان سارێژ بکەن، برینەکان دەکولێننەوە و رەنگە تا رادەیەک کاریگەریی لە سەر توێژێک لە ئەندامانی هەر دوولا هەبێ. دیارە ئەوە بەو مانا نیە کە دوور لە دەمارگرژی و هاندانی نابەجێ شەڕی کۆمەڵە و حیزب نەدرێتە بەر نەشتەری رەخنەی خوڵقێنەر، لە گەڵ ئەوەش پێکهاتنی بەرەیەکی یەکگرتوو ئەگەرنەڵیم رژیم دەڕووخێنێ، کە زۆر فاکتۆری دیکەش بۆ ئەو کێشە هەیە، بەڵام خۆ گرۆتینێک دەداتە خەڵکی کوردستان، کە ئەوە خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی باشە.

## * پرسی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، ئاستەنگەکانی دەرەکی و ناوخۆی؟


**هاشم کەریمی**: لە بارەی کونگرەی نەتەوەییەوە، ئەوە چەند ساڵە کونگرەی نەتەویی پێک هاتووە و ناوەندەکەی لە "بروکسل" پایەتەختی بلژیکە و هەموو ساڵێک کۆبوونەوەی گشتیی خۆی پێک دێنی و ئەمساڵ لە کوردستانی باشووریش کۆبوونەوەیەکی پێک هێنا. بە بێ ئەوەی ئینکاری کارە باشەکانی بکەین، هۆی سەرنەکەوتنی کونگرە بۆ یەکخستنی ماڵی کورد ئەوەیە کە ئیمکاناتی ماڵیی کونگرە "پی کا کا" دابینی دەکا و دەبێ لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەودا هەڵسووکەوت بکا.

دەزانین کە ناکۆکیی قووڵ لە نێوان پارتی کریکارانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنەوە هەیە و بە داخەوە جاری واش هەبووە بۆتە هۆی شەڕی خوێناوی لە نێوانیان دا. هەردوو حیزبیش هەریەکە لە بەشێکی کوردستاندا کاریگەری زۆریان هەیە، هۆیەکەی تریش ئەوەیە کە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان رەخنە لە "پێ کا کا" دەگرن و دەڵێن کە دەیەوێ شاخەیەکی حیزبەکەی بە ناوی جیا لە ناوی خۆی، بەڵام هەر بەو ئیدەئولوژی و بەرنامەوە دامەزرێنێ. ئەم دوو هۆیە و رەنگە فاکتۆری دیکەش نەیانهێشتووە گونگرە بە ئامانجەکانی بگا.

رەزبەری ٢٧١٧ی کوردی - ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

---

## کورتەیەک لە ژیاننامەی هاوڕێی تێکۆشەر هاشم کەریمی



ئاوڕدانەوە لە لاپەڕەکانی ژیانی کاک هاشم کەریمی، لە ڕاستیدا ئاوڕدانەوەیەکە لە دوو لاپەڕەی بە یەک بەستراوی مێژووی هاوچەرخمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

یەکەم لاپەڕە، گرێدراوە بە مێژووی سەرهەڵدانی دەوڵەتانی مودێرنی داگیرکەر لە ئێران و زیاتر لە سەدەیەک ستەم، نادادپەروەری و شەڕی داسەپاو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

لاپەڕەیەکی دیکەی ئەم مێژوە، هاوکات گرێدراوە بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد، بە ئاڵ و گۆڕی کۆمەلایەتی و سیاسی لە کوردستان و بە خەبات و بەرخۆدانی گەلێکی ستەم لێکراو.

کاک هاشم کەریمی نە تەنیا ڕۆڵی گرنگی لەم مێژوەدا هەبووە، بەڵکوو لە بەرهەمهێنانی فکر و گووتاریدا ڕاستەوخۆ بەشداری کردووە.

کاک هاشم کەریمی لە ساڵی ١٣١٩ بەرامبەر بە ١٩٤٠ی زایینی لە شاری بانە لە دایک بووە.

قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانی لە شاری بانە، لە ژێر ئاسەواری دوارۆژەکانی ڕژیمی ڕەزا شا، ڕووداوەکانی شەڕی جیهانی

دووهەم و هەروەها سەرهەڵدان و ئاوابوونی کۆماری کوردستان بە سەر بردوە.

سەرەڕای تەمەنی منداڵی، کاریگەری ئەم ڕووداوە مێژووییانە هەر دەم لە سەر ژیانیدا دیار بووە. بە تایبەت سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بووە هۆی سەرەتایەک لە پێکهاتنی ئەندیشە و بیری سیاسی ئەو وەک مرۆڤێکی نیشتمانپەرەوەری کورد لە شارۆچکەیەکی دابڕاو و ستەملێکراو.

کاک هاشم ژیانی منداڵی و لاویی لە بانە لە ناو بنەماڵەیکی نیشتمانپەروەر و خاوەن هەستی کوردایەتی تێپەڕ کردوە. برا گەورەکەی - کاک محەمەد کەریمی - یەکێک لەو کەسانە بووە کە لە هاندان و داچاندنی فکری سیاسی و نیشتمانپەروەریی کاک هاشمدا ڕۆڵی گرنگی هەبووە.

لە ساڵانی نێوان ١٩٤٧ تا ١٩٥٩(بەرامبەر بە ١٣٢٦ تا ١٣٣٨) کاک هاشم قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی خوێندنی تەواو کردووە و دواتریش بۆ خوێندنی مامۆستایی چۆتە دانشسرای سنە.

بۆ ئەم مەبەستە ناکرێت کە پێناسێک لە ژیانی کاک هاشم بکەی، بە بێ هەڵسەنگاندنی هەل و مەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو سەردەمەدا.

ساڵانی نێوان ١٩٤٧ تا ١٩٥٩ی زاینی، سەردەمی رووخانی خەونی ئازادیخوازی کورد بوو، سەردەمی بە هێزتربوونی ڕژێمی شا و بەرفراوانتر بوونی گووتاری دەسەڵاتداری داسەپاو و سەردەمی هەوڵدان بۆ سڕینەوە بنەڕەتی جووڵانەوی رزگاری خوازی کورد بوو. هاو کات سەردەمی گۆڕنکاریە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بوو. لە هەموو گرینگتر، سەردەمی ئەوپەڕی بێدەنگ کردنی گوتاری سیاسی بوو. بە واتەیکی دیکە، سەردەمی خنکاندی هەر دەنگێکی ناڕەزایی و دژایەتی بوو. هێزەکانی سەرکوت لە سوپاوە تا ساواک لە هەموو قوژبنێکی وڵاتدا لەنگەریان گرتبوو.

بەڵام سەرەڕای زاڵبوونی ئەم فەزایە لە کوردستان، دەکرێ ئەم قۆناغە وەک قۆناغی دانەبڕان لە ئۆمێد و دەستبەرنەدان لە خەباتیش پێناس بکرێت.

ساڵەکانی ١٩٥٠ زایینی تا ١٩٦٠ (بەرامبەر بە ١٣٣٠ و ١٣٤٠کانی هەتاوی) بە گشتی، دەکرێ وەک قۆناغێک ڕوانینی لە سەر بکرێت کە لە سەر فکر و هزری سیاسی کاک هاشم کاریگەریکی بەرچاوی هەبوو.

دیسانەوە سەرهەڵدانەوەی جووڵانەوی کورد لە ژێر ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان و دەرکەوتنی ئەو حیزبە وەک ڕێکخەرێکی پێشڕەوی دەنگی ئازادی کورد، توانی تۆوی ئۆمێد و ئاسۆ لە دڵی کەسانی وەک کاک هاشمدا دا ببووژێنێتەوە.

بێ گومان ئەمانە تەنیا فاکتۆری گۆڕانکاری نەبوون. ساڵانی دوای ١٩٥٠ی زایینی، سەرهەڵدانی بیری ئازادیخوازی چەپ و گرێدانی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە لایەکەوە، لە لایکی دیکەشەوە شەپۆلی چەندین گۆڕانکاری بنەڕەتی لەودیوی سنوورەوە، واتە لە باشووری کوردستانەوە بوو.

لەوانە بووژاندنەوەی شۆڕشی کورد لە دوای کوودتای ١٩٥٨ی زایینی کە دیارە لەبەر گرنگیی بە شۆڕش ناسراوە، دروستبوونی کەشێکی تا ڕادەیک ئازاد لە باشووری کوردستان، لە هەموو گرنگتر بەرفراوان بوون لە بڵاوکردنەوەی کتێب و نووسینی کوردی، لە شیعر و ئەدەبەوە بگرە تا بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان. کە هەرێک بە شێوەیکی بەربڵاو کاریگەری لە ڕۆژهەڵات کوردستانیش هەبوو. لەو سەردەمەدا، بانە وەک شارێکی سەرسنوور ببوو بە پردێکی بە هێز بۆ راگوێزانی شەپۆلی ئەم هزر و ئەندیشە نوێیانە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بە بێ شک، بە گشتی هەر یەک لە مانە کاریگەری گرنگ و ڕاستەو خۆیان لە سەر دروست بوونی کەسایەتی سیاسی کاک هاشم هەبووە.

بەڵام دەیەی ١٩٦٠کان و سەرەتای ١٩٧٠کان (واتە ١٣٤٠کان و ١٣٥٠کانی هەتاوی) کاریگەریی ڕاستەوخۆتر و گرنگتری لە سەر کاک هاشم هەبووە. لە گەڵ بەرفراوانتر کردنی دەسەڵاتی ڕژێم، بە سیستماتیک کردنی فرەتری ئەم دەسەلاتە، بە تایبەت دوابەدوای دابەزاندنی پاکەجی شۆڕشی سپی، خەبات و بەرخۆدان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی نایە ناو قۆناغێکی ترەوە و پێناسێکی نوێتری بە خۆیەوە گرت.

لە گەڵ سەرهەڵدانی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٨ ی هەتاوی بە ڕێبەری شەریفزادە و موعینی و ئاوارە ئومێدیکی نوێی لە سەر دڵی گەنجانی وەک کاک هاشم دروست کرد.

لەم ماوەیەدا، لە ژێر مەترسی ساواکدا، کاک هاشم وەک ڕۆشنبیرێکی تازە پێگەیشتوو و وەک هەڵسووڕێکی سیاسی لە بڵاو کردنەوەی هزری سیاسی جووڵانەوەی کورد و ئاشنا کردنی لاوانی کورد بەم هزرە سیاسیە نەخشی بەرچاوی گێڕا. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە چەند جار لە لایەن ساواکەوە بە مەبەستی دوور خستنەوەی لە خەڵکەکەی دوو جار بۆ شارەکانی ناوەڕاستی ئێران و جارێکیش بۆ گوندێکی دابڕاوی ڕۆژهەڵات دوورخرایەوە.

بەڵام، بێ گومان ئەمە نەکۆتایی بوو بە خەباتی کاک هاشم و نە کۆتایی بە شەپۆلی بێ پسانەوەی ئازادی خوازی لە ڕۆژهەڵات.

ساڵانی کۆتایی ١٣٤٠کان و سەرەتای ١٣٥٠کان، دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە ژیان و خەباتی کاک هاشم بوو. لە سەرەتای ١٣٥٠دا کاک هاشم پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە گرت و هەر لەو ساڵەشدا وەک هەلسووڕێکی سیاسی ئەرکی ڕێکخستنی ئەم حیزبەی بە ئەستۆوە گرت. هاوکات لەو ساڵەشدا توانی لە ڕشتەی سیاسی دانشکەدەی حقووقی زانکۆی تاران لیسانس وەربگرێت.

ساڵێک دواتر لە گەڵ خانمی زێنەب ڕەسووڵپەنا ژیانی هاوبەشی پێکهێنا. و دواتر بووە خاوەنی کچێک بە ناوی بەیان و سێ کوڕ بە ناوەکانی گۆران، سۆران و بابان.

لەم دەیەدا بوو کە کاک هاشم توانی وەک کادرێکی بە توانا لە شاری بانە و لە شارەکانی دەوروبەر و لە نێوان ڕەوەندی کورد لە تاراندا دەربکەوێ، و توانی لە بڵاو کردنەوەی بیری نوێ و ئازادی خوازی بزووتنەوەی کوردیدا لە شارەکانی ڕۆژهەڵات نەخشی سەرەکی هەبێ. بە گشتی لە ژێر مەترسیی یەکجار زۆر دا، لەم ماوەدا، کاک هاشم لە تێکشکاندی گووتاری داسەپاوی ڕژێمی پاشایەتیدا ڕۆڵی گرنگی هەبوو، کە بێ گومان گشت ئەم کاریگەریانە لە شۆڕشی ١٩٧٩ دا ڕەنگی دایەوە.

بە واتەیکی دیکە، ناکرێ نەخشی کەسانی وەک کاک هاشم بە کەم بگیردرێت لە سەرهەڵدانی دووبارەی جووڵانەوەی ڕزگاری خوازی لە ڕۆژهەڵات لە ساڵانی ١٣٥٠کاندا، لە بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەر بە مانای بەرخۆدان لەبەرانبەر هێزی سەرکوتکەر، شکاندنی سامی خەڵک لە سیاسەتی ترس و تۆقاندن، لە بەگژدا چوونەوەی کۆشکی ستەم و چالاک کردنی ئەکتەرەکان و لە ئەنجامدا لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧دا.

پێویستە ئاماژەش بەوە بکرێت کە لە ساڵانی نێوان(١٣٤٠ تا ١٣٥١) کاک هاشم وەک پیشە، مامۆستا بووە. هەر لەم ماوەشدا، سیستمی خوێندن لە ژێر دەسەڵاتداری دیکتاتۆڕی حکوومەتی ناوەندی وەک ناوەندێک بۆ گواستنەوەی گووتاری دەسەلات بەکاردەهێنرا و لە لایەن ئەکتەرەکانی ڕژیمەوە هەڵدەسووڕا.

لە ماوەی تەمەنی مامۆستایدا، کاک هاشم نەک تەنیا دژایەتی ڕاستەوخۆی کردووە لە گەڵ ئەکتەرەکانی ڕژێم لە سیستەمی خوێندندا وەک ئەرک هەڵگرێکی لێ هاتوو، لە بەرهەم هێنانی بیری ئازادی لە نێو منداڵان و گەنجاندا دا نەخشی سەرەکی

هەبووە. هەر بەم هۆیەشەوە بوو کە چەندین جار لە لایەن بەرپرسی فەرهەنگ و کار بەدەستانی مەرزەبانی بانگهێشت کراوە، هەڕەشەی لێ کراوە و تۆمەتی بڵاو کردنەوە و فێرکردنی سروودی کوردی نیشتمانی لێ دراوە.

لە ڕاستیدا هەڕەشەکان بێ ئاکام نەبوون، بە داخێکی زۆرەوە، لە سالی ١٩٧٣ دا (نەورۆزی ١٣٥٢)، لە ژێر فشار و زۆرداری ساواک، کاک هاشم ناچار دەکرێ کە زێدی خۆی، هاوسەر و کچە ساواکەی، کە تەنیا چوار مانگ تەمەنی دەبێ، بە جێ بهێڵێت و بۆ هەندەران بۆ ماوەی شەش ساڵ ئاوارە بێت. کاک هاشم کاتێک وڵات بە جێ دێڵێ کە کاک عوسمانی برای لە زیندانی ریژیمی شادا بوو. دابڕان لە خەڵکەکەی بێ گومان مەبەستی سەرەکی ڕژێم بوو. زیندان، ئەشکەنجە، دوورخستنەوە، هەندێ تاکتیکی گرنگن کە دەسەڵاتداران بە کاری دەهێنن بۆ دوور خستنەوەی ئەو کەسایەتیانەی کە مەترسی دەخەنە سەر بەردەوام بوونی دەسەڵاتی ڕەهایان.

لە ساڵی ١٩٧٣، لە لووتکەی دەسەڵاتی ساواکدا، بە داخێکی زۆرەوە شانەی نهێنی حزب لە شاری بانە بە هۆی جاسووسێکی ساواک بە ناوی سەلیمی خا شەرافەت ئاشکرا دەبێت. لە ئەنجامدا کاک قادری وێردی هەر لە شاری بانە وەبەر دستریژی بەکریگیراوانی ریژیم دەدری و شەهید دەبێ و کاک مەحەمەد سەدیق و کاک عەزیز مستەفازادە لە سێدارە دەدرێن و کۆمەڵێک هەڵسووڕی سیاسی دیکە یان ئاوارە بوون یان زیندانی کران. کاک هاشم یەکێک لەو کەسانە بوو کە بە خۆشیەوە نەکەوتە دەست دوژمن و توانی گیانی دەرباز بکات و هەڵبێ. ئەگەرچی لە غیابیدا، دەستووری لە سێدارەدانی لە لایەن ڕژیمەوە دەرچوو بوو.

ئاوارە بوونی کاک هاشم بۆ ماوەی شەش ساڵ و دابڕانی لە ژن و منداڵی، خزم و کەسوکار و هاوڵاتیانی لە رۆژهەلات، بێ گومان کاریگەریکی قووڵ و بنەڕەتی لە سەر رۆح و کەسایەتی دانا.

بەڵام لە دەورانی ئاوارەبوونی دا لە باشووری کوردستانی، بوو بە هۆی کرانەوەی هەندێ دەرفەتی گرنگ، بۆ نموونە ئاشنا بوونی لە گەڵ هەندێ کەسایەتی گرنگی کورد لە دەرەوەی وڵات وە هەروەها سوود وەرگرتن لە هەندێ فەزای ئازادی سیاسی.
کاک هاشم ئەم هەل و مەرجەی قۆستەوە بۆ دەوڵەمەند کردنی بیر و ئەندیشەی سیاسی، کۆمەڵایەتی خۆی و لە ئاکامدا خەڵکەکەی.

تەمەنی ئاوارەیی و دووری لە خۆشەویستان کۆڵی بە کاک هاشم نەدا و خۆڕاگرانتر لە جاران بە دژایەتی کردن لە گەڵ سیستەمی پاشایەتی و بۆ وەدەستهێنانی مافی خەڵکەکەی کاری دەکرد.

لەم ماوەدا، ژن و منداڵ و کەس و کاری لە ژێر چەپۆکی ساواکدا مابوونەوە و تەنانەت هاتنی نامەش بە ئاسانی نەدەکەوتە دەستیان.

بەڵام خۆشبەختانە، لە گەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی دژی شا لە ئێران و کوردستان، تەمەنی دووری کورت بۆوە و کاک هاشم بۆ ماوەی چوار مانگ بەر لە سەرکەوتنی شۆڕش گەڕایەوە بۆ رۆژهەڵات، بە مەبەستی رێکخستنی شۆڕشی دژ بە ڕژێمی پاشایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لەم ماوەدا بوو کە کاک هاشم وەک یەکێک لە ڕێبەرانی لێ هاتووی خەڵکەکەی لە ڕۆژهەڵات ناسرا و ئەمجارە توانی بە ئازادی دەست بکا بە هەڵسووڕانی سیاسی لە ناو خەڵکەکەیدا.

دوای شەش ساڵ ئاوارە بوون، لە ڕۆژی ٢٣ی ڕێبەندانی ١٣٥٧، واتە ڕۆژێک دوای سەرکەوتینی شۆڕش، کاک هاشم گەڕایەوە بۆ شاری بانە و لە لایەن زۆر لە دانیشتوانی شارەکەی پێشوازیی لێکرا.

کاک هاشم لە ماوەی کورتی ئازادی دا، بەر لە سەر هەڵدانی کۆماری ئیسلامی، لە ڕێکخستنی جەماوەری خەڵکی کوردستاندا رۆڵی سەرەرکی هەبوو. وەک ئەندامێکی هەڵسووڕی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، لە بەرەو پێش بردن و بەرگریکردنی ماف و ویستەکانی خەلکەکەی نەخشی بەرچاوی گێڕاوە.

بەڵام بە داخەوە دیسان تەمەنی ئازادی کورت بوو و دیسان رژێمێکی کۆنەخواز و ستەمکاری دیکە بە دروشمێکی نوێی دیکەوە لە کورسدتاندا شەپۆلی شەرێکی نوێیی داسەپاند. لەم ماوەدا کاک هاشم وەک پێشمەرگەی گەل بەرامبەر بە ڕژێمی تازە راوەستا. سەرەرای لە دەستانی دەیان هاوڕێ و هاوسەنگەر، بە داخێکی زۆرەوە برای خۆشەویستی - کاک عوسمان کەریمی، لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٥٨ لە شەڕی نەغەدەدا شەهید کرا.

لە ساڵانی نێوان ١٩٨٠ تا ١٩٩٧، کاک هاشم کەریمی لە گەرمەی شەڕی داسەپاوی کوردستاندا وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب، لە ڕێبەرایەتی شۆڕشی گەلی کورد بە دژی کۆماری ئیسلامی دا بووە. لەم ماوەدا سەرەڕای تێپەڕکردنی قۆناغێکی لە هەر کات دژوارتر، کاک هاشم نە تەنیا یەکێک لە ریبەرانی  شۆرشی چەکداری بووە، بەڵکوو لە نووسین و وەرگێڕانی دەیان نووسراوە، چیرۆک، کتێب، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی هەستی زانستی و فکری خەڵکەکەی و ئاشنا کردنیان بە ئەدەبیاتی بەشەکانی دیکەی کوردستان و بە گشتی جیهان نەخشی بەرچاوی هەبووە.

کاک هاشم سەرەڕای ئەمانە نەخشی بەرچاوی لە دابین کردنی راستەقینەی یەکسانی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەبووە.

بۆ نموونە لە داهێنانی چەمکی یکسانیخوازی لە نێوان ژن و پیاو، هێنانەگۆڕی دادپەرەوری کۆمەڵایەتی، و پشتیوانی کردنی چینە هەرە چەوساوەکانی گۆمەڵگای کوردیدا نەخشی بەرچاوی هەبووە. لە هەر بەشێک لە کوردستاندا، خۆی بە هاوڕێ و هاوپشتی چینی چەوساوەی کورد زانیوە، بە دژی چینی زۆردار، کۆنەخواز و ئەو چینانەی کە بەرهەمی حزووری دەسەڵاتدارنی کوردستان و لە خزمەت بەرژەوەندی ئەواندا بوون خەباتی کردووە.

لە هەر قۆناغێک لە ژیانیدا بوبێت، کاک هاشم لە تێکۆشان، لە هەوڵدان بۆ دابین کردنی ژیانێکی باشتر، دادپەروەرانەتر، مرۆڤانەتر، و یەکسانیتر بۆ خەڵکەکەی درێغی نەکردوە.

لە گەڵ درێژبوونەوەی تەمەنی رژێمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، بەردەوامی ستەم، دژواربوونەوەی شۆڕشی گەلەکەمان و گۆڕنکاری سیاسی ناو خۆیی، کاک هاشم لە ساڵی ١٩٩٧دا بەرەوە هەندەران سەفەری کرد. لە ساڵی ١٩٩٧وە تا کوو ئەمڕۆ لە بریتانیا وەک پەنابەر دەژی.

سەرەڕای ژیانی دژواری پەنابەری، کاک هاشم هێشتاش لە گەڵ خەڵکەکەی هاو دڵ و هاودەنگە. لە ماوەی ژیانی لە غوربەتدا سەرەڕای کاری نووسین و وەرگێڕان، لە چوونی هەر ڕێپێوان و خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی خەڵکەکەی و بە دژی کۆماری ئیسلامی خۆی نەپاراستوە. وەک ئەندامێکی خۆشەویستی کۆمەڵگای کورد لە بریتانیا، لە پێکهێنانی دۆستایەتی و یەکدەنگی لە نێوان کوردەکانی دایسپۆرادا بە تایبەت کوردەکانی ڕۆژهەڵاتدا نەخشی بەرچاوی هەبووە. لە پتەوکردنی هەستی یەکرێزی، هاودەنگی، و تێکشکاندنی دووبەرەکی لە نێوان کوردەکانی ڕۆژهەڵات دا ڕۆڵی هەرە کاریگەری هەبووە.

لە کۆڕی دۆستاندا، کاک هاشم وەک مرۆڤێکی ڕوو خۆش، دڵفراوان، زانا، و سەمبوولێکی ڕاستەقینەی ڕاستگۆیی ناسراوە و هەردەم توانیویەتی کاریگەری لە سەر کەسانی دەوروبەری دابنێ.

سەرچاوە
Serchawe